# پشیلەیەک لە قەراخ
# گوێسوانەیەکی گەرم

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

تێنسی ولیامز

# پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

فاروق هۆمەر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

تێنسی ولیامز
پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٠٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٥ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: کوردستان کەیفی

# پێشەکییەک بەپێنووسی ئێدوارد ئەلبی

چیرۆکێکی زۆر سەرسوڕهێنەر لە جۆرج بەرنارد شۆ دەگێڕنەوە کە هیوام وایە ڕاست بێت و هەڵبەستراو نەبێت. سەردەمانێک کە لە ڕۆژگارە قەشەنگەکانی تەمەنی نەوەت ساڵی خۆیدا دەبێت، دڵنیا نیم لەوەی دەقێکی شانۆیی خۆی دەخوێنێتەوە یاخۆ دەچێتە بینینی یەکێک لە شانۆییەکانی و ئەوەی کە ڕوو دەدات دووچاری گرفتی دەکات. دژوارییەکانی چیرۆکەکە تووشی گرفتی دەکات، بەپێی بیرکردنەوەی خۆی دەگاتە ئەو بڕوایەی کە شانۆییەکە زۆر دژوارە... پڕ پێچوپەنایە و لەوە دەکات بۆ ئەوەی کە شانۆییەکە ڕێڕەوی تەواوی خۆی وەربگرێت و سەرنج ڕاکێش بێت، پێویستی بەوە بێت کەمێک ئاسان بکرێتەوە: پێم وایە دەستکاریکردنی باشتر بێت لەوەی کە فەرامۆش بکرێت.

شۆ، ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات گرفتەکە لای خۆیەتی نەک لای دەقە شانۆییەکە و ئیتر دەبوو لە دەمی خۆیدا بڵاوکەرەوەکەی لەژێر دەستی دەربهێنێت و ڕێگەی پێ نەدات ئەوەندە دەستکاریی بکات کە چیی تر سەرجەم کارەکە بگۆڕێت و سادەی بکاتەوە بۆ منداڵ.

کەسێک ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بەرهەمی داهێنراو هەرگیز تەواو ناکرێ بگرە جێ دەهێڵدرێت و هەتا ئەگەر بێتو بە مەبەستیشەوە نەبێت پێشنیازکردنی لێ کلۆم دراوە. زۆرجار لێرە و لەوێ لێکۆڵەرەوان و ڕۆژنامەنووسان پرسیاری ئەوەم لێ دەکەن کە ئاخۆ ساڵانێک لە

دوای ئەوەی دەقـێکی شـانۆیی تەواو دەکەم "یان، جـێی دەهێـڵم" دەگەڕێمەوە سەری، یاخۆ جارێکی تر بیری لێ دەکەمەوە.
پێیان دەڵێم، نەخێر، ئەوەیان بۆ ڕوون دەکەمەوە، کە بابڵێین لە ساڵی ١٩٥٩دا ئەو کەسەی شانۆیی (خەونی ئەمەریکی) نووسیوە لە دوای چل یان چەند ساڵانێک لەوەو دوا هەر هەمان ئەو کەسە نییە کە هەیە، ئەو هەڵانە (وەک ئەوەی کە هەیە) لەناو ئەو شانۆییەدا کەفوکوڵی گەنجێتییە و ئامادەیە، کاتێک بەئاگا دێتەوە و جارێکی تر دەکەوێتە کەم و زیادکردنی ئەوا دەکەوێتە ناو هەندێ زێدەڕۆیییەوە (جارێکی تر، وەک ئەوەی کە هەیە) ئەم دوو "کەسە" لە کاتێکدا ئەگەرچی هاوڕاش بن، لە پێوەندییەکی دۆستانەدا نین.
هەر بۆ نموونە با (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان) وەربگرین کە لە ساڵی ١٩٥٨دا نووسراوە. تەنیا گۆڕانکارییەک کە ڕێگەم بەخۆم دا لەو دەقە شانۆییەدا ئەنجامی بدەم، جێگۆڕکێی هەندێ وردەکاریی مێژوویی بوو.. لە چەشنی نرخی دراوی دۆلار یاخۆ پێناسی هەندێک نووسەری "بەناوبانگ" لەو ڕۆژگارەدا. ئەمە شانۆگەرییەکە کە لە "دەموساتی ئێستادا" دادەمەزرێت و ناکرێ هەندێک هەڵەی مێژوویی بەسەردا تێ پەڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم ددان بە خۆمدا بگرم و دەستکاریی هەندێک جـێگە نەکـەم، بۆ نموونە وەک هەندێک چرکـەسـات لە شانۆیییەکەدا: جێری دەمرێت، چەقۆیەک دەکات بەناو سکیا و لەوانەیە هەناوی ببڕێت، ئەمجا ئیتر لە دوای ئەوە دێت و بە ناو لاپەڕە بابەتێکی خۆی ڕادەگەیەنێت؛ کە من بۆ خۆم مەقەستێکی تێ دەخەم و هەموو ئەوەی هەیە لە دوو ڕستەی تەواودا کۆ دەکەمەوە.
هەمان کارم لەگەڵ ئەو یازدە خولەکەدا ئەنجام دا کە لە شانۆییی

ئالێسی بچکۆلەدا، ژان ژێلگد (ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی ژۆلیان دەگێڕێت لە شـانۆی ئالێسی بچکۆلەدا.. و. کـوردی) ئەوەی رەت کـردەوە کـە بگەڕێتـەوە بۆ سـاڵی ١٩٦٢، لە کاتێکدا من بۆ خـۆم دڵنیا بووم لەوەی کـە وشـە بە وشـەی ئەو شـانۆییـە تۆکـمـە و تەواو داڕژێراوە و هـیچ خەوشێکی تێدا نییە. ڕۆژگار و پیشە ئەوەیان فێر کردم کە ژان لەسەر هەقـە و ئەگـەر بیـەوێت لە هـەر شـوێنێکی تر ئەو شـانۆییـە پێشکێش بکاتەوە ئەوا دیمەنی سێیەمی شایەنی دەستکاری کردنە.

دڵنیـام لەوەی ئەگەر چەند ساڵێک لەمـەوبەر کارێکی خۆم سـەرلەنوێ بخـوێندایەتەوە و بڕیاری ئـەوەم بدایە کـە من چیی تر پێـوەندیم بەو کـارەوە نـەمـاوە، لەوانەیە هەر ئەوەندە بێت ڕێگەی پێنەدەم نەمـایش بکرێت یاخـۆ ڕێی تـێ دەچێت ڕێگەی پێ بدەم تێ پەڕێت هەر وەک ئەو شێوەیەی کە هەیە؛ بەڵام سەد دەر سەت جارێکی تر نایـنووسمەوە.

گومـانم هەیە لەوەی کـە منیش هەمـان گرفـتی بەرنارد شـۆم هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە من شانۆییەکانم گەلێک سادەن و وا ئەندێشە دەکەم چەندە پیریش بم هەر بۆم دەکرێ تێیان بگەم.

(پشـیلەیەک لە قـەراخ گـوێسـوانەیەکی گـەرم)ی تێنسی ولیـامـز، تاڕادەیەک بەوە ناسـراوە کـە دەقی پاکنووس کـراوە و ئەوەی کـە لە ئارادایە دوایین دەقی دەسـتکاری کـراوە. ولیـامـز بـەوە ناسـرابوو کـە دوای ڕۆژگارێکی دوور و درێژیش لە نووسینی بەرهەمەکانی و تەنانەت لە دەمـوسـاتی پەڕاوەی شـانۆییـەکانیـشدا، دەسکاری شـانۆییـەکانی دەکردەوە و زۆر خـۆشحـاڵبوو و بەوەی کە هەر کەسێک بێتو لەبارەی شانۆییەکانی ئامۆژگاریەکی پێ بدات، بۆیە بەهیچ جۆرێک ئەوەم بەلاوە شـوێنی سـەرسـوڕمـان نییـە کە زیاد لە دەقێکی (پشیلەیەک لە قەراخ

گوێسوانەیەکی گەرم) دا لە ئارادا بێت. ولیامز ئەو شانۆییەی لە ساڵی ١٩٥٥دا نووسیوە، هەر لە هەمان ساڵیشدا ئەو دەقە پاکنووسکراوەی کە ئیلیا کازان هانی داوە بۆ شانۆی برۆدوای ئامادە بکات تەواو کردووە، ئەوەشی کە بە ناوی دوایین دەقی "پێکهاتوو یان چارەسەرکراو" لە ئارادایە کە ولیامز هەندێک لە "چارەسەر و تێبینییەکانی" ئیلیا کازانی هێشتووەتەوە و هەندێکیشی توڕداوەتە دەرەوە.

زۆربەی بیر و ڕاکانی کازان ئایدیای چاک و شایستە بوون و ساختومانی دەقە شانۆییەکەیان پتەو و توند ڕاگرتووە و لە ڕووی دراماتیکییەوە بەرەو پێشەوەی بردووە. هەندێکی دیان، بەتایبەتی ئەوەی ولیامز لەم دوایانەدا رەتی کردبووەوە ئەو تێبینیە بوو کە زیاتر ڕووکارێکی "بازرگانی" هەبوو... کە شانۆییەکەی زیاتر بەرەو ئاراستەیەکی بازرگانی پەلکێش دەکرد. لێرەدا کازان لەوە دەکات ئەو پیاوە خۆتێهەڵقورتێنە بێت کە هەر بەتەنیا گرینگی بەسەرکەوتنی کارەکەی خۆی دەدات و لە نهێنی کاری کەسێکی تر نازانێت.

ئەمە شانۆییەکی زۆر چاکە... بەتایبەتی لەم دوایین دەقە چارەسەرکراوەیدا. ئەگەر کەسێک پرکێشیی ئەوە بکات بەگژ هەندێک ئاماژەی ئۆپێرایی ئەم کارەدا بێتەوە، ئەگەر هەندێک لە کارەکتەرەکانی جووت نەیەنەوە لەگەڵ ئەو کەسە هەقیقیانەی کە بۆ خۆیان لەناو ژیاندا هەن، یاخۆ زۆر سادە بن، ئەوە بەرهەمی تێنسی ولیامزە؛ باشترین بەرهەمی تێنسی ولیامزە کە هەم ناسک و ڕۆمانسی و هەم توندوتیژیشە. پەخشانێک توانای بەرزەفڕینی هەیە و تاوەکو ئێستاش گرینگ و ڕاستگۆ و زیندوو ماوەتەوە.

تێنسی ولیامز لە شانۆدا شاعیرێکی رۆمانتیکی قووڵە و بە لۆرکا بەراورد دەکرێت و ئەوەندەی لە ئەندێشەی خواستوە ئەوەندەی لە واقیع نەخواستوە. دەقە شانۆییەکانی چ بۆ خوێندنەوە و چ بۆ پێشکێش جوان و ناسکن و بەوردی دێن بەدەستەوە.

ئەو پاڵەپەستۆ کەوتووەتە سەر نووسەرانی شانۆ بۆ دەستکاریکردنی بەرهەمەکانیان بۆ نەمایش، هەندێک جار بەزیان بەسەر کارەکەدا شکاوەتەوە کە شایەنی ئەوەیە هەروا بەسانایی بەسەریا ڕانەگوزەرێین. ئەوەندە بەسە لێرەدا بگوترێت لایەنی بازرگانی پاڵەپەستۆیەکی ئەوتۆی هێناوە کە شانۆی شەل و کوێر کردووە و " هەروەها شانۆی لە هەموو مانایەک بەتاڵ کردووەتەوە " لایەنی ئابووری شانۆ تا بێت زێدەتر بەرەو ئیفلیج بوون دەڕوات. بەبەراورد بەو بەردە و بگرەیەی کە لە نێوان ولیامز و کازان دا ڕوویدا، دەقە شانۆییەکە چ گوناهێکی نییە. سەرباری گەلێک لەو بیروڕایانەی کازان (بەتایبەتی دەرکەوتنەوەی باوەگەورە لە دوایین دیمەنی شانۆییەکەدا) گەلێک یاریدەدەر بوو بۆ پتەوکردنی شانۆییەکە و لە دواجاردا گەڕانەوەی ولیامزیش لە دوایین چرکەساتەکانی شانۆییەکەدا بۆ لایەنی گاڵتەجاری و تەمومژ هەنگاوێکی ئاقڵانە بوو.

من بەداخەوەم، کازان بەشێوەیەکی ئەوەندە تایبەتی لە شانۆوە بەرەو فلیم باروبنەی خۆی گواستەوە کە هێشتا من و ئەو ئیمکانیەتی کارکردنمان پێکەوە بۆ نەلوا بوو. سەرباری هەموو شتێک من دەزانم لەو پێوەندییە داهێنەرانەیەی لەگەڵ تێنسی ولیامز و ئارسەر میللەردا هەیبوو، من گەلێک خۆشحاڵبووم بەو بەردە و بگرەیە.

(خەونی ئەمەریکی، چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان، ئالێسی

بچکۆلە؛ سێ دەقی شانۆیی ئێدوارد ئەلبی خۆین کە لێرەدا لێیان دەدوێت.. و کوردی).

نیۆرک سیتی ٢٠٠٤

لێرەدا ئەو ڕوونکردنەوەیەی تێنسی ولیامزیش دەکەینە کوردی کە بۆ پێشەکی شانۆییەکەی نووسیوە و لەوێدا ئاماژە بەو کاریگەریانە دەدات کە ئیلیا کازان لە دنیای ئەو دەقەدا بەجێی هێشتووە.

# ڕوونکردنەوە

هەر ئەوەندەی کەمێک بمپەرژێ و ڕۆژگار یاریدەم بدات، ئەوا پێم خۆشە لەبارەی کاریگەریی توانا و فراوانی ئەندێشەی ڕیژیسۆرەوە بەهەردوو دیوەکەیدا؛ بەهاکانی و مەترسییەکانی بەسەر گەشە و نەشونماکردنی پیەسەوە لەپێش و لە دەمی بەرهەمهێنانیدا بنووسم. گەلێک مەترسیی لەو دەروازەیەوە دێنە دەرێ، بەڵام ئەوەش بەتەنیا لە دەموساتێکدایە کە شانۆنووس نەرم و گوێڕایەڵ بێت، یاخۆ ڕیژیسۆر لەسەر بیر و ڕا و ڕاڤەکانی خۆی کۆڵنەدا و درێژە بە پێداگیری خۆی بدات. من و ئیلیا کازان بەهۆی ئەو ڕێزە بێ پایانەی کە بۆ کار و پیشەی داهێنەرانەی یەکتر هەمانە کەڵکمان لەو بەهایانە بینی و خۆمان لەو زیانانە بەدوور گرت کە دەشێ لەو پێوەندییە پڕ لە کێشمەکێشەوە بێنە دەرێ. ئێمە بۆ سێ جار کارمان پێکەوە کرد بەبێ ئەوەی هیچ گرژی و تێنەگەیشتنێک لە نێوانمان ڕووبدات و هەر یەکێکیش لەو پێکگەیشتنانە بۆ خۆی ئەو بەرپرسیارییەی زێدەتر گەشە پێداوە. ئەگەر تۆ نەتەوێت ڕیژیسۆرەکان بەهیچ جۆرێک کاریگەریی لەسەر پیەسەکەت بەجێ بهێڵن، ئەوە دوو ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی خۆتی لێ بەدوور بگریت؛ کە هیچیان باشنین. ڕێگەی یەکەمیان ئەوەیە بگەیتە دوایین ڕەشنووسی پیەسەکەت بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەیت ڕیژیسۆر پێ بزانێت و بە تەواوکراوی بیخەیتە بەردەستی و پێی بڵێت؛ فەرموو ئەوە پیەسەکەم ئیتر تۆ ئازادی لەوەی کاری تێدا دەکەیت یان

نا! ڕێگەکەی تریش ئەوەیە بۆ خۆت ریژیسۆرێک هەڵبژێریت و بەبێ ئەوەی هیچ دوو دڵییەک بنوێنێت ئەوەی تۆ لێی دەخوازیت کتومت ئەوەت بۆ بخاتە سەرتەختەی شانۆ. وەکو لەپێشیشدا ئاماژەم بۆ کرد هیچ یەکێک لەو دوو شێوازە جێی ئۆمێد نین و ئەوەشم بە دڵنیاییەوە ڕاگەیاند.

هیچ شانۆنووسێکی زیندووی دونیام پێپەیدا نایەت ئەوەی بەلاوە جێ بایەخ نەبێت و ئارەزوو نەکات کە لەبارەی پیەسەکەی خۆی شتێک لە ریژیسۆرێکی زیرەک و بەتوانای وەک ئیلیا کازانەوە فێر نەبێت. وا ڕێکەوت کە بۆ شانۆیی "ماشێنێک ناوی ئارەزووە" پیسەکە لە کاتێکا بدرێت بە ئیلیا کازان کە لە هەموو ڕوویەکەوە گەیشتبووە دوا ڕەشنووس و دوا قۆناخیی خۆی. بەڵام لەبارەی پشیلەکەوە، ئەو یەکەمین ڕەشنووسیی پیەسەکەی بینی و زۆری بەلاوە جوان بوو، بەڵام لە بەرابەریدا هەندێک خۆ لێ بەدوورگرتنی هەبوو کە هەمووی لە دیمەنیی سێیەمی شانۆییەکەدا کۆدەبوونەوە. کرۆک و ناوەخنی ئەو خۆ لێ بەدوورگرتنانەش دەکرێ لە سێ خاڵدا کۆبکرێنەوە:

یەکەم، پێی وابوو باوە گەورە کەسێتییەکی زۆر دیار و گرینگە لەوەی کە لە شانۆییەکەدا دیار نەمێنێت و بێجگە لەو هاوارەی لە کۆتا دیمەنی دووەمدا لە دەرەوەی شانۆ دێتە گوێمان. دووەم، پێی وابوو لە ئەنجامی ئەو هەڵکۆڵینە گریمانکارییەی کە لە دوای ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ باوە گەورەدا لە دیمەنی دووەمدا ڕوو دەدات، هەندێک گۆڕانکاری ڕوون و دیار لە کارەکتەری برک دا ڕوو بدات. سێیەم، پێی وابوو کە کارەکتەری مارگرێت، لە کاتێکدا وا تێگەیشتبوو لەو ڕووەوەی کە من زۆر لەگەڵیدا هاودەرد و هاوسۆز دێمەوە، ئەوا

ئەگەر شیاوە؛ ئەو هاودەردی و هاوسۆزییە زێدەتر بگوازرێتەوە بۆ بینەر.

لە سەرەتاوە بە تەنیا پێشنیازی سێیەمی بوو کە بەوپەڕی قووڵاییی دڵمەوە باوەشم بۆ گرتەوە، چونکە وا ڕوویدا کارەکتەری ماگی پشیلە؛ کاتێک خەریکی ئیشکردن و دامەزراندنی کەسایەتییەکەی بووم وردەوردە دەی خستمە ژێر ئەفسوون و کاریگەریی خۆیەوە. من نەمدەویست باوە گەورە لە دیمەنی سێیەمی شانۆییەکەدا بەدەربکەوێتەوە، هەستم بەوەش کردبوو لەو مەرگەساتەدا کە تێیکەوتووە ئیفلیج بوونی برِک لە ڕووی ئاکارییەوە مەسەلەیەکی بنچینەییە و بۆ ئەوەش ئەو بەرەو پێشچوونە دراماتیکییە نیشان بدەم دەبوو ماناکانی ئەو مەرگەساتەی لە تەموومژێکەوە بئاڵێنم و هەروەهاش پێم وانەبوو کە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەش، ئەگەرچی هەرچەندە ئیلهامبەخشیش بووبێت، بەو خێراییە بۆی بکرێ کاریگەریی لە نێو هەناوی یاخۆ بیماری کەسێکدا بەجێ بهێڵێت کە کەوتبێتە نێو ئەو بارودۆخە ڕۆحییە وێرانەوە کە برکی تێدا دەژی.

هەرچۆنێک بێت، دەمویست کازان شانۆییەکە بخاتە سەر شانۆ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشنیازانە وەک ئاگادارکردنەوەیەکی کۆتا نەخرابوونە بەردەمم؛ من دەترسام لەوەی ئەگەر بێتو لە ڕوانینی ئەوەوە کار لە شانۆییەکەدا نەکەمەوە، سەرنجی ئەو بۆ شانۆییەکە لە دەست بدەم. ئەوەم ئەنجامدا. ئیتر تۆ لەگەڵ ئەم دەقەدا کە بڵاوبووەتەوە دیمەنێکی بۆ زیادکراوی تری دیمەنی سێیەم دەخوێنێتەوە کە بەرەنجامی کاریگەری بە داهێنانیی ئەوەوە هاتووەتە خوڵقاندن. خوێندنەوەی ڕەشنووسیی دەقێک کە زیاد لە جارێک دەستی تێ

خـرابێت، بـەبڕوای من؛ ئـەو کـارتێکردنەش بـۆ خـۆی وا دەکـات بـەناو پرۆسـەی دەستکاریکردندا تێ پەڕێتەوە.

شکسـتـخـواردن دەگاتە کـەسـانێکی کـەمـتـر و کەسـانێکی کەمـتریش دەگرێتەوە لەو سـەرکـەوتنەی شـانۆییـیـەکە بەدەسـتی هێناوە. لەوەی کـە دەقی یەکـەمی پشـیلەیـەک؛ دەقێکی شـایسـتـەیە یاخـۆ دەقی دووەمی بۆ خـۆی پرسـیـارێکی سـەرنج ڕاکـێـشـە. هـەرچۆنێک بێت لەگـەڵ بڵاوبوونەوەی هـەردوو دیمـەنەکـەدا پێکەوە لەم دەقـەدا خـوێنەر دەتوانێ ئەگەر بۆ خۆی بییەوێت بڕیاریی یەکلاکەرەوەی خۆی لەبارەوە بدات.

تێنسی ولیامز

# تێبینی و ڕۆشنکردنەوەی وەرگێڕ

لەبارەی ئەم پێشەکییە و دەقە شانۆییەکەوە

پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم، بەیەکێک لە گرینگترین دەقە شانۆییەکانی باکوری ئەمەریکا دەدرێتە قەڵەم و تا بەئەمڕۆمان دەگات لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەمەریکاییدا زۆر قسە و باس لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و گەلێک لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و سەرنج و ڕوانینی نووسەرانی دنیای بۆ خۆی دەستەبەر کردووە. یەکێک لەو گرفتانەی کە ئەم دەقە شانۆییەی تێوە ئالاوە ئەو مشتومڕەیە کە لە نێوان ئیلیا کازان و تێنسی ولیامزدا ڕوویداوە و بووەتە هۆی ئەوەش کە چوار دەقی جیاوازی ئەم شانۆییە بوونی هەبێت.

کاتێک ئێدوارد ئەلبی باسی سێ دەق دەکات، دەقێکی تر لە یاد کردووە کە ئێمە دەمانەوێت خوێنەری کوردی لێ ئاگەدار بکەینەوە. دەقی یەکەم، ئەو دەقەیە کە سەرەتا نووسراوە و ڕەشنووسەکەی خراوەتە پێش دەمی کازان بۆ خوێندنەوە. دەقی دووەم، ئەو دەقەیە لە ژێر ڕۆشناییی تێبینییەکانی کازاندا دەستکاری کراوەتەوە. دەقی سێیەم، ئەو دەقەیە کە هەردوو دیمەنی سێیەمی شانۆییەکەی لەخۆ گرتووە، ئەو دەقەی پێش ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت یاخۆ ئەو دەقەی کە هێشتا کازان نەیخوێندووەتەوە؛ لەگەڵیشیدا جارێکی تر دیمەنی سێیەم بڵاو بووەتەوە کە ئەو دەقەیە دوای تێبینییەکانی کازان دەستکاری کراوەتەوە. واتە دووجار دیمەنی سێیەم بڵاو کراوەتەوە و

بەوەش دەقە شانۆییەکە بووەتە چوار دیمەن. ئێمە بۆ ئەوەی خوێنەریی خۆمان لەو گرفتە ئاگەدار بکەینەوە ئەو پێشەکییەی خودی ولیامزمان کردە کوردی و لەگەڵ پێشەکییەکەی ئەلبیدا تێکهەڵکێشمان کرد. ئیتر ئەوەی لێرەدا ئێدوارد ئەلبی بە دەقی سێیەمی ناوبردوە، دەبێتە دەقی چوارەم. ئەو دەقی شانۆییەش ئێمە لێرەدا وەرمانگێراوە، ئەو دەقی چوارەمەیە کە دوایین دەستکاری ولیامزە و ئەلبی بە دەقی سێیەم و چارەسەر کراو ناوی دەبات. کاتێک من هەموو ئەو دەقانەی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرمم خوێندەوە، دەقی چوارەمم پێ لە هەموویان باشتر بوو؛ لەبەرئەوەی وەک ئەلبیش بە دەقی چارەسەر کراوی ناو دەبات، دوایین دەستکاری و دوایین ڕوانینی ولیامزە بۆ ئەو دەقە.

ئیلیا کازان، لە ساڵی ١٩٠٩دا لە خێزانێکی گریکی لە ئەستەمبوڵی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا لەدایکبووە و لە تەمەنی چوار ساڵیدا ڕوویان کردووەتە ئەمەریکا و لە منداڵییەکی زووە و سەرقاڵی شانۆ دەبێت و دواتر دەبێتە یەکێک لە گرینگترین ئەکتەر و ریژیسۆرە گرینگەکانی دنیایی شانۆ و سینەما و بەیەکێک لە گرینگترینی ئەو ریژیسۆرانەش ناوزەد دەکرێت کە لە مێژووی هۆڵیوود و برۆدوایدا کاریگەرییەکی گەورە و لە بەرچاوی بەجێ هێشتووە. بێجگە لە کارکردنی بۆ شانۆ گەلێک فلیمی گرینگیشی بۆ سینەما دەرهێناوە و ڕۆمانێکی بە ناوی" ئەمەریکا، ئەمەریکا " نووسیوە و زۆر بە قووڵی لەبارەی ژیانی خێزانەکەی و بارودۆخی تورکیای ئەو سەردەمەوە دەدوێت و ئەو هۆکارانەشی هەموو ڕوونکردووەتەوە کە بۆچی بەرەو ئەمەریکا هاتوون و هەر بۆ خۆشی بەهەمان ناوەوە لە ساڵی ١٩٦٤دا

بۆ سینەمای دەرهێناوە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا کۆچی دوایی کردووە.

کازان بۆ سێ جار و لە سێ دەقی جیاوازی تێنسی ولیامزدا کاری کردوە بەڵام هیچیان هێندەی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرمدا مشتومری لەدوا جێ نەماوە. لێرەدا دەمەوێت پەنا بەرمە بەر ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە خودی ولیامز بۆ دەقی سێیەمی شانۆییەکەی نووسیوە و دەیەوێت لە پێوەند بە کاریگەری نێوان خۆی و کازان بدوێت.

بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئاگاداری ئەو جیاوازییانە بێت، کە لە نێوان ئەم دوو دیمەنەدا دەبینرێت ئاماژە بە گرینگترینیان دەدەم.

باوە گەورە لە کۆتایی دیمەنی دووەمی دەقی یەکەمدا بەدەم هاوارکردنەوە دەڕواتە دەرێ و ئیتر بۆ جارێکی تر لە دیمەنی سێیەمدا دەرناکەوێتەوە. کاتێک ماگی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە سکی لە بڕک پڕ بووە و منداڵێک لە هەناویدا هەناسە دەدات، دایە گەورە بەو هەواڵە دڵخۆشی دای دەگرێت و پێی وایە ئیتر خەونەکەی باوە گەورە هاتووەتە دی و کوڕێکی بڕک جێی دەگرێتەوە و کوڕە نازدارەکەی باوە گەورە چیی تر نەزۆک نییە. دایە گەورە دەڕواتە دەرێ تاوەکو ئەو هەواڵە خۆشە بگەیەنێتە باوە گەورە و بە چوونە دەرەوەشی ئیتر لەوە دڵنیا نابینەوە کە ئایا بڕیاڕی باوە گەورە چی دەبێت. کۆتایی لەناو تەمومژدا جێ دەمێنێت.

لە کۆتایی دیمەنی سێیەمی دەقی دووەمدا، هەر وەکو ئەوەی لە دەقی چوارەمیشدا هەیە، جارێکی تر باوە گەورە دەبینین لەگەڵ هەڵکردنی گەردەلوولەکەدا دەگەڕێتەوە و بەو نوکتە شەرمهێنەی جارێکی تر بە کەسایەتی قۆشمەی خۆی ئاشنامان دەکاتەوە. جیاوازییەکی تر لە

نێوان ئەو دوو دەقەدا، کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین؛ کۆتایی شانۆییەکەیە؛ ئیلیا کازان وەک ئەوەی ئێدوارد ئەلبیش باسی لێوە کردووە ڕوویەکی بازرگانی پێ بەخشیوە.

ئەمەش بە چەند چرکەساتێکی بەر لە کۆتایی شانۆییەکەوە دیارە کە لە دەقی دووەمدا، ئیلیا کازان سەپاندوویەتی بەسەر دەقەکەدا و چ لە دەقە سەرەکییەکەی ولیامزدا و چ لەو دەقەی ئێستا لە بەردەستماندایە و دەقی چوارەمە بوونی نییە.

کاتێک ماگی هەموو شووشە مەییەکان فڕێ دەداتە دەرەوە، بڕک بەدوای خواردنەوەدا دەگەڕێت.

مارگرێت: مەی وشکی کرد و چیی تر نەما، تەنیا من نەبێ کەس ناتوانێت بتباتە شار و مەیت فریا بخات.

بڕک: لەیسی بۆم دەهێنێت...

مارگرێت: بە لەیسی گوتراوە کە بە قسەت نەکات!

بڕک: بۆ خۆم دەتوانم ماشێن بئاژووم..

مارگرێت: تۆ چی تر روخسەتی ماشێن لێ خورینت لە دەست داوە! من تەلەفۆن دەکەم بەرلەوەی بگەیتە ئەوێ هەر لە نیوەی ڕێگە ڕاتبگرن.

لای دەقەکەی کازان شانۆییەکە بە دیالۆجێکی ماگی کۆتایی دێت کە تا ڕادەیەک کۆتاییەکی خۆش و گەشبینە و هێزی لەبن نەهاتووی ماگی نیشان دەدات کە دەڵێت:

مارگرێت: ئۆی، ئێوە ئەی خەڵکە ناسک و لاوازەکان کە بەو ئاسانییە دەستبەرداری هەموو شتێک دەبن. هەموو ئەوەی دەتەوێ ئەوەیە کەسێک، بە نەرمییەوە و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە لە خۆیت

بگرێ و ژیانت کە هەر وەکو پارچە گەوهەرێک لە دەستت داوە بۆت بگەڕێنێتەوە. من دەتوانم ئەو کارە بکەم! من سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو کارە بکەم، هیچ شتێکیش ئەوەندەی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم هێند پشت ئەستوور نییە ... هیچ شتێکی تر هەیە؟ هەیە ڕۆڵە؟

"بەناسکییەوە دەست بە ڕوومەتیدا دەهێنێت"

پەردە

لە کاتێکدا کۆتایی لە دەقەکەی ولیامزدا دەمانباتەوە ناو تەمومژ و ئەفسوونەکانی نهێنی کە دواجار ئەو شێوازەشە ولیامز سەرجەم ساختومانی شانۆییەکەی پێتەنییوە. لێرەدا شانۆییەکە بە دیالۆجێکی برک کۆتایی دێت نەک مارگرێت.

مارگرێت: "وردەوردە پەردە دادەدرێتەوە" من خۆشم دەوێیت، برک، خۆشم دەوێیت!

برک: "بەدەم خەندەیەکی ئەفسووناویی خەمگینەوە" ئەوە سەیر نییە ئەگەر ڕاست بێت.

پەردە دادەدرێتەوە

فاروق هۆمەر

سەرچاوە:

١- ئەو پێشەکییەی ئێدوارد ئەلبی لەو سەرچاوەیەوە وەرگێڕاوە کە شانۆییەکەی لێوە کراوەتە کوردی و لەسەرەوە ئاماژەمان پێ داوە.

٢- ئەو ڕوونکردنەوەی ولیامزیش لەم سەرچاوەیەوە کراوەتە کوردی.

NEW .Cat On a Hot Tin Roof, Tennessee Williams, SIGNET BOOK
P 124, 125. .AMERICAN LIBRARY

## گەشتێک لە نوشستییەوە بەرەو دەسەڵات

"پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم و
کاریگەری بە یەرمای لۆرکا"

کریستۆڤەر براین وینەر

**یەرما:** هەندێک بابەت هەن کە ناگۆڕێن! هەندێک بابەت هەن کە لەو دیوو دیوارەکانەوە کوێت کراون و بە نەگۆڕاویی دەمێننەوە؛ لەبەرئەوەی کەس نایانبیستێت! بەڵام ئەگەر هاتوو هەر بەڕێکەوتێک دزەیان کردە دەرەوە ئەوا ئیتر هەموو دنیا دەهەژێنن!

**مارگرێت:** کاتێک بیرەوەریت یاخۆ ئەندێشەت بە بابەتێکەوە گیرۆدە دەبێت، هانا بردن بۆ بێدەنگی کەڵکی هیچ نادات، بگرە کتومت وەک ئەوە وایە ماڵێک گڕ بگرێ و تۆش دەرگەی لەسەر کڵۆم بدەیت؛ بەو نیازەی خۆت لەوە نەبان بکەیت کە ماڵەکە گڕی گرتووە. بەڵام بە بەرەنگار نەبوونەوەی ئاگرەکە، ئاگرەکە بۆ خۆی ناکوژێتەوە. بێ دەنگبوون لە ئاست شتێکدا مەسەلەکە پەرێشانتر دەکات، تا بێ پەرە دەسەنێ و بۆگەنی زیاتری لێوە دێت.

ئەو مەودایەی کاریگەریی بەرهەمەکانی لۆرکا لەسەر نووسین و داهێنانی تێنسی ولیامز بەجێیان هێشتوە پرسیارێکە کە تا

ئەندازەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە، سەرباری ئەوەش وورووژاندنی ئەو سەرسامی و کاریگەریەش بە ئەنتۆن چیخەف و دی. هـ ەی. لۆرانسیش تا ڕادەیەکی زۆر نەورووژێنراوە. فدریکۆ گارسیا لۆرکا ١٨٩٩– ١٩٣٦ یەکێکە لەو نووسەرانەی کە تێنسی ولیامز ١٩١١– ١٩٨٣ لە سەردەمی خوێندنی زانکۆیدا زۆر بە قووڵی و لێ بڕاوانە سەرقاڵی خوێندنی بووە. لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزدا لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەوەی ڕاگەیاندوە کە (لەناو ئەو نووسەرانەی زۆر پێیان سەرسامبووە چیخەفی شانۆنووسی رووسی و شاعیر و شانۆنووسی ئیسپانی گارسیا لۆرکان، کە ڕێی تێ دەچێت زێدەتر لە هەر کەسانێکی تر کاریان لە پێکهێنانی شێوازی نووسینی ئەمدا کرد بێت.)

"لە هیچ جێگەیەکدا کاریگەری لۆرکا ئەوەندە بە ڕوونی ناکەوێتە ڕوو هێندەی کە لەو کارە بەراییانەی ولیامزدا لە دەقی شانۆییەکی یەکپەردەییدا دیارە بەناوی (پاکژبوونەوە) کە تراجیدیایەکی لادێیانەیە بە زمانی شیعر لە شێوەی دەقی شانۆیی (زەماوەندی خوێناوی) لۆرکا، نووسراوە"

بەناوبانگترین دەقی شانۆیی ولیامزیش کە کاریگەری زۆری لۆرکای بە ڕۆشنی پێوە دیار بێت و تا ئێستاکە نەورووژێنرا بێت.

"پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم ١٩٥٥"ە کە لێکچوونی زۆری لەگەڵ دەقی شانۆیی "یەرما ١٩٣٤"دا هەیە و وەک سەرچاوەیەکی گرینگ بۆتە هۆی سەرکەوتنێکی بێ چەندوچوونی ولیامز لە شانۆی برۆدوایدا.

پۆل بایندینگ بابەتی یەرمای لۆرکای، (بە نشووستی لە

کۆمەڵگەیەکی داخراودا وەسف کردووە) هەمان ئەو وشانەش دەکرێت ئەو کەشوهەوا سۆزدارییەی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکیشی پێ وەسف بکرێت. هەردوو دەقەکە مامەڵە لەگەڵ پەیکەری مێینەدا دەکات کە چەق و ڕووی کارەکەیان بەتەواوی داپۆشیوە و گرفتەکانی مێینە بەردەوامی دەبەخشێتە بەرەوپێشەوە چوونی ڕووداوەکان و هەر چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەشە کە پەردە لەسەر کۆتاییەکانیان دادەداتەوە: یەرما و ماگی پشیلە.

هەر بە هەمان شێوەی یەرما، ماگی ژنێکی دڵسۆز و وەفادارە و هەڵوەدا و خوازیاری خستنەوەی منداڵە و لە پێوەندییەکی خێزانی بێ منداڵدا گیرۆدە بووە. هەر وەک چۆن ژانی مێردی یەرما ئارەزووە دایکایەتییەکەی ژنەکەی پشتگوێ دەخات، برک؛ هاوسەر و هاوژیانی ماگیش مل بە حەز و ئارەزووەکانی ژنەکەی نادات. ململانێی گەوهەری لە هەردوو دەقە شانۆییەکەدا لەو گرفتەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێوان ژن و مێردەکاندا هەناسە دەدات و بەرەو تەقینەوە هەنگاو دەنێت، ئەو گرفتەش بە جۆرێک دەگاتە کۆتایی کە ژن بڕیاری یەکلاکەرەوەی تێدا دەدات و دەسەڵات یان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەگرێت بەدەستەوە: یەرما، ژانی مێردی دەکوژێت و ماگیش بەزۆرە ملێ پەلی مێردەکەی دەگرێ و لەگەڵ خۆی ڕاپێچی سەر تەختی نووستنی دەکات تا وەچەی لێبخاتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر بە وردی و دیقەتەوە لە ورد و درشتی ئەو کاریگەریەی دەقی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم بە شانۆیی یەرما دەدوێت، هەر بەو نیازەش هەم لە ڕوویەکەوە ڕۆشنایی ئاڕاستەی سیماکانی ئەم دەقەی دواییان دەکەین و هەم لە ڕوویەکی

تریشەوە لە پرۆسەی داهێنانی تێنسی ولیامزیش ورد دەبینەوە.

لێکچوون و بەراوردکردنی کاریگەریی گەوهەری دراماتیکی یەرما بەسەر پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرمەوە کارێکی نەکردە دەبوو ئەگەر هەردوو بەرهەمە شانۆییەکە بەهەمان شێوە لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراودا ڕوویان نەدایە.

وەک ڕێد ئەندرسۆن ئاماژەی بۆ دەکات لۆرکا هەوڵی داوە، "لە دەقە تراجیدییەکەیدا، ئەو کارلێکە دژوارە ڕەنگ پێ بداتەوە کە دەکەوێتە نێوان ئاگایی کەسایەتی کارەکتەرەکان و بارودۆخی مادی و کۆمەلایەتی ئەو دونیایەی لێی دەژین"

ئەو بارودۆخانە چین و لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟

ژان و یەرما، هەردووکیان دوو ئەندامی چینوتوێژی جووتیاری گوندەکانی ئەندەلوسیان؛ ئەندرسۆن لێرەدا ئێستێک دەکات و لەسەر دوو سیمای دیار و زیندووی تراجیدی ڕادەوەستێت کە لەو پێگە ئابووری و کۆمەلایەتییەوە پەل دەهاوێژن کە تێیاندا دەژین: لە ڕوویەکەوە کۆیلایەتیان بۆ ئەو زەوییەی کە خاوەنین و لە ڕوویەکی تریشەوە کۆیلایەتیان بۆ ئەو داوونەریتەی کە کۆمەڵگە لەبارەی شەرەف و ڕۆڵی ژنەوە لەو دونیایەدا خوڵقاندونی.

ئەگەرچی ژان خاوەنی زەوییەکەی خۆیەتی بەلام لە جێی ئەوەی ڕۆڵی خاوەندارێک ببینێت، لە ڕاستیدا بووەتە کۆیلەی زەویەکەی خۆی و ئەگەر بەردەوام و لەیەکبینەش کار نەکات و ڕەنجی فەرهاد نەکێشیت ئەوا هەرگیز بۆی ناکرێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات و گوزەرانێکی ئاسودە بژی. یەرما پێی دەڵێت:

"تۆ زۆر ڕەنج دەدەیت، بەلام ئەوەندەت هێز و توانا بەبەرەوە نییە کە

بەرگەی ئەو هەموو کار و ڕەنجە بگریت."

هەر وەکـو ژانیش بۆ خـۆی لاری نیـیـە لەوەی کـە تەواوێک بێـزار و خـەمسـارد بووە لەو هـەمـوو ڕەنجەی ڕۆژانە دەیدات کە بە هیچ جۆرێک بۆی نالوێت چێژ و خۆشی لەو بەروبوومـە وەربگرێت و تاوێک لە پاڵیدا بحەسێتەوە.

ئەگـەرچـی یەرمـا تا دوا ئەندازە ژنێکی دڵسـۆز و وەفـادارە بۆ ژانی مـێـردی، بەڵام مل نەدان و قـایل نەبوونـی بۆ مـانەوەی لە چوارچێـوەی سنوورەکانی مـاڵدا، هەڕەشـەیەکە بەردەوام مـێردەکەی دەخـاتە بەردەم ترس و نیگەرانی؛ لەبەرئەوەی دواجـار ئەوە هـەر بـە تەنیـا داوونـەریتـە کۆمەڵایەتییەکانە کە بڕیار لەسـەر دروستی و نادروستییەکان دەدات.

سـەرباری هەمـوو شـتـێک، یەرمـا پارێزگـاری لە پاکـدامـێنی خـۆی دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت:

"وریابە هەرگیز ڕێگەت پێ نادەم گومانی پیاوێکی دیم بخەیتە پاڵ!"

ژانیش بە هـەمـان ئەو وتانە وەڵامی یەرمـای خێزانی دەداتـەوە کە لە هەناوی ویست و ئارەزووی کـۆمـەڵگەوە هاتوونەتـە دەرێ و داوونەریت پاڵپشتیان لێ دەکات.

**ژان:**

ئەوە مـن نیـم کــە ئەوەم خــوڵقــاندوە، بگرە ئەوە تۆی کــە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خۆت ئەو بارودۆخەت هێناوەتە گۆڕێ، ئەوەتا خــەڵکی لێـرە و لـەوێ کـەوتونەتە قــســەکـردن! ئـەوەتا کەوتونەتە قسەکردن! کە دەچمە ناو ئاپۆرەی خەڵکانێکەوە لێرە و لەوێ، کـتـوپڕ بێـدەنگی لێ دەکـەن. کاتێک کە گـەنم دەبەم بۆ باراش، هەرچـی لەوێ هەیە و نیـیـە بێ سـێـودوو قـسـەکـانیـان

دەبڕن و بێدەنگی لێ دەکەن. تەنانەت لە شەوانیشدا کاتێک کە لە ناو مەزرادا لە خەو ڕادەبم، هەر لەوە دەکات کە چڵوپۆپی درەختەکانیش بێدەنگی لێ بکەن!

لێرەدا بە ڕوونی روخسار و ڕووی ئەو ساختومانە دووانەییەی دەسەڵاتی گوندیانەی ئەندەلوسی هەست پێ دەکەین: ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەر بەهایەک کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز و تایبەتی ئەوتۆ بێت هەوڵدەدات گیانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە لەکەدار بکات، ئەوەتا بەجۆرێک ژان و یەرما دەخزێنێتە ژێر دەستاریی ئەو چەوسانەوەیەوە کە ئیتر هیچ دەروازەیەک بۆ هەڵاتن نییە و ئەو تراجیدیایە دەبێت ڕوو بدات.

دینامیکییەتی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرمیش ڕەگ و ریشەی هەر لەناو ئەو کارلێکەدا داکوتاوە کە دەکەوێتە نێوان کارەکتەرەکانی تێنسی ولیامز و ئەو هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە هەناویدا دەژین و ڕواوڕووی دەبنەوە، کە ئەو زەمینەیەش دەکەوێتە باشووری ئەمەریکاوە. پۆلیتی باوە گەورە، ئەگەرچی لە ژان، هەبووە و دەوڵەمەندتر و خاوەن دەوڵەتترە، بەڵام هەر وەک ژان ژیانی لکاوە بەو بەرووبوومەوە کە لە موڵکەکەیەوە، لەو بیست و هەشت هەزار ئەیکەر زەوییەوە کە دەکەوێتە دەوڵەمەندترین خاکی لێوار دەریاوە؛ دێتە بەرهەم. ئیتر لە پاش مەرگی چاوەڕوانکراوی باوە گەورەوە چاوچنۆکی بۆ گرتنە دەستی ئەو موڵک و ماڵە، زۆرینەی کارەکتەرەکانی شانۆییەکە دەبزوێنێ و ئەو پرسیارەش کە کێ لەو خێزانەدا جێ بڕوا و متمانەیە کە ئەو دەوڵەت و سامانەی بەناوەوە بکرێ، خودی باوە گەورە دووچاری نیگەرانی دەکات. هەردوو دەقە شانۆییەکە هەمان تەوس و

لاقــرتێ پێکەوەیـان گــرێ دەداتــەوە: هــەردوو شـــانۆیـیـــەکــە لـەناو کەشوهەوای جیهانبینییەکی کشتوکاڵیدا لەبارەی نەزۆکی مرۆڤەوە دەدوێت کـە پرسـیـار لەبارەی بەپیت و بەرەکـەتیـیـەوە زەوی بۆ خـۆی پرسیارێکی سادە و ساکاری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە. ولیامزیش گەلێ جـار لەســەر ئەو دنیـا کـۆمــەڵایەتیـیــەی کـە باشــووری ئەمــەریکای تەنیوەتەوە ڕادەوەستێ و لەو زەوینەیە دڵنیامان دەکاتەوە. ئاماژەکردن بۆ بیــروڕای خـــەڵکی و پلە و پایەی کــۆمـــەڵایەتی بەردەوام دووبارە دەبنەوە، بەڵام وەستان لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری پێوەندی و دنیای نێر و مێ کارێکی چاوەڕوانکراو و بابەتگەلێکی ڕۆژانەی ژیانە. ماگی و مەی هێــورژنی و هــەمـــوو ژنانی تریش چاوەڕوانـی ئەوە دەکــەن کــە وەچە بخــەنەوە، هــەروەک چۆن برِکی کــۆنە ئەســتـێـرەی دنیــای وەرزشی و گــۆپەری برای چاوەڕوانی ئەوە دەکــەن ببنە باوک؛ ئەوەش کــارێکی ئاسـاییـیە و هیچ چەندوچوونێک هەڵناگرێت کە لە دوای مــەرگی باوە گەورە منداڵی نێرینەی پۆڵیت دەبێت دەســەڵات بەسـەر زەویوزارەکەیدا بگرێت. سەرنج ڕاکێشـترین ڕووداوێک لەم شانۆییەدا دابەزینی بەهای ڕەوشــتی و ڕووکـردنە خــواردنـەوەی برِکـە کــە هـۆکـارەکـانـی هـەردوو گرفتەکە لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرن کە هیچ ئامادەییەکی تێدا نییە ددان بە هــەقـیــقــەتی ئەو شــیـــمـــانەیەدا بنێت کـــە پێــوەندییـــەکی هاوڕەگـەزبازی بە سکێـپــەری هاوڕێی یاریزانی تیـپـەکـەیەوە گــرێی دەداتەوە.

کارەکتەرەکانی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم، بە هەمان شێوەی کارەکتەرەکانی یەرما؛ قوربانیی ئەو کەشوهەوا و شوێنەوارەن کە تێیدا دەژین و ئەو دوو شوێنەوارەش کتومت هاوچەشنی یەکترین.

لە سەرەوە ئەو پێوەندییەمان دامەزراند کە پەیکەری سەرەکیی هەردوو کارەکتەرە ژنەکە تا چەندێک لێکەوە نزیکن، ئێستاش هەوڵ دەدەم لەو پێوەندییە دەروونییە بدوێم و ڕۆشنایی ئاراستەی ئەو پانتاییە بکەم کە ولیامز تا چەندێک لە داڕشتنی کەسایەتیی ماگیدا قەرزاربارى کەسایەتیی یەرمایە. هەردوو ژنەکە دوو کارەکتەری دیارن کە خەون بە ژیانی دایکایەتی، پێوەندیی سێکسی، دنیایەکی دروست و پڕ لە ئاشتەوایی و ئارەزوویەکی لە شکان نەهاتووەوە دەبینن؛ کە هێز و توانایەکی ئەوتۆیان بۆ فەراهەم بکات کەسایەتییەکی بەهێزیان پێ بدات. ڕوون و ئاشکرایە، کە ئارەزووی دایکایەتیی یەرما گرێیەکە پانتایی شانۆییەکەی بەتەواوی داگیر کردووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆشی بەجێ هێشتووە ناوی شانۆییەکەشی بەناوەوە بکرێت. ئەو ڕێگەیەی لۆرکا گرتوویەتییە بەر ئەوەیە بەردەوام ڕواوڕووی ئەو یادهێنانەوە و وەڵامدانەوە لێوانلێو لە دڵتەنگییەی یەرمامان بکاتەوە بەرانبەر بەو بارودۆخە نەزۆکییەی کە تێیکەوتووە، دڵتەزێنترینی ئەو چرکەساتانەش ئەو تێبینییە کە یەرما لەبارەی لێکچوونی نێوان ماریای دراوسێی و دواین منداڵیدا ئاماژەی پێ دەدات:

**یەرما:** چاوەکانی هەر بە چاوەکانی خۆت دەچن.

بەلای یەرماوە، منداڵبوون تەنیا مانایەکە بە ژیانیەوە دەبەستێتەوە و نەبوونیشی؛ هەڕەشەیەکە بوونی دەخاتە مەترسییەوە.

**یەرما:** هەر ژنێکی لادێی کە منداڵی نابێت، وەکو دڕک و داڵی قەراخ لا ڕێکان؛ هیچ و پووچ و بێکەڵکە.

جۆلیان بێرتۆن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەرما زۆر بە سادەیی لەو گرێ دەرونیانەی کۆمەڵگەیەک دەدوێت کە بەچاوی کرێگرتەیەکەوە لە

ئافرەت دەڕوانن و منداڵەکانیشی تەنیا وەک سامانێک دەبینێت، ئەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "منداڵ بەدیهێنەری ئەو خواستەن و ماف دەدەن بە ژن؛ هەر لەبەر ئەوەشە یەرما زۆر بێ هیوایانە هەڵوەدای منداڵبوونە" هەروەکو یەرما، ماگیش هەڵوەدای منداڵە و بەردەوام ئەوەی بە گوێدا دەدرێتەوە کە توانای خستنەوەی منداڵی نییە. هەر وەکو چۆن کیژۆڵە بچکۆلانەکەی مەی و گۆپەر پێی دەڵێت:

**دیکسی:** تۆ بەخیلیت! تۆ بەخیلیت لەبەرئەوەی ناتوانیت منداڵ بخەیتەوە!

ئارەزووی ماگیش بۆ منداڵبوون دەگاتە ئەوپەڕی بێ هیوایی، ئەگەرچی ئەو پاڵنەرەی ماگی دەبزوێنێت تەواوێک جیاوازە لەو پاڵنەرەی یەرما بۆ منداڵ هەیەتی، پێداویستی ئەم ڕوویەکی ئابووری هەیە: برک کوڕی ئازیز و لە بەردڵانی باوە گەورەیە و باوە گەورەش هێندەی لە مەرگەوە نزیکە ئەوەندە لە ژیانەوە نزیک نییە و تەنیا خەون و ئەندێشەشی ئەوەیە کوڕێک لە پشتی خۆی جێگەی بگرێتەوە و ڕەگوڕیشەی خێزانەکەی کوێر نەکاتەوە. برک لە بەختی ڕەشی خۆی و ماگی ژنیشی تا دوا ڕادەی بێ هومێدی دەرهەق بە ژیان بەرباد و بێ خەم وێستاوە و بەرانبەر ئەو پیلانە بۆگەنەش کە گۆپەر بە یاریدەی مەی، ژنە وەک خاک بە پیت و بەرەکەتەکەی ڕێکیخستوە بۆ دەست بەسەراگرتنی موڵک و سامانی باوکی؛ بێ جووڵەیە و چ ناڵێ.

لەلایەکی ترەوە ماگی بەتەواوی لە باردۆخەکە تێگەیشتوە و کاتێک ئاماژە بە مەی و گۆپەر دەکات ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە: "بە هیچ جۆرێک گومانی ناوێت من و تۆ منداڵمان نەخستووەتەوە، ئێمە نەزۆکین و کەسانێکی تەواو بێ کەڵکین" ئارەزووی ماگی بۆ ئەوەی

ببێتە دایک تەواوێک پێچەوانەی ئارەزووەکەی یەرمایە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەوڵدانی بۆ ئەوەی ببێتە دایک هەمان ئەو چارەنووسەیە هەردووکیان پێکەوە دەبەستێتەوە.

لۆرکا، لە ڕێی ئەو لێپێچینەوەیەوە کە پیرێژنی یەکەم ئاڕاستەی یەرمای دەکات، هەست و سۆز و ئارەزووە سروشتییەکانی یەرمامان بەو جۆرە بۆ دەخولقێنێت و لە وەڵامدا یەرما ددان بەو چرکەساتە سروشتیانەدا دەنیت کە لە ڕابردوویەکی دووردا لەگەڵ ڤیکتۆری شواندا هەستی پێ کردووە.

**یەرما:** ڤیکتۆر لە کەمەرەوە باوەشی پێدا کردم و ئیتر من نەمتوانی هیچ بڵێم و بەرگری لە خۆم بکەم چونکە لە زمان کەوتبووم.
کاتێکی تر هەر هەمان ڤیکتۆر، کە لەو ڕۆژگارەدا لە تەمەنی چواردە ساڵانی خۆی گەورەتری دەنواند، کردمییە باوەش و دەیویست یاریدەم بدات تا لە چاڵاوێکم بپەڕێنێتەوە؛ موچرکێک بە سەرتاپای لەشمدا تێپەڕی و دانەچۆقێم پێکەوت.

(لە دیمەنی دووەمی پەردەی یەکەمی شانۆیی یەرمادا، گفتوگۆیەک لەبارەی منداڵبوونەوە لە نێوان یەرما و پیرێژنی یەکەمدا ڕوو دەدات. یەرما پرسیار لە پیرێژن دەکات کە بۆچی ئەم منداڵی نابێت، پیرێژنی بە ئەزموونیش کە دووجار مێردی کردووە و چواردە منداڵی بووە و پێنجی مردووە؛ لە لێپێچینەوەیەکدا لە یەرما دەپرسێت کاتێک مێردەکەت لێت نزیک دەبێتەوە موچرکەیەک سەرتاپای لەشت دادەگرێت. یەرماش لە وەڵامدا پێی دەڵێت تەنیا لە ڕابردوودا و لەگەڵ ڤیکتۆری شواندا نەبێت، هەرگیز ئەو مووچرکەیەی لەگەڵ مێردەکەیدا هەست پێ نەکردووە... و. کوردی)

هەرچۆنێک بێت، یەرما گوزارشت لە ئارەزووەکانی خۆی دەکات و ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت بۆ چێژ لەگەڵ مێردەکەی نانوێت، بگرە بە هیوای ئەوەی کە وەچە بخاتەوە. یەرما دەڵێت: "لە پێناوی ئەوەدا، من خۆم دەخەمە بەردەستی مێردەکەم" وەک ئاماژەیەکیش بۆ ئەو کوڕەی کە هێشتا لەدایک نەبووە دەڵێت: "هەر لە پێناوی ئەوەشدا کە ئەو کوڕە لە دایک ببێت خۆمی دەخەمە بەردەست... بەڵام هەرگیز بۆ چێژ و ئارەزووی خۆم نەبووە! "

بەدرێژایی شانۆییەکە یەرما ئەوەمان پێ دەڵێت کە تا سەر ئێسقان ڕقی لە ئارەزووی سێکسی دەبێتەوە، ڕۆبەرت ئالن لەوە دەدوێت کە یەرما بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە دواین دیمەنی شانۆییەکەدا ئارەزووە سێکسییەکانی ژان بەرە و خەفەکردن دەبات:

"لەبەرئەوەی ژان وەک ئارەزووبازێک (بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا) دەڕوانێتە پێوەندی نێر و مێ و یەرماش دەیەوێت وەک خودی خۆی لێبکات کە بە درێژای شانۆییەکە ئارەزووە سێکسییەکانی خەفە کردووە."

ولیامزیش هیچ گومانێک بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە ماگی لە ڕووی ئارەزووە سێکسییەکانەوە هەمان ڕوانینی یەرمای هەیە. کاتێک ماگی دەیەوێت بە وەسفکردنی ئەو وێنەیە لە سوپاسگوزاری باوە گەورە کە بۆ جەستەی ئەم هەیەتی ئارەزووی برِک بورووژێنێت، ژنێک دەبینین کتومت لەگەڵ ئەو سروشتە تایبەتمەندییە سێکسییەی هەیەتی هاوچەشن و هاوئاواز دێتەوە. سەربارى ئەوەش، ئەو گۆڕانکارییە دیارەش ولیامز لە کەسێتی ژنە پاڵەوانەکەیدا ئەنجامی داوە ئاشکرا دەکەوێتە ڕوو: ماگی درێژە بە ورووژاندنی ئارزووە سێکسییەکانی

خۆی دەدات بەبێ ئەوەی هیچ جۆرێک لەو ترس و خەفەکردنە ڕوو بدات کە لەلای یەرما بەدیمان کرد. یەرما ژنێکە ئارەزووە سێکسییەکانی لەلایەن خودی خۆیەوە خەفەکراوە، لە کاتێکدا ئارەزووە سێکسییەکانی ماگی لەلایەن برِکی مێردییەوە خەفە دەکرێت بەوەی کە نایەوێت لەگەڵیدا بنوێت. خەفەکردنی ئەو ئارەزووە سێکسیانەیە وا لە ماگی دەکات "هەموو کات وا هەست بە خۆی بکات کە پشیلەیەکە لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم" و وا هەست بە بوونی کچێنی ئێستای خۆی بکات کە وەک "گیژۆڵەیەکی پیرۆز" وایە.

سێیەمین تایبەتمەندی کە هەردوو ژنە پاڵەوانەکەی لۆرکاش و ولیامزیش پێکەوە کۆدەکاتەوە؛ ئەو هەستو سۆزە گەرم و گوڕەیە کە سەبارەت بە کەماڵ و پتەوی کەسایەتی خۆیان هەیانە. هیچ یەکێک لەوان ئامادە نین بەرانبەر بەو ئیمانەی هەیانە هیچ جۆرە سازشێک قبووڵ بکەن، لە کاتێکدا هەر یەکێکیان فرسەتی تایبەتی خراوەتە بەردەم؛ بۆ نموونە یەرما بۆ دووجار بەپێداگیرییەوە دوو فرسەت ڕەت بکاتەوە: جارێک، ژان داوای لێ دەکات کە منداڵێکی براکەی یەرما بهێننە لای خۆیان و بەخێوی بکەن، جارێکی تریش؛ پیرێژنی یەکەم داوای لێ دەکات کە یەرما لەگەڵی بڕواتەوە ماڵی و ڕێگە بدات سکی لە کوڕەکەی پڕ بکات. بۆ ملدان بەداواکەی ژان، ئیتر دەبێت دەسبەرداری ئەو خەونە بێت کە منداڵێک لە خوێن و گیانی خۆی لە باوەش بگرێت، ئەوەندەی ئێمەش ئاشناین بە بیرکردنەوە و کەسێتی یەرما لەوە دڵنیا دەبینەوە بە هیچ جۆرێک ئامادە نابێت تەنانەت بیر لەو داوایەش بکاتەوە.

یەرما بە ژان دەڵێت: "نامەوێت بە هیچ جۆرێک سەرپەرشتی منداڵی

هیچ کەسێک بگرمە ئەستۆ! پێم وایە هەر ئەوەندەی لە باوەشیان بگرم، ئیتر باڵەکانم لە جێی خۆیان ڕەق دەبن!"

ئەو ئایدیای یەرمـا هەڵیگرتووە و هەوڵی بۆ دەدات لەو شـیکارەی ئەندرسـۆندا خـۆی دەبینێـتـەوە کـە دەڵێت، "دەیەوێت تێکەڵاوی ئەو ئەزمـوونە هاوبەشـە بێت کـە لە ڕێی منداڵ خـسـتنەوەوە خـۆی لە خـەڵقکردن و درێژەپێـدانی ژیانی مـرۆیدا دەبینێتـەوە" ئەو ئارەزووەش پـاکـژییـەکی رەهـایە بۆ ئارەزوویەکی زیندووی دایکانە کـە دەستگیرۆییمان دەکات بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە یەرمای پێ بناسینەوە کـە بە هیچ جـۆرێک ئـامـادە نییـە دەسـتـبـەرداری ئەو هیـوایە بێت لە پێناویدا دەژی. بە هەمان شێوەش یەرما ئامادە نییە بە گوێی پێریژنی یەکـەم بکات و لەگـەڵ داواکەیدا جـووت نایەتـەوە. کـاتێکیش ئەوە ڕەت دەکاتەوە، بەرەو ناسکترین چرکەساتی شانۆییەکەمان پەلکێش دەکات کە لەو ڕێیەوە هێز و توانای کەسێتی خۆیمان پێنیشان دەدات.

**یەرما:** بێدەنگبە، بێدەنگبە! ئەوە بەو جۆرە نابێت. هەرگیز بەو کارە هەڵناسم. ئاخر بۆم ناکرێ برۆمـە دەرێ و بەدوای کـەسـێکدا بگەڕێم. پێشـبـینی ئەوە دەکـەیت من بۆم بکرێ پیـاوێکی تر بناسم؟ ئەی چی لەبارەی کـەرامـەتمەوە دەڵێـیت؟ نە ئاو بۆی دەکرێ بەسەر چیادا هەڵبگەڕێ و نە مانگەشـەویش لە نیوەڕۆدا هەڵدێت.

لەسـەر ئەو ڕێگەیە دەمێنمـەوە کە خـۆم گرتوومـەتە بەر. تۆ پێت وایە من بـۆم بکرێ لەگـەڵ پیـاوێکی تر جـووت بم؟ دەڕۆم وەکـو کۆیلە بەسـەر قـاچ و پێی ئەو کەسـەدا دەکەوم کە ماڵی خـۆمە. تەمـاشـام بکە بۆ ئەوەی بمناسیتـەوە و جارێکی تر بوێری ئەوە

نەکـەیت زمـانت لە زمـانم بگـەڕێ. من بەدوای هیـچ کـەسـێکدا ناگەڕێم.

کـەرامـەتـی یەرمـا، وەک پۆل بایندینگ ئاماژەی بـۆ دەکات، "پـێمـان دەڵێت ژان، هـەر بـەتـەنیـا ژان دەبێت باوکی ئەو مـنداڵە بێت" ئیـتـر هـەر ئەو پارێزگاری کـردنەشـە لە کـەرامـەت یان لە شـەرەف بـەرەو هـەناوی تراجیدیا پەلکێشمـان دەکات، یەرما ناتوانێ هیچ ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر.

بەهەمـان شێوەش خۆشـەویسـتی ماگی بۆ برِک، خـۆشـەویسـتییـەکی ڕاسـتـەقـینەیە. لێـرەدا ڕەهـەندی دەروونی ژنە پاڵەوانەکـەی ولیـامـز ئاراستەیەکی جیاوازی هەیە: لە کاتێکدا یەرما لەوە دڵنیامان دەکاتەوە ژانی خـۆش ناوێت، خۆشـەویستی ماگی بۆ برِک گەرمـوگـوڕە ئەگەرچی لەلایەن برِکەوە شایەنی ئاوڕلێدانـەوە نییـە. لە کـاتێکدا برِک داوای لێ دەکـات بڕوات و خـۆی لـەگـەڵ پیـاوێکی تردا تاقی بکاتەوە، مـاگی بە شـێـوازێکی توند ئەوە ڕەت دەکـاتەوە و ئـەوە ڕادەگـەیەنێت ئەگـەر بە هاندان و ڕازیبـوونی مـێـردەکـەشی بێت ئـامـادە نیـیـە دەست لەگـەڵ پیاوێکی تردا تێکەڵ بکات، بەو وشـانەش کە لە دەمی دێنە دەرەوە (ئەو وشـانەی یەرمـا دووبارەیان دەکاتەوە کە ئەو بە هیچ جـۆرێک لەو جـۆرە ژنانە نـیـیـە کـاری وای لێ بووەشـێـتـەوە) بە هـەمـان شـێـوەی یەرمـا، مــاگـیش لە پاراســتـنی کـەرامــەتی خــۆیدا گــەلێک تـاڵاو و ئازاری چەشتووە:

**مارگرێت:**

ئای، برِک ئـەم سـزادانـە تاکـەی ئاوا درێژە دەکـێـشـێت؟ ئیـتـر کاتی بـەسـەرنەچوو، ئیـتر بەشـی خـۆم تاڵاو نەچووە بە قورگمدا،

دەتوانم داوای لێبوردن بکەم؟"

ماگیش بە هیچ جۆرێک هەوڵی ئەوە نادات شتێک بکات خۆی ئارەزووی ناکات:

**مارگرێت:** خوایە، من نامەوێ ڕووی خۆم سپی بکەمەوە، بەهیچ جۆرێک! برک من کەسێکی باش نیم.

من نازانم خەڵکی بۆچی هەوڵ دەدەن خویان وا بخەنە ڕوو کەسانی باشن، کەسی باش نییە.

دەوڵەمەند و خواپێداوان بۆیان دەکرێ ڕێز لە داو و نەریت بگرن، داو و نەریتی باو، ئەگەرچی من هەرگیز ئەوەم بۆ ناکرێ، بەڵێ، بەلام من ڕاستگۆم! هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوە ڕێزم لێ بنێ، بەیارمەتی ئەوەت بۆ دەکرێ؟

لێرەدا، لە پلەی ڕێزدانان بۆ داو ونەریت و ڕەوشتی کۆمەلایەتی، پاڵەوانە ژنەکەی ولیامز لە پاڵەوانەکەی لۆرکا جیا دەکرێتەوە. بەلام ئەوەی شایانی لەسەر ڕاوەستان و ڕۆشن کردنەوەیە، یەرما و ماگی هەردووکیان تا دوا ئەندازە ڕاستگۆن لە پێوەندی خێزانیاندا و ئامادەن ئەگەر بەگیانی خۆشیان بووە هەموو قوربانییەکی لە پێناودا بدەن.

دواین سیمایەک کە ولیامز بە ماگی دەبەخشێت هەر ئەو پێداگیرییە کە یەرما لەسەر بەدیهێنانی ئارەزووەکانی خۆی بەردەوامە. هەر دوو پاڵەوانە ژنەکە خۆیان لە هەڵوێستێکدا دەبیننەوە نەک هەر هیچ دەلاقەیەک بەرەو سەرکەوتن لەخۆ ناگرێ بگرە سەرکەوتن پانتایی و ئاسۆیەکی مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا هیوابڕاو نین. سەرباری بەربەرەکانێی ڕوون و ئاشکرای ژان کەچی تا گەیشتنە کۆتایی

شـانۆیـی یەرمـا، دەبینین هـێـشـتـا یەرمـا لـە هەوڵدان بۆ بوونـی منداڵ بەردەوامــە و کـۆڵ نـادات. لە دیمەنی چوارەمی ئەو شـانۆییـە شــەش دیمەنییەدا، ساڵانێک لە پاش دەسپێکردنی چرکەساتەکانی شانۆییەکە ئەو مـشـتـومـڕە توند و بەهێـزەی لە نێـوان ژان و یەرمـادا ڕوو دەدات؛ ئەوەمــان بۆ دەردەخــات یەرمـا چـەندێک پشـتـئـەسـتـوورە بە توانا و کەسێتی خۆی:

**ژان:** نزیکبـوونەوە لە تۆ تەنیـا نائارامـی و سـەرەگێژەم بۆ دەخولْقێنێت. کـاتێک هیچ چارەسـەرێکی تر نەبێت، ئەوا دەبێت وەک ئێسـتـای خۆت نەمێنیتەوە و بگۆڕێیت.

**یەرما:** من نەهـاتوومـەتە ناو ئەو چوار دیوارەوە بۆ ئەوەی وەک ئێسـتـای خـۆم نەمـێنمـەوە و بگۆڕێم! مـەگـەر ئەو کاتە بگۆڕێم کە دەمنێنە ناو تابـوت و توونـد دەسـتـەکـانم دەبەسـتنەوە و کـفن لەسـەر و گیانمەوە دەئاڵێنن بۆ ئەوەی دەمم پێ دابخەن.

کـاتێک ڕق و کینەی ژان، یەرمـا بەرەو ئەو کۆتـاییـە پەلکێش دەکات هـەر وەک بایـندینگ ناوی لێ دەنێت، "تاکـە کردەوەیەک کـە لە هـەست و سۆزێکی سـەرکەوتووەوە بە ئەنجامی گەیاند" یەرمای بکوژی مێردەکەی، پارادۆکسێکە، ڤیگۆرێکی تراجیدی سـەرکەوتووە.

وەک بـۆرتن دەڵێت، "بـەڵێ لە کـــۆتـایدا هـەســـتی بـە ئازادی و بـڕوا بەخۆبوون کرد".

یـەرمـــا ئەوەی ســـەلماند زۆر لـە ژانی مـــێـــردی بە هـێـــزترە و ئـەو دەســـەڵاتەشی لـەژێر دەست دەرهێـنایەوە کـە بەزۆر بەســـەریدا پیـادەی دەکرد، هـەرچییـەک بەسـەر یەرمـادا هات لە بەرەنجامی ئەو کردەوانەوە بوو کە لە قووڵایی نـاخی خۆیەوە هـەڵقوڵابوون. بەهـەمان شێوەش ماگی

پشیله هەرگیز ڕێگە بە گۆپەر و مەی، ڕکەبەرەکانی خۆی نادات لەو شەڕی لەسەر بیست و هەشت هەزار ئەیکەر زەوی ڕوو دەدات سەرکەوتن بەدەست بهێنن. هەر وەکو چۆن لە دیمەنی یەکەمدا، بڕک وریا دەکاتەوە لەوەی "بەڵام تاکە شتێک من نیمە ئەوەیە کە من ئەفسوونی شکست خواردووم نییە، هێشتا تۆپەکەم لە قاچدایە و بە هیوای ئەوەم کە گۆڵی خۆم تۆمار بکەم!" ئەو سەرکەوتنەش، هەرچۆنێک دەیگریت؛ پێداویستی بە بوونی منداڵێکە لە گیان و خوێنی مارگرێت و بڕک خوڵقا بێت. کاتێکیش بڕک لێی دەپرسێت:

**بڕک:**

بەڵام لە ڕێی خوا ئەوە بە مێشکی کێدا دەچێ کە منداڵ لە پیاوێک بخەیتەوە هیچ خۆشییەکی بە تۆدا نایەت؟

**مارگرێت:**

ئەو کێشەیە من بۆ خۆم چارەسەری بۆ دەبینمەوە.

هێز و توانای ماگیش گەلێک ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە، یەکێک لەوانە ڕەتکردنەوەی بەردەوامی بەوەی کە دەستبەرداری پێوەندیی خۆی و بڕک نابێت، یەکێکی تریش؛ ئەو بیرەوەریانەیە کە لێوانلێون لە هەژاری و برسێتی ئەو ڕۆژانەی دەکەونە پێش ڕۆژگاری شووکردنییەوە بە بڕک. بەڵام ئەو ڕەگ و ڕیشانە هیچ پێوەندییەکی بەو سەرکەوتنەوە نییە کە لە کۆتایی شانۆییەکەدا ڕوو دەدات. ئەوەی پێوەندیی بەو سەرکەوتنەوە هەیە؛ بە هەڵە یاخۆ بە درۆوە بەرانبەر بە باوە گەورە ئەو هەواڵە ڕادەگەیەنێت کە سکی لە بڕک هەیە و برکیش بەزۆر کێش دەکات بۆ سەر تەختی نووستنەکەی تا پێکەوە (ئەو درۆیە بکەنە ڕاستی).

بە پێچەوانەوە ماگی لەجێی ئەوەی لە ترس و بیمەوە بنالێ، لەوپەڕی هێز و تواناوە رەفتار دەکات؛ هەر وەکو یەرما گوروتین دەخواتەوە و خۆی ئازاد دەکات. هەردوو یەرما و ماگی پشیلە لە ژیانیاندا ڕووبەڕووی دوو کارەکتەری نێرینەی گرینگ ڕادەوەستنەوە، یەرما بەرانبەر ڤیکتۆر و ژان؛ ماگیش بەرانبەر برک و باوە گەورە . لە سەرەتادا لەوە دەکات کە لێکچوونی شانۆییەکان لەوبارەیەوە لێوانلێو بن بە گەلێک جیاوازی، دواجار وا دەکەوێتەوە پیاوە باشوورییەکانی تێنسی ولیامز کەمێک قەرزاربارى هاوپاڵە نێرینە ئەندەلوسییەکانیان بن. لەوە ناکات ژان لە زۆر ڕووەوە لە برک نەکات، ڤیگۆری ڤیکتۆر، لە شانۆیی پشیلەیەک لە قەراغ گوێسوانەیەکی گەرمدا بەرانبەری نییە، هەروەک چۆن ڤیگۆری باوە گەورەش؛ لە شانۆیی یەرمادا بەرانبەری نییە. بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەوە بەلای منەوە بڕیاردانێکی سەرپێیانەیە و هیچی تر. کلیلی پەڕینەوە و گەڕان بەدوای ئەرکە دراماتیکییەکاندا لە هەر یەکێک لەو دوو تێکستەدا لەلایەن خودی پیاوەوە قۆرخ کراوە.

لە شانۆیی یەرمادا، ژان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ڕۆڵی کەسێتییەک یان باوکێکی پەتریارکی ببینێت و وەک نێرێک هاوبەشی لە بەرهەمهێنانەوەی وەچەدا بکات، نەک هەر بەتەنیا لە کەشوهەوایەکی خێزانیدا بگرە بە هوشیارییەکی ئایدۆلۆجییەوە، یەرما چەندان جار لێرە و لەوێی شانۆییەکەدا ئاماژە بە کەموکورتی سروشتی مێردەکەی دەدات. یەرما ئاماژە بەوە دەدات کە لەو کاتەدا ڤیکتۆر نموونەی جوامێری و پیاوەتییەکی بەهێز و پڕ پیت و بەرەکەتە، ژان لەوەدا لاواز و بێنموودە. لە شانۆیی پشیلەیەک لە قەراغ گوێسوانەیەکی گەرمدا، باوە گەورە نموونەی باوکێکی پەترياركی دییە کە بەدەست

گرفتارییەکانی جەستەیەکی نەخۆشەوە دەناڵێنێت. لە هەمان کاتدا برِک هەم رۆڵ و ئەرکی خۆی وەک مێردێک پشتگوێ دەخات و هەم دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەستێکی نێربازییەوە.

لێرەدا زۆر روون و ئاشکرا دیارە ولیامز زۆر بە سادەیی هەمان ئەرکی دراماتیکی دووبارە کردووەتەوە کە پێشتر لۆرکا ڤیگۆری ئەو دوو کارەکتەرە نێرینەیەی لە دەقی شانۆیی یەرمادا پێ دامەزراندووە. لە یەرمادا ڤیکتۆر دەبینین ئەرکێکی دراماتیکی بەرجەستە دەکات کە ئێمە بە گەنجێکی جوامێر و بە توانای دەدەینە قەڵەم، لە کاتێکدا ژان وەک پەتریارکێکی نەخۆش و مێردێکی گۆشەگیر لە رووی ئارەزووە سێکسییەکانەوە دێتە بەردەم دید و روانینی ئێمە. لە شانۆیی پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرمدا، برِک نموونەی هەردوو رووکارەکەی کەسێتیی پیاوە، گەنجێکی جوامێر و بە توانا و مێردێکی گۆشەگیر لە رووی ئارەزووە سێکسییەکانەوە، باوە گەورەش پەتریارکێکی نەخۆش و پەککەوتە. لێرەدا بازدان بەسەر ئەرکی گەنجێکی جوامێر و بە توانا، بەبێ راڤەکردن و لەسەر راوەستان بێمانا دەمێنێتەوە. کاریگەری و خۆشەویستی یەرما بۆ ڤیکتۆر لە شانۆییەکەدا هێمای بۆ کراوە، هەروەها لەو خەونەشدا کە دەکەوێتە چرکەساتەکانی دەستپێکی شانۆییەکەوە؛ شوانێک لەسەر نووکی پەنجە دێتە ژوورێ و ئەو منداڵە لەدایک نەبووەی یەرمای بە بەرگی سپییەوە لە باوەش گرتووە و لە یەرما ورد دەبێتەوە. بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک ئەو وێنەیە دەداتە بینەر کە ڤیکتۆر پیاوی خەونەکانی یەرمایە. گەنجی و جوامێری و نێرایەتی ڤیکتۆر ئەو کاریزمایەیە بەهیچ جۆرێک جێگەی گومان نییە.

لە پشیلەیەک لە قەراخ گویسوانەیەکی گەرمیشدا، برِک سەرباری مەیزەدەبوونی، بەرجەستەی هەمان گەنجی و جوامێری و نێرایەتی دەکاتەوە یاخۆ هەڵگری هەمان کاریزمایە. ولیامزیش لە ئاماژەکردنەکانی خۆیدا بۆ ریژیسۆرەکان ئەوە لە یاد ناکات "هێشتا وەک گەنجێک بە گوڕ و بە توانایە" هەتا ئەگەر بۆ گاڵتەکردن بە ماگیش بێت، مەی دان بەو هەقیقەتەدا دەنێت کە برِک گەنجێکی جوان و سەرنج ڕاکێشە. لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی برِک بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنەکەیدا نەنووێت زیاتر ژنەکەی خەمسارد و خەمگینتر دەکات ئەگەر بێتو برِک لە ڕووی سێکسییەوە گەنجێکی قۆز و سەرنج ڕاکێش نەبێت. ئەوەتا ماگی بۆ خۆی لەو ڕاستییە دەدوێت: "هیوا دەخوازم هەر ئەوەندە بێ گەنجی و جوانی خۆت لە دەست بدەیت. چونکە ئەوە هەر هیچ نەبێ وا دەکات کە ئینسان بۆی بکرێ کەمێک بەرگەی بگرێ. لەوە دەچێ بەخت یار نەبێ. لە ڕاستیا من پێم وایە لەوەتەی تۆ سەرت خستووەتە سەر خواردنەوە قۆزتر بوویت."

ئەوەش زیاتر ڕۆشنایی ئاراستەی سیمایەکی تری کارەکتەری گەنج و جوامێر دەکاتەوە کە لۆرکاش و ولیامزیش هەردووکیان پێکەوە بەکاریان هێناوە و لە هەردوو شانۆییەکەدا هیچی لێوە بەدی نایەت و لە ئاکامیشدا لە جێی ئەوەی سەرچاوەی خۆشی بێت مایەی ئەشکەنجەیە.

لە یەرمادا، تەنیا ئەرکێک کە کارەکتەری ڤیکتۆر دەیگێڕێت، ئەوەیە سیمبوولی گەنجێکی جوامێرە، لە کاتێکدا ژان هەم لە لەڕووی سێکسییەوە ڕۆڵی پیاوێکی نەخۆش دەبینێت و هەم ڕۆڵی باوکێکی دەردەدار و پەککەوتەش. سەرباری ئەوەی بەهیچ جۆرێک نازانرێت

چەندێک پێوەندیی سێکسی لە نێوان ڤیکتۆر و یەرمادا ڕووی داوە یان ڕووی نەداوە، بەڵام هیچ دوودڵییەک لەوەدا نییە کە پێوەندیی سێکسی ژان و یەرما جێی ئومێد و دڵخۆشی نییە. هەر وەک یەرما بۆ خۆی لەوە ئاگادارمان دەکات، "کاتێک دەمنێتە ژێر خۆی هەر ئەوەیە بە ئەرکێک هەڵدەستێ و هیچی تر، وا هەست دەکەم لاشەی وەکو مردوویەک ساردوسڕە! " لێرەدا هەروەک ئەوەی پیرێژنی یەکەم بۆ یەرمای ڕوون دەکاتەوە، لەودیوی ئەو ساردوسڕییەوە سێ هۆکار گریمانە دەکرێت :

کاری تاقەتپروکێنی ڕۆژانەی ژان ئەوەندەی ماندوو دەکات ناپەرژێتە سەر ئەوەی چێژ لە پێوەندیی سێکسی نێوان خۆی و ژنەکەی وەربگرێت، زۆر بەسادەیی ژان خەمی خستنەوەی منداڵی نییە، ئەوەی کارەکتەری ژانی پێکهێناوە تەنیا سێکسە و هیچی تر. شیمانەی ئەوە دەکرێت ئەو سێ هۆکارە هەریەکەیان بۆ خۆی بەشێکیان لە ڕاستی لەگەڵ خۆ هەڵگرتبێ و هەمووشیان پێکەوە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ژان پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان خۆی و ژنەکەی پشتگوێ بخات.

لە هەمان کاتدا هۆکارەکانی نەمانی ئارەزووە سێکسییەکانی بڕک بەرانبەر ماگی تاڕادەیەک نهێنیی و شاراوە نییە. لە تێبینییەکانی نووسەردا، خودی ولیامز بۆ خۆشیی ئەو ئاماژەیە ڕەت دەکاتەوە کە ناوی لێناوە" بەرەنجامێکی (بەرهەم هاتوو) پێناسێکی ئاسان کە هەر تەنیا ئەوەیە دەقێک دەکەنە دەق" درێژە بەوە دەدات و دەڵێت: "دەبێت هەندێک شاراوە و نهێنی لەناو ئیلهام و دنیای کارەکتەردا بەجێ بمێنێت"

ئیتر لێرەوە هەر وەک چۆن لە بەرانبەر کەمتەرخەمی ئارەزووە سێکسییەکانی ژان هەندێک هۆکار بە نهێنی دەمێننەوە، پرسیار و

تێرامان لەبارەی نێربازی بڕکیشـەوە بێ وەڵام دەمێننەوە و هـەروا جێ دەمێنن. هـەروەکو لەوەو پێشتـر ئاماژەمان بۆ کرد، باوکێکی دەردەدار و پەککەوتە ڕۆڵی دووەمــە کــە ژان یاری دەکــات. هـەروەکـو یەرمــاش لە دیمەنی یەکەمدا ڕای دەگەیەنێت:

**یەرما:** ناتەوێ پەرداخێ شیر بخۆیتەوە؟

**ژان:** بۆچی؟

**یەرما:** تۆ زۆر ڕەنج دەدەیت، بەڵام ئەوەندەت هێز و توانا بەبەرەوە نییە بەرگەی ئەو هەموو کار و ڕەنجە بگریت.

**ژان:** کاتێ پیاوان لاواز هەڵدەگەڕێن وەکو پۆڵا بەهێز دەبن.

**یەرما:** بەڵام ئەوە تۆ نا. لەچاو ئەو کاتانەی من مێـردم پێ کردیت، تۆ گـەلێک گـۆڕاویت. ڕووت بەجـۆرێک زەردهـەڵگەڕاوە هەر دەڵێی هەرگـیـز خـۆر لێی نەداویت. من هـیـوا دەخـوازم هەر بـۆ تەنیـا جـارێکیش بێ بچیتە لێوار دەریا و بۆ تاوێک مەلە بکەیت یاخـۆ کـاتێک باران بەسـەر مـاڵەکەمـاندا دەبارێت بچـیتە سـەربان و کەمێک باران لێت بدات.

ئەوە دوو سـاڵە من و تۆ بووینەتە ژن و مـێـرد، کـەچی تۆ وەک ئەوەی بەرەو دواوە بگەڕێیتــەوە تا دێیت خـەمبـارتر و لاوازتر دەنوێنیت.

لە کــــاتێکدا لەوانەیە دەرد و نەخــــۆشی ژان، بێ لەو کـــارە تاقەتپـروکێنەی ڕۆژانە ڕای دەپەڕێنێت هـیـچی تر نەبێت. ئەگـەر بێتـو ئەوە هـۆکـارەکــەی بێت، ئەوا دەبێت ئەو کــاتە دوور و درێژەی لەبەر تیشکی خـۆری گـەرمی ئەندەلوسیـا تەنیا پێستی بسـووتێنێت نەوەکو بەپێچەوانەوە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە. بەڵام هیچ گومانێک لەوەدا نییە

چیی تر ئەو پیـاوە نییـە یەرمـا لەدەمـوسـاتی شـووکـردنی خـۆیدا ناسـیـوویەتی. هەرچۆنێک بێت وەک باوکێکی پەتریارکی، سـەرباری لاوازیش هێشـتـا ژان، نایەوێت دەسـتبـەرداری توانا و دەسـەڵاتەکانی خـۆی بێت بەسـەر ژنـەکەی و مـاڵـەکەیدا. بۆرتن دەڵێت، '' لـەبەرئەوەی یەرمـا مـوڵکێکی تـایبـەتی خـۆیەتیی، ژان ئەو مـافـەی هەیە لە مـاڵەوەی ببـەسـتێـتـەوە و لە چوونە دەرەوە و هاتوچۆکانی بپرسێـتـەوە، یاخـۆ لە خۆشکەکانی خۆی ڕاسپێرێت چاودێری یەرما بکەن ''

ژان لە پێـوەنـدیی خـۆی بەیەرمـاوە هەرگـیـز گـومـانی لەو هێـز و دەسـەڵاتە پەیدا نەکردووە کە پیادەی دەکات، "ئەو شـێـوازەی کە تۆ لە منی پێ دەڕوانیت، ڕێگەم پێ نادات پێت بڵێم "بمبـەخشـە" من دەبێت زۆرت لێ بکەم و لە ماڵەوەت توونـد بکەم؛ چونکە مێرد بۆ ئەوە کراوە"

بارودۆخی پۆلیتی باوەگەوەرەش بەرابەری هەمان ئەو بارودۆخەیە کە باوکێکی پەتریارکی وەک ژان پێدایدا گوزەر دەکات. باوە گەورەش ئەو پیاوە چالاک و بەهێزەیە کە وەک گۆپەر بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی باسی لێوە دەکات، گوڕ و توانای سروشتی لە دەست دەدات و بەرەو ونبوون دەڕوات.

**گۆپەر:**

باوە گەورە بە نەخۆشیی شێرپەنجە دەمرێت، شێرپەنجەش بە هەمـوو گـیـانیـدا بـڵاوبووەتەوە و هەمـوو ئەندامـەکـانی لەشی تەنیوەتەوە بە گورچیلەکانیشییەوە، ئێستاش هەموو میزی بووە بە خـوێن؛ بۆ خـۆتـان دەزانن کە مـیـز بوو بەخـوێن مـانای چیی دەگـەیەنیت. مـانای ژەهراوییـوونی هەمـوو لەش دەگـەیەنێت بە هۆی ئەوەی چیی تر جەسـتـە توانای کردنە دەرەوەی ڕێژەی ئەو

ژەهرەی نامێنێ کە لە لەشدا کۆدەبێتەوە.

ئەو بەرابەرییە لەگەڵ بارودۆخی باوکێکی پەتریارکی وەک باوە گەورە درێژە دەکێشێت تا ئەو شوێنەی ئامادە نییە هیچ هێزێک شان لە شانی ئەو هێزە فیوداڵییە بدات کە ئەو هەیەتی. هەردووکیان ئەو شێتگیری و تووڕەبوونەی هەیانە ئاراستەی ژنەکانیان دەکەن؛ کاتێک باوە گەورە بەهەڵەیدا دەبەن و بۆی دەردەکەوێت کە ژێرپەنجەی نییە بەم جۆرە لەگەڵ ژنەکەی دەدوێت.

**باوە گەورە:**

من بە هەموو ئەو نەشتەرکاریی و تاقیکردنەوانەدا تێپەڕیم تەنیا هەر بۆ ئەوەی بزانم من و تۆ لێرەدا کاممان سەروەرین! باشە، ئەوا ئێستا ڕوون بووەوە ئەوە منم لێرەدا سەروەرم نەک تۆ.. ئەوە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی منە..

ئەوەش کێک و شەمپانیای منە! ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێ کە تۆ لێرەدا رکێفی هەموو شتێکت بەدەستەوە گرتووە. قسە دەکەیت. فەرمان دەدەیت. ئەو جەستە پیر و داڕزاوەت بەم شوێنەدا دەهێنی و دەبەیت کە من دروستم کردووە! من ئەم شوێنەم دروست کردووە! من لەم شوێنەدا سەرکار بووم! من سەرپەرشتی کێڵگەکەی ستڕۆی پیرەمێرد و ئۆچیللۆم دەکرد.

من لە دە ساڵییەوە وازم لە خوێندن هێنا! لە دەساڵیەوە دەستم لە خوێندن هەڵگرت و هەر وەک ئاژەڵێک لەناو کێڵگەکاندا شانم دایە بەر کار تا ئەو کاتەی لە کێڵگەکەی ستڕۆ و ئۆچیللۆدا بوومە سەرکار. ستڕۆی پیرەمێرد مرد و لەگەڵ ئۆچیللۆدا بوومە هاوبەش و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێڵگەکە وردەوردە گەورە دەبوو،

گــــــەورەتر دەبوو... گــــــەورەتـر و گــــــەورەتـر! بـەبـێ هـیـچ دەسـتگیرۆییـیەکی تۆ، هەر بەتەنیـا خـۆم بەو کارەدا ڕاپەرمـووم؛ ئێـسـتــاش تۆ بیـر لەوە دەکـەیتـەوە کـە دەست بەسـەر هـەمـوو شتێکدا بگریت. باشە، ئەوا ئێستا من پێت ڕادەگەیەنم کە تۆ بە هیچ جـۆرێک دەسـت بەسـەر هیـچ شـتـێکدا نـاگریـت، تۆ دەست بەسەر هیچ شتێکی نەفرەتیدا ناگریت. ئەوەت لەلا ڕوونە ئایدە؟

باوە گەورە بـەشـێـوەیەکی سـروشـتی گەلێک لە کەسـێـتی ژان زیاتر ترس و نائارامی تەنگی پێ هەڵچنیـووە، ئەو خـاوەن کێڵگە باشـوورییـە گەلێک لەو جـووتیـارە هەژارە تەنـگدەسـتە ئـەندەلوسـیـیـە هەبووەتر و بە ئاڵوواڵاترە، بەڵام لێکچـوونیـان تـەواوێک ڕوون و ئاشکرایە و لێکچـونی بارودۆخـەکـانیـشـیـان لـە کـۆتاییی شــانۆییـیـەکـەدا هیـچ گـومـانێک هەڵناگــرێت: ژان دەمــرێت و بـاوە گــەورەش ڕواوڕووی مــەرگــێکی کوشندەی پڕ ئازار و ئەشکەنجەی دوور و درێژ دەبێتەوە.

کـاتێک یەرمـای لۆرکا دەخـەینە ژێر ڕۆشنایی خـوێندنەوەوە، ئەوەمـان تەواو لا ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە تێنسی ولیـامـز لـە ڕێی هۆشـیـاری هونـەری بەرز و باڵایی خـۆیەوە، لە داهێنانی شــانۆیی پشـیـلەیـەک لە قـەراخ گوێسوانەیەکی گـەرمدا؛ سیناریۆ و گرێ و کـەسـایەتییـەکـانی شــانۆیی یەرمـای لـەپێش چاو بووە. هـەروەکو یـەرمـا، مـاگیش دەبێت هـەوڵ بدات و تێـبکۆشـێت گـیـانیی خـۆی لەو کەشـوهـەوا و شـوێنەوارە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییە پڕ ئاشووب و کێشمـە کێشـەدا ڕزگـار بکات. سـەربارى ئەوەی سێ کـارەکتەری نێرینە پاڵنەر و هۆکاری ئەو گرفتانە بوون کـە هـاتنە پێش دەمـی یەرمـا، سـەد دەر سـەد بەهـەمـان شـێـوەش بەرۆکی مـاگی دەگـرن. بەڵام لە هـەمـووی گـرینگتـر ئەو سـەرکـەوتنەی

کۆتاییی یەرمایە کە وەک باوەر بەخۆبوونێک ڕێگە ڕۆشنکەرەوەیەکە لەبەردەم ماگیدا، هەرچۆنێک بێ لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتنی ژنێکە ماندووبوون نەناسێ و چۆک دانادات و بەبێ ئەوەی ئامادەی هیچ جۆرە سازشکردنێک بێت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەسەر ژیان و چارەنووسیی خۆیدا بەرەو پێشەوە مل دەنێ و دەڕوات.

سەرچاوە:

1- Modern Critical Interpretations, Tennessee Williams_s; Cat on a hot tin roof Edited and with an introduction by, Harold Bloom, Sterling professor of the humanities; Yale University

CHELSEA HOUSE PUBLISHERS

Philadelphia

2. Three Tragedies, Blood wedding, Yerma, Bernarda Alba by Federico Garcia Lorca . Translated by James Graham and Richard L . O_Connell

Introduction by Francisco Garcia Lorca

A New Directions Book

تۆ ئەی باوکـــە لەوێ، لەســـەر ئەو لووتکەی بەرزاییـیـە غـەمگینه نـەفرەتم لـێ بکە، پیرۆزم بکە، ئێستا بەبارانی فرمێسکەکانت، من نوێژ دەکەم بـەناسکیـــیـــەوە بەرەو قـــووڵاییی ئەو شــــەوە ئاســـوودەییـیـە هـەنگاو مــەنێ توورە، بـەوپەڕی تووڕەییـەوە ڕووا ورووی ئەو مــەرگی ڕۆشـنـاییـیـە تێپەڕە.

دیلان تۆماس

## کارەکتەرەکانی شانۆیییەکە

مارگرێت

برِک

دیکسی: کیژۆڵەیەکی بچکۆلەیە و کچی مەی و گۆپەرە.

مەی ... هەندێ جار بە ناوی خوشکێ بانگ دەکرێ.

گۆپەر ... هەندێ جار بە کاکە برا بانگ دەکرێت.

دایە گەورە

باوە گەورە

باوە تووکە

دوکتۆر با

لەیسی.... خزمەتکارێکی ڕەشپێستە.

سۆکی... خزمەتکارێکی ڕەشپێستە.

منداڵەکانی تری مەی و گۆپەر کە گیژۆڵەیەکی تر و دوو کوڕی بچکۆلانەن.

ئەم شانۆییە لە ٢٤ی ئاداری ساڵی ١٩٥٥دا لەسەر شانۆی مۆرسکۆ لە نیویۆرک لەلایەن ئیلیا کازانی گەورە ریژیسۆری دنیای شانۆ و سینەمای ئەمەریکییەوە بۆ شانۆ دەرهێنراوە. هەر لە هەمان ساڵدا پاداشتی پۆلیتزەری بۆ ئەو شانۆییە پێ دراوە، ئەوەش بۆ دووەم جار

بووه له دوای شانۆیی ماشێنێک ناوی ئارەزووە له ساڵی ١٩٤٨دا ئەو پاداشتەی پێ بدرێت. له ساڵی ١٩٥٨دا لەلایەن ریچارد برووکەوە ئەم شانۆییە بە فلیم کراوە. له ١٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٧٤دا جارێکی تر ئەم شانۆییە وەک ئەوەی کە لێرەدا بۆ کوردی وەرمانگێراوە، شانۆی شێکسپیری ئەمەریکایی له ستراردفۆردی کۆنێکتیکەت، لەلایەن مایکڵ کانەوە بۆ شانۆ دەرهێنراوە.

دیمەن ژووری نووستن و دانیشتنە لە ماڵێکی جووتیاری لە لێوار دەریای مسیسپی. بەدرێژاییی هەموو نهۆمی سەرەوە دالآنێکە تا ڕادەیەک بە چوار دەوری هەموو ماڵەکەدا درێژ دەبێتەوە و جووتێک دەرگەی پانوپۆڕی هەیە بەرەو دەرەوە دەکرێنەوە و لەوێشەوە دیمەنی ئاسمانی شینی هاوین دیارە کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتی شانۆیییەکە بەرەو کاڵبوونەوە و تاریکی شەو دەگۆڕێت و کاتی شانۆیییەکە دیاری دەکات. لەوانەیە شێوازی ئەو ژوورە بەو جۆرە نەبێت تۆ لە ماڵی گەورەترین جووتیاری لۆکەی لێوار ڕووبار چاوەڕێی دەکەیت. شێوازێکی چاخی فکتۆرییە کاریگەری ڕۆهەلآتییانەی تەواو پێوە دیارە.

ژوورەکە لەچاو ئەوەی لەلایەن خاوەنە کۆنەکانییەوە ئەو دوو پیرەمێردە ڕەبەنە جاک سترۆ و پیتەر ئۆچیللۆوە کە هەردووکیان پێکەوە تا مردن لەوێدا ژیاون، زۆر نەگۆڕاوە و وەک خۆی ماوەتەوە. بەمانایەکی تر، کەشی ژوورەکە بیرهێنەرەوەی هەندێک تارماییە بەوپەڕی ناسکی و شاعیرییەوە پێوەندییەکمان بۆ دەگێڕنەوە تاڕادەیەک دەگمەن و ناباوە. لەوانەیە ئەوەندە پێویست و پێوەندییدار نەبێت، بەلآم من بۆ خۆم جارێکیان وێنەیەکی نارۆشنی بەرهەمهێنراوەی تارمەکەی رۆبەرت لویس ستیڤنسم دی لە دوورگەی سەمۆون کە دوایین ساڵی ژیانی خۆی لێگوزەراندووە. لەسەر تەختە

کۆنینەکان هەستم بە بەهای ڕۆشناییەکی ناسک کرد. کە بیرم لە دیمەن و شوێنی ئەم شانۆییە کردەوە ئەوەم هات بە خەیاڵدا، مێز و کورسی تارمەکە لە قامیش و زەل دروستکراون و گەرما و بارانی گەرمەسێر کاری تێکردوون. هەروەها لە دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ و سەرنج ڕاکێشا، هەست بە دڵنیایی و ناسکییەک دەکرێ و حەسانەوەی ڕۆشنایی دەهێننەوە یاد و بەوپەڕی ناسکییەوە ئارامی و هێوری دەهێنێت، ئیتر چیی ڕوو دەدات گرینگ نییە، هەتا ئەگەر دڵەڕاوکێی مەرگیش بێت. بۆ دارشتنی دیمەنی باکگراوندی ئەو شانۆییە کە مامەڵە لەگەڵ سنوورە ترسناکەکانی هەست و سۆزی ئینسانی دەکەن، پێویستی بە ناسکییەکە کە پاڵپشتی بکات.

لە لایەکی دیواری ژوورەکەوە، دەرگەی گەرماوەکە کراوەتەوە و تەنیا ڕووکاری دیوارێکی خشتی شینی کاڵ و ڕەفەیەکی زیویینی خاولی دەبینرێت. دوو پارچە لە کەلوپەلی ناو ژوورەکە دەبێت بە بایەخەوە تەماشا بکرێن: تەختێکی دوو کەسی گەورەی نووستن، کە بەپێی توانا لە دیمەنی نمایشەکەدا ئەرکێکی گرینگ و بەرچاو دەبینێ و دەبێت ڕووکاری تەختی نووستنەکە بە جۆرێک بێت بینەر بۆی بکرێ ئەوەی لەسەری ڕوو دەدات بە ڕوونی ببینێت.

لە دیواری نێوان هەردوو دەرگە پانوپۆڕەکەی کە بۆ دەرەوە دەڕوانێت، تابلۆیەک یان پەیکەری ئاژەڵێک یان ڕووەکێکی تایبەت بەم ڕۆژگارەی خۆمان دانرابێت. ئامێرێکی فۆنۆگراف و سێ موکەبەرەی گەورە و تیڤییەک و بارێکی بچکۆلە کە گەلێک پەرداخ و بوتڵی شەراب و خواردنەوەی لەسەرە، هەموو ئەوانە تۆنێکی زیوینی هارمۆنی پێک دەهێنن و لەگەڵ درەوشانەوەی تۆنی ڕەنگی شووشەکان تێکەڵەیەکی

ڕەنگی قاوەیی کاڵ لە دیووی ناوەوە پێک دەهێنن و لەگەڵ ڕەنگی سپی تارمەکە و شینی ئاسماندا ئەوپەڕی ئارامی دەخوڵقێنن.

کەلوپەلی ناو ژوورەکە و پەیکەرەکە بەجۆرێکی وا ڕێک خرابن کە کەشێکی ئارامی و ئەندێشاویی ئەوتۆیان لەودیوی خۆیانەوە حەشار دابێت و هەروەک چۆن ئێمە خۆمان لەناو ئەو کەلوپەلانەدا ون دەکەین ئاواش کارەکتەرەکان ڕوواوڕوویان دەبنەوە...

کەلوپەلەکان دەبێت تا ڕادەیەک کەمتر بەوجۆرەی من لەم ئاگەدارییەدا وەسفم کردوە ریالستێک بنوێنن. پێم وایە ئەو دیوارانەی دەکەونە ژێر بنمیچی خانووەکەوە دەبێت بەشێوەیەکی تەمومژاوی لەناو هەوای دەرەوەدا توابنەوە، تاقم و کەلوپەلی ناو ماڵەکە وەک ئەوە بنوێنن کە ئاسمان بووەتە بنمیچیان، مانگ و ئەستێرەکان بەشێوەی شیرێکی تەمومژاوی دەکەونە ڕوو، هەر وەک ئەوەی لەچاوی دووربینێکی ناڕۆشنەوە تەماشا بکەیت. شتێکی تر من ئێستاکە بە بیرما بێت؟ ئا، بەڵێ، هەردوو دەرگەکان یەک پارچە شووشەی ڕەنگینی شین و زەردن. لەسەروو هەموو شتێکیشەوە، دیکۆرکێش دەبێت سیمایەکی غەمگین بە ژووری ئەکتەرەکان بدات بۆ ئەوەی بە ئازادی تێدا بێن و بچن (تا بۆیان بکرێ لەوێدا بەتەواوی نائارامی خۆیان ڕەنگ پێ بدەنەوە و ئەو هەست و سۆزە برژێننە دەرەوە) هەروەک ئەوەی خۆیان بۆ بالێ ئامادە بکەن.

ئێوارەیەکی هاوینە و بەرهەمەکە دوو پشوو لەخۆ دەگرێت.

## دیمەنی یەکەم

کـاتێ پەردە لادەبرێ کـەسـێک لە ژووری گـەرمـاوەکـەدا سـەرقـاڵی خۆشوشـتنە، دەرگەی گەرماوەکە نیوە کراوەیە. ژنێکی گەنجی جوان، کە گرژ و مـۆنی بە ڕوویـەوە دیارە، دێتـە ژوورێ و بەرەو لای دەرگەی گەرماوەکە دەڕوات.

**مـارگـرێت:** (هاوار دەکـات تا دەنگی لە سـەروو ئاوی حـەمـامـەکـەوە ببیسترێت) یەکێک لەو ئەژدیها بێ گەردنانە بسکیتێکی چەوری هاویشتە سەر جلەکانم، ئیتر هاتم بیانگۆڕم.

(دەنگی مارگرێت لەیەک کاتدا خێرا و هێواشیشە، لە ئاخافتنە دوور و درێژەکانیدا شێوازی دەنگی هەر بە دەنگی قەشەیەک دەچێ کـە گـۆرانـی ئاینی بچـرێت، کـۆتـاییی وشـەکـانیـشی تارادەیەک دەنگدانەوەیەکی تێدایە و زیاد لە پێـویست درێژیان دەکـاتەوە و بەجـۆرێک هـەناسـەی تەواوی پێ نامـێنـێ و بۆ وشەیەکی تر پەیتاپەیتا هەناسە هەڵدەکێشێتەوە. هەندێک جار وشەکانی تێکەڵ بە هەندێ دەنگی بێ مانا دەکاتەوە، وەک دا دا دا)، (دەنگی ئاوەکە نامێنێ و بڕک بە تۆنێکی پڕ حیشمەت کە سۆزێکی گەرمی لەخۆ گرتووە و هەرچی ساردوسڕی و هەڵە بێ تێدا هەست پێ ناکرێ بانگی مارگرێت دەکات، بەڵام بۆ خۆی جارێ نابینرێت، ئەوەش کارەکتەری بڕکە کە هەموو کات بەو جۆرە مارگرێت دەدوێنێت).

**برک:** دەڵێی چی ماگی؟ خورەی ئاوەکە ئەوەندە بەرز بوو بۆم نەکرا گوێم....

**مارگرێت:** باشە، من هەر ئاماژەم بەوە کرد! یەکێک لەو ئەژدیها بێ گەردنانە دامێنی کراسە نازدارەکەمیان پیس کرد... ئیتر منیش هاتم بیگۆۆۆڕڕم....

(چەکمەجەیەکی مێزی ئارایشتەکە دەکاتەوە و دای دەخاتەوە).

**برک:** بۆچی بە منداڵەکانی گۆپەر دەڵێیت ئەژدیهای بێ گەردن؟

**مارگرێت:** لەبەرئەوەی گەردنیان پێوە نییە! ئایا ئەوە بیانوویەکی تەواو نییە بۆ ئەوەی وایان پێ بگوترێ؟

**برک:** بۆ هەر هیچ گەردنیان پێوە نییە؟

**مارگرێت:** گەردنیان دیار نییە. سەرە قەڵەو و بچکۆلەکانیشیان لەسەر لەشە تێکسمڕاوەکانیان دانراوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک پێکیانەوە ببەستێ.

**برک:** شتێکی ناخۆشە.

**مارگرێت:** بەڵێ شتێکی ناخۆشە، ئەگەر ئەوان گەردنیان بۆ نەکرابێ تۆ بۆت ناکرێ بکێشی بە گەردنیاندا! من ڕاستم نەگوتووە ئازیزەکەم؟

(بە ژێرکراسێکی سپیی ئاورشیمی پڕ نەخش و نیگارەوە ڕادەوەستێ) بەڵێ، ئەوانە ئەژدیهای بێ گەردنن، هەموو ئەوانەی گەردنیان پێوە نییە ئەژدیهان.... "منداڵان لە نهۆمی خوارەوە هاتوهاواریانە" گوێت لێیانە؟ گوێت لەو هەموو هاتوهاوارەیانە؟ من نازانم لە کاتێکدا ئەمانە گەردنیان پێوە

نەبێت دەبێ قورگیان کەوتبێتە کوێوە. ئەم شەو لەسەر مێزی نانخواردنەکە خەریک بوو مێشکم دەتەقی، چەند جارێک ویستم هەستم و تا هێزم تێدایە بە جۆرێکی وا بقیژێنم کە هەموو خەڵکی ئەرکەنساس و لە هەندێک ناوچەی لویزیانە و تەنەسیشەوە گوێیان لە دەنگم بێت. من بەو ژنە نازدارەی براکەتم گوت، مەی، شیرینەکەم؛ ناکرێت ئەو وردیلە نازدارانەت بە جیا لە سەر مێزێکی تر کە مشەمای پێدا درا بێت، دابنێیت؟ دەبینی کراسە پڕ نەخش و نیگارە جوانەکەمیان پیس کرد! هەردوو چاوی لێ دەرپۆقاندم و گوتی (ئۆۆۆ، نااااا! بۆچی لە جەژنی لەدایکبوونی باوەدا؟ ئەو هەرگیز لێم نابوورێت!) باشە، من دەمەوێ بزانی، باوە گەورە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دوو خولەک لەگەڵ ئەو پێنج ئەژدیهـا بێ مـلانەدا نەمەیاوە، خواردنەکەیان پڕ کرد لە لیک و تفی دەمیان، ئەویش چنگاڵەکەی فڕێدا و دەستی کرد بە هاوارکردن (ئەرێ لە ڕێی خوا، گۆپەر، بۆچی ئەم بەرازانە هەڵناگریت و لەناو حەوزی ناندینەکەیان دانانێیت؟) باشە، سوێند دەخۆم خەریک بوو لە تەریقیدا لە شوێنی خۆمدا دابوەوەوەششیێم! بڕک، بیر لەوە بکەرەوە پێنج دانەیان لەو شتانە هەیە و کەچی شەشەمیشیان وا بەڕێوەیە. هەر وەکو ئاژەڵ چۆن لە مەیانی حەیواناتدا دایاندەنێن بۆ نیشاندان، ئاوا ڕەوەیەک منداڵی هێنابووە خوارێ بۆ ئێرە. بۆچی، ئەو منداڵانە بە درێژاییی کاتەکان هەر زرم و کوتیانە! (ڕۆڵە، ئادەی نیشانی باوە گەورەتی بدە چۆن ئەوە دەکەی، ئادەی نیشانی باوە گەورەتی بدە چۆن ئەمە دەکەی،

خوشکێ، ئادەی گۆرانییەکەت بۆ باوە گەورە بڵێ. ئادەی براڵە، گوویەکانت بۆ باوە گەورە پڕ بکە لە هەوا، ئادەی نیشانی باوە گەورەتی بدە چۆن لەسەر تەوقی سەر ڕادەوەستی!) ئەمە هەردەم بەمجۆرە درێژە دەکێشێت؛ لەگەڵ پلار و وردە تانووت لەبارەی ئەوەی من و تۆوە منداڵمـــان نابێت و بەردەوام دووبارەشی دەکاتەوە کە ئێمە نەزۆکین و بە کەڵکی هیچ نایەین! بێگومان ئەوە شتێکی پێکەنینهێنەرە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا قێزەونیشە چونکە لە پشت ئەوەوە مەرامی تایبەتیی خۆیان حەشار داوە!

**برک:** (بە کەم بایەخییەوە) مەرامە تایبەتییەکەیان چییە، ماگی؟

**مارگرێت:** بۆچی، تۆ دەزانی مەرامە تایبەتییەکەیان چییە!؟

**برک:** (لە گەرماوەکە دێتە دەرێ) بە هیچ جۆرێک، من نازانم چ مەرامێکیان لەوەدا هەیە.

(لە ئاستانەی دەرگەی گەرماوەکەدا ڕاوەستاوە و بە خاولییەک قژی وشک دەکاتەوە و خۆی بە عەلاگەی خاولییەکانەوە ڕاگرتووە، چونکە پێیەکی شکاوە و گەچی تێگیراوە و هەڵبەستراوە. وەک کورێژگەیەک لاواز و خوێنگەرمە و ئاسەواری مەی خواردنەوە هێشتا کاری لەسەر لەشولاری جێ نەهێشتووە، ئەفسوونێکی تەنیایی و دوورەپەرێزی پێوە دیارە، بەتایبەتی بەو کەسانەوە دەردەکەوێ کە بەرانبەر ژیان دەستەپاچە دەمێننەوە. بەڵام جار ناجارێ کە شتێک کاری تێ دەکات، هەروەک چۆن بروسکەیەک دەکەوێتە ناو ئاسمانێکی ساماڵەوە، ئاوا بە روویەوە دەردەکەوێ و وا نیشان دەدات

بەتەواوی لە ناخـــەوە هـەژاوە. ڕەنگە لە ژێر ڕۆشنـاییـــیـــەکی بەهێزدا هەندێک نیشانی کەمتەرخەمی پێوە دیار بێت، بەڵام گەرموگوڕی و کزی ئەو ڕۆشناییەی ناو هۆڵەکە نەرمونیانی پێداوە).

**مارگرێت:** مێردەکەی خۆم، پێت دەڵێم نیازی چییان هەیە! نیازیان وایە لە هەموو سەروەت و سامانێکی باوکت بێبەشت بکەن و... (بەرلەوەی ددان بە تێبینی دواترا بنێ بۆ ماوەیەک سڕ دەبێ. دەنگی نزم دەکاتەوە هەروەک ئەوەی باس لە شتێکی شەرمهێنەر بکات) ئێستا ئێمە دەزانین باوە گەورە بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت..

(لە دالانەکەی خوارەوە دەنگە دەنگێک دێ؛ بانگکردنێکی درێژخایەن لە دوورەوە. مارگرێت قۆڵە ناسکەکەی بەرز دەکاتەوە و بە هەناسە هەڵکێشانێکی لەسەرخۆوە بنباخەڵی بۆدرە دەکات. گۆشەی ئاوێنەکە دەگرێ و دەیجوڵێنێ و ڕێکی دەخاتەوە، بە شێوەیەکی گێرەشێوێن ئامێزەوە) ڕۆشنایی لە ژوورەکەدا زۆرە کە....

**برِک:** (بە نەرمی بەڵام زیرەکانە) ئێمە ئەوە دەزانین؟

**مارگرێت:** ئێمە چی دەزانین؟

**برِک:** دەزانین کە باوە گەورە بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت؟

**مارگرێت:** ئەمڕۆ هەواڵەکە گەیشتووە.

**برِک:** ئۆۆۆووو.

**مارگرێت:** (پەردە قامیشییەکەی پەنجەرەکە دادەداتەوە کە ماوەیەکی درێژی پێ دەچێت و سێبەرێکی زیوین لە ژوورەکەدا بڵاو

دەبێتەوە) بەڵێ، زۆر نییە هەواڵەکە گەیشتووە... بەڵام ڕۆڵە، بە هیچ جۆرێک تووشی سەرسوڕمانی نەکردم...

(دەنگی قووڵی و ئاوازێکی تێدایە، هەندێک جار شێوەی کوڕێک دەنگی نزم دەکاتەوە و سەرسوڕمانێکی خێرات لا جێ دێڵێت بەوەی کە وەک منداڵێک لاسایی کوڕان دەکاتەوە) بەهاری ڕابردوو هەر ئەوەندەی گەیشتینە ئێرە من هەستم بە نیشانەکانی کرد و گرەویشت لەگەڵ دەکەم کە کاکە برا و خێزانەکەشی لەوە دڵنیان.

دواخستنی گەشتە هاوینەکەی ئەمساڵیشیان کە دەبوا بچوونایەتە هاوینەهەواری (سمۆکی ماونتێن) و مانەوەی خۆیان و ڕەشە خێزانە قاوقیژکەرەکەشیان لێرە زۆر بە دڵنیاییی ئەوە ڕوون دەکاتەوە! ئەی ئەو هەموو ئاماژەکردنەی ئەم دواییانەیان بە (ڕەینبۆ هێڵ). دەزانی ڕەینبۆ هێڵ چییە؟ ئەو شوێنەیە کە کەسایەتییە ناودارەکانی دنیای سینەمای بۆ دەنێرن، ئەوانەی دووچاری خواردنەوەی زۆر و بەنگکێشی بوون.

**برک:** بەڵام خۆ من یەکێک نیم لەوانە.

**مارگرێت:** بە هیچ جۆرێک، وە هەروەها تۆ بەنگکێشیش نیت. ڕۆڵە، سەرەڕای ئەوەی تۆ کەسێکی شیاوی بۆ ڕەینبۆ هێڵ و ئەوانیش مرخییان لەوە خۆش کردووە ڕەوانەی ئەوێت بکەن، بەڵام مەگەر بەسەر لاشەی مندا پەلکێشت بکەن! بەڵێ مەگەر بەسەر لاشەی بێ گیانی مندا تۆ ڕەوانەی ئەوێ بکەن، هیچ شتێکی تر ئەوەندەی ئەوە دڵیان ئاسوودە ناکات. هەروەها کاکە برا بۆی دەلوێ دەست بەسەر سەرچاوەی پارەکەدا بگرێ و بە خێری

خۆی پارەمان بۆ بنێرێت، یاخۆ لەگەڵ پارێزەرێکدا ڕێبکەوێت و لە جێی ئێمە ئیمزای خۆی دانێ و لە هەر شوێن و کاتێکدا کە خۆی بیەوێت دەست بەسەر هەق و بەشی ئێمەشدا بگرێت! سەگی زۆڵ، ها ڕۆڵە، ئەوەت بەلاوە چۆنە؟ باشە، تۆ هەموو هەوڵی خۆت خستووەتە کار تا لە مەرامەکەی خۆیان نزیکیان بکەیتەوە و هەرچیت پێ دەکرێ دەستگیرۆیان بکەیت و هانیان بدەیت تا ئەوەی ئەوان دەیانەوێ بۆیان بهێنیتە دی! کارەکەی خۆت واز لێ هێناوە، کار و پیشەت بووە بەخواردنەوە! دوێنێ شەو لە گۆڕەپانی یاریی قوتابخانەیەکی ناوەندیدا قاچی خۆتت شکاندووە، لەوێ چیت کردووە؟ بازی بەرزت داوە؟ لە دەمژمێری دوو و سێی بەرەبەیانیدا؟ هەر بۆ خۆشی! هەواڵەکە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بووەتەوە. ڕۆژنامەی کلارکسدەیڵ هەواڵەکەی قۆستووەتەوە و بابەتێکی بچکۆلەی جوانیشی لەوبارەیەوە دابەزاندووە، چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی ئینسانی کە لەسەر یاریزانێکی دێرینی بە ناوبانگی دنیای وەرزشە، دوێنێ شەو لە یارییەکی ڕاکردندا کە تەنیا خۆی هاوبەشی تێدا کردووە لە یاریگەیەکی قەشەنگی قوتابخانەیەکی ناوەندییدا، بەڵام بەتەواوی ئامادە نەبووە بۆ یارییەکە و بۆی نەکراوە بەربەستی یەکەم ببڕێت! گۆپەری کاکە برا دەڵێ ئەوپەڕی توانا و هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی هەواڵەکە دزە نەکات بۆ ناو ڕۆژنامە نەفرەتییەکان. بەڵام بڕک تۆ هێشتا کەڵکێکی لە بن نەهاتووی باشت لەگەڵ خۆتدا هەڵگرتووە!

(لە کاتی لێشاوی ئەو وشەبارانەدا، بڕک لەسەر سەرچەفی

وەک بەفـر سـپـیی تەخـتی نووسـتنەکـەی بەوپەڕی کـەمـاڵەوە ڕاکشاوە و بە وریاییەوە خۆی بەرەو سک یان بەرەو لا تەنیشت هەڵدەگێڕێتەوە).

**برک:** (خۆی هەڵە دەکات) گوتت چی، ماگی؟

**مارگرێت:** ئازیزەکەم، باوە گەورە زیاتر سۆزی بۆ تۆ هەیە. ئەو ناتوانێ پشت بـە کاکـە برا و ژنـەکـەی ببـەسـتێ، دایکی ڕەوە ئەژدیهـا، مەی، بە دڵنیاییی هیچ خۆشییەکی بەو نایە! دەزانی چۆن ئەوەم زانی؟ بەو ئاماژە سادانەی دەکەوێتە سـەر ڕووی لە کاتێکدا ئەو ژنە باسی یەکێک لەو بابەتانە دەکات کە خۆی حەزی لێیەتی، بۆ نموونـە کــە چۆن حــەز ناکــات ســەر لـە ئێــواران ســەرخــەو بشکێنێت! یان کاتێ کە منداڵە دوانەکەی لە دایک بووە!

چونکە ئـەو پێی وایە دایکایەتی ئـەزمـونێکە دەبێت هـەمـوو ژنان پێـدا تێـپـەڕن! بۆ ئەوەی بەتەواوی سـوپاسگوزاری جـوانی و ئەفسـوونی ئەو ئەزمـوونە بن! هـەهـە! (ئەو "هـەهـە" بەرزە دەبێت هاوشــان بێ بە جــووڵەیەکی توندوتیــژی وەک داخســتنی چەکمەجـەیەک) هەروەها چۆن وای لە کاکە برا کردووە بچێتە ژووری منداڵبـوون و لە پاڵیـەوە ڕابوەسـتێ و ئەو سـاتە پڕ لە جوانی و ئەفسـوونەی لە کیس نەچێ! لەدایکبوونی ئەو ئەژدیها بێ ملانە....

(ئەو قـسانە بێـجگە لە مـارگرێت، هـەر کەسـێکی تر بیـانکات دەبێتە مایەی قێز لێهاتنەوە؛ بەڵام ئەو بەشێوازێکی زۆر سەیر دەیانکاتە شتێکی خۆش و پێکەنینهێنەر، لە کاتی قسـەکردندا چاوەکــانی دەدرەوشــێنەوە و دەنگی لەگــەڵ پێکەنینـەکـەیدا

دەلەرزێ بە جۆرێک کەوات لێ دەکات لێی ببووریت).

باوە گەورەش بەرانبەر ئەو دووانە هەمان هەڵوێستی منی هەیە! بەڵام سەبارەت بە من؛ باشە... جارجارێک بۆی پێ دەکەنم ئیتر چاوپۆشیم لێ دەکات. لە ڕاستیدا گومانم هەیە لەوەی باوە گەورە بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە دڵی بە مندا چوو بێت.

**برک**: چی وای لێ کردووی ماگی، ئەو هەستەت لا دروست ببێت کە باوە گەورە دڵی بە تۆیدا چوو بێت؟

**مارگرێت**: بۆچی هەموو کات کە من قسەی لەگەڵا دەکەم تەماشای لەشولارم دەکات، تەماشای سنگ و مەمکم دەکات و لێوی خۆی دەلێسێتەوە! هە هاهاها!

**برک**: ئەو جۆرە قسانە وات لێ دەکەن قێزت بێتەوە.

**مارگرێت**: تا ئێستا کەس پێی نەگووتویت برک، کە تۆ لە گوێی گادا نووستوویت؟ پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر ئاساییی بێت ئەو پیرەمێردە کە وا خەریکە سەری لە گوێ قەبر دەلەرزێ، تەماشای لەشولارم بکا و بە ڕێز و نوازشەوە لێی بڕوانێت! ئەتەوێت شتێکی تریش بزانیت؟ باوە گەورە تا ئێستا نازانێت مەی و گۆپەر چەند منداڵیان خستووەتەوە! (ئێوە چەند منداڵتان هەیە؟) لەسەر مێزی نانخواردنەکە ئەو پرسیارەی لێکردن، وەک ئەوەی کاکەبرا و ژنەکەی ئاشنای تازە بن! دایەگەورە گوتی گوایە شۆخی دەکات بەڵام ئەو پیرەمێردە شۆخی نەکرد. خوا ئاگای لێیە شۆخی نەکرد. کاتێ ئاگاداریان کردەوە کە پێنج منداڵیان هەیە و وا خەریکە شەشەمیشان لە دەرگە دەدات! بە

بیستنی ئەو هەواڵە، وەک ئەوە وابوو لە سەربانێکەوە فڕێی بدەنە خوارەوە... (منداڵان لە نهۆمی خوارەوە قیژە قیژیان دێ) ئەژدیهاکان دەی بقیژێنن!

(لە پڕێکدا، بە زەردەیەکی شیرین و پڕ لە خۆشییەوە دەڕوانێتە برک، بەڵام کاتێ دەبینێت ئەو تەماشای ناکات و خەیاڵی بۆ ناو بۆشاییی ئاڵتونی ژوورەکە چووە و دەم و لوتی داوە بەیەکدا، زەردەکەی دەمرێت) (ئەو پەسندنەبوونە وا دەکات خۆشییەکەی وەک جۆرێک لە دەم درێژی بکەویتە ڕوو) بەڵێ، دەبوو بۆ نانی شێوان لەسەر مێزی نانخواردنەکە ئامادە بوویتایە، ڕۆڵە.

(هەر کاتێک بە ڕۆڵە بانگی دەکات، وشەکە پڕاو پڕە لە میهرەبانی) دەزانی باوە گەورە، خوا تەمەنی درێژ بکات بۆ ئێمە، ئازیزترین پیرەمێردی دنیایە. بەڵام بەسەر خواردنەکەیدا نوشتابووەوە هەروەک ئەوەی حەز نەکات تێبینی هیچ شتێکی تر بکات. باشە، مەی و گۆپەر لە پاڵییەوە لەسەر مێزی نانخواردنەکە ئەملا و لای باوە گەورەیان گرتبوو، وەک دوو باز لە دەمووچاوی ورد دەبوونەوە و دەربارەی زیرەکی و جوانی ئەژدیها بێ ملەکانیان هەر خەریکی چلەحانێ و دەمدرێژی کردن بوون!

(بەدەم جوڵانەوەی دەستنەکانییەوە لەسەر سنگ و بەرۆکی قا قا پێدەکەنێ و گەردنی بەرزی دەنووشتێنێتەوە).

(دێتە پێشەوەی شانۆ و بە دەنگ و ئاماژە دیمەنەکە دەخوولقێنێتەوە).

ئەو ئەژدیها بێ ملانەش بەدەوری مێزی نانخواردنەکەدا بڵاو

بووبونەوە و هەندێکیان لەسەر کورسییە بەرزەکان و هەندێکیشیان لەسەر کتێبە گەورەکانی زانست دانیشتبوون و هەموشیان بۆ ڕێزلێنان لە جەژنی لەدایکبوونی باوە گەورە کڵاوێکی کاغەزینی بچکۆلەیان کردبووە سەر. باشە، دەمەوێ ئەوە بزانی بە درێژاییی کاتی نان خواردنی شێوانیش، کاکە برا و بەرانبەرەکەی بۆ تەنیا ساتێکیش چییە لە پێداکێشان و نوقرچ لێگرتن و شەق لێدان و پێکاهەڵشاخان و تەماشاکردن و چاو لێک سوورکردنەوەی یەکتری ڕانەدەوەستان! هەروەک ئەوەی یاری کاغەز لەگەڵ کەسێکی نەزاندا بکەن. تەنانەت دایە گەورەش، خوا گیانی شیرینی بۆ ئێمە بهێڵێت، خۆ ئەوەندەش بە ئاگا و وریا نییە لەو فێڵ و تەڵەکانە، هەستی بە شتێ کردبوو، تا لە دواجاردا بە گۆپەری گوت:

"ئەرێ گۆپەر، پێم ناڵێی لەگەڵ مەی؛ ئەو هەموو چاوداگرتن و تەماشاکردنانەتان لە پای چییە؟"

سوێند بە خوا دەخۆم ئەوەندەی نەمابوو مریشکەکە لە قوڕگم بگیرێت!

(مارگرێت بەرەو لای مێزی ئارایشتەکە دەگەڕێتەوە، ئاگای لە برک نییە بەجۆرێک لێی دەڕوانێت کە تەواوێک ڕوون نییە، خۆشی ئامێزە؟ زویرانەیە؟ یاخۆ ڕقاوییە؟ بەشێک لە هەموو ئەوانەی تێدایە و هەندێک شتی تریشی تێکەڵە).

دەزانی گۆپەری برات تا ئێستاش شانازی بەو خەیاڵپڵاوییەی خۆیەوە دەکات، بەوەی کاتێک کە خاتوو مەی فلینی لە خێزانی فلینیەکانی مەمفس خواستووە، هەنگاوێکی گەورەی لە پلە و

پایەی کــۆمـــەڵایەتی بەدەست هێناوە. بەڵام من هەواڵێکی ئیسپانیم بۆ گۆپەری برات پێیە، خێزانی فلینییەکان بێجگە لە پارە هەرگیز شتێکی تریان لەم دنیایەدا شک نەبردووە و ئەو پارەیەی کە هەشیان بووە بەتەواوی هەموویان لە دەستیان داوە ئەوانە هەرگیز هیچ نەبوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیان ویست بێت ئاوا بۆیان لواوە. بێگومـــان مـــەی فلینی هەشت ســـاڵ بەرلەوەی من لە ناشڤێلا بناسرێم، ئەو لە مەمفسا ناسراو بووە، بەڵام من لە وۆرد بلمـــۆنت هەندێک هاوڕێم هەبوون کـــە لە مــەمـفــســەوە هاتبوون و هەردەم بۆ جەژنی ســەری ســاڵ و ســەیرانی بەهاران، ئەوان ســەردانی منیـان کـردووە و منیش سەردانی ئەوانم کردووەتەوە، لە ڕێی ئەوانەوە دەمـزانی هەموو ئەوانە کێ بوون لەناو کۆمەڵگەی مـەمـفـسـدا ناو و شـۆرەتی باشـــیـــان هەبووە و ئەوانەشی هەرچی ناو و شـــۆرەت بڵـــێی نەیانبووە. بۆچی، تۆ دەزانی باوە فلینی لەم دواییانەدا بە هەزار حاڵ لەو کێشەیە ڕزگاری بوو، لە کاتی خۆیدا هەرچی سەروەت و سامانێک کە هەیبوو لە دەستی دا و نشوستییەکی زۆر گەورەشی بەسەر بازاڕدا هێنا. ئەوجا مـەیش کـە شـاژنی کەرنەڤاڵی لۆکە بوو، کە زۆر جار ئەوەمان بە بیر دەهێننەوە، نەوەکو لە بیرمان بچێتەوە. باشە ئەوە شانازییەکە من هەرگیز خۆزگەی پێ نابەم! لەسەر کەژاوەیەکی مسینی کۆن دابنیشی و بە شـــەقـــامی مـــەینا بڕۆیتـــە خـــوارێ و بەدەم پێکەنین و کرنۆشبردنەوە ماچ بۆ خەڵکانێکی هەرچی و پەرچی سەر شەقامەکە فڕێ بدەیت.

(جـوتێ پاپوچی گـرانبـەها دەردەهێنێ و دەیخـاتە سـەر مێـزی ئارایشتەکە)

سـاڵێکیش بەر لـەوە، کـاتێک سـۆزان مـاکـفـیـتـەر بۆ شـاژنی دەستنیشـان کرا، ئاگات لێ بوو چی لێ بەسـەر هات؟

دەزانی ئـەو سـۆزان مـاکـفـیـتـەرە بچکۆلـە نەگـبـەتە چی لێ بەسـەرهات؟

**برک:** (بە خـەیاڵ پەرێشـانییـەوە) نازانم، سـۆزان ماکفیتـەری بچکۆلەی نەگبەت چی لێ بەسەرهات؟

**مارگرێت:** کەسێک ڕەشاوی جگەرەی هەڵدابوو بۆ دەموچاوی.

**برک:** (خەوناوی) کەسێک ڕەشاوی جگەرەی هەڵدابوو بۆ دەموچاوی؟

**مـارگـرێت:** بەڵێ وابوو، لـە پەنجـەرەی ئوتێلی گەیازۆوە پیـرەمێـردێکی سـەرخۆش خۆی لار کردبووەوە و هـاواری لێ کردبوو:

(هێـی، شــاژن، لەگــەڵ تـۆمــە، تۆ ئـەی شــاژنەکــەم) سـۆزی نەگـبـەتیش بە دەم زەردەیەکی گـەشـاوەوە سـەری بـۆ بەرز کـردبـووەوە و ئەویش کـتـوپڕ ڕەشـاوی جگـەرەی هـەڵدابـوو بۆ دەموچاوی.

**برک:** باشـە، تۆ ئەمەت چۆن زانی؟

**مـارگـرێت:** (بە خـۆشـیـیـەوە) من چۆن ئەوەم زانی؟ خـۆم لەوێ بووم، بەهەردوو چاوی خۆم ئەوەم بینی.

**برک:** لەوانەیە بە شۆخییەوە ئەوەی لەگەڵدا کردبێ.

**مارگرێت:** سـۆزی بۆ خۆی بە شـۆخی وەرنەگرت. تووشی شـۆکبوو. بە جۆرێک قیژاندی هەر ڕۆحی تێدا نەما.

دەبوو نمایشەکە ڕابگرن و لەسەر کەژاوەکەی بهێننە خوارەوە و بیبەن بۆ.... (لە ئاوێنەکەوە تەماشای دەکات، هەناسەیەکی کورت هەڵدەکێشێت، ئاوڕ دەداتەوە تا ڕووی تێ بکات، دە چرکە تێدەپەڕێ) بۆچی بەو جۆرە لێم دەڕوانیت؟

**برک:** (بەناسکی فیکە دەکێشێ) بە کام جۆرە، ماگی؟

**مارگرێت:** (بە ترس و لەرزەوە) بەو جۆرەی ئێستاکە لێت دەڕوانیم، بەرلەوەش ئەو خێسەیەی لە ئاوێنەکەوە لێت کردم و دواجار دەستت کرد بە فیکە کێشان! نازانم چۆن وەسفی بکەم بەڵام خەریک بوو فریشکم بکەوێ! بۆ ماوەیەکی زۆریش دەچێ نەمدیویت ئاوا بەو جۆرە لێم بڕوانیت. کە بەو جۆرە لێم دەڕوانی بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**برک:** ئاگام لەوە نەبووە تەماشای تۆم کردبێ، ماگی.

**مارگرێت:** باشە، بەڵام من ئاگام لێت بوو! بیرت لە چی دەکردەوە؟

**برک:** بیرم ناکەوێتەوە کە بیرم لە شتێک کردبێتەوە، ماگی.

**مارگرێت:** پێت وا نەبێ من ئەوە دەزانم...؟ وا نییە؟ پێت وا.. بێ من ئەوە دەزانم....؟

**برک:** (بە ساردییەکەوە) چی دەزانی، ماگی؟

**مارگرێت:** (هەوڵی ئەوە دەدات گوزارشتی تەواو بدۆزێتەوە) بەوەی کە من ئاوا بێ چاو و ڕوو بووم! وەک جارانی خۆم نەماوم و ڕەق و وشک بووم! (بەو پەڕی نەرمییەوە درێژەی دەداتێ) دڵڕەق بووم! ئەوە شتێکە کە لەم ماوەیەدا لە مندا بەدی دەکرێت. چۆن دەکرێ ئەوەم تێدا بە دی نەکەیت؟ ئەوەم پێ باشە .

من چی تر دەستەپاچە نابم، چی تر بۆم ناکرێ ئاوا دەستەپاچە لێی دانیشم.

(هێز و توانای خۆی کۆ دەکاتەوە) بەڵام برِک؟ برِک؟

**برِک:** چیت گوت، ماگی؟

**مارگرێت:** ویستم شتێکت پێ بڵێم؛ زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم!

**برِک:** هەموو کەس وای لێ هاتووە کە...

**مارگرێت:** لەگەڵ کەسێکدا بژی کە خۆشت دەوێ، زیاتر لەوەی کە بەتەنیا بژی، هەست بە تەنیایی بوون دەکەی؛ لە کاتێکدا ئەو کەسەی خۆشت دەوێ خۆشی نەوێی...

(وچانێک. برِک لەبەردەم تەختەی شانۆدا بە هەنگەشەلێ دەڕوات و بەبێ ئەوەی تەماشای مارگریت بکات لێی دەپرسێ).

**برِک:** پێت خۆشە بە تەنیا بژی، ماگی؟

(وچانێکی تر و ئەمجا دواتر مارگرێت هەناسەیەکی خێرا و دڵتەزێن هەڵدەمژێ).

**مارگرێت:** نا! ئای خوایە بە هیچ جورێک نامەوێ!

(هەناسەیەکی تر هەڵدەمژێ و بەزۆر خۆی ڕاگرتووە لەوەی بداتە پرمەی گریان. پێوەی دیارە دەیەوێت زۆر لە خۆی بکات تا بتوانێ بگەڕێتەوە ناو دنیایەک کە بۆی بکرێ باس لە مەسەلە سادەکان بکات).

حەمامێکی خۆشت کرد؟

**برِک:** ئهممم.

**مارگرێت:** ئاوەکە شلەتێن بوو؟

**برک:** نەخێر.

**مارگرێت:** بەڵام وای لێ کردیت هەست بە خۆشی بکەیت، وا نییە؟

**برک:** زۆر خۆشتر...

**مارگرێت:** دەزانم شتێکی تریش هەیە وات لێ دەکات زیاتر هەست بە خۆشی بکەیت!

**برک:** ئەو شتە چییە؟

**مارگرێت:** شێلان. بە ئاوی گوڵ، یان بە کۆڵۆنیا بتشێلم!

**برک:** ئەوە دوای مەشقێکی زۆر خۆشە بەڵام من هیچ مەشقێکی وام نەکردووە، ماگی.

**مارگرێت:** لەش و لارت هیچ نەگۆڕاوە.

**برک:** (بەوپەڕی بێباکییەوە) تۆ پێت وایە، ماگی؟

**مارگرێت:** هەردەم پێم وابووە ئەو پیاوانەی لەسەر خواردنەوە ڕادێن وەک خۆیان نامێننەوە، بەڵام دیارە من لەوەدا بەهەڵەدا چووم.

**برک:** (بە گاڵتەجاڕییەوە) بۆچی، سوپاس ماگی.

**مارگرێت:** ئەوەندەی من بزانم تۆ تەنیا پیاوێکیت کە خواردنەوە قەڵەوی نەکرد بێت.

**برک:** من لاوازتر بووم، ماگی.

**مارگرێت:** باشە، ئێستاش نەبێ ماوەیەکی تر هەر لە پەلوپۆت دەخات. سکیپەریشی لەو کاتەدا لاواز کرد کە خەریک بوو .... (کەمێک دەوەستێ) داوای لێبوردن دەکەم. خوا گوێی شەیتان کەڕ بکا و هەرگیز... هیوا دەخوازم هەر ئەوەندە بێ کە گەنجی و جوانیت لە دەست بدەیت. چونکە ئەوە هەر هیچ نەبێ وا دەکات ئینسان

بۆی بکرێ کەمێک بەرگەی بگرێ. لەوەدەچێ بەخت یار نەبێ. لە ڕاستیدا من پێم وایە لەوەتەی تۆ سەرت خستووەتە سەر خواردنەوە قۆزتر بوویت. بەڵێ، ئەگەر کەسێک نەتناسێ پێیوایە گرێیەک یان ماسولکەیەکی جەستەت چییە گرژی تێنەکەوتووە.

(لە حەوشەی دەرەوە دەنگی یاری کریکت دێت، گورزی پێداکێشانی تۆپ دێتە گوێ، دەنگە دەنگێکیش دوور و نزیک دەبیسترێت) بێگومان، تۆ هەموو کات جۆرە گۆشەگیرییەکت تێدایە هەروەک ئەوە وایە بچیتە ناو یارییەکەوە و هیچ بایەخێکیش نەدەی بەوەی یارییەکە دەدۆڕێنیت یان دەیبەیتەوە. ئەوە ئێستاش یارییەکەت دۆڕاند، نەتدۆڕاندووە بەڵام ئەوەیە وازت لێ هێناوە. تۆ جۆرە ئەفسونێکی سەرنج ڕاکێشت تێدایە بە زۆری پیاوی پیر یان ئەو نەخۆشانە توشی دەبن کە بەتەواوی دەستیان لێ شۆراوە، ئەفسوونی شکست خواردوو. تۆ زۆر بێباکیت، هەر زۆر بێباک، بە جۆرێک بێباکیت پیاو بەخیلیت پێ دەبات.

**باوە توووکە:** (لە دەرەوەی شانۆ) ئێستا تەماشای ئێرە بکە، ڕۆڵە، با نیشانت بدەم چۆن خۆت لەوە دەرباز دەکەیت!

**مارگرێت:** سەرگەرمی یاری کریکتن. مانگ خەریکە هەڵدێ. تۆ عاشقێکی ئەندێشاوی بووی.. لەناو جێگەدا کەسێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوویت، پێم وایە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تۆ لە هەقیقەتدا بەرانبەر ئەوە زۆر بێباک بوویت.

ئایا ئەوە ڕاست نییە؟ هەرگیز هیچ جۆرە دوودڵییەکت لە

ئاسـتـیـدا نیـیـە و زۆر بە هێـواشی و ئـاسـانی و سـروشـتی جێبەجێی

دەکـەی بەوپـەڕی هێـمنـی و بە بڕوا بوونـێکی تـەواوە، هەروەک ئەوەی دەرگەیەک بۆ خانمێک والا بکەیت یاخۆ کورسییەکی بۆ دانیـشتن بۆ سـاز بکەیت، زیاتر لـەوەی هەر گـوزارشـتـێکی خۆشەویستی بۆ دەرببڕن.

ئەو بێباکییـەت وای لێ کردووی لە کاتی خۆشـەویستیدا جێی سەرسامی بیت.. ناوازەیە؟ بەڵام ڕاستییەکە....

**باوە تووکە:** ئۆوو! ئەوە زۆر جوانە.

**دوکتۆر با:** ئەها. لێدانێکی زۆر تەواو بوو.

**مـارگـرێت:** دەزانیت، ئەگـەر دڵنیـاش بم لـەوەی کـە بۆ جـارێکی تر هەرگیزا و هەرگیز خۆشەویستیم لەگەڵدا ناکەیتەوە...

ئەوا دەچمە خوارەوە بۆ ناندینەکە و دەست دەدەمە درێژترین و تیـژترین چەقۆ و ڕێک و ڕاست دەیچـەقـێنمـە ناو دڵم، سـوێند دەخۆم کە وا دەکەم!

**باوە تووکە:** ئاگات لە خۆت بێ، ئەوە لە کیس خۆت نەدەیت.

**دوکتۆر با:** تۆ هێشتا من ناناسیت، ڕۆڵە!

**مارگرێت:** بەڵام تاکە شتێک من نیمـە ئەوەیە کە من ئەفسوونی شکست خواردووم نییە، هێشتا تۆپەکەم لە قاچدایە و بە هیوای ئەوەم گۆڵی خۆم تۆمار بکەم!

(دەنگی پێداکێشـانی گورزی کرێکتەکە دێت کە دەیکێشێت بە تۆپەکەدا)

**باوە تووکە:** ئێمم، تۆ زۆر فێڵبازانە بۆ منی فڕێ دەدەیت.

**مارگرێت:** ئەوە چ ئازایەتییەکە پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم بە دەستی دەهێنێت؟ خۆزگە دەمزانی...

هەر لە بانی بمێنێتەوە، پێم وایە تا ئەوەندەی بۆی دەکرێ....

**دوکتۆر با:** هەروەکو ماسی بیگرەوە، ڕۆڵە هەروەکو ماسی!

(هەرا و زەنای یاری کریکت زیاتر دەبێت).

**مارگرێت:** درەنگانێکی ئەم شەو پێت دەڵێم خۆشم دەوێیت و ڕەنگە تا ئەو کاتەش ئەوەندەت خواردبێتەوە کە بڕوام پێ بهێنیت. بەڵێ ئەوان یاری کریکت دەکەن... باوە گەورە بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت...

ئەو کاتەی گرتمیت ئاوا لێم ورد دەبوویتەوە، بیرت لە چی دەکردەوە؟ بیرت لە سکێپەر دەکردەوە؟

(برِک دارشەقەکەی هەڵدەگرێ و هەڵدەستێ) ئۆهـ، بمبوورە، لە گوناهم خۆشبە، بەڵام پەنابردنە بەر بێدەنگی یاریدەت نادات! بەهیچ جۆرێک، بێدەنگی کەڵکی هیچ ناگرێت...

(برِک بەرەو بارەکە دەڕوات و پێکێکی خێرا هەڵدەدات و سەر و ملی بە خاولییەک وشک دەکاتەوە) پەنابردنە بەر بێدەنگی بە هیچ جۆرێک بە فریات ناکەوێت!

کاتێک یادەوەریت یاخۆ ئەندێشەت بە بابەتێکەوە گیرۆدە دەبێت، هانابردن بۆ بێدەنگی کەڵکی هیچ نادات، بگرە کتومت وەک ئەوە وایە ماڵێک گڕ بگرێ و تۆش دەرگەی لەسەر کڵۆم بدەیت؛ بەو نیازەی خۆت لەوە نەبان بکەیت کە ماڵەکە گڕی

گرتووە. بەڵام بە بەرەنگار نەبوونەوەی ئاگرەکە، ئاگرەکە بۆ خۆی ناکوژێتەوە. بێدەنگبوون لە ئاست شتێکدا مەسەلەکە پەرێشانتر دەکات، تا بێ پەرە دەسەنێ و بۆگەنی زیاتری لێوە دێت.... برک خۆت بگۆڕە.

(برک دارشەقەکەی لێ دەکەوێت).

**برک:** دارشەقەکەم بدەرەوە.

(برک هەر ڕۆبە سپییەکەی لەبەردایە، دەستی لە قژ وشککردنەوە هەڵگرتووە و خۆی بە عەلاگەی خاولییەکانەوە ڕاگرتووە).

**مارگرێت:** خۆت بە منەوە بگرە.

**برک:** وازم لێ بهێنە و دارشەقەکەم بدەرەوە.

**مارگرێت:** خۆت بە شانمەوە ڕابگرە.

**برک:** نامەوێ خۆم بە شانتەوە ڕابگرم، دارشەقەکەم دەوێتەوە!

(زۆر بە خێراییی دەدوێت) گوچانەکەم پێ دەدەیتەوە یان بۆ خۆم بنووشتێمەوە سەر ئەرزەکە و....

**مارگرێت:** ئەوەتا، ئەوەتا، ها بیگرە، بیگرە!

(گۆچانەکەی بۆ هەڵدەدات).

**برک:** (دەشەلێ) سوپاس....

**مارگرێت:** ئێمە نابێت ئاوا بەسەر یەکدا بقیژێنین، دیوارەکانی ئەمماڵە لووت و گوێیان لێ ڕوواوە...

(برک بە هەنگەشەلێ بەرەو لای بارەکە دەڕوات تا پێکێکی تر ئامادە بکات) بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێ برک، ئەوە یەکەم

جـــارتە گـــوێم لێت بێ، دەنگت بـەرز بکـەیتـــەوە. دیوارەکـــان کونوکەلەبەریان تێدایە، دەکرێ تۆزێک دەنگت نزم بکەیتەوە؟ پێم وابێ ئەوە نیـشـانەیەکی باش بێ... ئـەوە نیـشـانەی هـەڵچـوونی یاریزانێکە لە هەڵوێستی خۆپاراستندا!

(برک بەدەم خواردنەوەی پێکە تازەکەیەوە ئاورێکی لێ دەداتەوە و بزەیەکی سارد دەکەوێتە سەرلێوانی).

**برک:** هێشتا هیچ نەبووە، ماگی.

**مارگرێت:** چۆن؟

**برک:** کاتێ تەواو دەخۆمەوە و ئەو جوولەیە لە مێشکمەوە دێت، وام لێ دەکـات هەست بە ئارامی بکەم... دەکـرێ چاکـەیەکم لەگــەڵ بکەیت؟

**مارگرێت:** لەوانەیە بۆت بکەم. چاکەی چی؟

**برک:** تەنیا ئەوەندەی کەمێک دەنگت نزم بکەیتەوە!

**مارگرێت:** (بە چرپەیەکەوە) ئەگەر تۆ ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکەیت و ئەو پێکەی ئێستا بە دەستتەوەیە تا دوای ئاهەنگەکە ئیتر دوا پێکت بێت، ئەوا منیش ئەو چاکەیەت لەگەڵ دەکـەم و ئەگەر بەتەواوی دەمم دانەخەم ئەوا بە چرپەوە لەگەڵت دەدوێم.

**برک:** ئاهەنگی چی؟

**مارگرێت:** ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورە.

**برک:** ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورەیە؟

**مارگرێت:** تۆ دەزانی ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورەیە!

**برک:** بە هیچ جۆرێک، ئاگام لێی نییە؛ من لە بیرم کردووە.

**مارگرێت:** باشە، ئەوە بیرم خستیتەوە...

(هەردووکـیـان وەک دوو منداڵ لە دوای پێکداهەڵشـاخـانێک، بەدەم هەناسـە بڕکێوە دەدوێن، لە دوورەوە لە یەک مۆڕ دەبنەوە و هەناسـەی قـووڵ هەڵدەکێشن، هەردوکـیان پێکەوە دەلەرزین و دەهەژێن هەروەک ئەوەی تازە لە شەڕێکی دەستەویەخەی قورس جیا بووبنەتەوە).

**بڕک:** زۆر باش دەکەی، ماگی.

**مارگرێت:** هەر ئەوەندەم لێت دەوێ چەند دێڕێکم لەسـەر ئەو کارتە بۆ بنووسیت.

**بڕک:** بۆ خۆت بینووسە، ماگی.

**مارگرێت:** دیاریی خۆتە و دەبێ بە خـەتی خۆت لەسـەری بنووسیت، من دیاریی خـۆم پێ داوە؛ دەبێت بەدەسـتی خـۆت لەسـەری بنووسیت!

(سـەرلەنوێ گرژی دەکـەوێتـەوە نێوانیـان و جارێکی تر دەنگ بەسەریەکدا بەرز دەکەنەوە).

**بڕک:** من دیاریم بۆ نەهێناوە.

**مارگرێت:** من لە جێی تۆ دیاریم بۆ هێناوە.

**بڕک:** زۆر چاکە، هەر بۆ خۆشت لەسەری بنووسە.

**مارگرێت:** هەر بۆ ئەوەی پێی بزانێ کە تۆ ئاهـەنگی لەدایکبـوونیت لە یاد کردووە؟

**بڕک:** من ئاهەنگی لەدایکبوونیم لە یاد نەبووە.

**مارگرێت:** هیچ پێویست بەوە ناکات خۆت وا نیشان بدەیت!

**برک:** من نامەوێ لەو بارەیەوە درۆی لەگەڵدا بکەم.

**مارگرێت:** لە ڕای خوا، تەنیا بنووسە "لەگەڵ خۆشەویستیم، برک!"

**برک:** نەخێر.

**مارگرێت:** هەر دەبێت بینووسیت!

**برک:** شتێک خۆم ئارەزووم لێی نەبێ بە هیچ جۆرێک جێبەجێی ناکەم، تۆ هەردەم ئەو مەرجانەت لە بیر دەچێتەوە

کە من لەگەڵتدا لەسەری ڕێک کەوتووم تا درێژە بە ژیان بدەم.

**مارگرێت:** (نایەوێت بە بیر خۆی بهێنێتەوە) ئەمە ژیان نییە من لەگەڵ تۆدا دەیبەمە سەر. ئێمە خۆمان لەناو قەفەزێکدا دیل کردووە.

**برک:** دەبێ ئەو مەرجانە بە بیر خۆت بهێنیتەوە کە لەسەری ڕێک کەوتووین.

**سەنی:** (لە دەرەوەی شانۆ) دایە بیدە بە من.. ئەوە هی خۆم بوو.

**مەی:** ششششش.

**مارگرێت:** ئەو مەرجانە مەحاڵن!

**برک:** ئەی کەواتە بۆچی....؟

**سەنی:** من دەمەوێ، هەر دەبێ بمدەیتێ!

**مەی:** لە بەرچاوم ون بە!

**مارگرێت:** شششش! ئەوە کێیە؟ کێ لە دەرگە دەدات؟

(ترپەی پێ لە دەرەوە دێت)

**مەی:** (لە دەرەوە) دەکرێ بۆ تاوێک بێمە ژوورێ؟

**مارگرێت:** ئۆۆو، ئەوە تۆی! بەڵێ فەرموو وەرە ژوورەوە مەی.

(مەی دێتە ژوورێ و کەوانێکی بە دەستەوەیە)

**مەی:** بڕک، ئەم شتە هی تۆیە؟

**مارگرێت:** بۆچی دەپرسی، خوشکێ.. ئەوە کەوانی منە. لە پێشبڕکێی تیرهاوێژیدا کە لەسەر ئاستی زانکۆکان ساز کرابوو من؛ بۆ یەکەمین تیرهاوێژی خانمان بە دەستم هێناوە.

**مەی:** ئەوە ناکرێ هەروا بێ دەربەستانە لێرە و لەوێ فڕێ بدرێت و بکەوێتە بەردەستی منداڵ، بەتایبەتی لە ماڵێکدا پڕیەتی لە منداڵی تازە پێگەیشتووی جوان پەروەردە کراو و ترسی ئەوەی هەیە کە فێری خووی خراپ بن لێوەی.

**مارگرێت:** منداڵی تازە پێگەیشتووی جوان پەروەردە کراو فێری خووی خراپ نابن، ئەگەر بێتو فێری ئەوە بکرێن دەست بۆ شتێک نەبەن هی خۆیان نەبێت.

**مەی:** ماگی، ئازیزم، تۆ ئەگەر منداڵی خۆت هەبن ئەوسا گاڵتەت بەو قسانەی خۆت دێت. بە یارمەتی دەکرێ لە شوێنێکدا بیشاریتەوە و نەهێڵیت بکەوێتە بەردەستی منداڵ.

**مارگرێت:** خوشکم، کەس پلان دانانێت بۆ بەدخووکردنی منداڵەکانی ئێوە. من و بڕک هێشتا پێناسی تایبەتی ڕاوکردنمان هەیە و هەر ئەوەندەی وەرزی ڕاو دەست پێ بکاتەوە، پێکەوە دەچین بۆ دەریاچەی موون بۆ ڕاوە ئاسک. من حەز دەکەم لەگەڵ سەگەکەمدا بەناو دارستانە ساردەکاندا ڕا بکەم، ڕا بکەم و باز بەسەر قۆرت و بەربەستی ڕێگەکاندا بدەم....

(کەوانەکە هەڵدەگرێ و بەرەو لای ژووری کلۆزیتەکە دەڕوات)

**مەی:** قولەپێ بریندارەکەت چۆنە بڕک؟

**بڕک:** ئازاری نییە، هەر ئەوەندەیە دەخورێ.

**مــەی:** ئۆی برِکی ئازیز! دەبوو لە دوای نانی شـێـوان لە خـوارەوە لەگەڵماندا بوویتایە! منداڵەکان نەمایشیان گێرِا.

پۆڵی پیانۆی دەژەنی و بەستـەر و سـەنیش تەپڵـیان لێ دەدا، دواتر گـڵـۆپەکـانیـان کـوژاندەوە و دیکسی و ترەکـسی بە جلوبەرگی فریشـتـەوە لەسـەر نووکی پەنجە سـەمـایەکی زۆر ناسک و جوانیان پێشکێش کرد! باوە گەورە زۆر ئاسوودە بوو! هەر زۆر ئاسوودە!

**مارگرێت:** (لەناو کلۆزیتەکەوە بە قاقای پێکەنینەوە) ئۆۆیی، گرەو دەکەم بە لەوێ نەبوونمان دنیامان لە کیس خۆمان دا! (دێتەوە ژوورێ) مەی ئەوە بۆچی ناوی سەگت لە منداڵەکانت ناوە؟

**مەی:** ناوی سەگ؟

**مارگرێت:** دیکسی، ترەکسی، بەستەر، سەنی، پۆلی! هەر لەوە دەچێ ناوی چوار سەگ و تووتیەک بن....

**مەی:** ماگی؟

(مـارگـرێت بە خـەندەیەکـەوە لێی دەروانێ) تۆ بۆچی ئەوەندە سپڵەیت؟

**مــارگــرێت:** لەبەرئەوەی من پشـیلەم! بەڵام ئەی خـوشکێ تۆ بۆچی بەرگەی گاڵتەوگەپ ناگری؟

**مەی:** هیچ شتێک هێندەی گاڵتەوگەپێکی خۆش ئاسوودەم ناکات. تۆ ناوی تەواوی منداڵەکانم دەزانیت. ناوی تەواوی بەسـتـەر، رۆبەرتە. ناوی تەواوی سـەنیش، سـۆندەرسـە. ترەکـسـیش ناوەکەی مارلینە و دیکسیش....

(گۆپەر لە خـوارەوە بانگی مـەی دەکات: "هێی مـەی! خـوشکێ کاتی پشوو تەواو بوو" مـەی بە هەڵەداوان و بەدەم قسەکردنەوە بەرەو دەرگەکە دەڕوات) کاتی پشوو تەواو بوو! دوایی دەتبینم!

**مارگرێت:** دەبێ ناوی تەواوی دیکسی چی بێت؟

**برِک:** ماگی، ئەم سپڵەییە بە هیچ جۆرێک بە فریات ناکەوێ...

**مـارگـرێت:** دەزانم! بۆچی! من زۆر سـپـڵـەم؟ لـەبەرئەوەی ئـیـرەیی لە پەلوپۆی خستووم و چاوەڕوانیش خەریکە دەمکوژێت.

برِک دەچم چاکـەت و پانتـۆڵە ئاوریشـمـیـیـە ناسکەکـەت بۆ دەردەهێنم، ئـەوەی لە ڕۆمـا کـڕیمان لەگـەڵ یەکـێک لەو کـراسـە ئاوریشـمـیانـەی نیـشانـەی یەکـەم پیتی ناوەکـەی خـۆتی لەسـەر هەڵکۆڵراوە. ئەو زنجیرە ئەستێرەییە قەشەنگانەش لەسەر ئێخە و قۆڵەکانی دەبەستم کە تا ئێستا بەکارت نەهێناون...

**برِک:** ناتوانم پانتۆڵ بەسەر ئەو گەچەی قاچمدا لە پێ بکەم.

**مارگرێت:** بەڵێ، دەتوانی، من هاوکاریت دەکەم.

**برِک:** ماگی، من بە هیچ جۆرێک خۆم ناگۆڕم.

**مارگرێت:** ئێ دەباشە تـەنیا دەستێ بیجامـەی سپیی ئاوریشـمی لەبەر دەکەیت؟

**برِک:** بەڵێ، ئەوە لەبەر دەکەم ماگی.

**مارگرێت:** سوپاست دەکەم، گەلێک سوپاست دەکەم.

**برِک:** پێویست ناکات سوپاسم بکەیت.

**مـارگرێت:** ئای، برِک ئەم سـزادانە تاکەی ئاوا درێژە دەکێشێت؟ ئیـتر کاتی بـەسـەرنەچوو، ئیتر بەشی خۆم تاڵاو نەچووە بە قورگمدا،

دەتوانم داوای لێبووردن بکەم؟

**برِک:** ماگی تۆ هەموو خەیاڵ و مەستی من دەشێوێنیت، لەم ماوەیەدا دەنگت هەر بەوە دەچێ دەم بە هاوارەوە ڕابکەیتە سەرێ و کەسێک لەوە ئاگەدار بکەیتەوە کە ماڵەکە گڕی گرتووە.

**مارگرێت:** ئێ باشە، شتێکی ئەوەندە سەیروسەمەرە نییە. برِک تۆ بۆ خۆت دەزانی هەست بە چی دەکەم؟

(دەنگی بەرزی منداڵان و کەسانی تر لە خوارەوە بە تێکەڵ و پێکەڵی دێ کە ئاوازی گۆرانی؛ گوڵە ئێرلەندییە کێوییەکەم دەڵێن).

هەردەم هەست بەوە دەکەم پشیلەیەکم بە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرمەوە!

**برِک:** باشە لەسەر گوێسوانەکە مەمێنەرەوە و بازدە و بجووڵێ، پشیلە دەتوانێ لە گوێسوانەوە باز بدا و لەسەر هەر چوار پەلی بگیرسێتەوە بەبێ ئەوەی پەنجەکانی بریندار بن!

**مارگرێت:** بەڵێ، وایە.

**برِک:** بۆ وەستاوی، لە ڕێی خوا پێم بڵێ؛ چاوەڕێی چی دەکەیت...

**مارگرێت:** چی بکەم؟

**برِک:** خۆشەویستێکی تر هەڵبژێرە!

**مارگرێت:** چاوم بێجگە لە تۆ هیچ پیاوێکی تر نابینێت! هەتا ئەگەر هەر دوو چاویشم بنووقێنم، هەر تۆ دەبینم!

بۆچی ناشرین نابیت لە بەرچاوم برِک، یان لێت دەپاڕێمەوە بۆچی قەڵەو نابیت یان بۆچی لە بەرچاوم قێزەون نابیت.

هەرچۆنێک دەگۆڕێی بگۆڕێ تا بۆم بکرێ شتێ بکەم.

(بەرەو دەرگەی هۆڵەکە دەڕوات و دەیکاتەوە، گوێ دەگرێت).

ئاهەنگەکە هێشتا هەر درێژەی هەیە! ئافەرین ئەژدیها بێ گەردنەکان، ئافەرین!

(دەرگەکە بە توندی پێوە دەدا و کلۆمی دەدات).

**برک:** بۆچی دەرگەکەکەت داخست؟

**مارگریت:** با کەمێک بۆ خۆمان سەربەخۆ بین.

**برک:** بۆ خۆت باشتری دەزانی، ماگی.

**مارگریت:** بە هیچ جۆرێک بۆ خۆم باشتری نازانم...

(بەرەو جامخانەکە دەڕوات و پەردە گوڵییە ئاوریشمییەکان هەڵدەداتەوە).

**برک:** خۆت بێمێشک مەکە ماگی.

**مارگریت:** گوێ نادەمە هیچ شتێک ئەگەر بە خاتری تۆ خۆم بێمێشک بکەم.

**برک:** من گوێی پێ دەدەم، ماگی. هەست بە شەرمەزاری دەکەم بەرانبەرت.

**مارگریت:** ئەگەر هەست بە شەرمەزاری دەکەی! لەوە زیاتر ئەشکەنجەم مەدە. بۆم ناکرێ لە بارودۆخێکی ئاوادا هەناسە بدەم.

**برک:** تۆ ڕازی بووی بەوەی...

**مارگریت:** دەزانم بەڵام...

**برک:** بەو بارودۆخە قایل بە!

**مارگریت:** بۆم ناکرێ! ناتوانم! بۆم ناکرێ! (شانی برک ڕادەپسکێنێ).

**برک:** بەرەڵای بکە.

(خۆی ڕادەپسکێنێ و تەپڵەکێکی بچکۆلە هەڵدەگرێ و بەرزی دەکاتەوە وەک ئەوەی ڕاهێنەری شێرێک بێ و لە سێرکێکدا ڕواوڕووی گوربەیەک بوو بێتەوە. پێنج چرکەیەک ڕادەبووڕێت. مارگریت دەستی توند لەسەر دەمی داناوە و لێی ورد دەبێتەوە، دواتر پێکەنینەکەی بۆ ڕاناگیرێ و دەیپرژێنێتەوە کە زیاتر بە پێکەنینێکی شێلگیرانە دەچێ. برک بۆ ماوەیەک دەمارگیر دەوەستێ و دواتر زەردە دەیگرێت و تەپڵەکەکە دادەنێت).

(دایە گەورە لەودیو دەرگە داخراوەکەوە هاوار دەکات).

**دایە گەورە:** ڕۆڵە؟ ڕۆڵە؟ ڕۆڵە؟

**برک:** چی بووە، دایەگەورە؟

**دایە گەورە:** (لە دەرەوە) ئۆۆو، ڕۆڵە هەواڵی زۆر خۆشی باوە گەورەمان پێگەیشتووە. ئەوەتا لە خۆشیان بە ڕاکردن هاتوومەتە سەرەوە کە پێتی ڕابگەیەنم... (دەسکی دەرگەکە ڕادەکێشێت).

ئەمە بۆچی ئەم دەرگەیە ئاوا داخراوە؟ ئێوە هەموو پێتان وایە ئەم ماڵە دزی تێدایە؟

**مارگریت:** دایە گەورە، برک خەریکی جل لە بەرکردنە، هێشتا لێ نەبووەتەوە.

**دایە گەورە:** جا ئەوە چی تێدایە، خۆ ئەوە یەکەم جار نییە برک ببینم هێشتا لە خۆگۆڕین نەبووبێتەوە.

کچێ وەرە، دەرگەکە بکەرەوە.

(مـارگـرێت بە هەڵەداوان خـۆی دەگەیەنێـتە دەرگەی هۆڵەکە و دەرگەکە دەکاتەوە، بڕک بە شەلە شەل بەرەو دەرگەی گەرماوەکە دەڕوات و دەرگەکە پێوە دەدات. دایەگەورە لە هۆڵەکەدا نەماوە)

**مارگرێت:** دایە گەورە، ئەوە چیت لێ هات؟

(دایە گەورە لە پشـتی مـارگرێتەوە لە ڕووکاری جـامخـانەکەوە وەک سـەگێکی پیـر بـە بۆڵەبۆڵ و هـەناسـەبڕکـێوە دەردەکـەوێ، ژنێکی شەست سـاڵانی کورتەباڵای قەڵەو و بەخۆیە، هـەموو کات هەنـاسـەبڕکـێـیـەتی، وەک ئەوەی زۆرانبـازێک بێ و بەردەوام خـەریکی زۆرانبـازی بێت، دڵەڕاوکێی پێکەوتووە و هـەناسـەی لە بەربڕاوە. تاڕادەیەک هـەیبـەت و قـەڵافـەتی کەمـێک لە باوە گـەورە بەخـۆترە، بەڵام زۆرنا. کراسێکی زیویین یان ڕەشـی لەبەردایە و نزیکەی نیـو ملیوێن دۆلار ئاڵتوونی لە خـۆی داوە. زۆر خـەمـخۆر دیارە)

**دایەگەورە:** (مـارگرێت دائـەچڵەکێنێ) لێرەم.. لە دیووی جـامـخانەکەی گۆپەر و مەیەوە هـاتمە ژورێ. بڕک لە کوێیە؟

بڕک.. هـەوڵبـدە خـێـرا لـەو شـوێنە بێـیـتـە دەرەوە، ڕۆڵە؛ زۆر بەنگنابم و هـەر ئەوەندەیە هەواڵی باوە گـەورەت پێ ڕادەگـەیەنم. ڕقم لەوە دەبێتەوە دەرگەکانی ئەم ماڵە دابخرێن...

**مـارگرێت:** (بەدەم نازونوزێکەوە) دایە گەورە تێبینی ئەوەم کردووە کە پێت خۆش نییە، بەڵام خۆ دەبێ خەڵکی کەمێک کاتی تایبـەتیان بۆ خۆیان هـەبێ؛ وا نییە؟

**دایە گەورە:** بە هیچ جۆرێک خانم، لە ماڵی منا ئەوە ڕێ پێ نەدراوە (بە بێـوچان) کراسـەکـەت بۆچی لـەبەری خـۆت داکـەندووە؟ ئازیزم،

ئەو کراسە بچکۆلەیەی تاوێک پێشتر لەبەرتدا بوو زۆرت لێ هاتبوو.

**مارگرێت:** منیش بۆ خۆم پێم وابوو زۆرم لێ هاتووە، بەڵام یەکێک لە منداڵە بچکۆلە نازدارەکانی مەی لەسەر مێزی نانخواردنەکە دەستی پێ خاوێن کردەوە بۆیە...

**دایەگەورە:** (تاکە گۆرەوییەکی درێژی ژنان لەسەر ئەرزەکە هەڵدەگرێتەوە) وتت چی؟

**مارگرێت:** خۆت دەزانی دایەگەورە مەی و گۆپەر بەرانبەر منداڵەکانیان دڵیان زۆر ناسکە... سوپاس دایە گەورە..

(دایە گەورە بەدەم خورتەیەکەوە تاکە گۆرەوییەکە دەداتە دەستی مارگرێت) ناتوانی ئەوەیان بۆ ڕوون بکەیتەوە کە دەست بۆ هەندێک شتی ناو ژوورەکە نەبەن...

**دایە گەورە:** برک، ئەوە چیت کرد... خێراکە وەرە دەرەوە! ماگی تۆ خۆشیت بە منداڵ نایەت.

**مارگرێت:** من منداڵم زۆر خۆش دەوێن! شێت و شەیدای منداڵم ئەگەر جوان پەروەردە بکرێن!

**دایەگەورە:** (بە ناسک و میهرەبانی) ئێ باشە، بۆچی لە جیاتیی ئەو هەموو گلەیی و گازەندەیەی لە منداڵەکانی گۆپەر و مەی دەکەیت، هەندێک منداڵ ناخەیتەوە و بەو جۆرەیان پەروەردە ناکەیت کە خۆت پێت خۆشە؟

**گۆپەر:** (لە نهۆمی خوارەوە هاوار دەکات) هێی دایە گەورە، لەگەڵ تۆمە، ئەوە بێتسی و هیۆ لەسەر ڕۆیشتنن و چاوەڕوانی تۆن خواحافیزیت لێ بکەن!

**دایەگەورە:** پێیان بڵێ با نەختێک ڕۆیشتنەکەیان دوا بخەن، زۆرم پێناچێت دێمە خوارێ!

**گۆیەر:** باشە دایە!

(دایە گەورە ڕوو بۆ دەرگەی حەمامەکە وەردەگێرێت و بانگ دەکات).

**دایەگەورە:** ڕۆڵە؟ دەتوانی بە خێرایی بێیتە دەرەوە؟ (وەڵامێکی ناڕۆشن دەبیسترێت).

لە تاقیگەی پزیشکیی ئۆچسنەرەوە هەواڵی دواین ڕاپۆرتمان بە دەست گەیشتووەتەوە و هەموو شتێک جێی دڵخۆشییە ڕۆڵە، تاقیکردنەوەکان هەمووی باش دەرچوون، لە بەشی خوارەوە تێبینییەک نووسراوە و دەڵێهیچ شتێکی خراپی تێدا نییە و هەر ئەوەندەیە تووشی تۆزقاڵێک هەڵاوسانی ڕیخۆڵە بووە. تۆ گوێت لێمە ڕۆڵە؟

**مارگرێت:** بەڵی گوێی لێتە، دایە گەورە.

**دایە گەورە:** ئەی بۆچی گوێم لە وەڵامێکی نابێ؟ ئای خوای گەورە هەواڵێکی ئاوا دەبوو وای لێ بکردایە تا هێزی تێدایە بقیژێنێت. دەتوانم پێتی بڵێم وای لە من کرد لە خۆشیدا بقیژێنم و دەست بکەم بە گریان و بکەومە سەر هەردوو ئەژنۆم! تەماشا بکە! (تەنوورەکەی بەرز دەکاتەوە) کڵاوەی ئەژنۆکانم دەبینی چۆن شین و مۆربوونەتەوە؟ پزیشکەکان دەستیان خستە ژێر باڵم و لە شوێنی خۆم بەرزیان کردمەوە.

(پێکەنینی بە خۆی دێت، هەموو کات وەک شێت بە خۆی پێ دەکەنێ) باوە گەورە شێت و هار بوو لێم!

بەڵام ئەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەرە نییە؟ (ڕوو دەکاتەوە گەرماوەکە و بەردەوام دەبێ) لە دوای ئەو هەموو دڵەڕاوکێیەی کە هەر هەموومانی تێکەوتبووین لە ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورەدا ڕاپۆرتێکی ئاوامان پێ بگات؟

باوە گەورە بۆ خۆی هەوڵی دەدا ئەوە بشارێتەوە کە ئەو هەواڵە چەندێک باری شانی سووک کردووە، بەڵام خۆ منی پێ لە خشتە نەدەبرا؛ بۆ خۆی هەر ئەوە نەبوو لە خۆشیدا بداتە پرمەی گریان! (لە نهۆمی خوارەوە دەنگی خواحافیزی دێتە گوێ، دایە گەورە بە هەڵەداوان بەرەو دەرگەکە دەڕوات).

**گۆپەر:** دایە گەورە!

**دایە گەورە:** ئەو خەڵکە لە خوارەوە ڕابگرە مەهێڵە بڕۆن! زوو خۆت بگۆڕە، بە هۆی شکانی پێتەوە هەر هەموومان بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورە دێینە سەرەوە... قولەپێی چۆنە، ماگی؟

**مارگرێت:** دایەگەورە قولە پێی خۆی بۆ شکاندوین.

**دایەگەورە:** ئاگام لێیە کە شکاوە.

(لە هۆڵەکەی خوارەوە زەنگی تەلەفۆن لێ دەدات، دەنگی خزمەتکارە ڕەشەکە دێ وەڵام دەداتەوە: "ماڵی خاتوو پۆڵیە").
مەبەستم ئەوەیە هێشتا ئازاری هەر ماوە؟

**مارگرێت:** من دەترسم بۆم نەکرێ وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، دایەگەورە. وا باشترە بۆ خۆت لە برک بپرسی کە هێشتا ئازاری ماوە یان نا.

**سۆکی:** (لە هۆڵەکەوە) خاتوو پۆڵیت، لە مەمفسەوە قسە دەکەن؛ ئەوە خاتوو ساڵییە لە مەمفسەوە.

**دایە گەورە:** هەر ئێستا دێم سۆکی.

(دایە گـەورە بە پـەلە خـۆی دەگـەیەنێـتـە هۆڵەکـە و گـوێمـان لە دەنگی دەبێ کە لەسەر تەلەفۆنەکە دەقیژێنێت).

هەلەو، خاتوو ساڵی، ئێوە چۆنن خاتوو ساڵی؟ بەڵێ، زۆر باشە، من بۆ خـۆم ویسـتـم لـەو بارەیەوە پێـوەندیتـان پێـوە بکـەم. بەڵێ دەرچووە...

**مارگرێت:** برِک، وانابێ!

(دایە گەورە دەنگی زیاتر بەرز دەکاتەوە).

**دایە گەورە:** خاتوو ساڵی؟ هەرگیز لە ساڵۆنی ئوتێل گەیازۆوە تەلەفۆنم بۆ مـــەکـــە، لەو ســـاڵۆنەوە دەنگە دەنگێکی زۆر هەیە، بە هـیچ جـۆرێک جێی سـەرسوورِمـان نییە گوێت لە دەنگم نابێ! ئێسـتـا گوێ بگرە خاتوو ساڵی.

باوە گەورە شتێکی ئەوتۆی نییە کە جێی گومان بێ. زۆر نابێ راپۆرتی پزیشکیمان بۆ هاتووەتەوە و شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە خـراپ بێت، هەر ئەوەیە بـاوە گـەورە تووشی گـرژبـوون هـاتووە! گرژبوون! ریخۆڵەی....

(لە دەرگەی هۆڵەکەوە دەردەکەوێت و بانگی مارگرێت دەکات).

ماگی، تا ئێرە وەرە و لەگەڵ ئەو بێ مێشکە قسە بکە و وەڵامی تەلەفۆنەکەی بدەرەوە، ئەوەندەم هاوار کرد رۆحم تێدا نەما!

**مـارگـرێت:** (دەروِاتە دەرێ و گـوێمـان لێی دەبێ زۆر بە مـیـهـرەبانی وەڵامی تەلەفـۆنەکە دەداتەوە) خـاتوو ساڵی؟ مـاگی خێزانی برِک قسە دەکات. زۆر ئاسوودەم گوێمان لە دەنگتان دەبێت. گوێت لە دەنگی منە؟ ئاوا، زۆر چاکـە! دایـە گـەورە دەیویست ئـەوەت پێ

بڵێ ڕاپۆرتەکە لە تاقیگەی پزیشکیی ئۆچسنەرەوە گەڕاوەتەوە و هەر ئەوەیە باوە گەورە ڕیخۆڵەکانی تووشی گرژبوون هاتووە.
بەڵێ، خاتوو ساڵی؛ گرژبوونی ڕیخۆڵە.
خوات لەگەڵ، خاتوو ساڵی؛ خۆشحاڵ دەبین بەم زوانە بە خزمەتتان شاد بین!
(کەمێک پێشتر لەوەی خاتوو ساڵی لە قسەکردن بێتەوە، مارگرێت تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە. بەرەو لای هۆڵەکە دێتەوە) زۆر بە باشی گوێی لە دەنگم بوو. من ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کاتێ قسە لەگەڵ خەڵکانی کەڕ دەکەیت نابێ بەسەریاندا بقیژێنیت بگرە بە ڕوونی دان بە وشەکاندا بنێ. کۆرنیلا، خاڵۆژنە پیرە زەنگینەکەم، کەڕ بوو، بەڵام من وام لێ کردبوو زۆر بە باشی گوێی لێم بێت؛ هەر تەنیا بەوەی کە زۆر بە ڕوونی و بە هێواشی وشە بە وشە لەگەڵی دەدوام و دەمم لە گوێی نزیک دەخستەوە. هەموو شەوێک هەرچی جموجۆڵێکی بازرگانی هەبوایە بۆم دەخوێندەوە، هەر هەموو ڕاگەیاندنەکان بەبێ ئەوەی تەنیا وشەیەکیش چییە لە کیسی بچێت. بەڵام زۆر بێبار دەرچوو، دەزانی کە مرد لە دوای خۆی چی بە میرات بۆ جێهێشتم؟ هاوبەشی خۆی لە پێنج کۆواردا کە تەواو بوونیان بۆ نەبوو، کتێبێکی مانگانەی نادی و کتێبخانەیەک کە هەرچی کتێبی قۆر لەم دنیادا چاپ کرابوون تێدای بوو! لەوە بترازێ هەرچی هەیبوو بۆ خوشکەکەی جێما کە زۆر لە خۆی پیس و چروکتر بوو!
(دایەگەورە لە کاتی قسەکردنی مارگرێتدا خۆی بە ڕێکخستنی

هەندێ کەلوپەلی ناو ژوورەکەوە سەرقاڵ دەکات).

**دایەگەورە:** (جلوبەرگی پیس و بەکارنەهاتووی ژوورەکە دەخاتە ژووری مەخزەنەکەوە و دەرگەکە دادەخات).

خاتوو ساڵیش لەولاوە ڕابووەستێ! باوە گەورە دەڵێ هەموو کات دەستی پان کردووەتەوە بۆ یارمەتی. لەوەدا بە هەڵەدا نەچووە. ئەو پیرێژنە خەڵەفاوە هەموو کات دەستی بۆ یارمەتی گرتووەتەوە، بڕوا ناکەم باوەگەورە هیچ یارمەتییەکی ئەوتۆی بدات.

**گۆبەر:** دایە گەورە، وەرە خوارەوە! بێتسی و هیۆ، بۆیان ناکرێ لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەن!

**دایەگەورە:** (هاوار دەکات) ئەوا هاتم!

(بەرەو دەرەوە دەڕوات. لە نزیک دەرگەی هۆڵەکەوە دەگەڕێتەوە و پەنجەگەورەی لە پێشدا بەرەو دەرگەی گەرماوەکە و دواتر بەرەو باڕی خواردنەوەکە ڕادەوەشێنێ، مەبەستێتی بڵێ: "برِک هێشتا لەسەر خواردنەوە بەردەوامە".

مارگرێت خۆی وا دەنوێنێت لە هیچ تێ ناگات، سەری بەرز دەکاتەوە و هەردوو برۆی دەهێنێتەوە یەک؛ وەک ئەوەی

ئەو نوواندنەی دایە گەورەی بەلاوە سەیر بێت. دایەگەورە بە هەڵەداوان بەرەو لای مارگرێت دێتەوە).

لەگەڵ تۆمە! خۆت وا نیشان مەدە لە هیچ تێناگەیت! مەبەستم ئەوەیە هێشتا لەسەر خواردنەوەی ئەو شتانە بەردەوامە؟

**مارگرێت:** (بەدەم پێکەنینێکی کورتەوە) ئۆی! لە پاش نانی ئێواران

کەمێک دەخواتەوە.

**دایەگەورە:** بەوە پێمەکەنە! هەندێک لە پیاوان کە ژن دەهێنن لە خواردنەوە دوور دەکەونەوە و هەندێکیش سەری تێ دەکەن! برک بەرلەوەی ژن بهێنێت لە ژیانیدا بەلای خواردنەوەدا نەچووە...

**مارگرێت:** (دەست دەکات بە گریان) ئەوە قەت ڕەوای هەق نییە!

**دایەگەورە:** هەق بێ یان هەق نەبێ من دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم، تەنیا پرسیارێک؛ لەسەر جێی نووستن برک ئاسوودە دەکەیت؟

**مارگرێت:** ئەی بۆچی پرسیار لەوە ناکەیت ئەو لەسەر جێی نووستن من ئاسوودە دەکات یان نا؟

**دایە گەورە:** لەبەرئەوەی من دەزانم کە....

**مارگرێت:** دەبێ بیر لە هەردوو لایەنەکەی بکرێتەوە!

**دایە گەورە:** شتێک هەیە هەڵەیە! تۆ نەزۆکیت و کوڕەکەشم دەخواتەوە!

**گۆپەر:** دایەگەورە دە وەرە خوارەوە!

(کە گۆپەر لە نهۆمی خوارەوە بانگی دەکات، دایە گەورە سەری لێ تێک دەچێت و بەرەو لای دەرگەی دالانەکە دەڕوات، دەگەڕێتەوە و ئاماژە بە تەختی نووستنەکە دەکات).

کاتێ خۆشەویستی دەبێت بەبەرد، ئالەوێدا دەبێت بەبەرد، ئا لەو شوێنەدا.

**مارگرێت:** ئەوە قەت.... (دایەگەورە دەڕواتە دەرێ و دەرگەکە پێوە دەدات) ڕەوای هەق نییە!

(مارگرێت تەنیایە، تەواو تەنیایە و هەست بە تەنیایی دەکات. خۆی دەهێنێتەوە یەک و هەردوو شانی بەرز دەکاتەوە، مەچەکی

دەنووقـێنـێ و هـەردوو دەسـتی هـەڵدەبرێ و چاوی دەنـووقـێنـێ، هـەر وەک منداڵێک دەنـووێـنـێت دەرزی لـێ بـدەن. کـــە چـاوی دەکاتەوە ئاوێنە هێلکەییە درێژەکە دەبینێت بەرەو ڕووی دەڕوات و بە روویـەکی گـرژ و مـۆنەوە لێـی ورد دەبێـتـەوە و دەڵێت " تۆ کێـیت؟ " دواتر کـەمێک ڕادەمـێنێت و بە دەنگێکی جیـاواز کە بەرز و تێک شـکاو و گاڵتـەئامـێزە، وەڵامی خـۆی دەداتەوە (من ماگیم، ماگی پشیلە).

کاتێک دەرگەی گـەرمـاوەکـە درزێکی دەکرێتەوە و بـڕک بانگی دەکات، دێتەوە سەر خۆی.

**بڕک:** دایەگەورە ڕۆی؟

**مارگرێت:** بەڵێ، ڕۆی.

(بڕک دەرگەی گەرماوەکە بە تەواوی دەکاتەوە و بە شووشـەیەکی خـاڵی مـەییـەوە بە شـەلەشـەل دێتە دەرەوە و بەرەو مـەیخـانەکە دەڕوات. بە نەرمی فیکەیەک دەکێشێت. مارگرێت گەردنی بەرەو لای ئەو وەردەگـێرێت و لێـیورد دەبێتـەوە. مـارگـرێت بەرلەوەی قـسـە بکات دەسـتی بەرز دەکـاتەوە و قـورگی دەشـێلێت وەک ئەوەی تفی بۆ قوت نەچێت).

**مـارگـرێت:** بۆ خـۆت دەزانیت ژیانی ژن و مـێـردایەتیـمـان هـێشـتـا نەگەیشتبووە سووڕی سروشتی خـۆی، لە ڕێڕەوی ڕاستی خۆی وەرگەڕاو و بۆ مـاوەیەکی کورت تووشـی گیـروگرفت بوو، من زۆر لەوە دڵنیـام؛ چۆن ئاوا بە کتـوپڕی ڕوویدا هـەر واش جـارێکی تر دەست پـێ دەکـاتەوە. هـەر ئەوەشـــە وام لـێ دەکـات خـــۆم ئاوا سـەرنج ڕاکێش بهێڵمـەوە، بۆ ئەوەی لە دەم و سـاتی خـۆیدا کە

جـارێکی تـر لێم دەڕوانی، وەک پیـاوانـی تر لێم بڕوانیت، بـەڵێ هـەر وەک چۆن پیـاوانی تر لێـم ورد دەبنەوە. بەڵێ بڕک هێـشتـا تەمـاشـام دەکەن و چێژ لە لەشـولارم دەبینن. ئۆووو هـەندێکیـان کە لێم دەڕوانن خەریکە.... بڕک تەماشام بکە!

(لە بەردەم ئـاوێنە هێلکەییـە درێژەکـە ڕادەوەسـتێ و دەست لە سنـگ و مــەمکیـیــەوە دەدات، هـەردوو دەسـتـی دەخـاتـە سـەر لاکەلەکەی) هێشـتا لەشـولارم هـەر وەک خـۆی ماوە و تۆزقـاڵێک چییە نازکی و جوانییەکەی جارانی لە دەست نەداوە....

(هـەر وەک منـداڵێک چۆن دەپـاڕێتـەوە، دەنگی ئـاوا نازک و پڕی لـەرینـەوەیـە. لـەو کــــــاتـەدا بـڕک ئـاوڕی بـۆ دەداتـەوە و لـێی دەڕوانێت.. ڕوانینێک هـەروەک چۆن یـاریزانێک تۆپـەکــەی بـۆ هـاوڕێکەی فڕێ دەدات و ئـەویش بۆ یاریزانی سـێیـەم تا بەرەو گۆڵی نزیک بکەنەوە. لێرەدا مـارگرێت دەبێت سـەرنجی بینەر بۆ خـۆی کـێش بکات و بتـوانێ ئەو سـەرنجـە تا کـۆتایی دیمەنی یەکەم بەبێ هیچ کەموکـوڕییەک بە گەرموگـوڕی بهێڵـێتـەوە) ئێسـتاش پیاوانێکی زۆر بـە ئاواتمەوەن. ئەگەرچی هەندێک جار نیگەرانی بە ڕوومەوە دیارە، بەڵام هەروەکو تۆ چۆن پارێزگاریت بە لەشـولاری خـووەتەوە کردووە منیش ئاوا لەشـولاری خـۆمم بە ناسکی هێشـتووەتەوە و پیاوانیش زۆر سەرسـامن پێی و لەسەر شـەقامـەکان ئاوڕم لێ دەدەنەوە. بەجـۆرێک هەفتەی ڕابردوو کە لە مــەمــفس بووم، بـۆ هـەر شــوێنێک دەچووم نیگـای پیــاوان خـەریکبـوو دەیانخـواردم، چ لـە دوکـان و بازار و چ لە باڕەکـەش پیـاوێکم نەبینی بـەلایدا تێپـەڕی بێتم یان لـەگەڵی ڕاوەسـتـابم،

تەماشا و نیگای تێنەگرتبم، یان تێپەڕیووم ئاوڕی بۆ نەدابێتمەوە. لە ئاهەنگەکەی ئالێکسسدا کە بۆ خزم وکەسوکارەکانی نیۆرکی سازدا بوو، سەرنج ڕاکێشترین پیاوی ئاهەنگەکە شوێنم کەوت بۆ نهۆمی سەرەوە و دەیویست لەگەڵم بێتە ژووری خۆگۆڕینەوە، تا دەم دەرگەکەش بە دوامدا هاتوو و هەوڵی زۆری دا بێتە ژوورەوە.

**برک:** ئەی بۆچی ڕێگەت پێینەدا، ماگی؟

**مارگریت:** لەبەرئەوەی من لەو جۆرە ئافرەتانە نیم ڕێگە بە هەموو پیاوێک بدەم، تەنیا ڕێگەم بەیەک کەس داوە.

پێت خۆشە بزانی ئەو کەسە کێیە؟ ئەو کەسە ماکسوێڵی لاوە!

**برک:** ئۆوو، بەڵێ، ماکسوێڵی لاو، ئەوەی باشترین یاری زانی ڕاکردن بوو، بەڵام ئازارێک لە پشتیدا پەیدابوو؛ ئیتر دەبوو لە یاریکردن دوور بکەوێتەوە.

**مارگریت:** ئێستا ئازار لە پشتیدا نەماوە و ژنییشی نییە و هێشتاش حەزی لە منە!

**برک:** هیچ شتێک ڕێگەی لێنەگرتووی بە دوایدا نەگەڕێیت و لەگەڵ خۆتی نەبەیتە ژووری خۆگۆڕینەوە.

**مارگریت:** بەڵام کەسێک نابێ لە قافا پێکەوە بمانگرێت؟ من ئەوەندە ساویلکە نیم. ئۆوو، تۆ ئەوەندەم هان دەدەی بۆ ئەوەی بەدزی تۆوە ناپاکیت دەرهەق بکەم، ڕۆژێک هەر دێ سڵ لەوە نەکەمەوە! بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوە ڕوویدا دڵنیابە لە شوێن و کاتێکدا دەیکەم کە بە هیچ جۆرێک بێجگە لە من و لەو پیاوە کەسێکی تر پێی نەزانێت. لەبەرئەوەی من نامەوی هیچ بیانوویەکی ناپاکی

یان هەر هۆیەکی تر بدەم بەدەستەوە بۆ ئەوەی تۆ تەلاقم بدەیت.

**برک**: ماگی، من لەبەر هیچ بیانوویەکی ناپاکی یان هەر هۆیەکی تر تەلاقت نادەم ؛ تۆ ئەوە دەزانیت؟ بە دۆزەخ من ئاسوودەگی دەمگرێت ئەگەر بزانم تۆ خۆشەویستێکی ترت دۆزیووەتەوە.

**مارگرێت**: باشە، کەواتە بە هیچ جۆرێک لەو دەرووە ناگەرێم و پێم باشە هەر لە قەراخ ئەو گوێسوانە گەرمە بمێنمەوە.

**برک**: قەراخ ئەو گوێسوانە گەرمە جێگەیەکی نا ئارامە بۆ مانەوە...

(بە هێواشی فیکە دەکێشێت).

**مارگرێت**: (لە سەروەختی فیکە کێشانەکەدا) بەڵێ، بەلام دەتوانم ئەوەندەی بۆ خۆم دەمەوێ لەسەری بمێنمەوە.

**برک**: دەتوانی بەجێم بهێڵی، ماگی.

(بەردەوامە لە فیکە کێشان، مارگرێت پێچێک دەخوات بۆ ئەوەی لێی بروانێت).

**مارگرێت**: ئەوەم ناوێت و هەوڵیشی بۆ نادەم! لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لێت جیا ببمەوە، تۆ، ئەوەی باوکت نەداتێ، پولێکی قەڵب چییە شک نابەی بەمنی بدەیت؛ ئەویش خەریکە بە شێرپەنجە دەمرێت!

(بۆ یەکەمین جار پێوەی دیارە کە هەقیقەتی مەرگی باوە گەورە بە ڕوونی تێکەڵ بە ئاگایی برک دەبێت. تەماشای مارگرێت دەکات).

**برک**: دایە گەورە ئێستا گوتی ئەو هەواڵە هیچ ڕاستیەکی تێدا نییە، ڕاپۆرتەکان هیچیان تێدا نەبووە.

**مـارگـرێت:** تەنیـا هەر ئەو وا بیـر دەکـاتەوە، هەمــان هەواڵی بە باوە گەورەیان گوتووە بەویشـیان هەر وا گوتووە و ئەویش بڕوای پێ هێناوە هەروەک چۆن باوە گـەورە بۆ خـۆی بڕوای پێ کـردووە، ئەو پیـرە بەدبەخـتـانە... بەڵام ئەم شـەو کـاتێک باوە گـەورە دەنووێت، هەقیقەتەکەی بە تەواوی پێ ڕادەگەیەنن و پێی دەڵێن کە باوە گەورە بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت.

(چەکمەجەیەکی مێزی ئارایشتەکە دادەخاتەوە) نەخۆشییەکەی زۆر گرانە و هیچ چارەسەرێکی نییە.

**برک:** بابە گەورە بۆ خۆی دەزانێت؟

**مارگرێت:** تۆ لە گوێی گادا نووستوی، چۆن خۆیان ئەوە دەزانن؟ کەس بە خۆیدا ڕانەپەرمووێ بە کەسێکی تر بڵێ (تۆ دەمریت) دەبێت لە خشتەیان بەریت، بۆ خۆشیان دەبێ خۆیان لە خشتە بەرن .

**برک:** بۆچی؟

**مـارگـرێت:** دەپرسی بۆچی؟ هۆکـەی ئەوەیە خـەڵکی خـەون بە ژیانی نەمرییەوە دەبینن! زۆربەی ئەو خەڵکەش ئەو ژیانەیان لێرە دەوێ لەسەر زەمین نەک لە بەهەشت.

(برک بە پێکەنینێکی کورت قـەشـمـەری بە گـاڵتـەکەی دەکات) باشە... (چاوی بە کل دەرێژێت).

هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە... بەهەرحاڵ... (لەملا و لای خۆی دەڕوانێ) جگەرەکەمم لە کوێ دانا؟ نامەوێ ماڵەکە بسووتێنم بە تایبەتی لە کاتێکدا مەی و گۆپەر و پێنج ئەژدیهاکەی لێرەن.

(جـگەرەکـــەی دەدۆزێتـــەوە و مـــژێکی قـــووڵی لێ دەدات و دووکەڵەکەی فڕێ دەدات و درێژە بە قسەکانی دەدات)

ئیتر ئەمە دوایین ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورە دەبێ، مەی و گۆپەریش ئەوە دەزانن؛ زۆر بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانن. بەر لە هەموو کەس هەواڵەکەیان لە تاقیگەی پزیشکیی ئۆچسنەرەوە پێگەیشتووە. هەر لەبەر ئەوەشە وا بە هەڵەداوان لەگەڵ ئەژدیهاکاندا خۆیان گەیاندووەتە ئێرە. لەبەرئەوەی.. تۆ ئاگات لەوەیە کە هێشتا باوە گەورە وەسێتی نەکردووە؟ باوە گەورە تا ئێستا لە ژیانیدا وەسێتێکی بۆ هیچ کەس نەکردووە، ئەم ڕێورەسمەشیان بۆ ئەوە ڕێکخستووە تا سەرنجی ڕابکێشن و ئەوەندەی بۆیان دەکرێ زۆری لێ بکەن، سەرباری ئەو هەقیقەتەش تۆ مەیزەدەیت و منیش وەچاخم کوێرە!

(برک بۆ ساتێک لێیورد دەبێتەوە و بە شێوازێکی ڕەق هەندێ شت دەڵێ بەڵام ناگاتە بینەر و بە خێرایی و بە هەنگەشەلێ بەرەو دالانەکەی پشتەوە دەڕوات کە ڕووناکییەکەی کزە و تا بێت ڕووناکییەکە خامۆش دەبێت).

(مارگرێت لەسەر کەشە ئاینییەکەی خۆی بەردەوام دەبێت) تۆ ئەوە دەزانیت من سەرسامم بە باوە گەورە، من لە ڕاستیدا، تەواو سەرسامم بەو پیرەمێردە، تۆ دەزانیت کە...

**برک:** (خامۆش و تەمومژاوی) بەڵێ، من دەزانم کە تۆ...

**مارگرێت:** سەرباری ڕەق و وشکییەکەی، سەرباری کەمدوویی و کورت وەڵام دانەوەکەشی، من هەردەم جۆرێک لە سەرسامیم بەرانبەری هەبووە. لەبەرئەوەی باوە گەورە، هەر ئەو پیاوەیە کە هەیە و هیچ لە خۆی نەگۆڕاوە.

هەر ناشلێی خاوەن دەوڵەت و سامانە، هەر وەک ئەو جوتیارە

میسسپییه ڕەشوڕووتەی جاران ماوەتەوە کە ڕۆژگارێک لەمەوبەر لای جاک سترۆ و پیتەر ئۆچیللۆ بەرکارێکی سادە و ساکار بووە. بەڵام ورەی بەرنەداوە و درێژەی بە کارەکەی داوە تا بووەتە خاوەنی گەورەترین و بەپیتترین کێڵگەی بەراو.. من هەموو کات باوە گەورەم خۆش ویستووە... (بەرەو پێشەوەی شانۆ دەجوڵێت) باشە، ئەمە دوایین ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورەیە.

من زۆر بە داخەوەم بۆ ئەوە، بەڵام من دەبێ خۆم لە هەقیقەت لا نەدەم. دەبێ پارەیەک بەدەست بهێنم بۆ ئەوەی سەرپەرشتی سەرخۆشێکی پێ بکەم، ئەمە ئەو خەمەیە کە بووە بە تووشی منەوە.

**برک:** هیچ پێویست ناکات سەرپەرشتی من بکەیت.

**مارگرێت:** بەڵێ، دەبێ بەو کارە ڕاپەرمووم. دوو کەس لە بەلەمێکدا بن دەبێ بە تەنگ یەکەوە بێن. هەر هیچ نەبێ بەلایەنی کەمەوە پێویستت بە پارە دەبێ بۆ ئەوەی گوڵاوی بەهارەی پێ بکڕیت کاتێ بارەکەت خواردنەوەی لێ دەبڕێت، یاخۆ بە بیرەی هەرزان کیفایەت دەکەیت؟ مەی و گۆپەر پلانیان داڕشتووە من و تۆ لە هەموو سەروەت و سامانەکەی باوکت بێبەش بکەن، لەبەرئەوەی تۆ مەیزەدەیت و منیش وەچاخ کوێر. بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو پلانە پووچەڵ بکەینەوە. دەبێ پێکەوە ئەو پلانە هەڵبووەشێنینەوە! برک تۆ بۆ خۆت دەزانیت من بە هەموو ژیانم کەسێکی نەبووە و ماڵ کاولبووم! ئەوە هەقیقەتەکەیە برک!

**برک:** من نەمگوتووە ئەوە هەقیقەت نییە.

**مارگرێت:** بەردەوام دەبوو چاو لە ژێری خەڵکانێک بم کە خۆشیم لێیان نەهاتووە، چونکە ئەوان خاوەن دەوڵەت و سامان بوون و منیش نەدار و داماو بە نانە سکی دەژیام. تۆ نازانی ئەو جۆرە ژیانە چ حاڵێکە، من بۆتی باس دەکەم، تامی ئەوە دەدات کە تۆ هەزاران میل لە مەیخانەکەتەوە دوور بیت و بتەوێ بە قاچێکی شکاوەوە و بێ دارشەق بگەیتەوە لای! ئەوە تامی ئەو ژیانەیە کە ڕەشورووت و نەدارا بیت و چاوت لە دەستی دۆست و ناسیاوێک بێ ڕقت لێیان دەبێتەوە. هەر لەبەرئەوەی ئەوان هەبووەن و تۆش ڕەشوڕووت، بە جلوبەرگی ئەم و ئەو و ژیانێکی مەمرەو مەژی، دەژیت کە دەوڵەت بە هەزار بێنەوبەردە بۆی دابین کردوویت.

باوکم مەیزەدە بوو، هەروەک تۆ چۆن گیرۆدەی شەراب و خواردنەوە بووی؛ ئەویش ئاوا سەری کردبووە سەر خواردنەوە و بێ مەی هەڵی نەدەکرد! دایکە نەگبەتەکەشم دەبوو خەمی ئێمە بخوا و بەو پارە کەمەی میری لەو کاتەدا وەک یارمەتی بۆ ماڵە هەژارەکانی بڕیبووەوە، نەهێڵێت خێزانەکەمان لەبەریەک هەڵبووەشێت. ئەو کاتەی من خوێندنم تەواو کرد و تێکەڵاوی خەڵکی دەبووم تەنیا دوو دەست جلوبەرگی دەرەوەم هەبوو!

یەکێکیان دایکم لەسەر بۆردە بۆی بە دوورین دابووم و ئەوی تریشیان ئامۆزایەکی دەوڵەمەندی هیچوپووچم دایمێ، من ڕقم لێی دەبووەوە! ئەو کراسەی کە لە کاتی ئاهەنگی بووکێنییەکەمدا لەبەرمدا بوو، ئەوە کراسی بوکێنی داپیرەم بوو... لەبەر ئەوە پێم خۆشە پشیلەی قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم بم.

(بڕک هێشتا هەر لە داڵانەکەدایە. کەسێک لە خوارەوە بە گەرمی بانگی دەکات، کە دەنگی یەکێک لە خزمەتکارەکانە "هێی بەڕێز بڕک، باشتر نەبوویت؟" بڕک وەک وەڵام دانەوەی پرسیارەکەی، پێکەکەی بۆ بەرز دەکاتەوە) چیم لەبیر بوو؟ ئا! بازنەکەم لەبیر چوو...

دەتوانی گەنج بیت و پارەت نەبێ، بەڵام ناتوانی پیر بیت و پارەت نەبێ. دەبێ لە کاتی پیریدا پارەت هەبێ، لەبەرئەوەی زۆر ترسناکە پیر بیت و پارەت نەبێ. دەکرێ یەکێک لەو دووانە هەڵبژێریت، گەنج بیت و پارەت هەبێ یان نەبێ. بەڵام بۆت ناکرێ پیر بیت و پارەت نەبێ. ئەوە ڕاستییە، بڕک...

(بڕک بە نەرمی و خامۆشی فیکە دەکێشێت)

باشە، من خۆم گۆڕی، لە خۆگۆڕین بوومەوە، تەواو هیچ شتێکم نەماوە بیکەم. (سەرگەردان و تاڕادەیەک بە ترسەوە) لە خۆگۆڕین تەواو بووم، من ئامادەم، هیچ شتێکم نەماوە بیکەم... (بێ ئارامی و بێ هیچ هۆیەک بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت و لە بەرخۆیەوە دەدوێت).

شتێکم لە خەیاڵ بوو؟ ئەها.. بازنەکانم...

(بە دەم قسەکردنەوە تاقمێک بازن دەکاتە دەستی، شەش تاک بۆ هەر دەستێکی).

من زۆر لە مێشکی خۆمدا هێنام و بردم و دوایی بۆم دەرکەوت من لە کوێدا هەڵەم کردووە، بەڵێ، من لەو شوێنەدا هەڵەم کرد هەقیقەتی ئەو مەسەلەیەم بۆ باس کردی کە لەگەڵ سکێپەردا ڕووی دا. نەدەبوو هیچ شتێکم لەبارەی ئەوە بۆ باس

بکردیتایەوە، هەڵەیەکی کوشندە بوو لەبارەی ئەو مەسەلەیەی من و سکێپەرەوە قسەم بۆ کردیت.

**برک:** ماگی، دەمت داخە و لەبارەی سکێپەرەوە مەدوێ. ئەوە ئاگەدارم کردووی ماگی، کە دەمت داخەیت و بە هیچ جۆرێک باسی سکێپەر نەکەیت.

**مارگرێت:** تۆ دەبێ ئەوە تێبگەیت من و سکێپەر...

**برک:** ماگی، تۆ پێت وایە من گاڵتەت لەگەڵ دەکەم؟ تۆ بەوە خۆت تەفرە دەدەیت من ئەو داوایەم بە هێمنی ئاراستە کردیت؟ تەماشا بکە ماگی. ئەوەی تۆ دەیکەیت یاریکردنە بە ئاگر. تۆ.. تۆ.. تۆ گاڵتە بە شتێک دەکەیت کەس ناوێرێت گاڵتەی پێ بکات.

**مارگرێت:** ئەمجارەیان دەمەوێ ئەوەی هەمە بیڵێم بەبێ ئەوەی قسەم پێ ببڕیت. من و سکێپەر خۆشەویستییەکمان هەبوو، ئەگەر بکرێ ئەوە ناوی لێ بنرێت خۆشەویستی، لەبەرئەوەی هەردووکمان وامان لێهاتبوو هەست بە جۆرە نزیکییەک بکەین بەرانبەر بە تۆ. لەبەرئەوەی تۆ زۆڵ بوویت، داواکاری زۆرت لە خەڵک هەبوو؛ لە من لە ئەو.. لە هەمـوو ئەو کـوڕە هەژار و بەدبەختانەی لە دەورت بوون و خۆشیان دەویستی. بەڵێ بێ لە من و سکێپەر، دنیایەکت لە دەور بوو و تۆش داواکاری زۆرت لەو کەسانە هەبوو کە خۆشیان دەویستی.. تۆ کەسێکی نازدار بوویت! تۆ خـواوەندێک بوویت بۆ خۆت! من و سکێـپەر هەردووکمان بە ئەندێشەی تۆوە خۆشەویستیمان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد! بەڵێ، بەڵێ، ئەوە ڕاستی بوو! هەقیقەتەکە ئەوە بوو! ئیتر ئەوە چ گوناهێکی تێدایە؟

من خۆشیم لەوە دەبینی، پێم وایە ڕاستی جۆرێکە لە... بەڵێ! نەدەبوو ئەوەت بۆ بدرکێنم...

**برک:** (برک سەری بە لاری و بە شێوازێکی ناسروشتی داناوە) ئەوە سکێپەر بۆی باس کردم، ماگی، نەک تۆ.

**مارگرێت:** من پێم گوتیت!

**برک:** لە دوای ئەوەی کە ئەو بۆی باس کردم!

**مارگرێت:** ئەوە کەی گرینگە کە کێ....

**دیکسی:** تێلاکەتم دۆزییەوە، تێلاکەتم بینیوە.

**ترەکسی:** بمدەرەوە، ئەوە هی خۆمە، بمدەرەوە.

(لە پرێکدا برک لە دالانەکەوە دەێتە دەرەوە و بانگ دەکات).

**برک:** هێی کچە بچکۆل! لەگەڵ تۆمە کچە بچکۆل!

**دیکسی:** (لە دوورەوە) چییە، مامە برک؟

**برک:** بەو خەڵکە بڵێن با بێن بۆ ئێرە! هەر هەموویان بێنە سەرەوە!

**ترەکسی:** ئەوە هی خۆمە، بمدەرەوە.

**مارگرێت:** من بێ دەنگ نابم! ئەگەر ناچار بم ئەوا لە پێش دەمی هەمووشیاندا ئەوەت پێ دەڵێم!

**برک:** کچە بچکۆل، دەکرێ برۆی بانگیان بکەی، هەر ئێستا؟ دەی برۆ بە قسەم بکە و هەر هەموویان بانگ بکە سەرەوە بۆ ئێرە!

**دیکسی:** باشە.

**مارگرێت:** دەبوو ئەوەت پێ بگوترێ بەلام تۆ، تۆ! هەرگیز ڕێگەت پێ نەداوم!

(مارگرێت دەگری، دواتر دان بە خۆیدا دەگرێت و بە هێمنی

بەردەوام دەبێ)

ئەوە یەکێکە لەو نموونە جوان و بالآیانەی کە لە ئەفسانەی گریکیدا زۆرجار باسی لێوە کراوە، مەحاڵە شتێکی تر بیت، تۆ ئەوەیت کە هەیت، ئەوەش دەگاتە ئەو ئاقارەی ببێتە مایەی دڵتەنگی، دەگاتە ئەو ئاستەی زۆر ترسناک بێت، چونکە ئەوە خۆشەویستییەک بوو هەرگیز خۆشنوودی لێوە هەڵناقووڵێت و تەنانەت بۆشت ناکرێ بە ڕاشکاوی لەبارەیەوە بدوێی.

**برک**: ماگی، بێدەنگی لێ بکە.

**مارگریت**: برک، پێت دەڵێم دەبێ بڕوام پێ بکەیت، برک من بەتەواوی لەوە تێ دەگەم! من... من پێم وایە ئەوە خانەدانی بێت! پێت وا نییە ئەوە لە دڵسۆزیی منەوە بێ کە دەڵێم ڕێز لەوە دەگرم؟ تەنیا هۆیەکیش وام لێ دەکات، تەنیا شتێک دەمەوێ بیخوڵقێنم، ئەوەیە ڕێگە بدەین ژیان بەردەوام بێ، ئەگەر چی گەلێک خەونیشت بەوەوە دیوە کە ژیانت.... تازە ئەوە بەسەرچوو..

(برک دارشەقەکەی پێ نییە و خۆی بەسەر قەنەفەیەکدا نووشتاندووەتەوە، لەو کاتەی کە مارگرێت بە جۆرێک دەدوێ هەر وەک ئەوەی بفڕێ، برک بەرەو دارشەقەکەی دەجووڵێت).

لەبەرئەوەی، لە بیرمە کە لە زانکۆ من و گلایدس فیزجێرڵد پێکەوە لەگەڵ تۆ و سکێپەردا ژوانمان دەگرت زیاتر لەوە دەچوو تەنیا ژوانی تۆ و سکێپەر بێت. من و گلایدیس هەر وەکو ئەتەکێتێکی کۆمەڵایەتی هەر بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی، بە شوێنتانەوە بووین.

**برک**: (ئاوڕ دەداتەوە بۆ ئەوەی ڕووی تێ بکات، لایەکی دارشەقەکەی

گرتووه) ماگی، دەتەوێت بەم دارشەقە بکەومە ئازای گیانت؟ تۆ دەزانی کە دەتوانم بەم دارشەقە رۆحت دەربکێشم؟

**مارگرێت**: ئای خوای گەورە، بۆ پیاوەکە پێت وایە من خەم بەوە دەخۆم؟

**برک**: هەر پیاوێک دەگری لەم دنیایەدا خاوەنی هەقیقەتێکی گەورەی تایبەت بە خۆیەتی، هەقیقەتێکی گەورە کە بەلایەوە پیرۆزە! من هاوڕێیەتیم لەگەڵ سکێپەردا هەبوو. تۆ ئەو هاوڕێیەتیە بۆگەن دەکەی!

**مارگرێت**: من بۆگەنی ناکەم! بگرە بە پاکژی دەبینم!

**برک**: خۆشەویستی تۆ نا، ماگی، بگرە هاوڕییەتی سکێپەر یەکێک بوو لە هەقیقەتە پیرۆزەکانی ژیانم و تۆش بە بۆگەن ناوی دەبەیت!

**مارگرێت**: کەواتە تۆ گوێت بۆ ڕانەگرتبووم، تێنەگەیشتووی لەوەی من چیم گوتوە! من ئەو هاوڕێیەتیە نەفرەتیە ئەوەندە بە خاوێن ناودەبەم کە بووە هۆی ئەوەی ئەو سکێپەرە نەگبەتە خۆی بکوژێت! ئێوە هەردوکتان شتێکتان هەبوو دەبوا لە چاڵی بنێن، بەڵێ، بۆ ئەوەی بۆگەن نەکات، بەڵێ! مردنیش تەنیا چاڵێک بوو کە دەکرا ئەوەی تێدا بپارێزرێت....

**برک**: من تۆم هێنا، ماگی. من بۆچی تۆم دەهێنا ماگی ئەگەر من....؟

**مارگرێت**: برک ڕێگەم بدە قسەکەم تەواو بکەم! من دەزانم، بڕوام پێ بکە من دەزانم هەر بەتەنیا سکێپەر پەناگەی تۆ بوو، هەتا ئەگەر ئەو ئارەزووەش هەر جۆرە ئارەزوویەکی نائاگایانەش بووبێ لە نێوانتاندا ئەوا بێگومان خاوێن نەبوو! ڕێگەم بە با کەمێک بگەڕێمەوە بۆ دواوە. تۆ لە سەرەتای هاوینی ئەو ساڵەدا

مارەت کردم کە خوێندنمان لە زانکۆی میسسیپی تەواو کرد، ئێمە زۆر ئاسودە بووین، ئاسودە نەبووین، بەڵێ هەر کاتێکیش پێکەوە خۆشەویستیمان کردبێ تا ئەوپەڕی بەختەوەری، بەختەوەر بووین و وەک باڵندە لە خۆشیدا باڵمان دەگرت! بەڵام پایزی ئەو ساڵە تۆش و سکێپەریش بۆ ئەوەی ببنە یاریزانێکی ناودار، یاریزانێکی ناوداری درەوشاوە، گەلێک هەلی کاری مەزنتان لە کیس خۆتان دا. ئەوە بوو ئەو پایزە تۆ تیپی دیکسیت دامەزراند، بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە پێکەوە لە یەک تیپدا بن! بەڵام لێرەدا شتێک هەبوو نەدەچوو بە مێشکا! ئەویش من بووم کە کەوتبوومە نێوانتانەوە. ئەوە بوو سکێپەرخووی دایە خواردنەوە... تۆش تووشی ئازاری پشت بوویت و بۆت نەکرا لەو یارییەی جەژنی سوپاسگوزارییدا هاوبەشی بکەیت کە لە شیکاغۆ بەڕێوە چوو، بگرە لە نەخۆشخانەی تۆلیدۆوە لە ڕێی تەلەڤزیۆنەوە تەماشای یارییەکەت کرد. من هاوسەفەری سکێپەرم بووم، تیپی دیکسی یارییەکەی دۆڕاند چونکە سکێپەری بەدبەخت سەرخۆش بوو. ئەو شەوە من و سکێپەر تا بەرەبەیانی لە باڕی بلاکستۆن پێکەوە خواردمانەوە، کاتێکیش سەرمای بەیانی هەڵی کرد ئێمە بەسەرخۆشی هاتینە دەرەوە تا تەماشای دەریاچەکە بکەین، پێم گوت "سکێپەر، ڕێگەیەک لەو دووانە هەڵبژێرە، یان واز لە خۆشەویستی مێردەکەم بێنە، یان ئەگەر هەر وازیش ناهێنی ئەوا بە ڕاست و دروستی خۆشەویستییەکەتان پێکەوە ئاشکرا بکەن!" بە هەموو هێزی خۆیەوە مشتێکی کێشا بە دەمما و پشتی تێ کردم و بەبێ

ئەوەی بۆ تاوێکیش ڕابوەستێ دەستی کرد بە ڕاکردن و تا ژوورەکەی لە بلاکستۆن ڕانەوەستایەوە... کاتێک ئەو بەرەبەیانییە بەو ڕووشاوییە بچکۆلانە_یەی سەر ڕوومەوە وەک مشکێکی بچکۆلەی شەرمن گەڕامەوە دەم دەرگەکەی، ئەو هەڵسوکەوتە لاواز و هیچ لە بارانەبووەی وەک هەوڵدانێکی ڕاگوزاری بوو، تا بۆم بسەلمێنێت ئەوەی کە من پێم گوتووە بە هیچ جۆرێک ڕاست نییە...

(برِک دارشەقەقەکەی تێ دەگرێت، بەر گلۆپە گەوهەرییەکەی سەر مێزەکە دەکەوێت و دەیشکێنێت).

بەو شێوەیە تێکم شکاند، بەوەی ئەو ڕاستییەم بۆ درکاند کە خۆی و ئەو دنیایەشی تێدا لە دایک بووە و لێی گەورە بووە، هەرگیز لەگەڵ دنیای تۆدا جووت نایەتەوە، ئەوەی کە بۆم دەرکاند نەدەبوو بۆی بدرکێنم؟ ئیتر لەو دەمەوە سکێپەر بەتەواوی تێکشکاو ئالوودەی خواردنەوە و بەنگکێشان بوو.. کێ باڵندەکەی بریندار کرد؟ من لەگەڵ...

(چاوی دەنووقێنێ و سەری بەرەو دواوە دەجووڵێنێت).

تیری بەزەییم تێ گرت!

(برِک پەرداخەکەی تێ دەگرێ، بەری ناکەوێ).

ببورە، بەرم نەکەوت! خوایە، من نامەوێ ڕووی خۆم سپی بکەمەوە، بەهیچ جۆرێک! برِک من کەسێکی باش نیم. من نازانم خەڵکی بۆچی هەوڵ دەدەن خویان وا بخەنە ڕوو کەسانی باشن، کەسی باش نییە.

دەوڵەمەند و خواپێداوان بۆیان دەکرێ ڕێز لە داوونەریت بگرن،

داوونەریتی باو، ئەگەرچی من هەرگیز ئەوەم بۆ ناکرێ، بەڵێ، بەڵام من ڕاستگۆم! هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوە ڕێزم لێ بنێ، بەیارمەتی ئەوەت بۆ دەکرێ؟

بەکولەمەرگی لەدایک بووم، بەکولەمەرگی ژیام، کاتێ باوە گەورە بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت شتێکمان لەو میراتییەی ئەو بۆ جێ نەمێنێت، ئەوا دوور نییە بە کولەمەرگیش سەربنێمەوە! بەڵام برک؟! سکێپەر مرد! من زیندووم! ماگی پشیلە....

(برک جارێکی تر دارشەقەکەی تێ دەگرێت و دەکەوێتە سەر زەوییەکە، مارگرێت لە پشتی تەختی نووستنەکەوە خۆی دەشارێتەوە و بەردەوام دەبێ لە تەواوکردنی قسەکانی) زیندووم!

(دیکسی گیژۆڵە، بەسەروبەستی هیندییە سوورەکانەوە و بەدەم هاوار هاوارەوە خۆی دەکات بە ژوورەکەدا و بەو دەمانچەیەی بە دەستییەوەیەتی تەقە لە مارگرێت دەکات "تەق.. تەق.. تەق" دەنگی پێکەنین و تریقانەوەی خوارەوە لە دەرگە کراوەکەوە دەبیسترێت. مارگرێت لە کاتی هاتنە ژوورەوەی منداڵەکەدا دادەچڵەکێ و خۆی دەداتبەسەر تەختی نووستنەکەدا، دواتر هەڵدەستێ و بە تووڕەبوونەوە پێیدا هەڵدەشاخێ).

کچە بچکۆڵ، دایکت یان هەر کەسێکی تر دەبێت فێری ئەوەت بکات...

(هەناسەیەک هەڵدەکێشێت) لە دەرگە بدەیت بەرلەوەی خۆت بکەیت بە ژوورا. دەنا خەڵک لەوانەیە بیر لەوە بکەنەوە کە تۆ

منداڵێکی دەبێت تەمێ بکرێیت...

**دیکسی:** هەها.. هەها.. هەها.. مامە برک بۆچی لە ئەرزەکەدا کەوتووە؟

**برک:** ویستم ئامۆژنە ماگیت بکوژم، بەڵام بۆم نەکرا... و بۆ خۆم کەوتم. کچە بچکۆل ئەو دارشەقەم بدەوە دەست تا بۆم بکرێ لەسەر ئەرزەکە هەڵسمەوە.

**مارگرێت:** بەڵێ، ئازیزم، دارشەقەکە بدەرەوە دەست مامت، بۆ خۆی ئیفلیج بووە، دوێنێ شەو لە گۆڕەپانی یاری قوتابخانەکە لە کاتی بازدان بەسەر ستوونەکاندا قاچی خۆی شکاندووە.

**دیکسی:** ئەوە بۆچی خەریکی بازدان بوویت، مامە برک؟

**برک:** لەبەرئەوەی من یاری بازدانم دەکرد، خەڵکیش هەموو کات حەزیان بە دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە کە لەسەری ڕاهاتوون، هەتا ئەگەر وازیشی لێ بهێنن هەر دەتوانن پیادەی بکەن....

**مارگرێت:** ئەوە وەڵامەکەی خۆتت وەرگرت، ئێستا کچە بچکۆل لێرە لاچۆ.

(دیکسی بە دەمانچەکەی سێ گوللە دەنێ بە مارگرێتەوە).

ڕاوەستە، ئەژدیها واز لەو هەرایە بهێنە! تۆ ئەی ئەژدیهای بێ مل!

(مارگرێت دەمانچەکەی لە دەست وەردەگرێ و لە دەرگەی دالانەکەوە فرێی دەداتە دەرەوە).

**دیکسی:** (بە ئامادەسازییەکی لە پێشینەوە بۆ ڕق) تۆ بەخیلیت! تۆ

کەسێکی بەخیلیت لەبەرئەوەی ناتوانیت منداڵ بخەیتەوە!

(لەوکاتەدا کە بەبەردەم مارگرێتدا تێ دەپەڕێت بەرەو داڵانەکە زمانی لە مارگریت دەردەهێنێ و سکی دەردەپەڕێنێ. مارگرێت لە دوایەوە دەرگەکە بە توندی دادەخاتەوە و هەناسەبڕکێی پێ دەکەوێت و خۆی دەدات بەسەر دەرگەکەدا. وچانێک تێ دەپەڕێت. برک پەرداخە ڕژاوەکەی پڕ دەکاتەوە لە مەی و لەسەر تەختی نووستنەکە دادەنیشێت).

**مارگرێت:** چاوت لێیە؟ لەبەردەم ئەو ئەژدیها بچووکە بێ مەلانەدا، منداڵنەبوونی ئێمەیان چۆن کردووە بە بنێشتە خۆشەی سەر دەمی خۆیان!

(وچانێک. دەنگە دەنگ لەسەر پلیکانەکانەوە دەبیسترێت).

برک؟ کە لەمەمفس بووم چووم بۆ لای دوکتۆری تایبەت بە ژنان... پشکنینی تەواوم بۆ خۆم کرد و هیچ گرفتێک لە ئارادا نییە کە تا ئێستا بۆچی منداڵمان نەبووە. ئێستاش بەپێی ڕۆژمێر کاتی گونجاوی خۆمە بۆ منداڵبوون. تۆ گوێت لێمە؟ گوێت لێمە؟ تۆ گوێت لە منە چی دەڵێم!

**برک:** بەڵێ گوێم لێتە، ماگی.

(سەرنجی دەچێتە سەر ڕووی سوور هەڵگەڕاوی ماگی).

بەڵام لە ڕێی خوا ئەوە بە مێشکی کێدا دەچێ منداڵ لە پیاوێک بخەیتەوە کە هیچ خۆشییەکی بە تۆیدا نایەت؟

**مارگرێت:** ئەو کێشەیە من بۆ خۆم چارەسەری بۆ دەبینمەوە.

(ئاوڕ بەرەو لای دەرگەی هۆڵەکە دەداتەوە).

**مەی:** (لەلای چەپی شانۆوە) بفەرموو، باوە گەورە . ئێمە هەموومان بەرەو ژورەکەی برِک دەڕۆین.

(لە لای بەشی چەپی شانۆوە دەنگی باوە تۆکە، دوکتۆر با، مەی؛ دەبیسترێت).

**مارگرێت:** ئەوا هاتن!

ڕووناکی نامێنێت

پەردە

کـات دابڕانـی تێناکـەوێت. مـارگـریت و بڕک لەهـەمـان جێ و شـوێنی کۆتاییی دیمەنی یەکەمدا وەستاون.

**مارگرێت:** (لە پێش دەرگە) ئەوا هاتن!

(لە پێشدا باوە گەورە دەردەکەوێت، پیاوێکی باڵابەرزە، خاوەن نیگایەکی بەهێـز و ئـەندێشـاوییـە، بە هێـواشی دەبزووێت تا لاوازییەکەی بۆ کەس نەکەوێتە ڕوو؛ تەنانەت بۆ خۆشی).

**گۆپەر:** لە تۆمـاری تێـبـینییـەکـەدا ئەوەم خـوێندەوە کـە تابلـۆیەکی شووشـەیی مێژوویتان بە دیاری پێ بەخشراوە.

(هـەندێک کـەس لە ڕووکـاری هۆڵەکـەوە و کەسـانێکی تریش لە ڕووکاری داڵانەکـەوە بە دەردەکەون، لە هـەردوو لاوە دەنگەدەنگ دەبیـسـترێت. باوە تووکـە و گـۆپەر لە داڵانـەکـەدا دەبینرێن و دەنگیان بە ڕوونی دەبیسترێت. لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە و گۆپەر جگەرەیەک دادەگیرسێنێت).

**باوە تووکە:** ئۆو، بەڵام کڵێسـای سـەینت پۆلس لە گەڕنادا سێ تابلۆی شووشـەیی مێژوویـیان هـەیە، دوایەمینیان تابلۆیەکی شـووشـەیی پەڵە پەڵاوی ڕەنگاوڕەنگە کــە نرخی دوو هـەزار و پێنـج ســەد دۆلارە، تابلۆی شوانی پیرۆزی حەزرەتی عیسایە لەو دەمەی کە مەڕێکی لەسەر شان گرتووە.

**مارگرێت:** باوە گەورە.

**باوە گەورە:** چۆنی، بڕک!

**بڕک:** چۆنی باوە گەورە، پیرۆز بێت!

**باوە گەورە:** گەندوگوو.

**گۆپەر:** باوکە، کێ ئەو تابلۆ شووشەییەی بەخشیووە بە کڵێسا؟

**باوە تووکە:** لەلایەن خێزانی خوالێخۆش بوو کلاید فلێچەرەوە. هەروەها حەوزێکی لە ئاو هەڵکێشانیشی بەخشیووە بەکڵێسای سەینت پۆلس بۆ پیرۆزکردن.

**گۆپەر:** دەزانی باوە، کڵێساکەی ئێوە پێویستی بەوەیە کەسێک ئامێرێکی فێنککەرەوەی پێشکێش بکات.

**مەی:** (بە شێوازێکی ئاینیانە) با بیرم بکەوێتەوە، هەموویان دژی نەخۆشی گرانەتا کوتراون، لە دژی دەردە کۆپانیش دەرزی کوتانمان لێ داون، هەروەها دژی نەخۆشی جگەر و ملەخرێش، لە مانگی گوڵانەوە تا گەلاوێژ هەموو مانگێک لە کاتی خۆیاندا کوتاومانن. گۆپەر؟ هێی! گۆپەر! منداڵەکان لە دژی چ نەخۆشییەکی تر کوتراون؟

**باوە تووکە:** بەڵێ، وایە براگەورەکەم! تۆ دەزانی بنەماڵەی گەس هەماس لە ناوچەی توویفەرز بۆ خێری خۆیان چیان بەخشیووە بە کڵێسا؟ خانوویەکی بەردینی بێ کەموکوڕیان داوە بە کڵێسا کە لە ژێرزەمینەکەیدا یاریگەیەکی بالەی تێدایە و...

**باوە گەورە:** (ئەوەندەی هێزی تێدایە قا قا پێ دەکەنێ و دەتریقێتەوە و ئەوپەڕی کەیف خۆشی نیشان دەدات).

هێی جەنابی قەشە! ئەو هەموو چەندوچوونەتان لەسەر خێر و خێرخوازی لە چییە؟ لەوە دەکات پێتان وابێ کەسێک لەم ناوە خەریکی گیان کێشانە؟

(باوە تووکە بەو خۆ تێ هەڵقورتانە لە ناکاوە دەحەپەسێت و هەوڵ دەدات تا ئەوەندەی بۆی دەکرێ پێ بکەنێت، بەڵام چۆن وەڵامی پرسیارەکەی باوە گەورە دەداتەوە، ئەوە هەرگیز نازانرێت؛ لەو کاتەدا دەنگی مەی دێت، لەگەڵ دوکتۆر با کە پزیشکی خێزانەکەیە لە دەرگەی هۆڵەکەوە دەردەکەون و شەرم و تەریقبوونەوەکەی لە بیر دەبەنەوە).

**مارگرێت:** (رەوتی گفتوگۆکە دەگۆڕێت) بڕک ئەو تۆمارە بکەرەوە با گوێمان لە گۆرانییەک بێت و ئاهەنگەکەمان پڕ بکات لە جۆش و خرۆش!

**بڕک:** بۆ خۆت وەرە دایبگرسێنە، ماگی.

(دەنگە دەنگێکی زۆر لە ژوورەکەدا دەبیسترێت کە کتومت بە حەمامی ژنان دەچێت. بە تەنیا بڕک نەبێ سەرقاڵ نییە و بە پێکەنینەکەی خۆیەوە بەسەر کابینێتی بارەکەیدا نووشتاوەتەوە و پارچە سەهۆڵێکی لەناو دەستەسرێکدا داناوە و زوو زوو دەموچاوی پێ فێنێک دەکاتەوە. وەڵامی داواکارییەکەی مارگرێت ناداتەوە. مارگرێت بۆ خۆی بەرەو لای تۆمارەکە دەڕوات و سەرقاڵی داگیرسانی دەبێت).

**گۆپەر:** بەیادی سێیەمین ساڵی بووک و زاواییانەوە ئەو تۆمارەمان بە دیاری بۆ هێنان کە سێ مکبەرەشی لەگەڵدایە.

(لە پڕێکدا ئۆپێرایەکی ڤاگنەر یان سەمفۆنیایەکی بتهۆڤن لە

ژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە)

**باوە گەورە:** ئەو ئامێرە نەفرەتییە بێدەنگ بکەن!

(بێدەنگییەکی لەناکاو، هەر خێراش بە هاوارێکی دایە گەورە ئەو بێدەنگییە دەشکێت کە وەک کەڵە گایەک لە دەرگەی هۆڵەکەوە خۆی دەکات بە ژوورا)

**دایە گەورە:** کوا بڕکەکەم، کوا ڕۆڵە شیرینەکەم!

**باوە گەورە:** ببورن، ئەو ڕادیۆیە دابگیرسێننەوە!

(هەر هەموویان قا قا پێ دەکەنن. باوە گەورە بەوە ناسراوە کە بە نووکتە هێرش بکاتە سەر دایە گەورە و هیچ کەسێکیش هێندەی دایە گەورە بەو نووکتانە ناکەوێتە قاقای پێکەنین، ئەگەر چی گەلێک جار ئەو نووکتانە زۆر ڕووشکێنن بەڵام دایە گەورە دەبێت بەرگەیان بگرێت یاخۆ خۆی بە شتێکەوە سەرگەرم بکات تا بەسەرخۆی نەهێنێت. لەو بۆنەیەدا کە بۆنەیەکی گەلێک دڵخۆشکەرە، ئەو ترسەی کە لە دەرهەق تەندروستی باوە گەورە لە دڵیدا کۆبوبووەوە بەهۆی ئەو ڕاپۆرتە هەڵبەستراوەوە نەماوە و تەواوێک ڕەویووەتەوە، بە شێوازێکی پڕ لە شەرم و شێواوی بە ڕووی باوە گەورەدا دەتریقێتەوە و بە گەرموگوڕی بەرەو لای بڕک دەڕوات).

**دایە گەورە:** ئەوەتانێ. ئەوە جگەرگۆشەکەمە! ئەو شتە چییە کە بە دەستتەوەت گرتووە؟ ئەو پێکە تورِ بدە ڕۆڵەکەم، ئەودەست و مەچەکانەی تۆ بۆ ئەوە کراوە شتگەلێکی لەوە باشتریان پێ هەڵبگریت.

**گۆپەر:** بڕوانن، بڕک لە قسەی دەرنەچوو!

(برک گوێڕایەڵی دایە گەورە دەکات و پێکەکەی خاڵی دەکاتەوە و دەیداتە دەستی دایکی، جارێکی تر هەموویان پێ دەکەننەوە، هەندێکیان قا قا لێ دەدەن و هەندێکی تریش بە کپی).

**دایە گەورە:** ئۆی، تۆ کوڕێکی بەدخووی، تۆ، تۆ کوڕە بچکۆلە بەدخووەکەمیت. ماچێک بدە بە دایە گەورەی خۆت.

تۆ کوڕێکی بەدخوویت، تۆ! کە من تەماشات دەکەم، لە شەرما ڕووی خۆتم لێ وەردەگێڕیت، وا نییە؟

برک ئارەزوو ناکات کەس ماچی بکات و حەزیش ناکات کەس بەدەور و خولیا بێت، لەوە دەکات تێری لەوە خواردبێت! ڕۆڵەکەم ئەو دەزگەیە ڕۆشن بکە!

(برک تیڤییەکە ڕۆشن دەکات) من تیڤی ناکوژێنمەوە، ڕادیۆ ئەو تام و چێژەی نییە بەڵام تیڤیم گەلێک بەلاوە باشترە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم (لەسەر کورسییەک پان دەبێتەوە) ڕادیۆ بێکەڵکە، ها ها! ئێستا من بۆچی لێرەدا لێی پان بوومەوە؟ دەمەوێت بێم لە پاڵ خۆشەویستەکەمدا دابنیشم لەسەر قەنەفەکە و دەست بخەمە ناو دەستییەوە و کەمێک خۆشەویستی لەگەڵدا بکەم!

(دایە گەورە کراسێکی ناسکی ڕەش و سپی لەبەردایە کە پڕی لە نەخش و نیگاری ناوازەیە و بە جۆرێک لە ئاژەڵی کێوی دەشوبهێت، هەر لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا بە باقوبریقی ئەڵماس و مرواریییەکانی و درەوشانەوەی چاویلکەکە زێرینەکەی و دەنگە قەبەکەی و پێکەنینە بەرزەکەی باڵ بەسەر ژوورەکەدا دەگرێت.

باوه گــەوره به شــێــوەیەکی پەنهــان و بـه نیگەرانیــیــەکی پەنگخواردووی درێژخایەنەوە چاودێری دەکات).

**دایه گەورە:** (بەدەنگە قەبەکەی خۆیەوە) باوە، باوە، هێی لەگەڵ تۆمە باوە! دەستێکی خۆتم بدەرێ و یارمەتییەکم بدە لەم شوێنەی خۆم بەرز ببمەوە!

**باوە تووکە:** ئەمەش یەکێکی ترە لە ئاینوئۆینەکانی خۆت؟

**دایه گەورە:** ئاینوئۆینی چی؟ دەستێکتم بۆ درێژ بکە تا لەم جێگەیە بێمە دەرەوە...

(باوە تووکە دەستی بۆ درێژ دەکات. دایە گەورە دەستی دەگرێ و بە پێکەنینێکی قەبەوە بەرەو کۆشی خۆی کێشی دەکات) تا ئێستا قەشەیەکتان لە کۆشی ژنێکی قەڵەوا دیوە؟ هێی خەڵکینە پێم بڵێن تا ئێستا قەشەیەکتان لە کۆشی ژنێکی قەڵەوا دیوە؟

(دایە گەورە لە ناوچەکەدا ناوبانگێکی خراپی هەیە بەو جۆرە گاڵتە و گەپانە. مارگرێت بە خۆشیەکی زۆرەوە قوومێک لە شەرابەکەی "دوبۆنت" دەدات و تەماشای برک دەکات، بەڵام مەی و گۆپەر ئاماژەیەکی پڕ لە نیگەرانیی بەرانبەر ئەو گاڵتەیە دەگۆڕنەوە کە بە گاڵتەیەکی شیاوی نێو خێزانە خانەدانەکانی مەمفسی نازانن.

یەکێک لە خزمەتکارەکان کە هەردووکیان لە دەم دەرگەی هۆڵەکەدا وەستاون؛ لەیسی یان سۆکی بە دەم چاوگێڕانەوە شێوەی گارەگاری مریشکێک پێ دەکەنێ و چاوەڕوانی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کێک و شەمپانیای ئاهەنگەکە بهێنن. بەڵام باوە گەورە خۆشحاڵ نییە و مانایەک بۆ ئەو گاڵتەیە نابینێتەوە.

سەرباری ئەو بارە قورسەی کە بەهۆی ڕاپۆرتە پزیشکیەکەوە لە کۆڵی بووەتەوە بەڵام هێشتا خەمگرانی ئەو بارە دژوارەی لێ نەڕەویووەتەوە و پێـوەی دیارە، بە دەنگی بەرز بەسـەر دایە گەورەدا دەنەڕێنێت).

**باوە گەورە:** دەکرێ واز لەو گاڵتەبازییە بهێنیت؟ تۆ هەم لە ڕێزەی ئەوەدا نەماویت و هەم ئەو قەڵەوییەشت ڕێی ئەو ڕەفتـارە منداڵانەیەت پێ نادات، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە هەر ژنێک بیکات بەو هەناسەسـواری و پاڵەپەستۆی خوێنەوەی کە تۆ هەتە، بێ سێ و دوو تووشی ڕاوەستانی دڵی دەکات...

(مەی فوو بە کەڕەنای شادییدا دەکات).

**دایە گەورە:** فەرموون بۆ ئاهەنگی لە دایک بوونی باوە گەورە .

(هەردوو خزمەتکارە زنجییەکە بە چاکەتە سپییەکانیانەوە دێنە ژوورێ و پارچە کێکێکی گەورە کە مۆمیان لەسەر داگیرساوە؛ لەگەڵ چەند بووتڵی شەمپانیا کە شریتی زیوین بە دەمی بووتڵەکانەوە دەبینرێت، دێننە ژوورێ. مەی و گۆپەر گۆرانی دەڵێن و هەر هەموو میوانەکان بە خزمەتکار و منداڵەکانیشەوە لەگەڵیان دەڵێنەوە، تەنیا بڕک نەبێت کە لە دوورەوە گۆشەنشین دەمێنێتەوە.

ئاهەنگی لەدایکبوونت پیروز بێت..

پیرۆز بێ ڕۆژی لەدایکبوونت..

ئاهەنگی لە دایکبوونت پیرۆز بێ ئەی باوە گەورە...).

(هەندێک گـۆرانی "باوە گـەورەی ئازیز دەڵێن: ئاهەنگی لەدایکبوونت پیرۆز بێت" هەندێکی تریان گۆرانی "تەمەنت درێژ

و درێژتر بێت" دەڵێن. مەی دێتە پێشەوەی شانۆوە و هەر وەک دەستەیەکی کۆراڵ، منداڵەکانی ڕێک دەخات و بەدەنگێکی بیستراو "یەک، دوو، سێ" ئاماژەیان پێ دەدا و منداڵەکان ئاوازێکی تازە دەچرن).

منداڵەکان: سکینا مەرینکا.. دینکا.. دینک

سکینا مەرینکا.. دوو

ئێمە خۆشمان دەوێی.

سکینا مەرینکا.. دینکا.. دینک

سکینا مەرینکا.. دوو

(جارێکی تر هەموویان دەگەڕێنەوە سەر گۆرانی "باوە گەورەی ئازیز").

تۆ باوە گەورەی!

(وەک تیپێکی کۆراڵی کۆمیدی دەگەڕێنە دواوە و دێنە پێشەوە).

ئێمە لە سپێدەدا خۆشمان دەوێی

لە دەمی شەوێدا خۆشمان دەوێی.

خۆشمان دەوێی کاتێ لەگەڵ تۆداین

کاتێکیش لە پێش دەمماندا نیت هەر خۆشمان دەوێیت.

سکینا مەرینکا.. دینکا.. دینک

سکینا مەرینکا.. دوو

(مەی ئاوڕ لە دایە گەورە دەداتەوە).

هەروەها دایە گەورەش!

(دایە گەورە فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە. دوو خزمەتکارە

زنجیەکە دەڕۆنە دەرەوە).

**باوە گەورە:** ئایدە، پێم ناڵێ ئەم لوشکە لوشکەت لە چییە؟

**مەی:** تەنیا ئەوەیە کە دڵی خۆشە.

**دایە گەورە:** من دڵم زۆر خۆشە، باوە گەورە؛ لە خۆشیدا فرمێسک لە چاوما بەنگ نابێ.

(لە پڕێکدا بە دەنگێکی بەرز و بەوپەڕی هێمنییەوە).

بڕک، ئەو هەواڵە خۆشەت بیستووە دوکتۆر با، لەبارەی باوە گەورەوە لە تاقیگەوە بۆی هێناوین؟

ئەوەی نەخۆشی بێت باوە گەورە نییەتی!

**مارگرێت:** ئەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر نییە؟

**دایە گەورە:** ئەوەی خەوش بێت لە گیانی باوە گەورەدا نییە، هەموو تاقیکردنەوەکان بە خاوێنی هاتوونەتەوە. ئێستا بۆمان ڕوون بووەتەوە بێجگە لەوەی ڕیخۆڵەکانی تووشی گرژبوون هاتوون هیچی کەی نییە، ئێستا بۆم دەکرێ لە شتێک ئاگەدارت بکەمەوە، ئەوکاتەی باوە گەورە نەخۆش بوو، من بەسەر ئەم دنیایەوە نەبووم؛ لەوە دەترسام خوانەخواستە کە نەخۆشییەکی خراپی وەک.....

(مارگرێت بەدەم هاوارکردنەوە لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە و قسەکەی پێ دەبڕێت).

**مارگرێت:** بڕک، ئازیزەکەم؛ بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی باوە گەورەوە دیارییەکەی خۆتی پێشکێش ناکەیت؟

(بەرەو لای بڕک دەڕوات و پێکەکەی لێ ڕادەپسکێنێت.

پاکەتێکی پێ چراوە هەڵدەگرێت).

باوە گەورە، ئەوە دیاری برکە!

**دایە گەورە:** ئەم ئاهەنگە گەورەترین ئاهەنگی لەدایکبوونی باوە گەورەیە کە بە هەموو تەمەنی بۆی کرا بێت، سەدان دیاری و نامەی پیرۆزبایی لە لایەن...

**مەی:** (لە هەمان کاتدا) برک، دەزانی دیارییەکەت چییە؟

**گۆیەر:** بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە گرەو دەکەم برک بۆ خۆی نازانێ چی تێدایە.

**دایە گەورە:** یەکێک لە خۆشییەکانی دیاری ئەوەیە نەزانی چی تێدایە تا بۆ خۆت دەیکەیتەوە. باوە گەورە دیارییەکەت بکەرەوە.

**باوە گەورە:** تۆ بۆ خۆت بیکەرەوە. من دەمەوێت شتێک لە برک بپرسم! برک وەرە ئێرەوە.

**مارگرێت:** برک، باوە گەورە لەگەڵ تۆیەتی.

(پاکەتی دیارییەکە دەکاتەوە)

**برک:** بە باوە گەورە بڵێ کە من شەلبووم.

**باوە گەورە:** من دەتبینم شەلبوویت. دەمەوێت بزانم بۆچی وا شەلبوویت.

**مارگرێت:** (فێڵێک دەسازێنێ بۆ گۆڕینی بابەتەکە) ئۆوو، ئۆوو، تەماشا بکەن، ڕۆبێکی خورییە!

(ڕۆبەکە دەکاتەوە تا هەموویان بیبینن).

**مەی:** ناشێ پێت سەیر بێت، ماگی.

**مارگرێت:** من تا ئێستا ڕۆبێکی ئاوام نەدیووە.

**مەی:** هەهە، لەو شۆخییە!

**مارگریت:** (بەخەندەیەکی گەشاوەوە، دڕندانە لێی دەڕوانێت) بۆچی ئەوە بە شۆخی دەبینی؟ لەوەتەی خێزانی ئێمە خێزانە، ڕۆبمان هەبووە و تا ئێستاشی پێوە بێت ڕۆبی خووری؛ شاگەشکەم دەکات!

**باوە گەورە:** (بە ڕەشبینییەوە) بیبڕنەوە!

**مەی:** (بە شێتگیرییەوە بەبێ ئەوەی ڕێز بۆ کەس دابنێ) من نازانم چۆن دەتوانی خۆت ئاوا سەرسام نیشان بدەی لە کاتێکدا شەموو ڕابردوو لە مەمفس بۆ خۆت لە لۆنشتین کڕیت. دەتەوێ بزانی من ئەوەم لە کوێوە زانی؟

**باوە گەورە:** پێم گوتن بیبڕنەوە!

**مەی:** من ئەوەم لەو کچە فرۆشیارەوە زانی کە ئەو ڕۆبەی پێ فرۆشتی، ڕێم کەوتە لای و پێی گوتم؛ ئۆو خاتوو پۆلیت هێورژنەکەت لێرە بوو، ڕۆبێکی خوری بۆ خەزووری هەڵگرت!

**مارگریت:** خۆشکێ! تۆ گوناهە ئەو هەموو توانایەی خۆت بە کاری ناومال و بەخێوکردنی منداڵەوە بەفیڕۆ دەدەیت، لە ڕاستیدا تۆ دەبوو لەگەڵ ئێف بی ئای دا ئیشت بکردایە یان...

**باوە گەورە:** بێدەنگی لێ بکەن!

(کاردانەوەی باوە تووکە لە هەر کەسێکی تر خاوترە، ڕستەکەی لە دوای پێکەنینەکەی تەواو دەکات)

**باوە تووکە:** (بۆ دوکتۆر با) مریشکەکان کەوتنە شەڕە دەنووک.

(بە خۆشییەکەوە دەست دەکات بە پێکەنین، کاتێک هەست بە

کشوماتی و خێسەی باوە گەورە دەکات پێکەنینەکەی لەسەر لێوان دەمرێت).

**باوە گەورە:** قەشە، هیوام وایە قسەکانتم لەسەر تابلۆ شووشەیی و مێژووییەکان پێ نەبڕی بیت، خۆ قسەم پێ نەبڕیت؟

(باوە تووکە بە لاوازییەکەوە پێدەکەنێ و دواتر لە بێدەنگییەکی پڕ شەرمەزارییدا کۆکەیەکی وشکی دێتێ).

جەنابی قەشە؟

**دایە گەورە:** باوە گەورە، سەر مەکەرە سەر قەشە!

**باوە گەورە:** (دەنگی بەرز دەکاتەوە) تۆ قەت ئەوەت بیستوە کە دەڵێن؛ بەو هەمـوو خـۆ گـیـڤکردنـەوەیەدا وام زانی شـێـر بە گـوێچگە دەگـریت؟ تۆ بەو کـۆکـە وشکەی خـۆت ئەو پەندەت بە بیـر هێنامـەوە کە دەڵێت، بەو هەمـوو خۆ گیڤکردنەوەیەدا وامزانی شێر بە گوێچگە دەگریت.

(وچانێک کـە تەنیـا پێکەنینـە کـورت و لەپڕەکـەی مـارگـرێت دەیشکێنێت، تەنیا هەر ئەو لەوە تێدەگا و پێکەنینی پێی دێت).

**مەی:** (مەچەکی بەرز دەکاتەوە و بازنەکانی دەزرنگێنێتەوە) تۆ بڵێی ئەم شەو مێشوولەی نەبێت؟

**باوە گەورە:** گوتت چی، دایە بچکۆل؟ چ تێبینییەکت دا؟

**مەی:** بەڵێ، گوتم تۆ بڵێی ئەگەر بۆ تاوێک بچینە دالانەکەوە مێشووله هەموو گیانمان نەخوات.

**باوە گەورە:** ئەگەر گیانی تۆیان خوارد ئەوا ئێسقانەکانت دەهاڕم و دەیانکەم بە پەینی کیمیاویی.

**دایه گەورە:** (لە پڕێک) هەفتەی ڕابردوو بە هێلیکۆپتەر دەرمانیان بەم ناوەدا ڕشت و پێم وایە هەرچی گەرای مێشوولە بێ کوشتبێتیان؛ تا ئێستا من هەستم بە.....

**باوە گەورە:** (قسەکەی پێ دەبڕێت) بڕک، شتێکیان پێ گوتوم، ئەگەر ئەوەی پێیان گوتوم ڕاست بێت، گوایە تۆ لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا بازت بەسەر ستوونەکاندا داوە؟

**دایە گەورە:** بڕک، باوە گەورە لەگەڵ تۆ قسە دەکات ڕۆڵە.

**بڕک:** (بە پێکەکەیەوە بە شیرینیەوە پێ دەکەنێ) باوە گەورە، چیت گوت؟

**باوە گەورە:** پێیان گووتوم گوایە دوێنێ شەو لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا بازت بەسەر ستوونەکاندا داوە؟

**بڕک:** هەمان شتیان بە خۆشم گوتوە.

**باوە گەورە:** باشە لەوێ بازت داوە یان خەریکی پیاسەکردن بووی؟ لە دەمژمێری سێی بەرەبەیانیدا لەو جێگەیەدا خەریکی چی بووی، خەریکی ئافرەت گەوزاندن بووی؟

**دایە گەورە:** باوە گەورە تۆ چی دی لە ڕێزی نەخۆش دانانرێیت و ناشتبەخشم ئاوا بەو جۆرە قسە بکەیت کە...

**باوە گەورە:** بێدەنگ بە!

**دایە گەورە:** ئاوا قسەی ڕەق مەکە لەپێش دەم قەشە و...

**باوە گەورە:** بێدەنگ بە! بڕک من ئەوەت لێ دەپرسم، بەو شەوە لەو گۆڕەپانەدا خەریکی ئافرەت گەوزاندن بووی؟

پێم وایە سەرقاڵی ڕاوەدوونانی ئافرەتێک بوویت و لە گەرمەی

ئەو بێنە و بەردەیەدا قـاچت ڕەتی بـردووە و هەڵخلیـسکاویت... وانییە؟

(گۆپەر بە دەنگێکی بـەرز و بە شێوەیەکی نەسـازانە پێ دەکەنێ، ئەوانی تـریش بە دڵەڕاوکـێـوە بە دوایدا پێ دەکـەن. دایە گـەورە قاچێکی دەکێشێت بە زەوییەکەدا و سـەری بەرەو لای مەی درێژ دەکـــات و ڕازێکـی بـۆ دەچرپـێـنێـت، بـرک بـەرەنـگاری نـیگا دژوارەکانی باوە گەورە دەبێتەوە و زەردەیەکی گەشاوە و ناسک دەکەوێتـە سەر لێوەکانی؛ هـەمـان زەردەیە کە زۆر کات لـە پشتی پێکەکەیەوە نیشانی دەدات).

**برک:** نەخێر گەورەم، بڕوا ناکەم وا بووبێت...

**مـەی:** (هـەمـان ساتەوەخت و بە گـەرمـوگـوڕی) باوە تووکـە با من و تۆ پێکەوە بچـینە دالانەکـە و بەدەم پـیـاسـەکـردنێکەوە هـەوایەکی خاوێن هەڵمژین.

(لەو کـاتەی باوە گەورە بەردەوامـە لە قسـەکـردن، مـەی و قـەشـە پێکەوە بەرەو دالانەکە دەڕۆن).

**باوە گـەورە:** دە کـەواتـە پێم بڵـێ مـاڵکـاول بەو بەرەبەیانیـیـە زووە لەو شوێنەدا خەریکی چی بوویت؟

**برک:** بەسـەر سـتـوونەکـانـدا بازم دەدا، باوە گـەورە. ڕام دەکـرد و بازم دەدا؛ بەڵام ئێستا ئەو ستوونانە بۆ من زۆر بـەرزن.

**باوە گەورە:** لەبەرئەوەی سـەرخۆش بوویت؟

**برک:** (پێکەنینـەکـەی کـەمێـک کـاڵتر دەردەکـەوێت) هوشـیـار بوومـایە لە پێشدا بازم بەسەر ستوونە نزمەکاندا دەدا...

**دایە گەورە:** (بە کتوپڕی) باوە گەورە مۆمەکانی جەژنی لەدایکبوونت بکوژێنەرەوە!

**مارگرێت:** (لە هەمان ساتەوەختدا) با بۆنەی شەست و پێنجەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پۆلیتی باوە گەورەوە، گەورەترین جووتیاری لۆکە؛ پێکەکانمان هەڵدەین.

**باوە گەورە:** (بەدەم نەفرەت و بێزارییەکەوە دەنەڕێنێت) پێم گوتن بێدەنگ بن، ئەمەویٚ بێدەنگ بن، واز بێنن لەو...

**دایە گەورە:** (دایە گەورە بە پارچە کێکەوە دێتە بەردەم باوە گەورە) باوە گەورە من ڕێگەت پیٚ نادەم ئا بەو جۆرە بدوێیت، تەنانەت لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی خۆشتدا، من...

**باوە گەورە:** ئایدە، من نەک هەر لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی خۆمدا بگرە لە هەر ڕۆژێکی نەفرەتی تریشدا بێت چۆنم پیٚ خۆش بێت ئاوا دەدوێم و هەر کەسێکیش ئەوەی پیٚ قبووڵ نییە، ئەوا دەرگە لە سەرپشتە!

**دایە گەورە:** تۆ بە مەبەستتەوە ئەو قسەیەت نەکرد!

**باوە گەورە:** چی وا لیٚ کردووی پێت وابێت من بە مەبەستەوە ئەو قسەیەم نەکردووە؟

(لەو ساتەوەختەدا لێرە و لەویٚ چەند ئامـاژەیەک دەگۆڕنەوە، گۆپەریش بەرەو دالآنەکە دەڕواتە دەریٚ).

**دایە گەورە:** من ئێستا بە تەواوی دڵنیا بووم کە شۆخی دەکەیت.

**باوە گەورە:** تۆ لە هیچ شتێک تیٚ ناگەیت و هەرگیزیش لە هیچ تیٚ نەگەیشتویت!

**دایە گەورە:** باوە گەورە، تۆ ئەو قسەیەت بە مەبەستەوە نەکرد.

**باوە گەورە:** ئۆو، بەڵێ من بە مەبەستەوە کردم، من مەبەستم بوو! من بەرگەی ئەو هەموو گەندوو گووەی ئێرەم گرت هەر لەبەرئەوەی پێم وابوو ئیتر کۆتاییی ژیانمە. تۆش پێت وابوو من دەمرم و ئیتر خۆت دەستەڵات دەگریتە دەست. باشە ئێستا دەتوانیت دەستبەرداری ئەو دەستەڵاتە بیت، ئایدە؛ لەبەرئەوەی من نامرم. ئێستا دەکرێ واز لەو مەرامە بهێنیت کە دەستەڵات بۆ خۆت قۆرخ بکەیت، لەبەرئەوەی دەستەڵات ناگریتە دەست؛ لەبەرئەوەی من نامرم. من بەناو تاقیگەدا تێپەڕیم و ئەو نەشتەرکارییە بەراییە نەفرەتیەشم کرد و ئەوەی خەوش بێ لە مندا نییە، هەر ئەوەیە تووشی تۆزقاڵێک گرژبوونی ڕیخۆڵە هاتووم. وەک ئەوەی تۆ پێت وابوو، من بە نەخۆشی شێرپەنجە نامرم، پێت وانەبوو؟ ئایدە تۆ پێت وانەبوو من بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرم؟

(زۆربەی ئەوانەی لە هۆڵەکەدا بوون چوونەتە دالانەکەوە و تەنیا ئەو دوو پیرە نەبێ کە پێکەوە ماونەتەوە و لەمبەر و بەری کێکە داگیرساوەکەوە بەیەکدا هەڵدەشاخێن. دایە گەورە هەناسە برکێی پێ دەکەوێ و دەست دەگرێ بە دەمیەوە. باوە گەورە بەهەمان تووڕەیی خۆیەوە بەردەوامە).

پێت وانەبوو، ئایدە؟ ئەوە لە مێشکتدا نەبوو من بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرم و تۆش سووک و ئاسان بۆت دەلوێ ئەم شوێنە بە هەرچی کەلوپەلێکەوە کە تێدایەتی بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە؟ من تەواو هەستم بەوە کردبوو، ڕوون و ئاشکرا بەوەم دەزانی. بەو دەنگە زل و قەبەیەتەوە کە لێرە و لەوێ دەبیسترێ،

بەو جەستە تێک سمڕاو و قەڵەوە داڕزاوەتەوە کە بەدوای خۆتدا کێشی دەکەیت!

**دایە گەورە:** ششششش، قەشە گوێی لێت دەبێت!

**باوە گەورە:** چاوی قەشە دەردەهات!

(دایە گەورە هەناسەبڕکێکەی زیاد دەکا و لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت کە بۆ ئەو زۆر تەسک و بچکۆلە دیارە) گوێت لێ بوو چیم پێ گوتیت؟ گوتم چاوی قەشە دەردەهات!

(کەسێک لە دیوی تارمەکەوە دەرگەکە دادەخاتەوە و لە هەمان کاتیشدا گوێمان لە دەمە قاچان و قریواندنەوەی منداڵان دەبێت).

**دایە گەورە:** من تا ئێستا نەمدیوە بەم شێوەیە مامەڵە بکەیت و ناشزانم چیت لێ بەسەر هاتووە!

**باوە گەورە:** من بە هەموو ئەو نەشتەرکاری و تاقیکردنەوانەدا تێپەڕیم تەنیا هەر بۆ ئەوەی بزانم من و تۆ لێرەدا کاممان سەروەرین! باشە، ئەوا ئێستا ڕوون بووەوە ئەوە منم لێرەدا سەروەرم نەک تۆ.. ئەوە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی منە..

ئەوەش کێک و شەمپانیای منە! ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێ تۆ لێرەدا رکێفی هەموو شتێکت بەدەستەوە گرتووە.

قسە دەکەیت. فەرمان دەدەیت. ئەو جەستە پیر و داڕزاوەت بەم شوێنەدا دەهێنی و دەبەیت کە من دروستم کردووە!

من ئەم شوێنەم دروست کردووە! من لەم شوێنەدا سەرکار بووم! من سەرپەرشتی کێڵگەکەی سترۆی پیرەمێرد و ئۆچیللۆم

دەکرد. من لە دە ساڵییەوە وازم لە خوێندن هێنا! لە دەساڵییەوە دەستم لە خوێندن هەڵگرت و هەروەک ئاژەڵێک لەناو کێڵگەکاندا شانم دایە بەر کار تا ئەو کاتەی لە کێڵگەکەی ستروٚ و ئۆچیللۆدا بوومە سەرکار. ستروٚی پیرەمێرد مرد و لەگەڵ ئۆچیللۆدا بوومە هاوبەش و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێڵگەکە وردەوردە گەورە دەبوو، گەورەتر دەبوو... گەورەتر و گەورەتر! بەبێ هیچ دەستگیرۆییەکی تۆ، هەر بەتەنیا خۆم بەو کارەدا ڕاپەرمووم؛ ئێستاش تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگریت. باشە، ئەوا ئێستا من پێت ڕادەگەیەنم کە تۆ بە هیچ جۆرێک دەست بەسەر هیچ شتێکدا ناگریت، تۆ دەست بەسەر هیچ شتێکی نەفرەتییدا ناگریت. ئەوەت لە لا ڕوونە ئایدە؟ ئێستا بەتەواوی ئەوەت بۆ دەرکەوت ئایدە؟ بەتەواوی لەوە تێگەیشتیت؟ لە سەرەتاوە تا کۆتاییی خۆم بۆ ئەو تاقیگەیە شل کرد و بەرگەی ئەو نەشتەرکارییە هیچ و پووچەشم گرت، لە گوێز ساخترم و تەنیا کەمێک ڕیخۆڵەکانم گرژبوون و هیچی تر.. پێم وایە ڕیخۆڵەکانم لەتاو بێزاری تووشی گرژبوون هاتوون، بەهۆی ئەو هەموو درۆیانەوە، بە هۆی ئەو هەموو درۆزنانەوە کە دەبێ لەگەڵیاندا هەڵبکەم، بەهۆی ئەو هەموو ڕیاییەوە من بۆ ماوەی چڵ ساڵە لەگەڵ تۆدا بردوومەتە سەر! هێی ئایدە!!

فوو لەو مۆمانە بکە کە لەسەر ئەو کێکە دەسووتێن! گوومپەکانت پڕ بکە لە هەواو فوویەکی قووڵ لەو مۆمە هیچ و پووچانەی سەر ئەو کێکە بکە و بیانکوژێنەرەوە!

**دایە گەورە:** ئۆی، باوە گەورە، ئۆی لە تۆ، ئۆی، ئۆی باوە گەورە!

**باوە گەورە:** تۆ بۆچی وا دەکەیت؟

**دایە گەورە:** بە درێژاییی ئەو هەموو تەمەنەی پێکەوە بردوومانەتە سەر تا ئێستا باوەڕت بەوە نەهێناوە کە من خۆشم دەوێیت؟

**باوە گەورە:** هەی؟

**دایە گەورە:** خۆشم ویستوویت، هەر زۆر زۆریش، باوە گەورە خۆشم ویستوویت.. تەنانەت تووڕەیی و کەڵەڕەقییەکانیشتم خۆش ویستووە!

(دەگری و بە دڵتەنگییەوە بەرەو دالانەکە دەڕواتە دەرێ).

**باوە گەورە:** (بۆ خۆی) ئەوە مەخسەرە نییە ئەگەر بێتو ڕاست بێت.....

(ئاسمان بە درەوشانەوەی دەمەقاچان و فیشەکە شێتە ڕووناک دەبێتەوە و وچانێک بە دوایدا دێت).

برک! هێی برک! (لە نزیک کێکە ڕوناکەکەوە ڕادەوەستێت).

(پاش تاوێک بە شەلەشەل برک بە دارشەقەکەییەوە دێت و پێکەکەی بەدەستەوەیە).

(مارگرێت بەدەم خەندەیەکی گەشاوە و نیگەرانەوە بە دوایدا دێت).

ماگی من تۆم بانگ نەکردووە، برکم بانگ کرد.

**مارگرێت:** من تەنیا برکم بۆ هێنای.

(مارگرێت دەمی برک ماچ دەکات و برکیش بە خێراییی و بە پشتی دەستی دەمی دەسڕێتەوە. مارگرێت بە نازێکی کچانەوە دەڕواتە دەرێ. برک و باوکی بە تەنیا لە ژوورەکەدان).

**باوه گەورە:** بۆچی وات کرد؟

**برک:** چیم کرد، باوه گەورە؟

**باوه گەورە:** هەروەک ئەوەی تفی تێ کردبیت ماچەکەیت لەسەر دەمت سڕییەوە.

**برک:** نازانم، ئەوە بێمەبەست بوو.

**باوه گەورە:** ژنەکەی تۆ لە ژنەکەی گۆپەر شەنگ و شۆخترە بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە هەردووکیان بەیەک دەچن.

**برک:** باوه گەورە، لە چ ڕوویەکەوە بەیەک دەچن؟

**باوه گەورە:** نازانم چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە بەڵام لە شتێکدا بەیەک دەچن.

**برک:** دۆستانە نایەنە پێش چاوت، وا نییە؟

**باوه گەورە:** نەخێر، بە هیچ جۆرێک.

**برک:** هەروەکو پشیلە نائارامن؟

**باوه گەورە:** زۆر ڕاستە، هەر وەکو پشیلە نائارامن.

**برک:** هەروەک جووتێ پشیلەی قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم نائارام دێنە پێش چاو؟

**باوه گەورە:** ئەوە ڕاستە، ڕۆڵە؛ وەک جووتێ پشیلەی قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم نائارام دێنە پێش چاو. شتێکی سەیرە تۆ و گۆپەر لە هیچ شتێکدا بەیەک ناچن کەچی هەردووکتان یەک جۆر ژنتان بە تووشەوە بوو.

**برک:** هەردووکمان ژنی ناو ئەم کۆمەڵگەیەمان هێناوە، باوه گەورە!

**باوه گەورە:** گەندوگوو... نازانم بۆچی هەردووکیان وەک یەک دەنوێنن؟

**بڕک:** باشـــه، بـاوه گـــەوره، ئـەوانه لەنـاو پارچـه زەوییـــەکی گـــەوره و فراواندا دەژین، بیست و هەشت هـەزار ئەیکەر زەوی شـتـێکی زۆره و بەڕاسـتی گـاڵتـەی لەگـەڵ ناکرێت؛ چـاویان لەوەیه و هـەر یەکـێکیـان هـەوڵ دەدات لە دوای تۆ دەست بەسـەر گـەورەتـرین بەشیدا بگرێت بۆ خۆی.

**باوه گەوره:** ئەگەر مـرخی خۆیان لەوه خۆش کـردووه، دەبێ بەو داخەوه سـەربنێنەوه؛ تا ئەوەنـدەی بەخۆ بکەوم ناهێڵم ئەو مـەرامـەیان بۆ بێتە دی.

**بڕک:** زۆرم پێ باشـــه باوه گـــەوره، هـەوڵ بده دان بـه خـــۆتدا بـگری. کارێکی وا بکه چاوی یەکتری لەسـەر هەڵبکۆڵن...

**باوه گەوره:** دڵنیـابه دان به خۆمـدا دەگرم و کارێکی وا دەکەم ئەو هیچ و پووچانه بکەونه هەڵکۆڵینی چاوی یەکتری.

هـه هـا هـا هـا.... بەڵام ژنەکــــەی گـــــۆپـەر منداڵی زیاتـری خـستـووەتەوه، دەبێت ئەوەت لە بەرچاو بێت ئەو سکوزا دەکات. به نەفرەت بێ، ئەم ئێوارەیه لـه دەمی شـێواندا هـەر هەمـوویانی هێنابووه سـەر مـێزی نانخـواردنەکه و بەهەزار حـاڵ جـێگەیان دەبووەوه. پێنج سەر منداڵی خستووەتەوه و دانەیەکی تریشـیان به ڕێگەوەیه...

**بڕک:** بەڵێ، ژماره شەشیان به ڕێگەوەیه...

**باوه گەوره:** شـەش ئەژدیها، لەوانەیه ئەمجارەش منداڵێکی تر بخاتەوه. دەزانی بڕک سـوێند به خـوای گەوره دەخـۆم، بۆ خـۆشم نازانم ئەوه چۆن ڕوویدا؟

**بڕک:** مەبەستت لەوه چییه باوه گەوره؟

**باوە گەورە:** بەهەزار بێنە و بەردە و ئەمسەلا و لا، پارچە زەوییەک بەدەست دەهێنیت، گەورەی دەکەیت و پەرەی پێ دەدەیت و لە چاوتروکانێکدا هەر ئەوەندەی هەستی پێ بکەیت و نەکەیت لە دەستت دەچێت، هەر بە تەواوی لە دەستت دەڕوات!

**برک:** باشە، باوە گەورە؛ هەروەکو دەڵێن سروشت خۆشی بە چۆڵەوانی نایەت.

**باوە گەورە:** بەڵێ وا دەڵێن بەڵام پێم وایە هەندێک جار چۆڵەوانی گەلێک لەو شتە دۆزەخیانە باشتر بن کە جێیان دەگرنەوە. کەسێک لەو دیوو دەرگەکەوە ڕاوەستاوە؟

**گۆپەر:** هێی، مەی.

**برک:** لەوە دەکات.

**باوە گەورە:** کێیە؟

(دەنگی نزم دەکاتەوە).

**برک:** کەسێک حەز دەکات بزانێت ئێمە باسی چی دەکەین.

**باوە گەورە:** گۆپەر؟ گۆپەر؟

(لە دوای تێپەڕینی وچانێکی فریودەرانە، مەی لەو دیوو دەرگەی دالانەکەوە دەردەکەوێت) .

**مەی:** گۆپەرت بانگ کرد، باوە گەورە؟

**باوە گەورە:** ئۆوو، ئەوە تۆ بوویت؟

**مەی:** بانگی گۆپەرت کرد، باوە گەورە؟

**باوە گەورە:** نەخێر، تۆشم ناوێت. دەمەوێت لەم کاتەدا کە گفتووگۆیەکی تایبەتیم لەگەڵ برکی کوڕمدا هەیە کەمێک

ئازادیم هەبێت. ئێرە زۆر گەرمە ناکرێ دەرگەکان دابخەم، پێم بڵێ ئەگەر پێت وایە بۆم ناکرێ بۆ ماوەیەک لەگەڵ برکی کوڕمدا تەنیا بمێنمەوە ئەوا ناچار دەبم ئەو دەرگە نەفرەتیانە پێوە بدەم. من خۆشیم بەو کەسانە نایەت خۆیان لە خەڵکی تر مەڵاس دەدەن. ڕقم لە هەموو جۆرە خۆگرتن و خۆمەڵاس دانێکە.

**مەی:** بۆچی وا دەڵێی، باوە گەورە ....

**باوە گەورە:** سێبەرەکەتم لەژێر تیشکی مانگە شەوەکەدا بینی!

**مەی:** من تەنیا هەر ئەوە بوو...

**باوە گەورە:** تۆ تەنیا هەر ئەوە بوو خۆتت لێ مەڵاس دابووین، بۆ خۆشت ئەوە باش دەزانیت!

**مەی:** (هەناسە هەڵدەکێشێ و دەگری) ئۆی باوە گەورە تۆ بەبێ هیچ هۆیەک لەگەڵ ئەو کەسانەدا زۆر دڵڕەقی کە بە ڕاستی خۆشیان دەوێی!

**باوە گەورە:** دەمت داخە و بێدەنگبە، بێدەنگبە! من، تۆ و گۆپەر لەو ژوورەی ئەو دیوو دەگوێزمەوە! ئەوە بە هیچ جۆرێک پێوەندیی بە ئێوەوە نییە کە بەشەو لەم ژوورەدا لە نێوان برک و ماگیدا چی ڕوو دەدات. ئێوە شەوانە هەروەکو دوو مشک گوێ بە دیوارەکانەوە هەڵدەخەن و ئەوەی دەیبیستن و نایبیستن دەچن بۆ دایە گەورەی دەگێڕنەوە، ئەویش دێت و ئەوەی هەیە و نییە لەبارەی ماگی و برکەوە بە نووکە نووک بۆ منی دەگێڕێتەوە، ئای خوای گەورە، منتان توشی سەد دەرد و خەم کردووە.

من بە زووترین کات تۆ و گۆپەر لەو ژوورەی ئەو دیوو دەگوێزمەوە، من ناتوانم بەرگەی ئەم خۆمەڵاسدان و گوێ

هەڵخستە بگرم، خەریکە لە تاوا دەڕشێمەوە...

(مەی سەری خۆی بۆ پشتەوە دەبات و چاوی دەبڕێتە ئاسمان و هەردوو دەستی والا دەکات وەک ئەوەی لە بەرانبەر ئەو تۆمەتە ڕەقانەی خراونەتە پاڵی، پەنابەرە و بەزەیی ئاسمان بەرێت. دەستڕێک بە ڕووییەوە دەگرێ و بە پرتاو لە ژوورەکە دەڕواتە دەرێ).

**برک:** (لەلای مەیخانەکەیەوە) گوێ هەڵدەخەن، وا نییە؟

**باوە گەورە:** بەڵێ، گوێ دەگرن و هەرچییەک لێرە لە نێوان تۆ و ماگیدا ڕوو دەدات دەیبەن بۆ دایە گەورەی دەگێڕنەوە.

دەڵێن کە... (دەوەستێ هەروەک ئەوەی شەرم لە وتنی بکات) گوایە تۆ ناتەوێ لەگەڵی بنوویت، تۆ بەجیا لەسەر قەنەفەکە دەنوویت؛ ئەوە ڕاستە یان نا؟ ئەگەر تۆ خۆشیت بە ماگی نایەت، دەستبەرداری بە! لەوێدا وەستاوی سەرقاڵێ چییت؟

**برک:** پێکێکی تازە ئامادە دەکەم.

**باوە گەورە:** ڕۆڵە دەزانی تۆ بەتەواوی گیرۆدەی خواردنەوە بووی؟

**برک:** بەڵێ، گەورەم، بەڵێ ئەوە دەزانم.

**باوە گەورە:** بەهۆی گیرۆدە بوونت بە خواردنەوەوە خۆت لە کاری بێژەری وەرزش دوورخستەوە.

**برک:** بەڵێ، گەورەم، گومانی ئەوە دەکەم.

(لە ساتەوەختی ئامادەکردنی پێکەکەیدا بەنازکی و بە شێوەیەکی ناڕۆشن بۆ باوکی پێ دەکەنێت)

**باوە گەورە:** ڕۆڵەکەم، مەسەلەکە لە گومان گەورەترە.

**برک:** (بەنارۆشنییەوە) بەڵێ، گەورەم.

**باوە گەورە:** گوێم لێ بگرە، خۆت بە تەماشاکردنی ئەو چلچرا نەفرەتییەوە خەریک مەکە... (وچانێک، دەنگی باوە گەورە بەرزە)

لەگەڵ شتێکی تریشدا بوو لە مەزادێکی گەورەدا لە ئەورووپا کڕیمان. (وچانێکی تر) ژیان زۆر بە نرخە.

هیچ شتێک نییە ئەوەندەی ژیان بە نرختر بێت. ئەو پیاوەی دەخواتەوە یاری بە ژیانی خۆی دەکات. کوڕەکەم گرینگی بە ژیانی خۆت بدەو گاڵتەی پێ مەکە. هیچ شتێک نییە ئەوەندەی ژیان جێگەی بایەخ بێت... لێرەدا دانیشە با ناچار نەبین دەنگمان بەرز بکەینەوە، لەم شوێنەدا دیوارەکانیش لووت و گوێیان لێ ڕواوە.

**برک:** (بەهەنگەشەلێ دەڕوات و لە تەنیشتییەوە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت) چۆنت پێ خۆشە، با وابێت باوە گەورە .

**باوە گەورە:** وازت لێ هێنا! ئەوە چۆن ڕوویدا؟ بێ هومێد بوویت لێی؟

**برک:** دڵنیا نیم، تۆ پێت وایە؟

**باوە گەورە:** ئای خوای گەورە، من لە تۆ دەپرسم! بە خاتری خوا من چۆن ئەوە بزانم کە تۆ خۆت هیچی لەبارەوە نەزانیت؟

**برک:** تەنیا هەر ئەوە بوو چوومە ئەوێ، هەستم بەوە کرد ناو دەمم پڕ بووە لە لۆکە. هەردەم قەدەرێک لە دوای ئەو ڕووداوانەوە بووم لەناو یاریگەکەدا ڕوویان دەدا و ئیتر ئەوە بوو کە من...

**باوە گەورە:** وازی لێ بهێنیت!

**برک:** (بەنازکییەوە) ئەرێ، وازی لێ بهێنم.

**باوە گەورە:** ڕۆڵە؟

**برک:** ها؟

**باوە گەورە:** (مژێکی قووڵ لە سیگارەکەی دەدا و لە پڕێکدا کەمێک دەنووشێتەوە و هەناسەیەک دەداتەوە و دەستی بە ناوچەوانییەوە دەگرێت) واو! ها ها! دوکەڵێکی زۆرم هەڵمژی، هەستم کرد مێشکم دەسووڕێتەوە... (زەنگی کاتژمێری سەر ئاگردانەکە دێت) بە نەفرەت بێ بۆچی ئاوا سەختە خەڵک بتوانێ قسە بکات؟

**برک:** ئاخر... (کاتژمێرەکە زۆر بە شیرینی درێژە بە لێدانی زەنگەکانی خۆی دەدات تا دەگاتە ژمارە دە) زەنگێکی زۆر هێواش و لەسەرخۆیە، پێم خۆشە هەموو شەوێک گوێی لێ بگرم... (بە نەرمی و بەوپەڕی ئیسراحەتەوە لەسەر پێخەفەکە ڕادەکشێ؛ باوە گەورە بە ئازارێکی خەفەکراوەوە لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە و دەوەستێ، کاتێ دەدوێت هەموو ئاماژە و جووڵەکانی پڕی نائارامییە. لەو دەمەی بەهەناسە برکێوە بەشێوەیەکی نیگەران دەدوێت بە جۆرێکیش لە شەرمەوە تاو نا تاوێک دەڕوانێتە کوڕەکەی)

**باوە گەورە:** ئەو کاتژمێرەمان لەو هاوینەدا کڕی کە من و دایە گەورە لەو گەشتە نەفرەتییەدا چووین بۆ ئەورووپا، لە هەموو ژیانمدا کاتی ئاوا پڕ دەرد و مەینەتیم نەگوزەراندووە. با بۆت باس بکەم ڕۆڵە، لەوێ لەو ئوتێلانەدا بەردەستەکان هەر ئەوەیە چاوت ناهێننە دەرەوە. دایە گەورە هەر شتی دەکڕی و چاوی پڕ

نەدەبووەوە، ئەوەندەی شت کڕی ئیتر بە هیچ شتێک هەڵنەدەگیرا، ئەو هەموو گەندوگووە، لەو سەفەرەماندا بۆ هەر کوێیەک دەچووین، هەر شتی دەکڕی و کۆڵی نەدەدا.

بۆچی، نیوەی ئەو شتانەی کڕینی تا ئێستاش ئەوەتان لە کارتۆندا لەژێر زەمینەکە هەڵچنراون، لە ژێر بارانی بەهاری ساڵی پارا فڕێ دراوون. (پێ دەکەنێ) لەم سەرزەوینە، ئەوروپا بێ لە مەزادخانەیەکی گەورە هیچی تر نییە، بەڵێ مەزادخانەیەکە بۆ خۆی. هەر هەمووی شوێنی کۆن و دێرینەیە، هەمووی شتومەکی هیچوپووچ و نەفرەتییە، دایە گەورە هەر ئەوە نەبوو شێت و هار نەبێ، خۆ تۆ ناتوانی بە هیچ جۆرێک جڵەوی ئەو ئافرەتە بگریت! هەر شتی کڕی و کڕی و ئۆخەی نەکرد، خوا بەوە ڕەحمی کرد من دەوڵەمەند بووم، ئەوەتا نیوەی ئەوە شتومەکانەی کڕینی لە ژێرزەمینەکەدا خەریکە دەڕزێن. جێی خۆشحاڵییە کە من دەوڵەمەندم، بەڵێ پیاوێکی هەبووە و بەدارام، بەڵێ بڕک من پیاوێکی زۆر هەبووە و زەنگینم. (بۆ تاوێک چاوەکانی دەبریسکێنەوە) دەزانی من خاوەنی چەندم بڕک، تۆ شتێک بڵێ بڕک، پێشبینی ئەوە دەکەیت من خاوەنی چەند بم بڕک! (بڕک بەو پەڕی ناسکییەوە پێ دەکەنێت).

نزیکەی دە ملیۆن دۆلار پارەی دانراوم هەیە، بێ لەوەش خاوەنی بیست و هەشت هەزار ئەیکەر زەویم لە باشترین و بە پیتترین زەوییەکانی ئەم ناوچەیە. بەلام پیاو ناتوانێ ژیانیی خۆی بەوانە بکڕێتەوە، پیاو کە ژیانی گەیشتە کۆتاییی بۆی ناکرێ بە ماڵ و مولک ژیانیی خۆی بکڕێتەوە، ئەوە تەنیا شتێکە نە لە

مـەزادخـانەكـانی ئەوروپا و نـە لە بازارەكانـی ئەمـەریكا و نە لە هیچ بازارێكی تری ئەم دنیاش چنگ ناكەوێ، پیاو بۆی ناكرێت ژیانیی خـۆی بـە پوول و پارە بكڕێتــەوە، كــە ژیان گــەیشــتــە كـۆتـاییی هیـچ شـتـێك نیـیـە لە دنیـادا بكرێ ببیـەخـشـی تا بەدەسـتی بهێنیتەوە... ئەوە ئەندێشـەیەكە بەرۆكت پێ دەگرێت، ئەندێشـەییـەكی زیندووە، ئەوە ئەو ئەندێشـەیە بوو كـە مێشكمی بە گیر هێنابوو، تا بە ئەمرۆش دەگات لە مێشكی خۆمدا هەر دەیهـێنم و دەیبـەم.... من بەرانبـەر ئەم ئەزمـوونەی كـە پیـدا تێپەڕیووم هەم هۆشیار و هەم خەمباریشم، برك.

شــتــێكی تریش هەیە لەبارەی ئەوروپاوە لە بیــرەوەریمدا بە جێماوە.

**برك:** ئەو شتە چییە باوە گەورە؟

**باوە گەورە:** ئەو گردۆڵكانەی دەور و پشتی بەرشلۆنەی ئیسپانیایە كە منداڵانی ڕەشـوڕووت بـە پێـخـاوسی پیدا دێن و دەچن و وەك سەگی برسی دەكروزێنەوە و سـواڵ دەكەن، لە هەمـان كاتیشدا ئەو قـەشــە قـەڵەو و تێكســمـراوانەی كـە بە شـەقـامـەكـانی بەرشلۆنەدا پیاسە دەكەن، دنیایەك قەشەی قەڵەو و تێكسمڕاو، كە هەموویان ئاسوودەن. ها ها! تۆ دەزانی كە من بۆم دەكرێ نانی ئەو وڵاتە بدەم؟ من ئـەوەندەم پارە هەیە كـە نانـی ئەو وڵاتە نەفـرەتییـە بدەم، بەڵام مـرۆڤی ئاژەڵ تەنیـا هەر جـانـەوەرێكی خـۆپەرسـتـە و پێم وانییـە بەو پارەیەشی كـە لەوێ بەسـەر ئەو منداڵە ڕەشــوڕووتانەی دەم ئەو گــردۆڵكانەی بـەرشــڵــۆنەدا بەخــشــیــمــەوە زیاتر بوو بێت لە نرخی تەنیـا یەك بـەرگی

کورسییەکی ناو ئەم ژوورە، مەبەستم ئەوەیە کە نرخی بەرگێکی تازە بێت بۆ ئەو کورسییە!

ئای خـوا، پارەم بۆ فـڕێ دان هـەر وەکـو ئەوەی تۆ چۆن وردە گـەنم بۆ مـریشک فـڕێ بدەیت، من پارەم بـۆ فـڕێ دان هـەر بۆ ئەوەندەی لە دەسـتـیـان ڕزگـارم بێ و کـاتێک بقـۆزمـەوە تا بۆم بکرێ بگەڕێمـەوە لای مـاشـێنەکـەم و پێی پیـدا بنێم و بۆی دەربچم...

هـەروەها لە مـەغـریب، کە وڵاتێکی عـەرەبییـە، نازانم بۆچی، لە بیـرمـە ڕۆژێک لە مـەراکش بووم، لەو شـارە عـەرەبییـە کـۆن و دێرینە، پاڵم دابووەوە بە دیوارێکی داڕووخـاودا تا سـیگـارێک بکێشم، ڕۆژێک بوو بە ڕادەیەکی ترسناک گەرم، ژنێکی عەرەب لەسەر ڕێگەکە دانیشتبوو لە منی دەڕوانی، بە جۆرێک لە منی دەڕوانی کە بۆ خـۆم شـەرم گرتمی، لەناو ئەو ڕێگە خۆڵاوییـەدا دانیـشـتـبوو لەمنی دەڕوانـی کـە بۆ خـۆم بـە خـۆمدا شکامـەوە. بەڵام گوێ لـەمە بگرە. منداڵێکی بچکۆڵەی ڕووتەڵەی لـەگەڵ بوو، کـچـێکی بچکۆلە، کـە بەهەزار حـاڵ بۆی دەکـرا بـەڕێدا بڕوات، پاش کـەمێک منداڵەکەی خـسـتـە ئەرزەکە و شـتێکی چرپاند بە گـوێیـدا و پاڵێکی پێـوە نا. منداڵەکـە بەرەو لای منـەوە هات، بەهـەزار حـاڵ بۆی دەکـرا بڕوات بە ڕێدا، بەرەو لای مـنەوە هات و... ئای خـوای من، بەبیـر هێنانەوەی شـتی وا وات لێ دەکـات هەسـت بە نـەخـۆشی بکەیت! دەسـتـی بەرەو لای منـەوە هێناو خـەریک بوو زنجیـری پانتۆڵەکەم بکاتەوە! ئەو منداڵە هێشـتـا پێنج سـاڵانی تەواو نـەکردبوو! بـڕوام پێ دەکەی؟ یـان پێت وایە

من بۆ خۆم ئەوەم هەڵبەستووە؟ بە پەلە گەڕامەوە بۆ ئوتێلەکە و بە دایە گەورەم گوت، خۆت ئامادە بکە! بە خێراییی ئەم وڵاتە بەجێ دەهێڵین...

**بڕک:** باوە گەورە، ئەم شەو حەزت بەوەیە قسە بکەیت.

**باوە گەورە:** (باکی بە تێبینییەکەی نییە) بەڵێ، گەورەکەم، وەکو پێم گوتی، مرۆڤی ئاژەڵ ئەو جانەوەرە خۆپەرستەیە کە لەناو دەچێت، بەڵام ئەو هەقیقەتی لەناو چوونەی وای لێ ناکات بەزەییی بەرانبەر بە بەوانی تر بجووڵێت، نەخێر؛ بە هیچ جۆرێک... تۆ هیچت گوت؟

**بڕک:** بەڵێ.

**باوە گەورە:** چیت گوت؟

**بڕک:** ئەو دارشەقەم بەرێ با لە شوێنی خۆم بەرز ببمەوە.

**باوە گەورە:** بۆ کوێ دەچیت؟

**بڕک:** گەشتێکی بچکۆلە دەکەم بەرەو بۆن و بەرامەی بەهار.

**باوە گەورە:** بۆ کوێ؟

**بڕک:** بەرەو لای مەیخانەکەم.

**باوە گەورە:** بەڵێ، گەورەم، ڕۆڵە... (دارشەقەکە دەدا بە بڕک) مرۆڤی ئاژەڵ ئەو جانەوەرەیە لەناو دەچێت و ئەگەر پارەشی بەرچنگ بکەوێت ئەوا هەر شتی پێ دەکڕێ و ماندوو نابێت لە کڕین، پێم وایە ئەو هۆکارەشی کە وای لێ دەکات هەرچی بەردەست بکەوێت بیکڕێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو دیووی هۆشیارییەوە ئارەزوویەکی شێتانە خۆی حەشار داوە کە یەکێک لەو شتانەی

دەیکرێت نەمرییە! ئەوەش هەرگیز ڕوو نادات.... مرۆڤی ئاژەڵ ئەو جانەوەرەیە کە....

**برک:** باوە گەورە تۆ دڵنیای ئەم شەو لێرە ئاسوودەیت؟

(وچانێک و بەدوایدا دەنگە دەنگ لە دەرەوە دەبیسترێت).

**باوە گەورە:** لەم ماوەیەی دوایدا تەواو بێدەنگ بووم، دەمم چوو بووە کلیلە؛ تەنیا دادەنیشتم و دەمڕوانییە بۆشایی.

قورساییەک نیشتبووە سەر مێشکم و بەتەواوی هەست و هۆشی داگیر کردبووم، بەڵام ئەم شەو وا هەست دەکەم لەژێر باری ئەو قورساییەدا دێمە دەرێ و ئازاد دەبم. ئەوە بۆیە ئەم شەو زۆر قسە دەکەم، ئەم شەو ئاسمان جورێکی تر دەنووێنێت....

**برک:** دەزانی من پێم خۆشە زیاتر گوێم لە چی بێت؟

**باوە گەورە:** گوێت لەچی بێت؟

**برک:** کشوماتییەکی تەواو، کشوماتییەک هەرگیز نەشێوێت.

**باوە گەورە:** بۆچی؟

**برک:** لەبەرئەوەی زۆر ئارامبەخشە.

**باوە گەورە:** کابرا، تا خوا حەز بکات ئەو کشوماتییەت لە گۆڕا درێژە دەکێشێت.

(بەوپەڕی ناسکییەوە پێ دەکەنێت).

**برک:** تۆ هێشتا هەر قسە بۆ من دەکەیت؟

**باوە گەورە:** تۆ بۆچی ئەوەندە هەوڵ دەدەی بێدەنگم بکەیت؟

**برک:** باشە، گەورەم، تۆ زۆر جاری تریش لەماوبەر بانگت کردووم و

پێت گوتوم، برک دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. بەڵام تا ئێستا هەرگیز ئەو گفتوگۆیە ڕێک نەکەوتووە و هیچ شتێکیش باس نەکراوە. لەسەر کورسییەک دادەنیشیت و لەبارەی ئێرە و ئەوێ دەکەویتە قسە هەڵبزرکاندنەوە و منیش خۆم وا نیشان دەدەم گوێت بۆ ڕادەگرم.

هەوڵ دەدەم خۆم وا بنوێنم گوێ ڕادەگرم، بەڵام من تا ڕادەیەکی ئەوتۆ گوێم ڕانەگرتوە. پێوەندیی لە نێوان خەڵکەکاندا بووەتە کارێکی ئەستەم و دژوار، هەروەها لە نێوان من و تۆشدا ڕووی نەداوە.

**باوە گەورە:** تۆ تا ئێستا ترساویت؟ مەبەستم ئەوەیە تاوەکو ئێستا وات لێهاتووە بەرانبەر بە شتێک هەست بە تۆقین بکەیت؟

(لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە) تۆزێک ئارام بگرە.

(دەڕوانێتە ئەملا و لای خۆی وەک ئەوەی نهێنییەک بدرکێنێت) بڕک؟

**بڕک:** چییە؟

**باوە گەورە:** ڕۆڵە، وام هەست دەکرد کە تووشی بووم!

**بڕک:** توشی چی بوویت؟ باوە گەورە تووشی چی بوویت؟

**باوە گەورە:** شێرپەنجە!

**بڕک:** ئۆۆو

**باوە گەورە:** پێم وابوو مردوویەک هەردوو دەستە سارد و سڕەکانی خۆی هاویشتووەتە سەرشانم.

**بڕک:** باشە، باوە گەورە؛ بەڵام تۆ ددانت بەخۆتدا گرتبوو.

**باوە گەورە:** بەراز دەناڵێنێ. پیاویش ددان بەخۆیدا دەگرێت، سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ ئەو سیفەتەی بەرازی نییە.

**برک:** ئەو سیفەتە چییە؟

**باوە گەورە:** بێ ئاگایی لە مەرگ و فەنابوون ئاسودەگییە. ئادەمیزاد بێبەشە لەو ئاسوودەگییە و تەنیا بوونەوەرێکە ئەندێشەی مەرگ دەکات و زانیاری لەبارەی مردنەوە هەیە. بوونەوەرەکانی تر دێن و دەڕۆن بێ ئەوەی هیچ شتێک لە ژیان و داهاتووی خۆیان تێ بگەن، دێن و دەڕۆن بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکیان هەبێت، بێ ئەوەی سەر لە هیچ دەر بکەن، ئەگەر چی بەراز دەناڵێنێ؛ بەڵام هەندێک جار ئادەمیزاد ددان بەخۆیدا دەگرێت. هەندێک جار ئادەمیزاد... (ئازارێکی قووڵی خەفەکراو لە ناخی باوە گەورەدا ڕەنگ دەداتەوە) بۆی دەکرێ دان بە جەرگی خۆیدا بنێ. پێم سەیرە کە...

**برک:** چی، باوە گەوەرە؟

**باوە گەورە:** تۆ بڵێی پێکێ ویسکی زیانی هەبێ بۆ هەڵاوسانی ڕیخۆڵە؟

**برک:** بەهیچ جۆرێک گەورەم، پێم وابێ زۆر باشیش بێ.

**باوە گەورە:** (لە پڕێکدا کەیفسازانە پێ دەکەنێت) ئای خوایە، نازانم چۆن بۆتی باس بکەم! ئاسمان لە پێش دەممدا ڕۆشن بووەوە! ئای خوای من، پێش چاوم سەرلەنوێ ڕووناک بووەوە! ڕۆڵە، ڕووناک بووەوە.. ڕووناک بووەوە! (برک دەڕوانێتە پێکەکەی).

**برک:** هەست بەباشبوون دەکەیت، باوە گەورە؟

**باوە گەورە:** باش بوون؟ کوڕە ئێستا بۆم دەکرێ هەناسە بدەم! بە درێژاییی ئەو ماوەیە هەستم بە گرانی و داخرانێک دەکرد...

(پێکێک ویسکی ئامادە دەکات) تا دەهات وردوخاش دەبووم و تێک دەشکام! بەڵام ئێستا وا خەریکە ئەو لەش قورسی و گرانییەم نامێنێ و بە ناسکییەوە دەڕوانمە دەوروبەر... (باڵەکانی والآ دەکات وەک ئەوەی باوەش بکات بە بۆشاییدا) دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە؟

**بڕک:** (بە نارۆشنییەوە) نەخێر گەورەم، بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**باوە گەورە:** ها ها! حەز و ئارەزوو! ئارەزووی ئافرەت دەکەم!
(پێکەنینەکەی بڕک کەمێک کاڵتر دەنوێنێ بەڵام درێژە دەکێشێت).
بەڵێ، ڕۆڵە. دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم ڕەنگە تۆ هەرگیز پێشبینی ئەوەت نەکرد بێت. ئەوە پێ دەنێمە شەست و پێنج ساڵیمەوە و کەچی هێشتا ئیشتهای ئافرەت دەکەم.

**بڕک:** پێم وابێ ئەوە جێگەی سەرسوڕمان بێ.

**باوە گەورە:** سەرسوڕمان؟

**بڕک:** جێگەی شانازییە.

**باوە گەورە:** تۆ زۆر ڕاست دەکەیت، لە هەمان کاتدا جێگەی سەرسوڕمان و شانازیشە. ئێستا هەست بە خۆم دەکەم کە پڕ بە پێستی خۆی خۆشیم نەبینیوە. بە هۆی دوو دڵی و شەرم و ترسی کۆمەڵایەتییەوە زۆر هەلم لە کیس خۆم داوە، گەندوگوو... هەموو ئەو شتانە قسەی قۆڕن، شەرم و ترس، گەندوگوو! تارمایی مردن وای لێ کردم درک بەو هەقیقەتە بکەم. ئێستا ئەو تارماییەم لە کۆڵبووەتەوە و ئیتر بەهۆی ئەو ترس و شەرمەوە خۆم لە هیچ خۆشی و ئارەزوویەک بێبەری ناکەم.

**برک:** شەرم و ترس، ها؟

**باوە گەورە:** بەڵێ، شەرم و ترس! هەمووی تەفرە خواردنە! بابڵێین تا پێش پێنج ساڵ لەمەوبەر من بەردەوام لەگەڵ دایە گەورەدا نووستووم، تا ئەوکاتەی من پێم ناوەتە شەست ساڵییەوە و ئەویش تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵ بووە و هەرگیزیش خۆشم نەویستووە؛ بەهیچ جۆرێک!

(تەلەفۆنەکە لە هۆڵەکەدا دەزرنگێتەوە و دایە گەورە بە هەڵەداوان خۆی دەکات بە ژوورا).

**دایە گەورە:** ئەرێ ئێوە پیاوەکان گوێتان لەو تەلەفۆنە نییە دەزرنگێتەوە؟ من لە دالانەکەوە گوێم لێی بوو.

**باوە گەورە:** پێنج ژووری تر هەیە دەکرێ لە تارمەکەوە لێوەی بچیتەوە سەر هۆڵەکە، نازانم بۆچی بەتەنیا ئەم ژوورەیانت هەڵبژارد؟

(دایە گەورە بە ڕوویەکی شیرینەوە بەرەو دەرگەی هۆڵەکە دەڕواتە دەرێ).

ئۆۆۆ! ئاخر بۆ؟ هەر ئەوەندەم ڕووی دایە گەورە لە بەرچاوە تا لە پێش دەممایە، کە ونبوو ئیتر نایەتەوە یادم..

**دایە گەورە:** هەلەو.

**باوە گەورە:** بەڵام ڕۆڵە، هەر ئەوەندەی دایەگەورە هاتەوە بەردەمم ئیتر شێوەی ڕوویم دێتەوە یاد و لە کاتێکدا هیوامە کە هەرگیز نەیەتەوە یادم!

(بەو گاڵتەیە ئەوەندە پێ دەکەنێ ئیتر خۆی بۆ ڕا ناگیرێ و دەنووشتێنێتەوە و ڕەنگ و ڕووی شین هەڵدەگەڕێت. لەو کاتەدا کە بە گومانێکەوە پێکەکەی دەخاتەوە سەر مێزەکە و

پێکەنینەکەشی خاو دەبێتەوە).

**دایە گەورە:** بەڵێ، خاتوو سالی.

(بڕک هەڵدەستێ و بە هەنگەشەلێ بەرەو دەرگەی دالانەکە دەڕواتە دەرێ)

**باوە گەورە:** هێی! بۆ کوێ دەچیت؟

**بڕک:** دەچمە دەرێ هەناسەیەک هەڵبمژم.

**باوە گەورە:** نەخێر ناتوانیت بڕۆی. لێرە بمێنەرەوە تا جارێ قسەکانم تەواو دەبێت.

**بڕک:** وام زانی قسەکانت تەواو بوون، باوە گەورە .

**باوە گەورە:** من هێشتا دەستم پێ نەکردووە.

**بڕک:** هەڵەم کرد، داوای بەخشین دەکەم. هەر ئەوەندە بوو ویستم هەوایەکی پاکی سەر ڕووبارەکە هەڵبمژم.

**باوە گەورە:** لەسەر کورسییەکەی خۆت دابنیشەرەوە.

(دایە گەورە دەنگ هەڵدەبڕێ و لە هۆڵەکەوە بەرەو ژوورەکە دێت).

**دایە گەورە:** خاتوو سالی، تۆش تەندروستیت زۆر باش نییە، ئاگات لە خۆت بێت.

**باوە گەورە:** ئای خوایە، هەمدیسان لەگەڵ ئەو پیرێژنەی خوشکمدا قسە دەکات.

**دایە گەورە:** باشە تۆ بۆچی کەمێک ڕێگەم پێ نادەیت تا بۆتی ڕوون بکەمەوە؟

**باوە گەورە:** بڕک، بەو شتانە من کەللەیی دەبم.

**دایە گەورە:** باشە، جاریٚ خوات لەگەڵ بیٚ خاتوو ساڵی. بە خێراییی وەرن بۆ ئێرە، باوە گەورە پێی خۆشە بەدیدارتان شاد بێت.

**باوە گەورە:** گەندوگوو!

**دایە گەورە:** بەڵێ، خوات لەگەڵ بیٚ خاتوو ساڵی....

(بەشادییەکەوە هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە و دای دەنەوێنێت. باوە گەورە دەنەڕێنیٚ و کاتیٚ دایە گەورە دەردەکەوێت هەردوو گوێچکەی دەگرێت) باوە گەورە، ئەوە خاتوو ساڵی بوو، جارێکی تر لە مەمفسەوە تەلەفۆنی کرد! دەزانی باوە گەورە، چی کردووە؟ تەلەفۆنی بۆ پزیشکەکەی کردووە لە مەمفس تا لێی بپرسیٚ کە ئەو هەوکردنی ڕیخۆڵەیە چییە! هەها ها! تەلەفۆنی بۆ کردوومەتەوە تا پێم بڵیٚ چەندە ئاسوودە بووە... هێی! ڕێگەم بە بێمە ژوریٚ!

(باوە گەورە لە بەرانبەر دایە گەورەدا دەرگەکەی بە نیوە کراوەیی ڕاگرتووە).

**باوە گەورە:** ئێستا ناهێڵم بێیتە ژووریٚ. پێم گوتیت لەم ژوورەوە هاتووچۆ مەکە. بڕۆ دەرەوە و لە یەکێک لەو پێنج ژوورانەی ترەوە بگەڕێرەوە.

**دایە گەورە:** باوە گەورە؟ باوە گەورە؟ ئای بەدەست تۆوە باوە گەورە؟ خۆ تۆ ئەو قسانەی پێت گوتم بە مەبەستەوە نەتکردن، وا نییە؟ (بە شلگیرییەوە دەرگەکە بەسەر دایە گەورەدا دا دەخاتەوە، بەڵام دایە گەورە هێشتا هاوار دەکات).

ئازیزەکەم؟ دڵی من؟ باوە گەورە؟ تۆ بە مەبەستەوە ئەو پلارانەت تیٚ نەگرتم؟ دەزانم هیچ مەبەستێکت لێیان نەبوو.

دەزانم ئەو قسانەت لە دڵەوە نەکرد...

(دایە گەورە بە هەنگاوە قورسەکانیەوە بەرەو هۆڵەکە دەڕوات و بەدەم گریانەوە دەنگە منداڵانەکەی وردەوردە نامێنێت.

برِک جارێکی تر لە شوێنی خۆی ڕا دەبێ و بە دارشەقەکەیەوە بەرەو تارمەکە دەڕوات).

**باوە گەورە:** هەموو ئەوەی کە من لەم ژنەم دەوێ ئەوەیە لێم بگەرێ و بە تەنیام جێ بهێڵێت، بەڵام ناتوانێ باوڕ بە خۆی بهێنێت کە من تووشی سەر ئێشە دەبم پێی. هەر لەبەرئەوەی بۆ چەندین ساڵە من هاوسەرینی بووم. دەبوو زۆر لەوە زووتر سەرینی خۆم لێ جیا بکردایەتەوە؛ بەڵام ئەم پیرێژنە هەرگیز تێر بوونی بۆ نەبوو... لەگەڵ ئەوەشدا من پیاوێکی پڕ کەیف و ئارەزوو بووم.. نەدەبوو ئەو هەموو کات و توانایەی خۆمم لەگەڵیدا بە فیڕۆ بدایە. پێم دەڵێن من هێشتا زۆرم بەبەرەوە ماوە و ئەو ژیانەی کە ماومە.. باشە؛ بۆ ئەو ژیانەی بەبەرمەوە ماوە دەچم ژنێکی تر دەهێنم. دەچم ژنێکی زۆر نازدار بۆ خۆم دەدۆزمەوە. گوێم لەوە نییە چەندی تێ دەچێت، هەرچی داوا بکات دەیدەمێ. هاها! ڕووتی دەکەمەوە و لە باوەشیی دەگرم و هەموو گیانی دەکەم بە ئەڵماس! ها ها! ڕووت و قووتی دەکەمەوە و هەموو گیانی دەکەم بە ئەڵماس و شەو و ڕۆژ لە باوەشی دەگرم. هە هە ها ها هە ها!

**مەی:** (بەوپەڕی خۆشییەوە لە دەم دەرگەکەوە) ئەوە کێیە لە ژوورەوە لە پێکەنیندا خەریکە دەخنکێت؟

**گۆپەر:** ئەوە باوە گەورەیە لە ژوورەوە ئاوا پێ دەکەنێت؟

**باوە گەورە:** قێزم لێیان دێتەوە! لە هەردووکیان..

(بەرەو لای بڕک دەڕوات و دەست دەخاتە سەر شانی).

بەڵێ، بڕک، کوڕم؛ من دڵم زۆر خۆشە! من خەریکە لە خۆشیدا دەفڕم، ڕۆڵە؛ دڵم خۆشە!

(کەمێک دەتاسێت و لێوی خۆی دەگەزێت، بەخێراییی و بە شەرمێکەوە سەری بەرەو لای سەری کوڕەکەیەوە دەهێنێت و بەتەریقبوونەوەوە دەکۆکێت، بەرەو لای ئەو مێزە دەگەڕێتەوە کە پەرداخەکەی لەسەر داناوە. کەمێک دەخواتەوە و دەموچاوی گرژ دەبێت وەک ئەوەی هەست بە سووتانەوەی گەدە بکات. بڕک بەدەم ناڵین و کۆششێکەوە لە شوێنیی خۆی بەرز دەبێتەوە)

بۆچی وا هەست بە نائارامی دەکەیت؟ دەڵێی هەموو لەشت مێروولە تێیداوە؟

**بڕک:** بەڵێ، گەورەم..

**باوە گەورە:** بۆچی؟

**بڕک:** شتێک هەیە چاوەڕێم ڕوو بدات و ڕوو نادات...

**باوە گەورە:** چۆن، ئەو شتە چییە؟

**بڕک:** (بە خەمینییەوە) جووڵەیەک..

**باوە گەورە:** گوتت جووڵەیەک؟

**بڕک:** بەڵێ، جووڵەیەک.

**باوە گەورە:** جووڵەی چی؟

**بڕک:** جووڵەیەک لە مێشکمەوە دێت و وام لێ دەکات ئارام بم.

**باوە گەورە:** من زۆر دڵنیام بۆ خۆشت نازانی باسی چی دەکەیت، بەڵام

ئەو شتە تەواوێک من دەشڵەژێنێت.

**برک:** تەنیا مەسەلەیەکی میکانیکییە.

**باوە گەورە:** ئەو مەسەلە میکانیکییە چییە؟

**برک:** ئەو جووڵەیەی لە مێشکمەوە دێت و وام لێ دەکات ئارام بم. دەبێت بخۆمەوە تا ئەو جووڵەیە ڕوو دەدات. تەنیا مەسەلەیەکی میکانیکییە، شتێک کە هەر بە.. هەر بە.. بە...

**باوە گەورە:** هەر بە...

**برک:** هەر بە پلاکێک دەچێت لە مێشکمدا دەکوژێتەوە، ڕووناکییەکی گەرم ئاوا دەبێت و شەوێکی قەشەنگ دێ و... (سەری هەڵدەبڕێ و بە خەمینییەوە پێ دەکەنێت) ئیتر لە پڕێکدا ئارامی دەست پێ دەکات!

**باوە گەورە:** (فیکەیەکی ناسک و درێژ دەکێشێت؛ بەرەو لای برک دەگەڕێتەوە و هەردوو شانی دەگرێت).

ئای خودای گەورە، من نەمزانی تۆ تا ئەو ڕادەیە وێران بوویت. بۆچی کوڕەکەم تۆ وا مەیزەدە بوویت!

**برک:** ئەوە زۆر تەواوە، باوە گەورە. من مەیزەدەم.

**باوە گەورە:** ئەوە نیشانەی ئەوەیە من ویستومە ئەم شتانە ئاوا تێپەڕن!

**برک:** دەبێت هەست بەو جووڵەیە بکەم کە لە مێشکمەوە دێت و وام لێ بکات ئارام بم. هەموو کات لە سات و وەختی خۆیدا ئەو جووڵەیە هاتووە، زۆرجار هەر لە دەمی نیوەڕۆیەکی زوودا، بەڵام... ئەمڕۆ دواکەوتوە...

لەوە دەچێت هێشتا ئەوەندەم نەخواردبێتەوە ڕێژەی ئەلکحولی تەواو تێکەڵ بە شەپۆلی خوێنم بوو بێت.

(لەو کاتەدا کە پێکەکەی تێ دەکاتەوە دوا بەشی ڕوونکردنەوەکەی بە گوڕێکەوە دەڵێت).

**باوە گەورە:** ئۆۆۆۆ.. چاوەڕوانی مەرگ کوێراییی داهێنابووم. من قەت لەو بڕوایەدا نەبووم یەکێک لە کوڕەکانم بەبەرچاوی خۆمەوە دەبێتە مەیزەدە.

**بڕک:** (بە ناسکییەوە) باشە، خۆ ئێستا زانیت، باوە گەورە؛ هەواڵەکە دزەی کردووەتە دەرەوە.

**باوە گەورە:** ئۆۆۆ، بەڵێ، بەڵێ ئێستا دەزانم؛ هەواڵەکە دزەی کردووە...

**بڕک:** ئێستاش من داوای مەرەخەست لێ دەکەم...

**باوە گەورە:** نەخێر، ناتوانم مەرەخەست بکەم .

**بڕک:** تا ئەو کاتەی ئەو جووڵەیە لە مێشکمدا ڕوو دەدا پێم باشە بەتەنیا دابنیشم، تەنیا هەر مەسەلەیەکی میکانیکییە و هیچی تر. بەڵام ئەوە ڕوو نادات ئەگەر بێتو تەنیا نەبم، دەبێت لەگەڵ کەس سەرقاڵ نەبم بە قسەکردنەوە.

**باوە گەورە:** کاتێکی زۆر و زەوەندەت بەدەستەوەیە ڕۆڵە، کە هەر بۆ خۆت بە تەنیا دانیشیت و لەگەڵ کەسدا قسە نەکەیت؛ هەرچۆنێک بێ من لەگەڵ تۆ قسە دەکەم، لە شوێنی خۆت هەدا بگرە و گوێم لێ بگرە تا ئەو کاتەیی خۆم ئاگەدارت دەکەمەوە و پێت دەڵێم؛ گفتوگۆکەمان کۆتاییی هات!

**بڕک:** بەڵام ئەم قسەکردنەش هەروەکو قسەکردنەکانی ترمانە کە بەدرێژاییی ڕابردوو لە نێوانماندا ڕووی داوە!

هیـچی لێ ســەوز نابێ، هەر هیـچ هیچ! مـایەی.. باوە گـەورە، مایەی ئازار و سەر ئێشەیە...

**باوە گـەورە:** باشـە، با مـایەی ئازار و سـەر ئـێشـە بێت، بـەڵام تۆ لەو شوێنەی خۆت؛ لەو سەر کورسییەی کە دانیشـتوویت مەجووڵێ! من ئەو دارشـەقە لە نزیکتەوە لا دەبەم...

(دارشـەقـەکە هـەڵدەگرێ و فڕێی دەداتە شـوێنێکی دوورەدەسـتی ژوورەکە).

**بڕک:** دەتوانم لەسـەر قـاچێک بە هـەنگەشـەلێ بڕۆم، ئەگـەر کـەوتیـشـم دەتوانم لەسەر سک خۆم بخشێنم!

**باوە گەورە:** لێرەت فڕێ دەدەمـە دەرەوە و دەبێ لەسـەر جادە و کۆڵانان بکەویت و بۆ پێکێ مەی سواڵ بکەی.

**بڕک:** ئەو ڕۆژە دوور نییە، باوە گەورە .

**باوە گـەورە:** نەخـێـر، ئەو ڕۆژە بە چـاو نابینیت. تـۆ کـوڕمـیت و دەبێت دەسـتگیـرۆییت بکەم. تـۆ چاوت لە منەوە بێت منیش چـاوم لێت دەبێت.

**بڕک:** ئێ؟

**بـاوە گـــەورە:** ئـەمـــڕۆ ڕاپـۆرتی پـزیشـکی لـە تاقـــیگـەی ئۆچسنـەرەوە گەیشتووە، دەزانی چیان پێ گوتم؟

(ڕووی لە خـۆشـیـان دەگـەشـێـتـەوە) بە هـەمـوو ئەو کـەرەسـە و کەلوپەلە پزیشکییـە زانستییانەی کە لەو نەخـۆشخانە گەورەیەدا هەیانـە تەنیـا شـتـێک لـەمندا بینیـویانەتەوە ئەوەیە کـە تووشی هەوکردنی ڕیخـۆڵەکان بووم! بەهـۆی نیگەرانی ئەوەوە مـێـشکم تووشی ئەو هەموو دەرد و خەمە بوو.

(کچێکی بچکۆلە بە دەمەقاچانێکی ئاگراوییەوە خۆی دەکات بە ژوورا و وەک مەیموونێکی بچکۆلەی شێت لە ژوورەکەدا دێ و دەڕوا و هەڵدەبەزێتەوە تا باوە گەورە دەیگرێ و لێی دەدات، بێدەنگی)

(هەردوو پیاوەکە لەیەک ورد دەبنەوە. ژنێک لە دەرەوە بە خۆشییەوە پێ دەکەنێت)

دەمەوێ بزانیت هەروەک چۆن هەورەتریشقە ئاسمان شەق دەکات منیش ئاوا هەناسەیەکی شادیی قووڵم هەڵم ژی!

(برک بۆ ماوەیەکی درێژ بە ئارامی لێی ورد دەبێتەوە و پاشان مشە مشێکی سەیر لە لووتی دەهێنێت و بە هەنگەشەلێ و بە دەستگرتن بە کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکەوە بەرەو لای دارشەقەکەی دەڕوات. دارشەقەکەی هەڵدەگرێ و بەترسێکەوە بەرەو دالانەکە ڕا دەکات، باوکی بە ئێخەی بیجامەکەی دەیگرێ و دەیهێنێتەوە ژوورێ) کوڕی قەحبە لێرە بمێنەرەوە تا من پێت دەڵێم برۆ!

**برک:** بۆم ناکرێ.

**باوە گەورە:** نەخێر، بۆت دەکرێ و دەشبێت بمێنیتەوە!

**برک:** بە هیچ جۆرێک ناتوانم، ئێمە.. من و تۆ هەر زۆر بلێی دەکەین و هیچی تر. قسەکانمان هیچ کەڵکێکی نییە. بەردەوام هەر وا بووە، تۆ بانگم دەکەیت و دەڵێت دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم و هیچیشت نییە بۆمی باس بکەیت.

**باوە گەورە:** ئەوە شتێکی گرینگ نییە بەلاتەوە پێت دەڵێم من نامرم لە کاتێکدا پێم وابوو کەوتوومەتە سەرە مەرگ.

**بڕک:** ئەها، ئەوە.. دەتەوێت ئەوەم پێ بڵێی؟

**باوە گەورە:** بۆ کوڕی قەحبە! ئەوەت بەلاوە هیچ نییە، ئەوەت بەلاوە گرینگ نییە؟

**بڕک:** ئێ باشە، ئەوەت پێ گوتم، ئێستاش من...

**باوە گەورە:** لە شوێنی خۆت دابنیشەرەوە!

**بڕک:** بەڵام تۆ لەسەر خۆت نیت.. تۆ

**باوە گەورە:** نەخێر من لەسەر خۆمم..

**بڕک:** تۆ تەواو نیت.. تۆ لەسەر خۆت نیت.

**باوە گەورە:** هەتیوە سەرخۆشە پێم مەڵێ من لەسەر خۆم نیم! ئەگەر دانەنیشیت هەرچی جلت لەبەردایە هەلاهەلای دەکەم!

**بڕک:** باوە گەورە ..

**باوە گەورە:** ئەوەی پێت دەڵیم بە قسەم بکە، ئێستا من گەورەی ئەم ماڵەم! دەمەوێت بزانیت ئەوەی لەمەودوا ئەم ماڵە دەبات بەڕێوە منم!

(دایە گەورە بە هەڵەداوان خۆی دەکات بە ژوورا و سنگی بەرز و نزم دەبێتەوە).

**دایە گەورە:** باوە گەورە!

**باوە گەورە:** تۆ پێم ناڵیی دایە گەورە، چی دەکەی لێرە؟

**دایە گەورە:** ئۆی، باوە گەورە. تۆ بۆچی ئاوا دەنەڕێنیت، من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم..

**باوە گەورە:** (بە هەردوو دەستی سەری خۆی دەگرێت) لە پێش چاوم ون بە.

(دایە گەورە بە گریانەوە دەڕواتە دەرەوە).

**بڕک:** (بەنەرمی و بە خەمینییەوە) ئای خوایە.

**باوە گەورە:** (بە تووڕەییەوە) بەڵێ، ڕاست دەکەیت ئای خوایە.

(بڕک خۆی دەدزێتەوە و بەرەو دالانەکە دەڕوات).

(باوە گەورە دارشەقەکەی لێ دەفڕێنێت و بڕک بەدەم ئازار و لالانەوەوە دەکەوێت و قاچە بریندارەکەی دەکەوێتە سەر زەوییەکە و لەو کاتەدا دەیەوێت خۆی بە کورسییەکەوە بگرێتەوە بەلام کورسییەکەش لەگەل خۆی دەخات) هەتیوە زل و زەبەلاحە..

**بڕک:** دارشەقەکەم بدەرەوە، باوە گەورە!

(باوە گەورە دارشەقەکەی فڕی دەداتە پەنایەکی دوورەدەستەوە) ئەو دارشەقەم بەرەوە دەست، باوە گەورە.

**باوە گەورە:** بۆچی سەرت خستووەتە سەر خواردنەوە؟

**بڕک:** نازانم، دارشەقەکەم بدەرەوە!

**باوە گەورە:** باشتر وایە بیر لەوە بکەیتەوە بۆچی سەرت خستووەتە سەر خواردنەوە یان بەیەکجاری وازی لێ بهێنە!

**بڕک:** بەیارمەتیی خۆت دەتوانیت ئەو دارشەقەکەم بدەیتێ تا بۆم بکرێ لە شوێنی خۆم بەرز ببمەوە؟

**باوە گەورە:** لە پێشدا وەلامی پرسیارەکەم بدەرەوە. بۆچی سەرت ناوەتە سەر خواردنەوە؟ بۆچی ڕۆڵە ژیانی خۆت بە خۆڕاییی خەسار دەکەیت و هیچ ڕێزێکی بۆ دانانێیت؟

**بڕک:** (دەکەوێتە سەر ئەژنۆ) باوە گەورە، قاچم ئازاری پێگەیشت.

**باوه گەوره:** زۆرباشـه، من خۆشـحـاڵم كه خـواردنەوه هێشتـا هەست و سۆزی نەكوشتویت و هەست به كەمێک ئازار دەكەیت.

**برك:** پێكەكەت پێ ڕژانم.

**باوه گـەوره:** مـن پەیمـانێكت لـەگــەڵ دەبـەســتم. تۆ پێم بڵـێ بۆچی دەخۆیتەوه و منیش پێكێكت دەدەمێ.

بەدەستی خۆم پێكەكەت بۆ دەكەم و خۆشـم دەیدەمه دەستت.

**برك:** بۆچی دەخۆمەوه؟

**باوه گەوره:** بەڵێ! بۆچی؟

**برك:** پێكێكم بەرێ ئەوجا پێت دەڵێم.

**باوه گەوره:** له پێشدا پێمی بڵێ!

**برك:** به یەک وشه پێتی دەڵێم.

**باوه گەوره:** چ وشـەیەک؟

**برك:** بێزاریی!

(زەنگی سـەعـاتەكه به نـەرمی و ناسكییـەوه دەبیسـترێ. باوه گـەوره بـه نیگایـەكی كـورت و تـووڕەوه لێی دەڕوانێت) ئێـسـتـا چۆنه پێكێكم بدەیتێ؟

**باوه گەوره:** بۆچی بێزاری؟ دەبێت له پێشـدا ئەوەم بۆ ڕوون بكەیتـەوه، دەنا ئەو بێزارییەی تۆ باسی دەكەیت من هیچی لێ شـێن ناكەم!

**برك:** دارشـەقەكەم بدەرێ.

**باوه گەوره:** تۆ گوێت له من بوو، دەبێ له پێشـدا وەڵامی ئەو پرسیارەی من بدەیتەوه.

**برك:** پێم گوتیت، دەمەوێت له دەست بێزاریی هەڵبێم!

**باوە گەورە:** بێزاری لە چی؟

**بڕک:** تۆ منت خستووەتە بەردەم پەیمانێکی قورسەوە.

**باوە گەورە:** لە دەست چی وا بێزاریت؟ پێم بڵێ، ئەو کاتە من پێکێت پێ دەدەم.

**بڕک:** دەتوانم بە هەنگەشەلێ ڕێ بکەم، هەر کاتێکیش کەوتم ئەوا بە سکە خشێ دەڕۆم.

**باوە گەورە:** بەو ڕادەیە بۆ خواردنەوە پەرێشانیت؟

**بڕک:** (خۆی بەرەو تەختی نووستنەکە کێش دەکا و خۆی پێدا هەڵدەزنێت) بەڵێ تا ئەو ڕادەیە بۆ خوارنەوە پەرێشانم.

**باوە گەورە:** ئەگەر پێکێکت بدەمێ بڕک، پێم دەڵێی کە لەتاو چی وا بێزاریت؟

**بڕک:** بەڵێ، گەورەم، هەوڵ دەدەم پێتی بڵێم. (باوە گەورە پێکێکی بۆ تێ دەکا و بە ڕێزەوە بۆی ڕادەگرێت)

(بێدەنگی لە کاتی خواردنەوەی بڕک دا درێژ دەبێتەوە) تۆ تا ئێستا گوێت لە وشەی ڕیاییی بووە؟

**باوە گەورە:** بێگومان. ڕیاییی یەکێکە لەو وشە هیچ و پووچانەی کە پیاوە سیاسییەکان لێرە و لەوێ لەگەڵ یەکتردا بەکاری دەهێنن.

**بڕک:** دەزانی مانای چییە؟

**باوە گەورە:** مانای درۆ و درۆزن ناگەیەنێت؟

**بڕک:** بەڵێ، گەورەم. درۆ و درۆزن.

**باوە گەورە:** هیچ کەسێک درۆی لەگەڵ کردوویت؟

**منداڵان:** (لە دەرەوەی شانۆ بە کۆرس گۆرانی دەڵێن) باوە گەورەمان دەوێت! باوە گەورەمان دەوێت!

(گۆپەر لە دەرگەی تارمەکەوە دەردەکەوێت).

**گۆپەر:** باوە گەورە، منداڵان لە دەرەوە بانگی تۆ دەکەن.

**باوە گەورە:** (بە تووڕەییەوە) بڕۆ دەرەوە گۆپەر!

**گۆپەر:** داوای بەخشین دەکەم.

(باوە گەورە لە پاش گۆپەرەوە دەرگەکە دەدا بە یەکدا).

**باوە گەورە:** کێ درۆی لەگەڵ کردوویت، مارگرێت درۆی لەگەڵ کردوویت، برک؛ مارگرێت لەبارەی شتێکەوە درۆی لەگەڵدا کردوویت؟

**برک:** ئەو نا، ئەوە گرفتێک نییە.

**باوە گەورە:** باشە کێ درۆی لەگەڵ کردوویت، درۆی چیت لەگەڵدا کراوە؟

**برک:** مەبەستم لە درۆیەک و لە تاکە کەسێک نییە..

**باوە گەورە:** باشە ئەی چییە، لە ڕێی خوادا پێم بڵێ ئەی چییە؟

**برک:** هەمووان، هەموو شتەکان...

**باوە گەورە:** بۆچی سەرت دەخورێنی؟ سەرت دێشێت؟

**برک:** نەخێر، هەوڵ دەدەم بۆ...

**باوە گەورە:** هەوڵ دەدەی هۆشت بەبەر خۆت بهێنیتەوە بەڵام بۆت ناکرێ، لەبەرئەوەی خواردنەوە مێشکتی خەساندوە.

ئەوە گرفتەکە نییە؟ شۆردنەوەی مێشک! (پێکەکە لە دەستی برک دەفڕێنێت).

تۆ چی لەبارەی ڕیاییەوە دەزانیت؟ دۆزەخ! تۆ ئەوە دەزانیت کە من دەتوانم کتێبێکی لەسەر بنووسم؟

من دەتوانم کتێبێکی لەسەر بنووسم و هێشتاش بەتەواوی تینوێتی بابەتەکەی نەشکاندبێت؟

باشە، بۆم دەکرێ، بۆم دەکرێ کتێبێکی نەفرەتی لەو بارەیەوە بنووسم و لە هیچ ڕوویەکیشەوە تینوێتی بابەتەکە نەشکێنێت!!

تۆ بیر لە هەموو ئەو درۆیانە بکەرەوە کە دەبێت من لەگەڵیان هەڵبکەم!

ڕواڵەتبازی! ئەوەش بۆ خۆی ڕیایی نییە؟ دەبێت کۆمەڵێ ڕۆڵ یاری بکەیت تۆ بە هیچ جۆرێک بیرت لێیان نەکردووەتەوە و ئاشنایت لەگەڵیان نییە و هیچ هەست و سۆزێکیشت ناجووڵێنێت؟

هەر بۆ نموونە دەبێ خۆت وا دەربخەی کە خەمخۆری دایکتم! ئەوە بۆ چل ساڵ دەچێ من حەزم نەکردووە ئەو ژنە ببینم یان گوێم لە دەنگی بێت یاخۆ بۆنی بە لوتمدا بێت! تەنانەت ئەو کاتانەش کە لەگەڵیا نوستووم! تەنیا هەر ئەوەیە سواری بیت...

خۆت وا نیشان بدەی کە ئەو کوڕی قەحبەیە، گۆپەر و مەی خێزانی و ئەو پێنج قیژە قیژکەرەت خۆش دەوێن کە وا لە دەرەوە هەر دەڵێی تووتی ناو دارستانن؟ ئای خوایە! بۆم ناکرێ لێیان بڕوانم!

کڵێسا! قێزم لێی دێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەچم، دەچم و دادەنیشم و گوێ لەو قەشە هیچوپووچە دەگرم! ماڵ و ئیش و خەڵک و خوا، هەمووی گەندوگوون!

(ژانێک بە سکیدا دێت و وای لێ دەکات دەست بە لاکەلەکەیەوە بگرێ و خۆی بنووشتێنێتەوە. دەکەوێتە سەر کورسییەک و دەنگی ناسک و پچر پچر دەبێت).

تۆم لەبەر هەندێ هۆ خۆش ویستووە، هەموو کات جۆرێک لە هەست و سۆزێکی قووڵ.. ڕێز.. میهرەبانیم بۆت هەبووە.. بەڵێ هەموو کات.. هەموو ئەوەی بەدرێژاییی ژیانم بۆی تێکۆشاوم تۆ بوویت و ئەوەش کە ببمە جووتیارێکی سەرکەوتوو! ئەوەش ڕاستییەکە... نازانم بۆچی، بەڵام کتومت وا بووە!

من لەگەڵ ڕیاییدا هەڵم کردووە! بۆچی دەبێ لەگەڵیدا بژیت؟ ئەوەیە، دەبێت لەگەڵیدا ڕابێیت، بێ لە ڕیایی شتێکی تر نییە لەگەڵی بژیت، شتێکی تر هەیە؟

**برک:** بەڵێ، گەورەم. بەڵێ، گەورەم شتێکی تریش هەیە دەکرێ لەگەڵیدا بژیت!

**باوە گەورە:** چییە؟

**برک:** (پێکەکەی بەرز دەکاتەوە) ئەمە! خواردنەوە..

**باوە گەورە:** ئەوە ژیان نییە، ئەوە جۆرێکە لە هەڵاتن لە ژیان.

**برک:** دەمەوێ لە دەست ژیان هەڵبێم.

**باوە گەورە:** ئەی کەوایە بۆ خۆت ناکوژیت، کابرا؟

**برک:** دەمەوێ بخۆمەوە تا.....

**باوە گەورە:** ئای خوایە، ناتوانم لەگەڵ تۆ بدوێم...

**برک:** داوای بەخشینت لێ دەکەم، باوە گەورە .

**باوە گەورە:** من داوای لێبووردنت لێ دەخوازم. شتێکت بۆ باس دەکەم.

ماوەیەک لەمەوبەر، ئەو کاتەی وام هەست دەکرد کە ژیانم خەریکە بەرەو کۆتایی دێت...

(ئەو دیالۆگە دەبێت بە جۆرێک لە گەرموگوڕی و خێرایی بگوترێت).

بەرلەوەی بۆم دەربکەوێ ئەوەی پێوەی دەناڵم تەنیا هەوکردنی ڕیخۆڵەکانمە و هیچی تر، بیرم لە تۆ کردەوە. ژیانی من بەرەو کۆتایی دەچێ، ئەم ماڵ و حاڵە بۆ تۆ بەجێ بهێڵم یان نا، لە کاتێکدا کە من ڕقم لە گۆپەر و مەیە و ئەوانیش خۆشیان بە من نایەت، ئەو پێنج مەیموونەی کە هەشیانە کتومت چۆنەتەوە سەر خۆیان. بیرم لەوە کردەوە کە نابێت! دواتر بیرم لەوە کردەوە کە دەبێت! بۆم نەکرا لەسەر هیچ بڕیارێک بگیرسێمەوە. ڕقم لە گۆپەر و لە هەر پێنج مەیموونەکەی و لە ژنە حەشەرییەکەشییەتی!

بۆچی بیست و هەشت هەزار ئەیکەر زەوی لە باشترین و بە پیتترین شوێنێکی ئەم دۆڵەدا بۆ کەسانێک جێ بهێڵم خۆشیم پێیان نایەت؟ بەڵام لە سەرێکی تریشەوە برک، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر چی پێم خۆش بێ یان نا، بۆچی خۆم تەفرە بدەم و دەستگیرۆیی گەمژەیەک بکەم کە هەموو ژیانیی خۆی داوە بە خواردنەوە؟ هەتا ئەگەر خۆشیشم بوێت! بۆچی بەو کارە هەستم؟ دەستگیرۆیی هەڵسوکەوتێکی بێ نرخ و بەها بکەم؟ دەستگیرۆیی بۆگەنی و گەندەڵی؟

**برک:** (پێ دەکەنێت) تێ دەگەم.

**باوە گەورە:** باشە، ئەگەر تێ بگەیت ئەوا تۆ لە من داناتریت،

لەبەرئەوەی نەفرەت لەوە بێت کە من لەوە تێ ناگەم.

ئەوەشت بەوپەڕی ڕاشکاوییـــەوە پـێ دەڵێم. بەرانبـــەر بەو پرسـیارە، ئێسـتاشی پێوە بێت من بۆم نەکرا لەسەر بڕیارێک خـۆم ساخ بکەمـەوە. باشـە، ئێسـتـاش پێـویسـتم بەوە نیـیـە وەسیەت بکەم، ئەو پاڵەپەستۆی تەنگی پێ هەڵچنیبووم لە کۆڵم بووەوە. ئێســتـا دەتوانم چاوەڕێ بکەم و لێت بڕوانم ئاخـۆ تۆ دەگەڕێیتەوە یان هەر لەو پێستەی خۆتدا دەمێنیتەوە.

**بڕک:** ئەوە زۆر ڕاستە، باوە گەورە.

**باوە گەورە:** بە قسـەکانتدا لەوە دەچێت وا بزانیت من گاڵتـەت لەگەڵدا دەکەم.

**بڕک:** (بەرز دەبێتەوە) نەخێر، گەورەم دەزانم تۆ گاڵتە ناکەیت.

**باوە گەورە:** بەڵام شوێن بایەخی تۆ نییە؟

**بڕک:** (بە هەنگەشـەلێ بەرەو دەرگەی دالانەکە دەڕوات) نەخێر گەورەم گرینگی نادەم بە... (کە لەو کاتەدا بڕک لە دەرگەی دالانەکەدا ڕادەوەسـتێ ڕەنگی ئاسـمـان بە ڕۆشنایی تەڵقـەتەنوورەکـان دەگۆڕێت بۆ پەمەیی و سەوز و زەرد).

**باوە گەورە:** بە چی! بڕک..

(لە پڕێکدا شتێک هەیە شەرمی لێ دەکات بیدرکێنێت، دەنگی کـز دەبێت. لە ئامـاژەکـەیدا تا ڕادەیەک شـتـێک هەیە خـەفـەی دەکات).

هەروا بەسـادەیی، هەروەک ئەو گـفـتـوگـۆیانەی لەمــەوبەر لە نێوانماندا هەبووە لێی مـەڕوانە، ئێمـە هەمـوو کات خـۆمـان لە

بابەتەکان دزیوەتەوە، لەبەر هەر هۆیەکی ناچیزە بووبێت ئێمە خۆمان لە بابەتەکان دزیوەتەوە.

نازانم لەبەر چی، هەردەم شتێک هەبووە قسە و باسمان لەسەری نەکردووە، شتێک خۆمان لێ پەنا داوە.

لەبەرئەوەی هەر یەکێک لە ئێمە ئەوەندە ڕاستگۆ نەبووە لەگەڵ... ئەوی تر..

**برک:** باوە گەورە، من هەرگیز درۆم لەگەڵ نەکردوویت.

**باوە گەورە:** بۆ من تا ئێستا درۆم لەگەڵ تۆ کردووە؟

**برک:** نەخێر، گەورەم.

**باوە گەورە:** باشە هەر هیچ نەبێت دوو کەس هەن درۆیان لەگەڵ یەکتردا نەکردووە.

**برک:** بەڵام ئێمە تا ئێستا لەگەڵ یەکتردا نەدواوین.

**باوە گەورە:** ئێستا بۆمان دەکرێ.

**برک:** باوە گەورە، لەوە ناچێت شتێکی ئەوتۆ هەبێت باسی لێوە بکرێت.

**باوە گەورە:** تۆ دەڵێی گوایە دەخۆیتەوە بۆ ئەوەی بێزاریی خۆتی لە دەست درۆ پێ بکوژیت.

**برک:** تۆ داوات لێ کردم بۆتی ڕوون بکەمەوە.

**باوە گەورە:** ئاخۆ خواردنەوە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بێزاریی خۆتی پێ لەناو بەریت؟

**برک:** بۆ ئێستا، بەڵێ.

**باوە گەورە:** بەڵام تەنیا ڕێگەیەک نییە، ها؟

**برک:** ئەوە لە کـاتێکدا تەنیـا ڕێگەک نیـیـە کـە هێـشـتـا گـەنج بیت و بڕواشت هەبێ. مـەیزەدە کـەسـێکە دەیەوێ ئەوە لە یاد بکات کـە هێشتا گەنج نییە و بڕوای نییە.

**باوە گەورە:** بڕوا بە چی؟

**برک:** بڕوا بە...

**باوە گەورە:** بروا بە چی؟

**برک:** (سـەرسـەختانە خۆی دەدزێتەوە) بڕوا....

**باوە گەورە:** من نازانم ئەی نەفرەتی تۆ مەبەستت لە بڕوا چییە و پێشم وا نیـیـە بۆ خـۆشت بزانیت مـەبەسـتت لـە چیـیـە. بەڵام ئەگـەر هێشتا وەرزش لە خوێنتایە بگەڕێرەوە بۆ کاری بێژەری و...

**برک:** لە سندوقـێکی شـووشـەدا دابنیـشم و بڕوانمە یارییـەک کە خـۆم بۆم ناکرێ هاوبەشی تێدا بکەم؟ وەسـفی شـتێک بکەم خـۆم لە ئاسـتیدا دەسـتەوسـتانم و یاریزانەکـان سـەرگـەرمن پێوەی؟ بە دیار بێـزاری و تووڕەیی یارییـزانەکـانەوە ئارەقی شـین و مـۆر دەربکەم کە چیی تر بەرگەی ناگرم؟ دابنیشم و شەرابی بۆربۆن بخـۆمـەوە کـە چیی تـر ئارەزووی ناکـەم؟ چیی تر ئەوە بـۆ من شیـاو نییـە، خـۆشیم پێ نادات، ڕۆژگـار بە جێی هێـشـتم، باوە گەورە ..

**باوە گەورە:** پێم وایە تۆ دەتەوێ خۆت لە سـەرکۆنەکردن بدزیتەوە؟

**برک:** تۆ سـەرخۆش دەناسیت؟

**باوە گەورە:** (بە بزەیەکی نەرم و نیانی کورتخایەنەوە) خەڵکانێکی زۆرم لەو جۆرە کەسـانە ناسیوە.

**برک:** هیچ کەسێک لەوانە بۆی کراوە پێت بڵێ بۆ دەخواتەوە؟

**باوە گەورە:** بەڵێ، تۆ گوناه و سەرزنشتی دەخەیتە سەر ڕۆژگار و بێزاری لە دەست ریایی، ئەوەش قسەی قۆرە!

ئەگەر بتەوێ خۆت بەو جۆرە قسانە بپەڕێنیتەوە ئەوا من ئەو جۆرە قسانە بە پولێکی قەڵب ناکرم.

**برک:** ناچارم بەوەی هۆیەکت بۆ بدۆزمەوە بۆ ئەوەی پێکێکم دەست بکەوێ!

**باوە گەورە:** تۆ لەو کاتەوە دەستت کرد بە خواردنەوە کە سکێپەری هاوڕێت کۆچی دوایی کرد.

(بۆ پێنج خولەکێک بێدەنگی درێژە دەکێشێت. برک لە جوڵەیەکی کتوپڕا بەرەو لای دارشەقەکەی دەڕوات).

**برک:** ئەتەوێ چی بڵێی؟

**باوە گەورە:** نا هیچم نییە بیڵێم.

(برک بە خێراییی بە دارشەقەکەیەوە لە دەست تەماشاکانی باوکی خۆی دەدزێتەوە).

بەڵام مەی و گۆپەر دەڵێن گوایە شتێک هەبووە تا ڕادەیەک ئاسایی نەبووە سەبارەت بە پێوەندیی تۆ و...

**برک:** (لە دامێنی خوارەوەی تەختەی شانۆوە کەمێک ڕادەوەستێت هەر وەک ئەوەی پاڵی بە دیوارێکەوە دابێتەوە).

ئاسایی نەبووە؟

**باوە گەورە:** باش نەبووە، یاخۆ هاوڕێیەتیەک کە ئاسایی نەبووە لەگەڵ..

**برک:** ئەوانیش وا دەڵێن؟ من پێم وابوو ئەوە هەر ماگییە کە وا دەڵێت؟

(لە دواجاردا ئەو کەنارگیرییەی برک تێکدەشکێت و دڵە کوتێی پێ دەکەوێت، ناوچەوانی ئارەق دەکاتەوە و هەناسەی سوار دەبێ و دەنگی دەگیرێت. مەسەلەی مەرگی سکێپەر و ئەو پێوەندییە گومانادوییە؛ پێوەندییەکی نە شیاو و تابۆیە کە سکێپەر بۆ خۆی لەوێ نییە تا ڕەتی بکاتەوە، باوک بە جۆرێک لە شەرم و ئازارەوە و برکیش بە توندوتیژی و ڕەقییەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەن. ئەگەر پێوەندییەکی وا بوونی هەبوو بێت ئەوا لەو دنیایەی کە تێدا دەژین یاخۆ لەناو جەرگەی ئەو ریاییەی کە برک تێدا دەخواتەوە بۆ ئەوەی بێزارییەکانی خۆی پێ دەرببڕێت، دەبێت ئینکاری بکەیت بۆ ئەوەی بۆت بکرێ سەرت هەڵبڕیت. لەوە دەچێت ئەوەش هۆیەکی سەرەکی بوو بێت بۆ داڕوخانی برک، یاخۆ لەوە دەکات یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی ئەو داڕوخانە بێت. ئەو کێشەیەی لەم شانۆییەدا من بە هیوام دەستی بۆ ڕابکێشم چارەسەرکردنی گرێیەکی دەروونی تاکە کەسێک نییە ئەوەندەی بە شوێن ئەوەوەم لە گیانی ئەو ئەزموونە هەقیقیە نزیک بکەومەوە کە کۆمەڵانی خەڵک پێدا تێدەپەڕن و پڕی تاریکی و گێرمە و کێشەیە و ژیان دەلەرزێنێ و مرۆڤایەتی وەک گرفتێکی گەورەی چاو لێ دەکات. هەندێ ڕاز و نهێنی هەیە دەبێت لە گیانی کارەکتەری شانۆدا بە نهێنی و دەست لێ نەدراوی جێ بمێنێت هەروەک چۆن کارەکتەرەکانی ناو ژیان هەڵگری دنیایەک نهێنین بۆ خۆیان، تەنانەت هەر کارەکتەرێکیش ئەو تایبەتمەندیانەی بۆ خۆی

هەیە. ئەوەش نووسەری شانۆ لەو ئەرکەی خۆی نابەخشێت، بگرە تا ئەوەندەی بۆی دەکرێ بە شێوازێکی دروست و بەوپەڕی قوولّی و ڕۆشنی، تێبینی و ڕوانینەکانی خۆی بخاتە ڕوو و لە دەستەواژەی سادە و ئامادە خۆی بە دوور بگرێ کە وا دەکات شانۆ تەنیا شانۆییەک بێت نەک تەڵەزگەیەک بۆ ئەزموونی مرۆڤایەتی).

(چرکەساتەکانی داهاتوو دەبێت بەوپەڕی دیقەت و بەهێز و گوڕێکی تەواوەوە نیشان بدەرێ و ئەوە بخاتە ڕوو کە تا ئێستا بە نهێنی جێ هێڵدراوە).

**بڕک:** کێی تر وا دەڵێ، ئەوە قسەی تۆشە؟ کێی تر پێی وا بووە کە من و سکێپەر پێوەندی....

**باوە گەورە:** (بە ناسکی) تۆ جارێ ئێستێک بکە، کەمێک پشوو بگرە، ڕۆڵە. من لە سەردەمی خۆیدا ئەوەی پێم خۆش بوو بێت کردوومە.

**بڕک:** ئەوە چی پێوەندی بەوەوە هەیە...

**باوە گەورە:** پێم گوتی کەمێک ڕاوەستە، وێڵگەردی دنیام کرد، بە خوار و ژووری ئەم وڵاتەدا چووم هەتا...

**بڕک:** کێی تریش وا دەڵێ، کێی تریش وا لەو مەسەلەیە دەڕوانێت؟

**باوە گەورە:** لەناو بێشە و دارستانەکان نووستووم، لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکان و لە خراپترین ئۆتێلەکانی ناو شارەکان پێش ئەوەی کە....

**بڕک:** ئۆۆوو، تۆش وا بیرت کردووەتەوە، تۆش بە کوڕی خۆت بانگم دەکەیت و لە هەمان کاتیشدا وەک کەسێکی نائاساییی لێم

دەڕوانی. لەبەر ئەوە من و ماگیت لەم ژوورەدا داناوە چونکە جاک سترۆ و پیتەر ئۆچیلۆ تا ئەو دەمەی هەردووکیان مردن، ئەو دوو کۆنە عاشقە و ماشقەیە لەسەر تەختێکی دوو کەسی پێکەوە نووستن.

**باوە گەورە:** لە خۆتەوە تفەنگ مەنێ بە تاریکییەوە...

(لە پڕێکدا باوە تووکە بەدەم پێکەنینێکەوە لە دەرگەی دالانەکەوە دێتە ژوورێ، پێکەنینێک لێوانلێو لە دڵسۆزی و سادەییەکی درۆزنانەی پیاوانی ئاینی، سەریشی بەلاری و بە شێوەیەکی پێکەنینهێنەر ڕاگرتووە و بە شێوەیەکی ساویلکانەش بە خۆ دەنازێ).

(باوە گەورە لە بەرانبەر ئەو دەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوەدا ڕادەوەستێ و هەناسەیەک دەداتەوە).

**باوە گەورە:** چاو بۆ چی دەگێریت، قەشە؟

**باوە تووکە:** بۆ ئاودەستی پیاوان، ها ها!

**باوە گەورە:** (بە ڕێز لێنانێکەوە) باوە تووکە، بگەڕێرەوە دواوە و بچۆ بۆ کۆتایی دالانەکە و ئەو ئاودەستە بەکاربهێنە کە دەکەوێتە ژوورەکەی منەوە، ئەگەر نەتدۆزییەوە لە کەسێک پرسیار بکە.

**باوە تووکە:** ئەها، سوپاس.

(بەدەم سووکە پێکەنینێکەوە دەڕواتە دەرەوە).

**باوە گەورە:** زۆر دژوارە لەم شوێنەدا قسە بکەیت...

**برک:** کوڕی قە...

**باوە گەورە:** تا ساڵی هەزار و نۆسەد و دە، گەلێک سارد و گەرمیم

بینی. ئای خودایە، ئەو ساڵە ناخۆشترین سەردەمی ژیانی من بوو، خۆم هاویشتە ناو ماشێنێکی زەردی گواستنەوەی لۆکەوە و شەو لە لەژێر ماشێنەکەدا دەنووستم، جاک سترۆ و پیتەر ئۆچیللۆ گرتیانمە خۆیان و سەرپەشتی ئەم شوێنەیان پێ سپاردم کە ئێستا دەیبینیت ئاوای لێ هاتووە. کاتێک جاک سترۆ ئەمری خوای بە جێهێنا، نازانم بۆچی پیرە پیتەر ئۆچیللۆ مانی لە خواردن گرت تا مرد، هەروەک چۆن سەگێک مان لە خواردن دەگرێ بۆ خاوەنەکەی.

**برِک:** خوایە!

**باوە گەورە:** من بۆ خۆم تێ دەگەم لەوەی...

**برِک:** (بە توندوتیژییەوە) سکێپەر مرد. ئێ خۆ من مانم لە خواردن نەگرتووە!

**باوە گەورە:** وایە، بەڵام تۆ دەستت کرد بە خواردنەوە.

(برِک بە دارشەقەکەیەوە ئاوڕ دەداتەوە و بەدەم قیژەیەکەوە پەرداخەکەی فڕێ دەدات).

**برِک:** کەواتە تۆش هەر وا بیر دەکەیتەوە؟

(دەنگی ڕاکردن لە داڵانەکەوە دێتە گوێ. ژنان بانگ دەکەن. باوە گەورە بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات).

**باوە گەورە:** هیچ نەبووە لاچن، تەنیا ئەوە بوو پەرداخەکەی شکاند.

(برِک لە پڕێکدا هێمنییەکەی لە دەست دەدا و وەک شاخێکی گڕکانی لێ دێت).

**برِک:** کەواتە تۆش وا بیر دەکەیتەوە؟ تۆش هەمان بیرکردنەوەت هەیە؟ پێت وایە من و سکێپەر پێکەوە پێوەندی نێربازیمان هەبووە؟

**باوه گەورە:** ڕاوەستە...

**بڕک:** تۆ بیر لەوە...

**باوه گەورە:** بێدەنگ بە..

**بڕک:** پێت وایە کاری نابەجێ لە نێوانماندا ڕووی داوە. سکێپەر و من...

**باوه گەورە:** تۆ بۆچی وا دەنگت لێ هەڵبڕیوە؟ تۆ بۆچی..

**بڕک:** من، تۆ وا بیر لە سکێپەر ناکەینەوە، تۆ وا..

**باوه گەورە:** تۆ بۆ وا خۆت شڵەژاندووە؟ من بیر لە هیچ ناکەمەوە. من ئاگام لە هیچ نییە. من زۆر بە سادەیی پێت دەڵێم کە...

**بڕک:** تۆ پێت وایە من و سکێپەر جووتێک پێرەمێردی سەرسەری بین؟

**باوه گەورە:** ئێستا ئەوە...

**بڕک:** سترۆ؟ ئۆچیللۆ؟ جووتێک...

**باوه گەورە:** ئێستا تۆ..

**بڕک:** دوو حیز بین؟ قوندەر بین؟ مەبەستت لەوە نییە..

**باوه گەورە:** ششششش.

**بڕک:** وا بیر ناکەیتەوە؟

(قورسایی خۆی لە دەست دەدات و دەکەوێتە سەر ئەژنۆ بەبێ ئەوەی باکی بە ئازارەکەی بێت. خۆی بە تەختی نووستنەکەوەی دەگرێت و هەوڵ دەدات هەڵسێتەوە)

**باوه گەورە:** ئای خوایە! دەستم بدەرێ!

**بڕک:** نەخێر، نامەوێت دەستی تۆ بگرم..

**باوه گەورە:** باشە، من دەستی تۆ دەگرم. بەرز بەرەوە!

(بەرزی دەکاتەوە و بە سۆز و خۆشەویستەوە قووڵی دەگریّ و لە ئامێزی دەگریّ)

تۆ هەموو گیانت نیشتووەتە سەر ئارەق! هەروەک ئەوەی لە دەست سەگێک هەڵاتبیت هەناسە برِکێت پێکەوتووە.

**برِک:** (خۆی لە ئامێزی باوکی دەرباز دەکات) باوە گەورە، تۆ تووشی سەرسوورِمانت کردم، باوە گەورە، تۆ، تۆ... تۆ منت شڵەژاند! بە جۆرێک قسە دەکەیت... (روو لە باوکی وەردەگێرِێت)

هەر لە خۆتەوە! بە جۆریک قسە دەکەیت کە... بیر لەوە ناکەیتەوە کە چۆن هەستی خەڵکی بریندار دەکەیت؟ چۆن بە باسکردنی ئەو جۆرە قسانە تووشی بێزاربوون دەبن؟ لە رۆژگاری خوێندندا کاتێک پەیمانی برایەتیمان بەست، من و سکێپەر بەڵێنمان دا کە هەندێک کاری ناوازە ئەنجام بدەین لەگەڵ... (بە هەناسە سوارییەوە رەتێک دەبات).

**باوە گەورە:** بۆ کوێ؟

**برِک:** بەرەو باکوری ئەفریقا، ئەوەندەی من ئاگام لێ بوو!

**باوە گەورە:** باشە، من لە رِێگەیەکی زۆر لەوە دوورترەوە گەرِاومەتەوە، من ئەوەندە نییە لە دنیایەکی ترەوە پێم ناوەتەوە ئێرە، رۆڵە، لە وڵاتی مردووانەوە، من زۆر بە ئاسانیی تووشی شڵەژان نابم.

(دێتە پێشەوەی تەختەی شانۆ و رووی لە بینەرانە) هەرچۆنێک بێت، هەموو کات، بە جۆرێک ژیاوم کە نەم هێشتووە قسەی خەڵکی وا بەئاسانی لە خشتەم بەرێ. شتێک هەیە دەتوانی لە خۆتدا بیچێنیت و گەورەی بکەیت کە زۆر لە لۆکە گرینگترە! ئەویش لێبووردنە! لە خۆمدا گەورەم کردووە.

(بەرەو لای برک دەگەڕێتەوە)

**برک:** بۆچی ناکرێ سنگمان بۆ هاوڕێیەتییەکی خاوێن و قووڵی نێوان دوو پیاو والآ بکەین و وەک پێوەندییەکی پاکژ، بەڕێز و نەوازشەوە تەماشای بکەین بەبێ ئەوەی ببێتە جێ گومانی..

**باوە گەورە:** ئەوە زۆر ڕەوایە و دەشێ.

**برک:** سەیر و سەمەرەیە..

(لە وتنی ئەو وشەیەدا هەست بە بەوپەڕی قووڵی و کاریگەریی ئەو جیهانە پڕ لە قاڵب دراوە بە داوونەریت دەکەین کە لەگەڵیدا گەورە بووە و ژیاوە).

**باوە گەورە:** من بە مەی و گۆپەرم گوتووە..

**برک:** مەی و گۆپەر سەریان دای لە بەرد، هەموو ئەوانەی درۆزنن و قسە هەڵدەبەستن سەریان دای لە بەرد!

لە نێوان من و سکێپەردا پێوەندییەکی پاک و خاوێن هەبووە! بە درێژایی هەموو ژیانمان، تا ئەو کاتەی ماگی ئەو ئەندێشەیەی لا دروست بوو کە تۆ ئێستا باسی دەکەیت، هاوڕێیەتییەکی قووڵ من و سکێپەری پێکەوە گرێ دابوو. ئایا پێوەندییەکی ئاسایی بووە؟ نەخێر! بە هەموو جۆرێک لە پێوەندییەکی سادە و ئاسایی ناسکتر بووە، هەر شتێکی ناسک و ناوازە کە لە نێوان دوو کەسدا دەخوڵقێ زۆر لەوە گەورەترە ئاسایی بێت. ئای، جارجارێک ئەو دەستی دەخستە سەر شانم، یان من دەستم دەخستە سەر شانی ئەو، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە بۆ دوو گۆڵی دەچووین بۆ شارەکانی تر، لە یەک ژووری ئۆتێلێکدا پێکەوە دەنووستین و لە کاتی شەودا

دەستمان بۆ تەوقەکردن بۆ یەکتر درێژ دەکرد و بەر لەوەی بخەوین خواحافیزیمان لە یەکتر دەکرد، بەڵێ جارێک یان دوو جار ئێمە...

**باوە گەورە:** برک، کەس پێی وا نییە ئەوە شتێکی ئاسایی نەبێت!

**برک:** باشە، ئەوانە بە هەڵەدا چوون! ئەوەی لە نێوانماندا بووە پێوەندییەکی پاک و خاوێن بووە و ئەوەش بە هیچ جۆرێک ئاسایی نەبووە.

**مەی:** (لە دەرەوەی شانۆ) باوە گەورە، ئەوە دەستیان کرد بە هەڵدانی تەڵقە تەنوورە.

(هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تەماشای یەک دەکەن. ئەو گرژییە هەردووکیان دادەبڕێ و ڕوو لە یەک وەردەگێڕن وەک ئەوەی ماندوو بووبن)

**باوە گەورە:** بەڵێ، وایە.. ئاسان نییە بۆ قسە..

**برک:** باشە، کەواتە، با بڕۆین... واز بهێنە..

**باوە گەورە:** بۆچی سکێپەر تێکشکا؟ ئەی تۆ بۆچی؟

(برک جارێکی تر دەڕوانێتە باوکی. بڕیارێکە و داوێتی بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی بە باوکی بڵێت کە بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت. ڕەنگە ئەوە تەنیا شتێک بێ کە هەردووکیان لەو هەڵوێستەدا یەکسان بکاتەوە: مەسەلەیەک کە نابێ باس بکرێ لە بەرانبەر مەسەلەیەکی تردا کە هاوتای یەکن).

**برک:** (وریای دەکاتەوە) باشە، باوە گەورە تۆ درێژەت بە پرسیارەکانی

خۆت دا و له کۆتایشـدا وا خـەریکە دەگـەینە ناوچـەرگـەی ئەو بابەتەی کە تۆ ئارەزووت لێی بوو. ئێستـاش ناکرێ لەوێدا بە نیوە ناچڵی بەجێی بهێڵین. دەبێ درێژەی پێ بدەین و لە کون و قووژبنەکانی بکۆڵینەوە.

(بە هەنگەشەلێ بەرەو بارەکە دەگەڕێتەوە) ئەهـ. هە.

(سەتڵی سەهۆڵەکە دەکاتەوە و "گرەرە" زیوینەکە هەڵدەگرێ و بە سەرسوڕمانەوە لە سپێتییەکەی دەڕوانێ)

ماگی لەوە دەدوا گـوایە من و سکێپەر لە دوای تەواوکـردنی زانکۆ پەنامـان بردووەتە بەر یاری شـەق لەبەرئەوەی لە دەست گەورەبوون و پیربوون ڕابکەین..

(وەک ئیفلیجێک بە دارشـەق بڕوات، بەرەو خوارەوەی تەختـەی شـانۆ دەجووڵێت. هەروەک چۆن مـارگرێت پێشـتر گـوتارێکی ئاوازداری پێشکێش کـرد، برکیش بە ڕوانینێکی نیو کەچەوە و بە شێوەیەکی خەمگینانە دەڕوانێتە ناو ماڵەکە و سەرنج دەخاتە سـەر ئەو لایەنەی لێی دەڕوانێت و بە شـێـوەیەکی زۆر سـادە ئەوەندەی لەبارەی هەقیقەتەوە دەزانێ، گوزارشتی لێ دەکات).

دەمویست ئەو پاسـە بەرز بەرز و درێژ درێژانە! بەردەوام بن کە هیچ شتێک پێشی پێ نەدەگرتن تەنیا کات نەبێ، ئەو هێرش بردنانەمـان ناوبانگێکی زۆری پێ داین! بەردەوام بووین لە یاریکردن و بەوپەڕی گوڕوتینەوە درێژەمان بە هێرش بردن دەدا و بۆ وەرزێک ئێمە لە لووتکەدا ماینەوە!

بەڵێ، بەڵام... ئەو هاوینە، مـاگی منی لە نێوان دوو هەڵبژاردندا جێ هێشت و پێمی گوت، ئەگەر ئێستا نەمهێنی ئیتر ئەوا

دواجار دەبێت و بەو جۆرە ماگیم هێنا...

**باوە گەورە:** ماگی لەسەر جێی نووستن چۆنە؟

**برک:** (بە پێچ و پەناوە) هەر زۆر باشە، یەکێکە لە ئافرەتە زۆر باشەکان!

(باوە گەورەش سەری ڕەزامەندی بۆ دەجوولێنێ).

ئەو پایزە ماگی لەگەڵ تیپی دیکسی کەوتە ڕێ، هەموو هەوڵی خۆی کۆکردبووەوە کە خۆی وەک باشترین وەرزشەوان لە دنیادا نیشان بدات. کڵاوێکی تیسکنی مووداری درێژی کردبووە سەر، لەگەڵ چاکەتێکی فەرووی سوور کە بەشێوەیەکی سەیر و ناوازە دووڕا بوو! هۆڵەکانی ئوتێلەکە بە کرێ گیرا بوو بۆ ئاهەنگی بردنەوە، ئەگەر چی بشمان دۆڕاندایە بڕیاری ئاهەنگەکە هەر هەڵنەدەوەشایەوە... ماگی پشیلە! ها ها!

(باوە گەورە سەری بۆ دەلەقێنێت)

سکێپەر هەموو گیانی نیشتبووە سەر تایەکی بێ ئامان کە پزیشکەکان بە هیچ جۆرێک سەریان لێی دەرنەدەچوو و ئەوە بوو منیش دوو چاری ئەو بریندارییە بووم کە لە ئەشیعەکەدا تەنیا سێبەرێکی نیشان دەدا و لەگەڵ هەوکردنی جومگەکان... من لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانەکەوە لە ڕێی تیڤییەوە تەماشای یارییەکەمانم کرد، لەسەر کورسییەکان ماگییم بینی لە تەنیشت سکێپەرەوە، کاتێک بە هۆی هەڵەکانییەوە لە یارییەکە کرابووە دەرەوە! بەو جۆرەی خۆی نووساند بوو بە قۆڵییەوە منی شێت و هار کرد! دەزانی من هەموو کات پێم وابووە ماگی جۆرە هەستێکی تێدایە کە پێیوایە پشتگوێ

خراوه، لەبەرئەوەی چەند دوو کەسی بێگانە لەسەر تەختێکی نووستن بەیەکەوە بوون، من و ماگیش ئەوەندە، هەر ئەوەندەی دوو پشیلە لەسەر قەراخی گوێسوانەیەک بەلای یەکتریدا تێ دەپەڕن، نزیک نەبووینەتەوە. ئەمجا ئەو هەلەی قۆستبووەوە مێشکی ئەو سکێپەرە ساویلکە و داماوە تێک بدات. تۆ ئەوە دەزانیت کە ئەو قوتابییەکی تەمەڵ بوو لە زانکۆدا، ئاگات لەوە بوو؟ ئەو مەسەلە بۆگەن و هەڵەیەی خستبووە مێشکییەوە کە ئەو پێوەندەیی لە نێوان من و سکێپەردایە وەک هەمان پێوەندی ئەو جووتە خوشکەبوون کە لەم ژوورەدا پێکەوە ژیاون، جاک سترۆ و پیتەر ئۆچیلۆ! ئەو سکێپەرە داماوەش هەڵدەخەڵەتێ و لەگەڵ ماگیدا پێکەوە دەچنە سەر تەختی نووستن تا بۆی بسەلمێنێت ئەو تۆمەتەی خستوویەتیە پاڵی هەڵبەستراوە، کاتێ کە هیچی بۆ نەکراوە، هەستی بە دۆڕان کردووە! ئیتر هەروەکو چۆن دارێکی ڕزیوو بە ئاسانی دەبێ بە دوو کەرتەوە، سکێپەریش ئاوا بەتەواوی تێک دەشکێ.. تا ئێستا هیچ کەسێک بەو خێراییە ئاوا سەری نەکردووەتە سەر خواردنەوە و هیچ کەسێکیش ئاوا بەو خێراییە سەری نەناوەتەوە... ئێستا هەستت بە خۆشنوودی کرد؟

(باوە گەورە بە وریاییەوە گوێی بۆ درۆ و ڕاستی حیکایەتەکە ڕاگرتبوو، لە کوڕەکەی دەڕوانێت)

**باوە گەورە:** تۆ خۆت بڕوا بەوە دەکەی؟

**برک:** بڕوا بە چی؟

**باوە گەورە:** بەو حیکایەتە نیوە ناچڵە!

**برک:** بۆچی نیوه ناچڵه؟

**باوه گەورە:** شتێک لەو حیکایەتەدا پشت گوێ خراوە. پێم بڵێ چیت پشت گوێ خستووە؟

(تەلەفۆنەکە لە هۆڵەکەوە دەزرنگێتەوە).

**گۆیەر:** (لەو دیووی شانۆوە) هەلەو.

(برک هەروەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە، لە پڕێکدا بەرەو لای دەنگەکە دەڕوانێ).

**برک:** بەڵێ! ئەو وتووێژە تەلەفۆنییەم لە بیر کرد کە لە سکێپەرەوە پێم گەیشت..

**گۆیەر:** خۆی قسە دەکات، فەرموو.

**برک:** بەسەرخۆشییەوە هەندێک دانپیانانی پێڕاگەیاندم، منیش تەلەفونەکەم بەسەرا داخستەوە!

**گۆیەر:** نەخێر.

**برک:** ئیدی ئەوە دواجارمان بوو پێکەوە قسە بکەین..

**گۆیەر:** نەخێر، بەرێز.

**باوه گەورە:** دەبێ بەرلەوەی تەلەفۆنەکەت بە ڕوودا داخستبێتەوە شتێکت پێ گوتبێت.

**برک:** دەتوانم چی پێ بڵێم؟

**باوه گەورە:** هەر شتێک.

**برک:** بە هیچ جۆرێک.

**باوه گەورە:** تەنیا تەلەفۆنەکەت بە ڕوودا داخستەوە؟

**برک:** هەر ئەوەندە.

**باوە گەورە:** بە هەرحاڵ، برک، ئێستا ئەو درۆیەمان بۆ ڕوون بووەوە تۆ بە دەستییەوە دەناڵێنی و ئەوەش تۆ سەرت ناوەتە سەر خواردنەوە تا بێزاری خۆتی پێ دەربڕیت. تۆ خۆت لە لۆمەکردن دەدزیتەوە. ئەو بێزار بوونەت لە ڕیایی بێزار بوونە لە خودی خۆت. تۆ بەرلەوەی لەگەڵ هاوڕێکەتدا بەرەنگاری هەقیقەت بیتەوە، بەدەستی خۆت قەبرێکت بۆ هەڵکەند و فڕێت دایە ناوی.

**برک:** هەقیقەتی ئەو، نەک من.

**باوە گەورە:** باشە، با بڵێین هەقیقەتی ئەو. بەڵام بەرەنگاری نەبوویتەوە.

**برک:** کێ دەتوانێ بەرەنگاری هەقیقەت بێتەوە؟ تۆ بۆت دەکرێ؟

**باوە گەورە:** ئێستاش هەوڵ مەدە ڕۆڵە، جارێکی تریش خۆت لەسەر سەرکۆنەکردن بدزیتەوە!

**برک:** ئەی چی لەبارەی ئەو هەموو پیرۆزباییانەی جەژنی لەدایکبوونتەوە دەڵێی، کە زۆربەیان هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازن، لە کاتێکدا بێجگە لە خۆت هەر هەموویان دەزانن کە ئەوە دوایین جەژنی لەدایکبوونتە.

**گۆپەر:** (لەو کاتەوەی وەڵامی تەلەفۆنەکەی داوەتەوە، بەردەوامە لە قسەکردن و لەپڕ دەداتە قاقای پێکەنین و دەنگی دەگاتە بینەران) نەخێر، نەخێر، تۆ هەمووی بە هەڵە تێگەیشتوویت و هەموو شتەکانت تێکترشاندووە بەسەر یەکدا! پێم بڵێ تۆ تەواویت؟

**برک:** (لە پڕێکدا هەست دەکات نهێنییەکی ترسناکی درکاندووە، لێوی خۆی دەکرۆژێت. بە هەنگەشەلێ چەند هەنگاوێک دوور

دەکەوێتەوە و دەوەستێت. بەبێ ئەوەی بڕوانێتە ڕووی شڵەژاوی باوکی).

با بڕۆینە دەرەوە باوە گەورە، تەماشای تەڵقە تەنوورەکان بکەین، دەی وەرە باوە گەورە.

**باوە گەورە:** (لە پڕێکدا بەرەو لای کوڕەکەی دەڕوات و پەلاماری دارشەقەکەی دەدات هەروەک ئەوەی دارشەقەکە تفەنگێک بێ و هەر یەکێکیان هەوڵ بدات بۆ خۆی ڕا بفڕێنێت) نەخێر، بەهیچ جۆرێک! هیچ کەسێک لەم ژووره ناڕواتە دەرێ! پێم بڵێ ویستت چی بدرکێنیت؟

**برک:** لە بیرم چۆوە چیم باس کرد.

**باوە گەورە:** هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازن، لە کاتێکدا هەر هەموویان دەزانن کە ئەوە دوایین جەژنی لەدایکبوونتە.

**برک:** ئۆوو، باوە گەورە، نەفرەت لە هەموو شتێک بکە و پشتگوێی بخە. وەرە دەرەوە بۆ تارمەکە و تەماشای تەڵقە تەنوورەکان بکە کە بە خۆشیی جەژنی لە دایکبوونتەوە دەیتەقێنن...

**باوە گەورە:** جارێ ئەو تێبینییەی خۆتم بۆ تەواو بکە کە بەرلەوەی ڕاوەستیت درکاندت، ئەوەی گوتت؛ هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازن، لە کاتێکدا هەر هەموویان دەزانن ئەوە دوایین جەژنی لەدایکبوونتە. نەتویست ئەوەم پێ بڵێیت؟

**برک:** سەیر بکە، با پێت بڵێم. ئێستا بۆ خۆم بمەوێ بۆم دەکرێ بەبێ ئەو دارشەقەش بڕۆم، زۆر ئاسانە خۆم بە قەنەفە و کەلوپەلی ناو ژوورەکەوە بگرم و وەک تەڕەزان لەم لا بۆ ئەو لا خۆم هەڵبدەم.

**باوە گەورە:** ئەوەم بۆ تەواو بکە کە ویستت پێمی بڵێی!

(لە پشتیانەوە ئاسمان ڕۆشناییەکی سەوز دای دەپۆشێت)

**برک:** (سەرقاڵی ئەوەیە سەهۆڵ بخاتە پێکەکەیەوە و قسەکانی پچڕ پچڕ دەبێت).

هەموو ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیە ئەم شوێنە بۆ مەی و گۆپەر و پێنج مەیموونەکەی بە جێ بهێڵە، کە کتوومت چوونەتەوە سەر خۆیان...

**باوە گەورە:** گوتت شوێنەکە جێ بهێڵە؟

**برک:** هەر هەموو ئەو بیست و هەشت هەزار ئەیکەرە زەوییە بە پیت و بەرەکەتەی دەکەوێتە باشترین شوێنی دۆڵەکەوە.

**باوە گەورە:** کێ گوتویەتی من ئەم شوێنە بۆ گۆپەر یان بۆ هەر کەسێکی تر بەجێ دەهێڵم؟ ئەمە ئاهەنگی شەست و پێنج ساڵەی لە دایکبوونمە! هێشتا پازدە ساڵ یان بیست ساڵی تریشم بەبەرەوە ماوە بژیم! من لە تۆ زیاتر دەژیم! من بەدەستی خۆم تۆ دەنێژم و هەر بۆ خۆشم پارەی کفنەکەت بۆ دەدەم!

**برک:** بە دڵنیایی. هیوای دەیان جەژنی لەدایکبوونی ترت بۆ دەخوازم. ئێستا با بڕۆینە دەرەوە تەماشای تەڵقە تەنوورەکان بکەین، دەی با بڕۆین..

**باوە گەورە:** درۆ دەکەن، ئاخۆ ئەوانە لەبارەی ئەو ڕاپۆرتەی کە لە نەخۆشخانەوە هاتووە درۆ دەکەن؟ درۆ دەکەن.. شتێکیان شاردووەتەوە؟ بۆ نموونە شێرپەنجە؟

**برک:** ڕیایی سیستەمێکە ئێمە تێدا دەژین. خواردنەوە و مردنیش، هەر

یەکەیان ڕێگەیەکن بۆ خۆ لێ دەربازکردن...

(دارشـــەقـــەکـــە لە دەست باوکی وەردەگـرێ و بـەرەو دالآنەکـە دەڕواتە دەرێ و دەرگەکە بە کراوەیی بە جێ دەهێڵێت).

(گوێمان لە گۆرانی "مشتێک لۆکە هەڵگرە" دەبێت).

**مـەی:** (لە دەم دەرگـەکـە دەردەکـەوێت) ئۆی باوە گـەورە، جـووتـیـارەکان گۆرانی بۆ تۆ دەڵێن!

**باوە گەورە:** (بێ ئۆقرە هاوار دەکات) بڕک! بڕک!

**مەی:** باوە گەورە، لە دەرەوە خەریکی خواردنەوەیە.

**باوە گەورە:** بڕک!

(مـەی دەگـەڕێتـەوە، دەنگی تا ڕادەیەک جـۆرێک لە کـاریگەری پێوەیە. منداڵەکان بە تۆنێک بڕک بانگ دەکەن کـە لەوە دەکات گاڵتە بە باوە گەورە بکەن. ڕووی باوە گـەورە زەرد هەڵدەگەرێ و ڕەنگ و ڕووی پێوە نامێنێت. ئاسمان بەردەوام دەدرەوشـێتـەوە. بڕک زۆر بـە هێـواشی و بەوپـەڕی ئارامی و خــەمگـیـنیـیــەوە، دەگەڕێتەوە دەم دەرگەکە).

**بڕک:** داوای لێـبـوردنت لێ دەکـەم، باوە گـەورە. مـێشکم چیی تر کـار ناکـات و ئـەوەش بۆ مـن دژوارە تێ بـگەم چۆن خـــەڵکی بـۆیان دەکـــرێ بـژین یان بمـرن، یاخـــۆ خـــەمـی ئـەوە بخـــۆن کـــە شـووشــەکـەیان چیی تـر شـەرابی تێدا نـەمـاوە، هـەر ئـەوەش بوو وای لێ کـردم ئـەوەی گـوتم بـەبێ بیـرکـردنەوە یەکـســەر دەرم پەڕاند.

بە هـەرحـاڵ لـە هـەندێ ڕووەوە من لـەوان باشــتـر نیم، بگـرە لە هـەندێ لایەنـەوە خـراپـتـرم، لەبەرئـەوەی من نیـوە مـردووم. ڕەنگە

زیندوێتی ئەو هۆیە بێت کە وایان لێ دەکات درۆ بکەن. نیوە مردوویش بە ڕێکەوت وای لە من کردبێ تا ڕادەیەک ڕاستگۆ بم. نازانم، بەڵام بە هەرحاڵ ئێمە هاوڕێین.. بەوەش کە هاوڕێین وامان لێ دەکات لەگەڵ یەکتریدا ڕاستگۆ بین..

(وچانێک)

**باوە گەورە:** تۆ پێت ڕاگەیاندم! منیش پێم ڕاگەیاندی!

(منداڵەکان خۆیان دەکەن بە ژووردا و یەکی چنگێ دەمە قاچان دەفڕێنن و دەڕۆنە دەرەوە. منداڵەکان دەزریکێنن و هەرا و زەنا دەنێنەوە).

**باوە گەورە:** (بە هێواشی و بە کاریگەرییەوە) ئای خوایە، نەفرەت لە هەموویان.. لە هەموو درۆزنەکان.

(بەرەو لای دەرگەی هۆڵەکە دەڕوات، لەوێدا ڕادەوەستێت و ئاوڕ دەداتەوە هەروەک ئەوەی پرسیارێکی خەمگینی هەبێ و نەتوانێ لە ناو وشەدا جێی بکاتەوە. بە شێوازێکی پێچەوانە سەری دەنووشتێنێتەوە و بەوپەڕی خەمگینییەوە) بەڵێ، هەموویان درۆزنن، هەموویان درۆزنن. هەموویان درۆ دەکەن.

خوا درۆزنەکان لەناو بەرێ.

(زۆر لەسەرخۆ و بەو پەڕی بێزارییەوە دوا رستەکانی خۆی دەڵێ و دەڕواتە دەرەوە).

درۆ دەکەن! بمرێ درۆزنەکان!

(دەنگی هێواش هێواش نامێنێت. دەنگی منداڵێک دێت کە زللەیەکی لێ دەدەرێت و لە پڕێکدا منداڵەکە بەدەم هاوارێکەوە

خـۆی دەکات بە ژورەکـەدا و دەزریکێنێت و لە دەرگەی هۆڵەکـەوە دەڕواتە دەرێ).

(بڕک بـێ جــووڵە دەمــێنێــتــەوە و ڕووناکـی نامــێنـێ و پەردە دادەدرێتەوە).

کـات دابڕانـی تێ ناکـەوێت، باوە گـەورە دەبینـرێت هـەروەک ئـەوەی لە کۆتاییی دیمەنی دووەمدا بوو بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێت.

**باوە گەورە:** هەموویان درۆ دەکەن، درۆزنەکان! بمرن! درۆزنەکان!

(مارگرێت خۆی دەکات بە ژوورا).

**مارگرێت:** بە خاتری خوا، برِک لەم ژوورەدا چی ڕوو دەدات؟

(دیکسـی و تـرەکـــسـی لە دەرگـــەکـــەوە دێنە ژوورێ و بـەدەم هاوارەوە لە دەوری مارگرێت خڕ دەبنەوە و بەسەریدا دەقیژێنن. مەی لە دەرگەی دالانەکەی خوارەوە خۆی دەکات بە ژوورا).

**مەی:** دیکسی، ترەکسی، واز لەو هەرایە بهێنن. (گۆپەر لە دەرگەکەوە خـۆی دەکـات بـە ژوورا) گـۆپەر، بەیارمـەتـی خـۆت دەکـرێ هـەر ئێستا ئەو مندالانە بەریت و بیانوێنیت!

**گۆپەر:** مەی، دایە گەورەت نەبینیوە؟

**مەی:** نەمدیوە.

(گۆپەر و مندالەکان لە دەرگەکەوە دەڕۆنە دەرەوە. باوە تووکە، لە دەرگای دالانەکەوە دەردەکەوێ)

**باوە تووکـە:** (بۆ مـــەی) ئـەو مندالانە هـەمـــوو گـــیـــانیـــان چالاکی و جـمـوجـوولـە. پێم وایە کـاتی ئەوە هـاتبـێت کـە منیش لێـرە مەرەخەس بم.

**مەی:** هێشتا زووە، جەنابی قەشە. تۆ بۆ خۆت دەزانی ئێمە بە ئەندامێکی نزیکی ئەم خێزانەمان داناویت، بە ئەندامێکی بەڕێز و خۆشەویستی خۆمان، بۆیە دەکرێ لەو کاتەدا دوکتۆر با لەبارەی ئەو ڕاپۆرتەی کە لە نەخۆشخانەوە هاتووە ڕاستییەکە بە دایە گەورە دەڵێت؛ تۆش لێرە ئامادە بیت.

**مارگرێت:** بڕک، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

**بڕک:** دەچمە دەرێ هەناسەیەک هەڵبمژم.

**مارگرێت:** بۆچی باوە گەورە هاواری دەکرد درۆزنەکان؟

**مەی:** بڕک، باوە گەورە ڕۆی بنوێت؟

**گۆپەر:** (دێتەوە ژوورێ) ئێستا ئەو پیرێژنە چی لێ هات؟

**باوە تووکە:** من دەچم لە دوای دەگەڕێم.

(بەرەو دەرگەی دالانەکە دەڕوات).

**مەی:** گۆپەر، ناکرێ بزانی دایە گەورە لە کوێیە؟

**گۆپەر:** خۆی لەو گفتوگۆیە دەدزێتەوە.

**مەی:** پێم وایە هەستی بە شتێک کردبێت.

**مارگرێت:** (ڕووەو دالانەکە بەرەو لای بڕک دەڕوات) بڕک، ئێستا دەربارەی ڕاپۆرتەکەی باوە گەورە، هەقیقەتەکەی بە دایە گەورە دەڵێن. پێم وایە لەو کاتەدا پێویستی بە تۆ دەبێت.

**دوکتۆر با:** تا بڵێی مەسەلەیەکی جەرگ بڕە.

**مەی:** بەڵام هەموو کات ناکرێ خۆت لە مەسەلە جەرگبڕەکان بدزیتەوە.

**باوە تووکە:** دایە گەورەم دۆزییەوە.

**گۆپەر:** هێی دایە گەورە، لە تۆ دەگەڕێین.

**مەی:** کەمێک دان بە خۆتدا بگرە، گۆپەر.

**دایە گەورە:** (دێتە ژوورەوە) بۆن و هالاوی ئەو هەموو تەڵقە تەنورە و ئاگر بارانەی ئەم شەو کەمێک تووشی سەرەگێژەی کردبووم. ئەوە باوە گەورە لە کوێیە؟

**مەی:** منیش دەمەوێت بزانم لە کوێیە، ئەرێ باوە گەورە بۆ کوێ چوو؟

**دایە گەورە:** پێم وایە چوو بێتە ژووری نووستنەکەی بۆ ئەوەی...

**گۆپەر:** باشە، کەواتە ئێستا دەتوانین قسە بکەین.

**دایە گەورە:** قسەی چی، دەتانەوێت باسی چی بکەن؟

(مارگرێت لە دەرگەی دالانەکەوە بە دەردەکەوێت، بۆ دوکتۆر با دەدوێت).

**مارگرێت:** (بە ئاوازەوە) خێزانەکەی ئێمە بە دە ساڵ بەر لە هەڵوەشانەوەی کۆیلەداری، هەموو کویلەکانی خۆیان ئازادکردن. باوە هەرە گەورەکەشم بە پێنج ساڵ بەر لەوەی شەڕی ناوەخۆیی ئەمەریکا هەڵبگیرسێت هەموو کویلەکانی خۆی ئازادکردن.

**مەی:** ئای خوای گەورە، مارگرێت هەمدیسان کەوتەوە هەڵدانەوەی ڕەگ و ڕیشەی خێزانەکەی خۆیان.

**مارگرێت:** (بە شیرینییەوە) دەڵێی چی مەی؟

(ئەو ڕووداوانە دەبێت هەروەک شێوە ژیانی باشووریانە، زۆر بە خێراییی ڕوو بدەن).

**دایە گەورە:** (بۆ هەمووویان دەدوێت) پێم وابێت ئەم شەو باوە گەورە لەسەر خۆی نەبوو. ئەو خێزانەکەی خۆی خۆش دەوێت و پێی

خـۆشــە هەمــوو لە دەوری خــڕ ببنەوە، بەڵام ئەوەش مــێـشـکی ماندوو دەکـات. ئەم شـەو لەســەر خـۆی نەبوو، بەڵـێ باوە گـەورە ئەم شەو تەواو نەبوو، من دڵنیام لەوەی تەواوێک شڵەژابوو.

**باوە تووکە:** هەتا بڵێی سەرنج ڕاکێش بوو.

**دایە گەورە:** بەڵێ، تەواوێک سـەرنج ڕاکێش بوو. ئێوە ئاگـاتان لێ بوو لەسەر ئەم مێزە ئەو هەموو خواردنەی چۆن خوارد؟

سـەرنجی ئەوەتان دا ئەم ئێـوارەیە ئەو هەمـوو خـواردنەی چۆن خوارد؟ ئەو هەموو زۆرخۆرییە چی بوو کردی!!

**گۆپەر:** هیوام وایە تووشی سکئێشەی نەکات.

**دایە گـەورە:** چی دەڵێی؟ بۆچی ئـەو پیـاوە... ئەو هەمـوو کـێکە پڕ لە شـیرینییـەی خـوارد! دوو جـار لە شـۆربای مـاشـە سـپـیـیـەکەی تێکردەوە.

**مـارگرێت:** باوە گـەورە کوشـتـەی شـۆربای مـاشـە سـپـییـە... شـێـوێکی خۆمانەمان بۆ ئامادە کردبوو.

**دایە گـەورە:** (قـسـە بە مــارگـرێت دەبڕێت) بەڵێ، تـەواو ئاگـای لـەبەر بڕیبوو! پەتاتەی شیرین؟ ڕۆڵە؟ ئەو کابرایە هەر بۆ خۆی بەتەنیا لەسەر ئەم خوانە خواردنی ڕەوەیە کرێکاری خوارد!

**گۆپەر:** (بە شێوازێکی ناشرین) هیوام وایە لێی دەر نەیەتەوە...

**دایە گەورە:** (بە تووڕەییەوە) ئەوە چی دەڵێی، گۆپەر؟

**مـەی:** گۆپەر دەڵێ هـیـوا دەخـوازم ئەم شـەو باوە گـەورە هـیچ ئازارێکی نەبێت.

**دایە گەورە:** ئۆۆو، ئەرێ تۆ چیتە، گۆپەر دەڵێ، گۆپەر دەڵێ! بۆچی باوە

گەورە بۆ ئیشتهایەکی ئاساییی کە خۆی هەیەتی ئازار بچێژێت؟ ئەو پیاوە هیچ کێشەیەکی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت مێشکی کەمێک ماندووە و هیچی تر، ئێستاش بۆ خۆی دڵنیا بوو لەوەی کە هیچی نییە، بۆیە ئەو هەموو خواردنەی خوارد. مێشکی زۆر ماندوو بوو بەوەوە کە تووشی بەڵایەکی ناخۆش بووبێت، ئەوەی ئەو بیری لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە...

**مارگرێت:** (بە خەمگینی و بە شیرینییەکەوە) خوا ڕۆحی شیرینی ئەومان بۆ بهێڵێت.

**دایە گەورە:** (بەناڕۆشنییەوە) بەڵێ، خوا پایەداری بکات، بڕک لە کوێیە؟

**مەی:** لە دەرەوەیە.

**گۆپەر:** دەخواتەوە...

**دایە گەورە:** دەزانم دەخواتەوە. بەبێ ئەوەی پێویستم بەوە بێت تۆ بۆم دووبارە و سێ بارە بکەیتەوە، بۆ خۆم دەزانم دەخواتەوە.

**مارگرێت:** ئەی دەست خۆش، دایەگەورە!

(چەپڵە لێ دەدات).

**دایە گەورە:** خەڵکی دەخۆنەوە و خواردوشیانەتەوە، تا ئەو شەرابەش بخرێتە ناو ئەو بووتڵەوە هەر دەخورێتەوە.

**مارگرێت:** ئەوە ڕاستییەکەیەتی. من بۆ خۆم بۆم ناکرێ بڕوا بە پیاوێک بکەم ئەگەر بێتو نەخواتەوە.

**دایە گەورە:** بڕک؟ بڕک!

**مارگرێت:** هەر لە داڵانەکەیە، ئەوا دەچم بانگی دەکەم بۆ ئێرە تا

بتوانین درێژە بە قسەکانمان بدەین.

**دایە گەورە:** (بە نائارامییەوە) من تێ ناگەم ئەم کۆبوونەوە خێزانییە نهێنیی ئامێزە بۆ چییە.

(بێدەنگییەکی سەخت و خەمگین، دایە گەورە لە ڕووێکەوە بۆ ڕووێکی تر لێیان دەڕوانێت و ئاخێکی سارد هەڵدەکێشێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت "بمبەخشن..." گەردانەی کراسەکەی دەترازێنێت کە بەرگەردنی تەنگ کردووە. قەیتانی گەردانەکەی کە بەشێکە لە کراسەکەی دەترازێ و دەکەوێتە سەر سنگی. لەو بێدەنگییە پڕ لە نائارامییەدا بە نیگەرانییەکەوە هەناسە هەڵدەکێشێت و لە ڕووی کەسەکانی دەوروپشتی خۆی ورد دەبێتەوە، لەو کاتەدا مارگرێت بانگی بڕک دەکات و بڕکیش لە دالانەکەوە گۆرانی بۆ مانگ دەڵێت).

**مارگرێت:** بڕک، ئەوە خەریکە ڕاستییەکە بە دایە گەورە دەڵێن و ئەویش لە دووی تۆ دەپرسێت.

**دایە گەورە:** نازانم لێرە چی ڕوو دەدات، ڕووتان بۆ وا نائارام دەنوێنێت! گۆپەر دەکرێ بە یارمەتیی خۆت دەرگەی ئەو هۆڵە بکەیتەوە تا کەمێک هەوا بێتە ژوورەوە.

**مەی:** پێم وایە دایە گەورە باشتر بێت تا ئەو کاتەی لە قسەکانمان دەبینەوە، ئەو دەرگەیە هەر وا بە داخراوی بمێنێتەوە.

**مارگرێت:** بڕک!

**دایە گەورە:** باوە تووکە دەکرێت بە یارمەتیی خۆت ئەو دەرگەیە بترازێنیت؟

**باوە تووکە:** بە دڵنیایی، دایە گەورە.

**مەی:** بەڵام دەبێت بە هیچ جۆرێک ڕێگە نەدەین باوە گەورە گوێی لەو قسانە بێت کە لەم گفتوگۆیەدا دەوترێن.

**دایە گەورە:** دڵنیاتان دەکەم! ئەگەر ئەو ئارەزوو بکات، ئەوا هیچ شتێک لەم ماڵەی باوە گەورەدا ناوترێت ئەو خۆی گوێی لێ نەبێت.

**گۆپەر:** باشە، دایە گەورە، ئەوە..

(مەی سیخورمەیەکی خێرای تێ دەسرەوێنێت بۆ ئەوەی بێدەنگی بکات، گۆپەریش لەو کاتەدا؛ کە مەی وەک سەماکارێکی بالیەی پێکەنینهێنەر دەستە لاوازەکانی دەنێتە سەر تەوقی سەری و بەدەم زرنگەی بازنگەکانی هاواری لێ دەکات بەوپەڕی تووڕەییيەوە لێی دەڕوانێت).

**مەی:** با هەناسەیەک بدات! با هەناسەیەک بدات!

**باوە تووکە:** پێم وابێت ئەم خانووە فێنکترین خانووی لێوار ڕووبارەکە بێت. ئاخۆ ئێوە دەزانن بێوەژنەکەی هێڵسی بانکس بۆ خێری مێردەکەی، فێنکەرەوەیەکی پێشکێش بە کڵێسا و میحرابی قەشە کرد؟

(هەریەکە لە شوێنی خۆیەوە دەست بە گفتوگۆ و قسەی لابەلا دەکەن تا سەر تەختەی شانۆ پڕ دەبێت لە هەرا و ژاوەژاو).

**گۆپەر:** شتێکی ناخۆشە، کەسێک نییە کڵێساکە بۆ ئێوە فێنک بکاتەوە. باوە تووکە گرەو دەکەم ئەم یەکشەمووە گەرمانە لەو مینبەرەی خۆتاندا ئارەقی شین و مۆرتان دەرکردووە.

**باوە تووکە:** بەڵێ، جبەکەم یەکپارچە بووبوو بە ئاو. یەکشەممی ڕابردوو جلەکانم لەناو شەڵاڵی ئارەقدا سپی دەچووەوە.

**گۆپەر:** باوە، لەوانەیە یەکشەمی ڕابردوو لەبارەی ئاگری دۆزەخەوە بۆ خەڵکی دوا بن.

**مەی:** (لە هەمان کاتدا مەی بۆ دوکتۆر با) دوکتۆر با، تۆ پێت وایە دەرزی ڤیتامین دوازدە هیچ کەڵکێکی ئەوتۆی هەبێت.

**دوکتۆر با:** پێم وایە ئەگەر بتانەوێت بەدوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێن لەوە باشترتان بەردەست ناکەوێت.

**دایە گەورە:** (لە دەرگەی هەیوانەکەوە) ماگی، ماگی، لەگەڵ برِکدا نایەنە ژوورەوە؟

**مەی:** (لە پرێکدا و بە دەنگێکی بەرزەوە، بە دوای خۆیدا بێدەنگی دەخوڵقێنێت) هەستێکی سەیر دای گرتووم! هەستێکی سەیر!

**دایە گەورە:** (لە هەیوانەکەوە ئاوڕ دەداتەوە) هەستی چی؟

**مەی:** لەوەی برِک شتێکی بە باوە گەورە گوتبێت کە نەدەبوو پێی بگوترێت.

**دایە گەورە:** ئێستا دەبێ چی لەسەر ڕووی ئەم دنیا هەبێ برِک بە باوە گەورەی گوتووە و نەدەبوو پێی بگوتایە؟

**گۆپەر:** دایە گەورە، بەڵێ شتێک هەیە...

**مەی:** ئێستا، چی! (بەهەڵەداوان بەرەو لای دایە گەورە دەڕوات و باوەش و ماچێکی خێرای دەکات. دایە گەورە بەبێ ئارامییەوە لە خۆی دوور دەخاتەوە).

**دوکتۆر با:** بەبیرم دێت لە ڕۆژگاری ئێمەدا جۆرە چارەسەرێک هەبوو، پێی دەگوترا چارەسەری کیلی؛ بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی بەرباد ئالوودەی مەیخواردنەوە بوون.

**دایە گەورە:** ئەوە چییە!

**دوکتۆر با:** بەڵام ئێستا پێم وابێت هەر جۆرە حەبێک بەکار دەهێنن.

**گۆیەر:** پێی دەڵێن حەبی ئانی بۆست.

**دایە گەورە:** بڕک پێویستی بە هیچ نییە. (بڕک و مارگرێت لە دەرگەی هەیوانەکەوە دەردەکەون، دایە گەورە بێ ئاگایە لەوەی کە هەردووکیان لە پشتیەوە وەستاون) ئەو کوڕە لە دوای مەرگی سکێپەرەوە ئاوا تێک شکا، بۆ خۆتان دەزانن ئەو سکێپەرە نەگبەتە چۆن تێدا چوو. کاتێک لە ماڵەوە بردیان تا ماشێنی فریاگوزارییان بۆ هێنا ئەو هەموو دەرمانی بێهۆشکەرەیان لێ دا و ئەمجا لە نەخۆشخانەش ئەوەندەی تر دەرمانیان کرد بە قوڕگیدا، سەرباری ئەو هەموو شەراب و ئەلکهولەش کە پێشتر چووبووە ناو خوێنییەوە، ئیتر دڵ چییە، بەرگەی نەگرت و تەقی. من زۆر لە دەرزی دەترسم، ئەوەندەی لە دەرزی دەترسم نیو ئەوەندە لە چەقۆ ناترسم. من پێم وایە ئەوەندەی خەڵک لەم دنیایەدا بە دەرزی مردوون ئەوەندە بەدەرزی... (کەمێک ڕادەوەستێ و ئاوڕ دەداتەوە) ئەها ئەوە بڕکە! کوڕە شیرینەکەم... (بەدەم نووزانەوە و گریانێکی کورت و بیستراوەوە، هەم جووڵێنەر و هەم پێکەنینهێنەریشە ڕوو دەکاتە بڕک و هەردوو مەچەکە کورت و تێکسمڕاوەکانی دەئاڵێنێتە کەمەری. بڕک زۆر بەناسکییەوە بەدەم پێکەنین و خۆنوشتاندنەوەوە ئاماژەیەکی دۆستانە ئاراستەی مارگرێت دەکات تا لە بەردەمیەوە بڕواتە ژووری. دواتر بە شەلەشەل خۆی دەگەیەنێتە مەیخانە بچکۆلەکەیی و بەدەم بێدەنگییەکی

درێژخایەنەوە هەموویان لێی دەڕوانن، هەروەک چۆن پێشتر هەموو کات لە قسەکردن و جووڵە و دەرکەوتنی برکیان ڕوانیوە. دانە دانە کوتە سەهۆڵ فڕێ دەداتە ناو کوپەکەیەوە، دواتر لە پڕێکدا بەڵام ئەوەندە بەخێرایی نا، لە گۆشەی شانەکانیەوە بەدەم خەندەیەکی ناسک و شیرینەوە ئاوڕێک دەداتەوە)

**برک:** داوای لێبووردن دەکەم! کەسێک ئارەزووی پێکێک ناکات؟

**دایە گەورە:** (بە خەمگینییەوە) نا کوڕەکەم، هیوامە تۆش ئارەزووی نەکەیت!

**برک:** خۆزگە ئارەزوویم نەکردایە دایە گەورە، بەڵام من هێشتا هەر چاوەڕێی ئەو جووڵەیە دەکەم لە مێشکمەوە بێت و ئارامیم پێ بدات.

**دایە گەورە:** ئۆی برک، تۆ ژان دەکەیتە دڵمەوە!

**مارگرێت:** (لە هەمان کاتدا) برک، بڕۆ لای دایە گەورەوە دانیشە!

**دایە گەورە:** من لە شوێنی خۆمدا ئارام ناگرم... (دەلاوێتەوە)

**مەی:** ئاخر ئێمە هەموو وا کۆبووینەتەوە..

**گۆپەر:** دۆستانە بدوێین...

**دایە گەورە:** ژان دەخاتە دڵمەوە..

**مارگرێت:** برک بڕۆ لای دایە گەورەوە دابنیشە و دەستت بنێرە ناو دەستی.

(دایە گەورە بەدەنگێکی بیستراوەوە سێ جار ئاخی سارد هەڵدەکێشێت، کە هەروەک کوتانی سێ جار دەنگی دەهۆڵ وایە لەناو بێدەنگییەکی قووڵدا).

**برک:** ماگی، تۆ بچۆ لایەوە دانیشە، من ئیفلیجێکی بێئۆقرەم و دەبێت خۆم بەم دارشەقەوە ڕابگرم.

(برک بەرەو دەرگەی هەیوانەکە دەڕوات و پاڵی پێوە دەداتەوە هەروەک ئەوەی چاوەڕێ بکات).

(مەی لە تەنیشت دایە گەورەوە دادەنیشێت، لەودەمەشدا گۆپەر بەرەو پێشەوە دەبزووێت و لە بەشی دواوەی قەنەفەکە دادەنیشێت و ڕووی تێ دەکات. باوە تووکە بەرەو لاکەی تر دەڕوات و بە نیگەرانییەوە لە نێوانیان دەوەستێت، دوکتۆر با، ڕادەوەستێ و دەڕوانێتە ناو بۆشاییی و جگەرەیەک دادەگیرسێنێت. مارگرێت ڕووی خۆی وەردەگێڕێت).

**دایە گەورە:** بۆچی هەمووتان ئاوا چواردەورتان لێ تەنیووم؟ بۆچی ئاوا هەمووتان لێم ورد دەبنەوە ئاماژە بۆ یەکتر دەکەن؟ (باوە تووکە بەسەرسامییەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە).

**مەی:** دایە گەورە، ئارام بەرەوە.

**دایە گەورە:** ئارام بەرەوە، خۆت ئارام بەرەوە خۆشکێ. چۆن ئارام ببمەوە بەو جۆرەی کە هەمووتان ئاوا لێم وردەبنەوە هەروەک ئەوەی شاخ و گوێم لێ ڕوابێت؟ پێم ناڵێن چی ڕوویداوە، هەهها، چی بووە؟

(گۆپەر کۆکەیەکی بۆ دەکا و خۆی دەهێنێتە بەرەوە).

**گۆپەر:** کەواتە، دوکتۆر با.

**مەی:** دوکتۆر با؟

**گۆپەر:** دایە گەورە دەیەوێت هەقیقەتی تەواو لەبارەی ئەو ڕاپۆڕتەوە

بزانێت کە لە نەخۆشخانەی ئۆجسنەرەوە بە دەستمان گەیشتووە.

**مەی:** سەبارەت بە تەندروستی باوە گەورە!

**گۆپەر:** بەڵێ، لەبارەی تەندروستی باوە گەورەوە، دەبێت خۆمانی لێ نەدزینەوە.

**دوکتۆر با:** باشە...

**دایە گەورە:** (بەدەم ترسێکەوە ڕادەپەڕێت) هیچ هەیە؟ شتێکی ئەوتۆ کە من؟ ئاگام لێی نەبێت؟

(لەو چەند وشەیەدا کە سەرشارە بە سەرسامی و نەرمی و پرسیار، دایە گەورە بە مێژووی ئەو چل و پێنج ساڵەی خۆیدا دەڕواتەوە لەگەڵ باوە گەورەدا گوزەراندوێتی، چۆن تا ئەوپەڕی خەجاڵەتکێشی دڵێکی پاکژ و گیانێکی سادەی خستووەتە بەردەم ئەو پیاوە، کە هەڵگری هەندێک تایبەتمەندییە و بڕکی کوڕیشی لەوەدا لەگەڵیدا هاوبەشە. هەر ئەوەندەی لەگەڵی پێت هاویشتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، ئیتر بەوپەڕی سادەگییەوە فڕێت دەداتە ناو ئەفسوونێکەوە خۆشت نەوێ بۆ ئەوەی هەرچی خۆشەویستی تۆ هەیە بۆ خۆی کێش بکا و بەهیچ جۆرێک بۆت نەکرێ دوور لەو ژیان بگوزەرێنیت. هەروەک بڕک، بە خۆی و جوانییە بی هاوتاکەیەوە).

(دایە گەورە لەم چرکەساتەدا هەوڵ دەدات هەموو کەسایەتیی خۆی بە دەست بهێنێتەوە و چیی تر ئەو ژنە قەڵەوە نەبێت کە هەیە.)

**دوکتۆر با:** (پاشی وچانێک، بەنائارامییەوە) چۆن؟ باشە..

**دایە گەورە:** من!! دەمەوێ... بزانمممممم...

(بەخێراییی دەست دەبات و دەمی خۆی پێ دەگرێت، هەر وەکو ئەوەی لەو بڕیارەی کەمێک لەمەوبەری پەشیمان بووبێتەوە. هەر بۆ خۆنواندن ئەو چەپکە گوڵە سیسبووەی لەسەر سنگی دانابوو ڕادەپسکێنێ و فڕێی دەداتە سەر ئەرزەکە و بە پێ کورت و قەڵەوەکانی دەیانپلیشێنێتەوە) دەبێت کەسێک لێرەدا درۆ بکات دەمەوێت بزانم!

**مەی:** دابنیشە، دایە گەورە؛ لەسەر ئەو قەنەفەیە دابنیشە.

**مارگرێت:** بڕک، بڕۆ لای دایە گەورەوە دابنیشە.

**دایە گەورە:** چی بووە، چی ڕوویداوە؟

**دوکتۆر با:** من تا ئێستا لە هەموو ئەزموونی ژیانی خۆمدا ڕێکەوتی تاقیکردنەوەیەکی ئاوا چڕ و پڕی وەکو ئەوەی کە لە نەخۆشخانەی ئۆچسنەرەوە بۆ پۆلیتی باوە گەورە کراوە، بە هیچ جۆرێک نەکردووە.

**گۆپەر:** یەکێکە لە باشترین نەخۆشخانەکانی ئەم وڵاتە.

**مەی:** بێگومان هیچ قسەی تێدا نییە کە یەکێکە لە باشترین نەخۆشخانەکانی وڵات!

(بە چەند هۆیەکەوە بەلای گۆپەردا تێدەپەڕێ و سیخورمەیەکی توندی تێ دەسرەوێنێت. گۆپەر بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر دایکی ڕابگوێزێت هەردوو دەستی دەکێشێت بەیەکدا).

**دوکتۆر با:** تەنانەت بەرلەوەش کە هیچ پشکنینێکی بۆ ساز بکەن سەد دەر سەد دڵنیابوون.

**دایە گەورە:** دڵنیابوون لە چی، دڵنیابوون لە چی، دڵنیابوون... لە چی؟ لە چی؟

(گریانێکی بەکوڵ زۆری بۆ دەهێنێت و خۆی ڕادەگرێت، مەی بەخێراییی ماچی دەکات و ئەویش تا هێزی تێدایە لە خۆی دوور دەخاتەوە. تەماشای دوکتۆر دەکات).

**مەی:** دایە گیان هەوڵبدە ژنێکی خۆڕاگر بیت.

**برک:** (لە دەم دەرگەی هەیوانەکەوە زۆر بەنەرمی) لەژێر تریفەی، لەژێر تریفەی مانگەشەودا...

**گۆپەر:** برک، دەمت داخە!

**برک:** ببورە... (بەدالانەکەدا دەکەوێتە هاتووچۆ).

**دوکتۆر با:** بەڵام ئێستا دایە گەورە دەبینیت بەشێکیان لەو دوومەڵە بڕیوە کە لە جەستەیدا گەورە دەبێت و لە پارچە **دە**سڕێکدا....

**دایە گەورە:** دوومەڵ؟ تۆ مەبەستت باوە گەورەیە...

**دوکتۆر با:** تۆ چاوەڕێ بکە.

**دایە گەورە:** (بەدەم ژانەوە) تۆ پێت گوتم باوە گەورە هیچ نەخۆشییەکی ئەوتۆی نییە بەڵام...

**مەی:** دایە گەورە، لەوکاتانەدا بەردەوام...

**گۆپەر:** ڕێگە ئەدەی دوکتۆر قسەکانی تەواو بکات؟

**دایە گەورە:** هەر ئەوەندەی کەمێک هەڵاوسانی....

(دادەتە پرمەی گریان).

**دوکتۆر با:** بەڵێ، ئێمە وامان لە باوە گەورە گەیاند. بەڵام نموونەی ئەو دوومەڵەی کە لێمان وەرگرتبوو ڕەوانەی پشکنین کرد و زۆر

بەداخەوەم ئەنجامەکەی وا هاتەوە کە جێی دڵخۆشی نەبێت و...
(وچانێک)

**دایە گەورە:** شێرپەنجە؟ شێرپەنجە؟

(دوکتۆر با بەدەم پەژارەیەکەوە سەری ڕادەوەشێنێت. دایە گەورە زۆر بەکوڵ دەست دەکات بە گریان)

**مەی و گۆپەر:** ئێستاش، ئێستاش، ئێستاش دایە گەورە دەبێت ئەوە بزانیت...

**دایە گەورە:** بەڵام ئەی بۆچی بۆیان نەبڕییەوە؟ بۆچی؟ بۆ بۆ؟

**دوکتۆر با:** نەخۆشییەکە تەواو تەنییوەتەوە، دایە گەورە، بەجۆرێک زۆربەی ئەندامەکانی لەشی گرتووەتەوە.

**مەی:** دایە گەورە، نەخۆشییەکە داویەتیە جگەری و هەروەها هەردوو گورچیلەکانیشی گرتووەتەوە! دەردەکە بەجۆرێک تەنییوەتەوە ئیتر کار لەوە ترازاوە کە...

**گۆپەر:** نەشتەرکاری بۆ بکەن.

**مەی:** ئاوایە..

(دایە گەورە هەناسەبڕکێی پێ دەکەوێت)

**باوە تووکە:** چک.. چک.. چک.. چک!

**دوکتۆر با:** ئیتر لێرەدا چەقۆ هیچ کەڵکێک نابینێت.

**مەی:** لەبەرئەوەیە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، دایە!

**دایە گەورە:** لێم دوور بکەوەرەوە، لێم دوور بکەوەرەوە مەی!

(لەناکاوێکدا لە جێی خۆی ڕادەپەڕێت)

کوا بڕک! بڕک لە کوێیە؟ کوڕە تاقانەکەم لە کوێیە؟

**مەی:** دایە! ئەوە گوتی کوڕە تاقانەکەم؟

**گۆپەر:** ئەی من چی لێ دەکات؟

**مەی:** پیاوێکی سەلار کە باوکی پێنج منداڵی ناسک و نازدارە! بگرە شەش!

**دایە گەورە:** دەمەوێت برِک هەقیقەتەکەم پێ بڵێت! برِک! برِک!

**مارگرێت:** (لەو گۆشەیەوە کەلێی دانیشتبوو لەنێو تێرامانی خۆی ڕادەپەڕێت) برِک زۆر پەشێوحاڵ بوو چووە دیووی ئەودیوەوە.

**دایە گەورە:** برِک!

**مارگرێت:** دایە، ڕێگەم بە من پێت بڵێم!

**دایە گەورە:** نەخێر، بەهیچ جۆرێک، لێم دوور بکەوەرەوە، تۆ لە گۆشت و خوێنی من نیت!

**گۆپەر:** دایە، من کوڕی تۆم! گوێم لێ بگرە!

**مەی:** گۆپەر کوڕی تۆیە، ئەو نۆبەرەی تۆیە!

**دایە گەورە:** گۆپەر هەرگیز باوکی خۆی خۆش نەویستووە.

**مەی:** (هەروەک ئەوەی کارەبا گرتبێتی) بەهیچ جۆرێک ئەوە ڕاست نییە!

(وچانێک. قەشە دەکۆکێت و لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە)

**باوە توووکە:** (بۆ مەی) ئیتر منیش لای ئێوەم خۆش. (بەرێزەوە) شەوتان شاد بێت، شەوی هەر هەمووتان شاد بێت و خوا خێر و ڕووناکی خۆیتان بەسەرا ببارێنێت. (دەڕواتە دەرەوە).

(مەی دەکۆکێت و ئاماژە بۆ دایە گەورە دەکات).

**گۆپەر:** دایە گەورە، ئەوە...

(ئاخ هەڵدەکێشێت).

**دایە گەورە:** هیچی ڕاست نییە، من دەزانم هەر هەمووی خەوێکی ناخۆشە.

**دوکتۆر با:** ئەوەندەی بۆمان بکرێ هەوڵ دەدەین تەندروستی باوە گەورە باش ڕابگرین.

**دایە گەورە:** بەڵێ، هەر هەمووی خەونێکی ناخۆشە و هیچی تر، تەنیا هەر ئەوەندەیە خەونێکی ترسناکە.

**گۆپەر:** بە بڕوای من باوە گەورە هەندێک ئازاری هەیە و بەڵام نایەوێت دەریببڕێت؟!

**دایە گەورە:** تەنیا خەونە، خەونێکی تۆقێنەر.

**دوکتۆر با:** زۆربەی زۆرێکیان بەوجۆرە مامەڵە دەکەن، پێیان وایە ئەگەر دەرینەبڕن ئەوا بۆیان دەکرێ خۆیان لەو ئازارە بدزنەوە کە هەیانە.

**گۆپەر:** (بەڕەزامەندییەوە) بەڵێ خۆیانی لێ بێدەنگ دەکەن، تەواوێک خۆیانی لێ بێدەنگ دەکەن.

**مەی:** من و گۆپەر پێمان وایە...

**گۆپەر:** تۆ دەمت داخە، مەی! دایە گەورە، پێم وایە ئیتر کاتی ئەوە هاتبێت باوە گەورە مۆرفین لە خۆی بدات.

**دایە گەورە:** هیچ کەسێک ناتوانێت دەرزی مۆرفین لە باوە گەورە بدات.

**دوکتۆر با:** بەڵام ئێستا دایە گەورە، هەر کاتێک ئەو ئازارە زۆری بۆ هێنا ئەوا بەهیچ جۆرێک بۆی ناکرێ بەرگەی بگرێت و باوە گەورە پێویستی بەو دەرزییە دەبێت تا ئارامی پێ بدات.

**دایە گەورە:** پێتان دەڵێم هیچ کەسێک بۆی نییە مۆرفینی لێ بدات.

**مەی:** دایە گەورە، بەڵام تۆ ناتەوێت باوە گەورە بە هیچ جۆرێک ئازاری هەبێت، تۆ بۆ خۆت دەزانیت....

(گۆپەر، لە تەنیشتییەوە ڕادەوەستێ و سیخورمەیەکی توندی تێ دەسرەوێنێت).

**دوکتۆر با:** (پاکەتەکە لەسەر مێزەکە جێ دەهێڵێت) ئەوە من لێرەدا بۆتان جێ دەهێڵم، بۆیە هەر کاتێک ناچار بوون بۆی پێویست ناکات لە دوای بگەڕێن.

**مەی:** من دەزانم چۆن دەرزی لێ بدەم.

**دایە گەورە:** هیچ کەسێک بۆی نییە دەرزی لە باوە گەورە بدات.

**گۆپەر:** مەی لە سەرووەختی شەڕدا ڕۆڵی پەرستاری بینیوە.

**مارگرێت:** هەرچۆنێک بێت، پێم وانییە باوە گەورە ڕێگە بدات مەی دەرزی لێ بدات.

**مەی:** پێت وایە ڕێگە بە تۆ بدات دەرزی لێ بدەیت.

**دوکتۆر با:** دەی باشە..

(دوکتۆر با لە شوێنی خۆی دەبزوێت).

**گۆپەر:** دوکتۆر با دەیەوێت مەرەخەس بێت .

**دوکتۆر با:** بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە منیش روخسەتتان لێ بخوازم، باشە دایە گەورە ددان بە خۆتدا بگرە.

**گۆپەر:** (بەشۆخییەوە) هەموو ددانەکانی بە خۆیدا دەگرێت، وا نییە دایە گەورە؟

(دایە گەورە دەلاوێتەوە) دایە گەورە ئیتر بیبڕەوە. (لای

دەرگەکەوە لەگەڵ دوکتۆر با) زۆر باشە، دوکتۆر ئێمە بە دڵنیاییەوە سوپاسی ماندوبوونی ئێوە دەکەین. دەمەوێت ئەوەشت پێ بڵێم ئێمە پابەند دەبین بە ئێوەوە بۆ...

(دوکتۆر با دەڕوات و بەبێ ئەوەی لێی بڕوانێت).

پێم وایە کەمێک دڵی دوکتۆرمان ڕەنجاند بێت بەڵام هەرچۆنێک بێ بەسەر خۆی نەهێنا و هەوڵی دا بە مامەڵەیەکی مرۆیانە....

(دایە گەورە دەلاوێتەوە) ئێستا هەوڵ بدە ژنێکی بەجەرگ بیت، دایە.

**دایە گەورە:** هیچی ڕاست نییە، من دەزانم هیچی ڕاست نییە!

**گۆپەر:** دایە، ئەو پشکنینانە مەحاڵە هەڵەی تێدا بێت!

**دایە گەورە:** تۆ بۆچی ئەوەندە سووریت لەسەر ئەوەی کە باوکت بمرێ؟

**مەی:** دایە گەورە!

**مارگرێت:** (زۆر بەناسکی) من دەزانم دایە گەورە مەبەستی لە چییە.

**مەی:** (زۆر دڵڕەقانە) ئەها، زۆر بەباشی لەوە دڵنیاییت؟

**مارگرێت:** (زۆر بە خەمگینی و لێ بڕاوانە) بەڵێ، پێم وایە زۆر بە باشی.

**مەی:** بۆ کەسێک کە تازە دێتە ناو ئەم خانەوادەیەوە وا باشترە کەمێک خاوەنی ڕێز و نەوازش بێت.

**مارگرێت:** ئەم شوێنە بۆ خۆی بۆ کەسانێکە خاوەنی ڕێز و نەوازش بن.

**مەی:** پێم وایە ماگی ئێوە ئەوەتان زۆر پێویست بێت بۆ خێزانەکەی خۆتان، بەتایبەتی بۆ باوکت کە هەموو کات سەرخۆش بوو ؛

ئەوا ئێستا بڕکیشی هاتە سەر!

**مارگرێت:** بڕک بە هیچ جۆرێک گرفتی خواردنەوەی نییە. بڕک تەنیا خەفەتی باوە گەورەی هەبوو، تەنیا هەر ئەوە باری سەر شانی قورس کردووە.

**دایە گەورە:** بڕک کوڕی بەرچاوی باوە گەورەیە، بەڵام ئەوەیە سەری ناوەتە سەر خواردنەوە و ئەوەش من و باوە گەوەرەی بەتەواوی دووچاری نیگەرانی کردووە. مارگرێت دەبێت تۆ هاریکاریمان بکەیت، دەبێت دەستگیرۆیی باوە گەورە و منیش بکەیت و بڕک بهێنیتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و ڕەوانی خۆی. ئەگەر بێت و بڕک خۆی ڕاست نەکاتەوە و بەرپرسیارێتی هەموو شتێک نەگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوا پشتی باوە گەورە دەشکێنێت.

**مەی:** بەرپرسیارێتی چی بگرێتە ئەستۆی خۆی، دایە گەورە؟

**دایە گەورە:** ئەم شوێنە.

(مەی و گۆپەر روانینێکی تووڕەی کوتوپڕ لە نێوان یەکتریدا دەگۆڕنەوە).

**گۆپەر:** دایە گەورە، توشی سەرسوڕمانت کردین.

**مەی:** بەڵێ، هەر هەموومانت تووشی سەرسوڕمان کرد، بەڵام...

**گۆپەر:** با تۆزێ بەڕاستگۆییەوە سەیری دنیا بکەین..

**مەی:** باوەگەوەرە هەرگیزا و هەرگیز ئەوەندە بێ مێشک نییە کە...

**گۆپەر:** ئەم شوێنە بخاتە بەردەستی کەسێکی بێدەربەستەوە!

**دایە گەورە:** باوەگ ەورە ناچێت ئەم شوێنە بخاتە بەردەستی هیچ کەسێکەوە، باوە گەورە نامرێت. من دەمەوێت هەر هەمووتان

زۆر بەباشی ئەوە بخەنە مێشکی خۆتانەوە!

**مەی:** دایە، دایە، دایکی گەورە، ئێمەش هەر وەکو تۆ دەڕوانینە باوە گەورە، هیوا و گەشبینیمان هەیە و بڕوامان بە نوێژ هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک گیروگرفت هەیە کە دەبێت لەبارەیانەوە قسە بکەین و بیهێنینە بەردەمی خۆمان، لەبەرئەوەی ئەگەر وا نەبێت....

**گۆپەر:** دەبێت بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکرێتەوە و ئێستاش کاتی تەواوی خۆیەتی... مەی بەیارمەتی خۆت دەکرێت جانتا دەستییەکەم لە ژوورەکەی خۆمان بۆ بهێنیت؟

**مەی:** باشە، ئازیزەکەم.

(هەڵدەستێ و لە دەرگەی هۆڵەکەوە دەڕواتە دەرەوە)

**گۆپەر:** (لەبەردەم دایە گەورەدا ڕادەوەستێت) پێم وایە، دایە گەورە، ئەوەی تۆزێ لەمەوپێش گوتت بە هیچ جۆرێک ڕاست نەبێ و تۆ بۆ خۆشت باش دەزانی من هەموو کات بەڕێگەی تایبەتی خۆم باوە گەورەم خۆشویستووە. ئەگەر چی من ئەوەم نیشان نەداوە و بۆ خۆشم دڵنیابووم لەوەی باوە گەورەش بەهەمان شێوەی تایبەتی خۆی منی خۆشویستووە و ئەویش بە هیچ شێوەیەکیش ئەوەی نیشان نەداوە.

(مەی بە جانتا دەستییەکەی گۆپەرەوە دەگەڕێتەوە).

**مەی:** گۆپەر، ئازیزەکەم ها ئەوە جانتاکەت.

**گۆپەر:** (جانتاکەی دەداتەوە بە مەی) سوپاس.. بەدڵنیاییی ئەو پێوەندییەی لە نێوان من و باوە گەورەدا هەبووە وەک ئەوە نەبووە کە بڕک هەیبووە.

**مەی:** تۆ هەشت ساڵ لە بڕک گەورەتریت و دەبوو هەموو کاتیش لەو زیاتر ئەرک و قورساییەکان بنێتە سەر شانی خۆت.

ئەو لە هەموو ژیانیدا بێ لە تۆپ و یاریکردن هیچی کەی نەکردووە و خەمی هیچیشی نەخواردووە.

**گۆپەر:** مەی بەیارمەتی خۆت ڕێگەم پێ دەدەی قسە بکەم.

**مەی:** فەرموو ئازیزەکەم.

**گۆپەر:** ئێستا، سەروکاری بیست و هەشت هەزار ئەیکەر زەوی کشتوکاڵی کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە.

**مەی:** هەموو کات تەنیا باڵ بوویت.

(مارگرێت بەرەو هەیوانەکە دەڕواتە دەرێ و گوێمان لە دەنگێتی کە بە نەرمی بانگی بڕک دەکات).

**دایە گەورە:** تۆ هەرگیز سەرپەرشتی ئەو کارە ناکەیت! ئەوە باسی چی دەکەیت؟ هەروەک ئەوەی باوە گەورە مرد بێت و لەناو گۆڕا ڕاکشابێت و تۆ بتەوێ جێگەکەی بگریتەوە. هەر بە خاتری ئەوە بووە لە هەندێک کاروباردا دەستگیرۆییت کردووە و چوویت لە مەمفس سەرقاڵی خوێندنی یاسا بوویت!

**مەی:** ئای دایە، دایە، دایە گەورە! با تۆزێ ویژدانمان هەبێت!

**مارگرێت:** بڕک!

**مەی:** پێم ناڵێی بۆچی ئەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵە، لەو کاتەوەی تەندروستی باوە گەورە وەک جارانی خۆی نەماوە؛ گۆپەر بە دڵ و گیان خزمەتی ئەو شوێنە دەکات.

**مارگرێت:** بڕک!

**مــەی:** گــۆپـەر بەبێ ئەوەی باسی بکات، ئەو کــارەی ڕاپەڕاندووە و هەرگیزیش ئەوەی بە ئەرک نەزانییوە.

بڕک چی کــردووە؟ بڕک هەر بە خــەون و خــەیاڵی ڕۆژانی ڕابردووی زانکۆی خۆیەوە ژیاوە، هێشتا هەر ئەو کوڕە بیست و حەوت ساڵە یاریزانەی تۆپی پێی جارانە!

**مارگرێت:** (بەتەنیا دەگەڕێتەوە) بڕک؟ یاریزانی تۆپی پێ؟ پێم ناڵێی تۆ باسی کێ دەکەیت؟ تۆ خــۆت زۆر باش دەزانیت ئەو یاریزانی تۆپی پێ نییە. بڕک بێژەری وەرزشی تەلەڤزیۆنییە و یەکێکە لە کەسە زۆر بەناوبانگەکانی ئەم وڵاتە.

**مەی:** باسی ئەوە دەکەم کە جاران چیی بووە.

**مـارگـرێت:** باشــە، هیـوام وایە دەست لە باسکردنی مـێـردەکـەی من هەڵبگرن.

**گــۆپەر:** من هـەقی خــۆمــە باسی براکــەم و ئەندامــەکــانی تری ناو خێزانەکەی خـۆم بکەم، ئەوەش بە هیچ جۆرێک تۆ ناگرێتەوە. بۆچی جەنابیشت ناڕۆیتە دەرەوە و لەگەڵ بڕکدا دەست بکەن بە خواردنەوە؟

**مارگرێت:** من هەرگیز ڕق و بۆگەنی وام نەدیوە بەرانبەر بە برا بکرێ.

**گــۆپەر:** ئەی بۆ باسی ئەوەی ئەو ناکــەیت دەرهــەق بـە من؟ بۆچی ئەو ناتوانێ لە ژوورێکدا لەگەڵ مندا دابنیشێت!

**مارگرێت:** ئەوە بەرپاکردنی بۆگەنترین و ناشرینترین هێرشێکە لەسەر ڕووی زەوی ڕووی دابێت و زۆر بەباشیش لە مەبەستەکەی تێ دەگەم! ئەوە چاوچنۆکییە، ئەوپەڕی چڵێسی و چاوچنۆکییە.

**دایە گەورە:** ئۆی خوایە، هەر ئێستا ئەو هەرایە نەبڕێننەوە تا هێزم تێدا بێت دەقیژێنم! دەقیژێنم!

(گۆپەر زۆر بە تورەییی بەرەو لای مارگرێت دەڕوات وەک ئەوەی بیەوێت پەلاماری بدات، مەیش لە پشتیەوە ڕووی خۆی لێ دەترشێنێت).

**دایە گەورە:** (دەگری) مارگرێت. ڕۆڵەکانم وەرنە نزیک دایە گەورەی خۆتانەوە دابنیشن.

**مارگرێت:** دایکی ئازیزم من داوای لێ بوردن دەکەم، داوای لێ بوردن دەکەم، من!

(مارگرێت گەردنی بەرزی دەنوشتێنێتەوە تا لەژێر کراسە ڕەشە ئاوریشمییەکەیەوە نێوچەوانی خۆی بخزێنێتە ژێر باڵی هەڵاوساوی دایە گەورەوە).

**مەی:** ئەم خۆبردنە پێشەوەیە چەند جوانە، چەند هەست بزووێنە! دەزانن بۆچی ئەم خاتوونە وەچاخی کوێرە؟

وەچاخی کوێرە لەبەرئەوەی ئەو گەنجە قۆزە وەرزشکارەی مێردی لەگەڵی ناچێتە ناو جێگاوە!

**گۆپەر:** تا ئێستا ئێوە بە هیچ شێوەیەک بوارتان پێ نەداوم لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە قسەتان بۆ بکەم، وا نییە؟

زۆرباشە، بە هیچ جۆرێک ئەوە بەلای منەوە جێگەی خەم نەبووە باوە گەورە منی خۆش دەوێت یان منی خۆش ناوێت، منی خۆشویستووە یان خۆشنەویستووە، ئاخۆ لە داهاتوودا منی خۆش دەوێت یان هەرگیز. من پێڕۆیم لە داوونەریتی گشتیی کردووە و ویژانی خۆم پاک ڕاگرتووە. من ڕاستیتان پێ دەڵێم،

لەو دەمــەوەی بـرک لـەدایکبــووە، لـەو هـەمـــوو لایەنگیـــری و خـۆشـەویسـتـیـەی کـە باوە گـەورە بـە بـرکی بەخـشـیـوە و لەو مامەڵەیش کە لەگەڵ منی کردووە هەراسانبووم، وەک ئەوەی من نەک هەر شـایەنی ڕێز وخۆشـەویسـتی نەبم بگرە شـایەنی هەر هیـچ نەبم. باوە گــەورە بە نـەخـۆشـی شـێـرپەنجــە دەمــرێت، شـێـرپەنجــەش بە هـەمـوو گـیـانـیـدا بڵاو بووەتـەوە و هـەمـوو ئەندامــەکـانی لەشی تەنیـوەتەوە بە گـورچیلـەکـانیـشـیـیـەوە، ئێستـاش هـەموو میزی بووە بە خـوێن؛ بۆ خۆتان دەزانن کە میز بوو بە خـوێن مـانـای چی دەگـەیەنیت. مـانـای ژەهـراوی بوونی هـەموو لەش دەگەیەنێت بە هۆی ئەوەی چیی تر جـەسـتـە توانای کـــردنە دەرەوەی ڕێژەی ئەو ژەهـرەی نامـــێنێ کـــە لـە لەشـــدا کۆدەبێتەوە.

**مارگرێت:** (بە شـێوەیەکی گاڵتەجـاریانە لە بەشی خوارەوەی شـانۆ بۆ خـۆی) ژەهر، ژەهـر! وتە و بیـــرکـــردنەوەی ترسـناک لەناو دڵ و مێشکا ژەهرە!

**گـــۆیەر:** (قـــســـەکـــەی پێ دەبڕێت) مـن بەدوای ڕێگەچارەیەکی دادپەروەرانەدا دەگەڕێم، بە خوا هەر بەدەستی دەهێنم.

ئەگەر بەدەسـتیشم نەهێنا و دڵنیـابووم لەوەی لە پشـتی منەوە خــەریکی ئەوەن چاڵم بۆ هـەڵبکەنـن ئەوا خــۆ من پـارێزەرێکی دەستـسپی نیم و بۆ خۆم دەزانم کە چۆن مـافی خۆم بەدەست دەهێنم.

(بـرک بەدەم خـــەندەییـــەکی هـێـــمـنی ڕەش هـەڵگەڕاوەوە لـە هـەیوانەکەوە دێتە ژووریٚ و پێکێکی خاڵی پێیە)

**برک:** خەریکە گەردەلوول هەڵ دەکات.

**گۆپەر:** دەبوو زووتر هەڵی بکردایە!

**مەی:** بڕوانن پاڵەوانی مەیدان خۆی کرد بەژووردا!

**گۆپەر:** برک پۆڵیتی میهرەبان! خۆ لە یادتان نەکردووە؟ کێ بۆی دەکرێ لە یادی بکات!

**مەی:** لەوە دەکات لە یارییەکدا پێ کرا بێت!

**گۆپەر:** برک دەترسم ئەمساڵیش لە جامی تۆپی پێی قوتابخانەکاندا هەر کورسییەکانی دەرەوەی یاریگەکە گەرم بکەیتەوە.

(مەی قا قا لێ دەدات) ئەرێ کام جامی تۆپیی پێ بوو ئەم پاڵەوانە ئاوا تێیدا زامدار بوو؟

(هەورەتریشقە)

**مەی:** ئەزیزم جامی شووشە بوو، پەرداخی شووشە؛ پارچەیەک پەرداخی شووشە بوو!

**گۆپەر:** بەڵێ ڕاست دەکەیت من جامەکانم لێ تێک چووە!

**مارگرێت:** بۆچی ئەو هەموو ڕق و بەخیلییەت بەرانبەر بەو کوڕە نەخۆشە بەتاڵ ناکەیتەوە.

**دایە گەورە:** ئێوە هەردووکتان هێورببنەوە، پێتان دەڵێم هێورببنەوە، هەر هەمووتان هێورببنەوە.

**دیسی و سۆکی:** گەردەلوول! گەردەلوول هەڵی کرد! گەردەلوول! گەردەلوول!

**لەیسی:** سۆکی، دەرگەکان پێوە بدە.

**گۆپەر:** لەیسی دەکرێ ماشێنەکەم داپۆشیت؟

**لەیسی:** بەڵێ باشە کاکە پۆڵیت!

**گۆپەر:** (لەهەمان کاتدا) دایە گەورە، تۆ بۆ خۆت دەزانیت من دەبێت بەیانی زوو بگەڕێمەوە بۆ مەمفس لەبەرئەوەی لەبەردەم دادگەدا پارێزەری کێشەی زەویوزارەکانی پارکەرم لەئەستۆ گرتووە.

(مەی لەسەر جێگەی نووستنەکە دادەنیشێت و ئەو پەڕانە ڕێک دەخاتەوە کە لە جانتاکە دەرهێنراون)

**دایە گەورە:** تۆ بڵێی ئەوە گۆپەر بێ؟

**مەی:** بەڵێ.

**گۆپەر:** هەر لەبەرئەوەیە ناچارم.... ئەو گرفتە بهێنمە بەر باس و خواس....

**مەی:** مەسەلەیەک زۆر گرینگە دوا نەخرێت!

**گۆپەر:** ئەگەر برِکیش سەرخۆش نەبێت، ئەوا پێویست دەکات لەو کێشەیەدا ئامادە بێت.

**مارگرێت:** برِک بە ئاگایە، ئێمە بەئاگاین.

**گۆپەر:** ئێ زۆرباشە. من ئێستا لەبارەی ئەو نەخشەی کارە ئاگادارتان دەکەمەوە کە من و تام بۆڵی شەریکم پێکەوە دامانڕشتووە.

**مارگرێت:** ئێ، ئەوە مەسەلەکەیە! تۆ سەروکاری هەموو شتێک بگریتە ئەستۆی خۆت و ئێمەش چاوەڕێی ئەوە بین مانگانە لە دەستی تۆوە سواڵ و سەدەقەمان پێ بگات، وانییە؟

**گۆپەر:** ئێمە هەر ئەوەندەی ڕاپۆرتەکەی باوە گەورەمان لە نەخۆشخانەی ئۆجسنەرەوە پێگەیشت ئەو نەخشەی کارەمان دارِشت. مەبەستم ئەوەیە نەخشەی میراتییەکەمان بە هۆی

یارمەتی و هاوکاری سەرۆکی بانکی کشتوکاڵی و بەڕێوبەری کۆمپانیای بیلۆزی مەمفس دارِشت، ئەو پیاوەی سەروکاری هەموو ئەو زەویوزارە بەرفراوانانەی خێزانە دەستڕۆیشتووەکان دەکات بۆ هەموو ئەو ناوچانەی ئێرە و ڕۆهەڵاتی تەنسی.

**دایە گەورە:** گۆپەر؟

**گۆپەر:** (لەپێش دایە گەورەدا قووت دەبێتەوە) ئەوە نەخشەی کۆتا و یەکجارەکی نییە، بگرە هەر جۆرێکە لە نەخشەیەکی سەرەتایی، بەڵام هەموو بنچینە و گریمانە و کون و قوژبنی پلانەکەی بەورد و درشتی لەخۆ گرتووە!

**مارگرێت:** بەڵێ، گرەو دەکەم کە ئەوە پیلانە.

(هەورەتریشقە)

**مەی:** ئەوە پلانێکە بۆ ئەوەی گەورەترین زەویوزاری کشتوکاڵی لە دەست بێدەربەستی بپارێزرێت و...

**دایە گەورە:** ئێستا گوێ لە من بگرن، هەر هەمووتان، ئەوەی لێرەیە گوێ لە من بگرن! چیدی نامەوێ لەم ماڵەدا گوێم لەو بابەتە سپڵەییانە بێت. تۆش گۆپەر ئەو پەڕانەت لەم ناوەدا لاببە تاوەکو لە دەستم نەسەندویت و هەموویم بۆ پارچە پارچە نەکردوویت! من نازانم ئەم هەرایە چییە لێرەدا ڕوو دەدات، ناشمەوێت بەهیچ جۆرێک هیچ شتێکی لەبارەوە بزانم. من ئێستا بە زمانی باوە گەورە دەدوێم.

من ژنی ئەوم. بێوەژنی ئەو نیم. من هێشتا ژنی ئەوم! من ئێستا بە زمانی ئەوەوە دەدوێم و..

**گۆپەر:** دایە گەورە، ئەوەی من بەدەستمەوەیە....

**مەی:** (لەهەمان کاتدا) ئەوەی گۆپەر باسی دەکات تەنیا هەر نەخشەی کارە و هیچی تر...

**دایە گەورە:** من بەلامەوە گرینگ نییە ئەوە چییە و چی نییە. لە کوێوە هێناوتە بیبەرەوە بۆ شوێنی خۆی و نامەوێت بە هیچ جۆرێک بیبینم. تەنانەت نامەوێ بەرگەکەشی ببینم! ئەوەت بەلاوە ڕوونە؟ بنچینە! پلان! سەرەتایی! نەخشەی کار! منیش ئەو قسەیە دەڵێمەوە... کە هەموو کات باوە گەورە تووڕە دەبێت چی دەڵێت؟

**برک:** (لە مەیخانەکەی خۆیەوە) هەردەم باوە گەورە کە تووڕە دەبێت دەڵێت گەندوگوو.

**دایە گەورە:** (دەنگی هەڵدەبڕێت) زۆر تەواوە.. گەندوگوو! منیش وەکو باوە گەورە دەڵێم گەندوگوو!

(هەورەتریشقە).

**مەی:** هیچ پێویست بە قسەی ڕەق ناکات لەم مەسەلە...

**گۆپەر:** ئێوە بەو جۆری قسەکردنەتان من تووڕە دەکەن.

**دایە گەورە:** کەس هیچ شتێک لەم ماڵە ناباتە دەرێ تاوەکو باوە گەورە بۆ خۆی نەتانداتێ! ئەگەر بەو جۆرە نەبێ ئەوا هیچ شتێک نادرێ بەکەس، هیچ شتێک!

(هەورەتریشقە)

**مەی:** سۆکی، فریاکەوە ئەو قەنەفانە داپۆشە تاوەکو خەسار نەبن.

**گۆپەر:** لەیسی، ماشێنەکەم دوور بخەرەوە!

**لەیسی:** بۆم ناکرێ کاکە پۆڵیت، کلیلەکانت پێیە!

**گۆپەر:** پێم نییە، هەوڵ بدە بیدۆزیتەوە. کلیلی ماشێنەکەم لە کوێیە، ئەزیزم؟

**مەی:** ئەوەتا لە گیرفانی خۆتایە!

**بڕک:** هەردەم بۆت دەکرێ گوێم لێم بگری کە ئەو گۆرانییە دەڵێم، ڕێگەیماڵەوەم پێنیشان بدە.

(هەورەتریشقەکەکە نزیکتر دەکەوێتەوە).

**دایە گەورە:** بڕک! وەرە ئێرەوە بڕک، دڵم پێت دەکرێتەوە. ئەم شەو بڕک هەروەک ئەو ڕۆژانەی دەنوێنێت کە هێشتا تولفێک بوو، هەر وەک ئەو ڕۆژانەی لە کۆڵان شەڕەشەقی دەکرد و تا دەنگم دەرنەهاتایە و سەد جار بانگم نەکردایەتەوە نەدەهاتەوە ماڵێ، کە دەشهاتەوە بە دەموچاوی خەواڵویی و سەرتاپای گیانی نوقمی ئارەق و بە ڕوومەتی سووری هەڵگەڕاوەوە خۆی دەکردەوە بەژوورا... پرچە سوورەکانی دەدرەوشانەوە...

(بڕک هەروەکو پێشووی خۆی و لەلاوە و دوور لە هەر بەرکەوتنێک بەئەسپایی دێتە ژوورێ و بەچرپەوە لەسەر گۆرانییەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، سەتڵی سەهۆڵەکە هەڵدەداتەوە یەک لە دوای یەک سەهۆڵ دەکاتە پێکەکەیەوە هەر وەک ئەوەی مادەییەکی کیمیایی گرینگ تێکەڵی یەکتری بکات).

(هەوەرەتریشقەیەکی نزیک).

ڕۆژگار زۆر خێرا دەفرێت، هیچ شتێک بۆی ناکرێ پێشی پێ بگرێت. مەرگ زۆر بەزوویی دێت، تەنانەت بەرلەوەی تەواوێک بە ژیان ئاشنا بین؛ دێت و ئێخەمان پێ دەگرێت، ئەها، دەزانی ئێمە دەبێت هەر هەموومان پێکەوە باوەش بکەین بەژیاندا و تا

ئەوەندەی بۆمان دەکرێ لە دەوری یەکتری کۆ بینەوە و دڵمان پڕ بکەین لە خۆشەویستی، بەتایبەتی لە دەموساتی ئێستادا کە ئەو تارماییییە ڕەشە بەبێ ئەوەی داوەتمان کردبێت خەریکە خۆی دەکات بەژوورا.

(بەتوندی باوەش دەکات بە بڕکا و سەری دەخاتە سەر شانی).

(وەڕینی سەگێک لەدەرەوە).

ئێی بڕک، کوڕە ئازیزەکەی باوە گەورە، دەزانی باوە گەورە چەندێک تۆی خۆش دەوێت. دەزانی باوە گەورە تا لە ژیاندایە خەونی ئەوەیە چ هیوایەکی بێتە دی؟ بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات، ئەگەر بێتو باوە گەورە تەمەنی درێژی....

(وەڕینی سەگێک لە دەرەوە).

منداڵێکی تۆ لە باوەش بگرێت، کوڕەزاییەکی خۆی لە باوەش بگرێت کە کتومت بچێتەوە سەر خۆی...

**مارگرێت:** دەزانم ئەوە خەونی باوە گەورەیە.

**دایە گەورە:** ئەوە خەونی هەمیشەیی ئەوە.

**مەی:** جێی خەمە کە ماگی و بڕک بۆیان ناکرێ ئەو خەونەی بۆ بهێننە دی.

**باوە گەورە:** (لە دالانەکەوە) لەوە دەکات ڕەشەبا بیەوێت شڕوشیتاڵی ئەمماڵە لەگەڵ خۆی بەرێت.

**خزمەتکار:** (لە دەرەوە) بەڵێ گەورەم لەوە دەکات.

**مارگرێت:** (بەرەو دەرگەی لای ڕاست دەڕوات) باوە گەورە هاتووەتە دالانەکەوە.

(دایە گەورە لە دەنگی باوە گەورە ڕووی بەرەو دالانەکە وەردەگێڕێت).

**دایە گەورە:** من ناتوانم لێرە بمێنمەوە، تەماشای ناو چاوم بکات دەزانێ چی لێرەدا ڕووی داوە.

(باوە گەورە لە بەشی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە).

**باوەگەورە:** بۆم هەیە بێمە ژوورێ.

(جگەرەکەی لەناو تەپلەکێکدا دەگوژێنێتەوە).

**مارگرێت:** باوە گەورە، گەردەلوولەکە لە خەوی ڕاپەڕاندی؟

**باوە گەورە:** لە کام گەردەلوول دەدوێیت، ئەوەی لە دەرەوەیە یان ئەو توورەهاتەی لێرە لە ژوورەوە ڕوو دەدات؟

(گۆپەر خۆی دەدزێتەوە).

**گۆپەر:** بمبەخشە.

(مەیش هەوڵ دەدات بەدوای گۆپەردا خۆی لە باوە گەورە بدزێتەوە، بەڵام باوەگەورە بە توندییەوە دەیگرێت).

**باوە گەورە:** گوێم لە هەرا و ژاوە ژاوێکی زۆر بوو، لەوەی دەکرد باس لە بابەتێکی زۆر گرینگ بکەن. پێم ناڵێن باستان لە چی دەکرد؟

**مەی:** (دەشڵەژێت) بۆچی... هیچ نەبووە باوە گەورە ..

**باوە گەورە:** (باوە گەورە زۆر بەخێراییی بەرەو لای چەپ دەڕوات و مەیش لەگەڵ خۆی دەبات)

ئەوە زەرفە هەڵاوساوە چییە گۆپەر وا سەرقاڵیت بیخەیتەوە ناو جانتاکەت.

**گۆپەر:** (لە پاینی تەختی نووستنەکەوە هەندێ لاپەڕە کۆ دەکاتەوە و دەیخاتەوە ناو جانتاکەی)

شتێکی ئەوەندە گرینگ نییە شایانی باسکردن بێت..

**باوە گەورە:** هیچ نییە؟ لەوە ناکات شتێک بێت کە هیچ نەبێت؟ (ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای هەموویان دەکات)

ئێوە هیچ شتێک لەبارەی ژیانی ئەو بووک و زاوایەوە دەزانن..

**گۆپەر:** بەڵێ، گەورەم!

**باوە گەورە:** چۆنی، بڕک..

**بڕک:** چۆنی، باوە گەورە.

(هەر هەموویان لەیەک دەڕوانن، مارگرێت بەرەو لای ڕاست، مەی بۆ گۆپەر، ئەمجا دایە گەورە لە لای چەپەوە بۆ بڕک)

**باوە گەورە:** لە یەکشەموویەکدا ئەو بووک و زاوایە کوڕە بچکۆلەکەیان دەبەن بۆ باخچەیەکی ئاژەڵان و بەوپەڕی خوشنوودییەوە سەر بە ناو هەموو قەفەزی ئافریدەکانی خواوەندا دەکەن.

**گۆپەر:** بە خۆشنودییەوە

**باوە گەورە:** (دەچێتە ناوڕاستی بەشی سەرەوەی شانۆ و دەڕاوانێتە پێشەوە) ئەو دوانیوەڕۆیە ڕۆژێکی گەرمی بەهار دەبێت و نێرە فیلێکی پیر مێشکی بە شتێکی ترەوە خەریک دەبێت، شتێک کەمێک لە هەڵمات گەورەتر، تۆ ئەو حیکاتە دەزانیت، بڕک؟

(گۆپەر سەری ڕادەوەشێنێت).

**بڕک:** نەخێر گەورەم، بەهیچ جۆرێک.

**باوە گەورە:** بەڵێ، لە قەفەزێکی تەنیشتەوە فیلێکی دایکە بە هیچ جۆرێک ئۆقرەی بەخۆ نەدەگرت و هەموو گیانی نیشتبووە سەر ئاگر!

**دایە گەورە:** (لە تەنیشت باوە گەورەوە) ئۆی، باوە گەورە!

**باوە گەورە:** چی بووە، خۆ قەشە لێرە نەماوە تا شۆخی نەکەم، وانییە؟ خەمت نەبێت. ئەو فیلە مێینەی ناو قەفەزەکە هەموو ئاسمانی ئەو ناوەی پڕ کردبوو لە بۆنێکی قورس و غەریبی کەڵکەڵە و ئارەزووی مێینەیی خۆی! ئەوە ڕێگەیەکی لەبار نییە بۆ گێڕانەوە، بڕک؟

**بڕک:** بەڵێ، گەورەم، هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە.

**باوە گەورە:** ئەوە بڕک دەڵێ هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە!

**دایە گەورە:** ئای، باوە گەورە!

**باوە گەورە:** (بەرەو بەشی خوارەوەی ناوەندی شانۆ دەبزوێت) ئیتر پیرە فیلە نێرەکەش کە هەوای ئارەزوو هەڵی دەگرێت، شتێک لە ژێر سکیدا دەجووڵێ و بۆنی فیلە مێینەکەی دراوسێی سەبر و قەراری لەبەر هەڵدەگرێت فیلەکە لووتی دەژەنێتە ناو پیسایی ئەرزەکە و سەری دەکێشێت بەو تووڵە ئاسنانەی کە سنوورێکی لە نێوانیاندا کێشاوە، یەکەم شتێکیش کە سەرنج ڕادەکێشێت ئەو شتەی ژێر سکێتی کە تا بێت بەرزتر دەبێتەوە! من ئەو حیکایەتە بە زمانێکی بێشەرمانە دەگێڕمەوە، وا نییە بڕک؟

**بڕک:** بەڵێ گەورەم، هەر زۆر بێشەرمانە!

**باوە گەورە:** منداڵە بچکۆلەکە ئاماژەی بۆ دەکات و دەپرسێت " ئەوە چییە؟ "دایکی دەڵێت " ئۆی ئەوە هیچ نییە! "

باوکیشی دەڵێت " ئەو فیلە مێینەیە شێت و هار بووە! " (باوە گەورە بەرەو ڕووی بڕک بەرەو لای چەپ دەڕوات).

پێکەنینت بەو حیکایەتە نەهات، بڕک؟

(دایە گەورە بەرەو دامێنی خوارووی لای ڕاستی شانۆ دەڕوات و دەگری، مارگریت بەرەو لای دەڕوات مەی و گۆپەر لە بەشی ناوڕاستی شانۆ دەمێننەوە).

**بڕک:** نەخێر گەورەم، پێکەنینم بەو حیکایەتە نەهات.

**باوە گەورە:** ئەو بۆگەنە چییە لەو ژوورە دێت؟ بۆنی ناکەیت، بڕک؟ هەست بەو بۆگەنە قورس و غەریبەی ڕیایی ناکەیت لەم ژوورە دێت؟

**بڕک:** بەڵێ گەورەم، هەستی پێ دەکەم.

**گۆپەر:** مەی، مەی....

**باوە گەورە:** هیچ بۆنێک هەیە بتوانێ پێی بگات، بڕک؟

**بڕک:** نەخێر گەورەم نییە، نەخێر بە هیچ جۆرێک، هیچ بۆنێکی لەوە قورستر لە دنیادا نییە؟

**باوە گەورە:** بڕکیش لەگەڵم هاوڕایە. بۆگەنی ڕیایی بۆنێکی تەواو قورس و غەریبە کە هێشتا گەردەلوولەکە لەگەڵ خۆی ڕای نەماڵیوە. گۆپەر، هەستی پێ دەکەیت؟

**گۆپەر:** چی، گەورەم؟

**باوە گەورە:** ئەی تۆ خوشکێ، هەست بەو بۆنە ناخۆشەی ڕیایی دەکەیت لەم ژوورەوە دێت؟

**مەی:** بۆچی، باوە گەورە من بۆ خۆشم نازانم ئەوە چییە.

**باوە گەورە:** ئەتوانی بۆنی بکەیت. هەر ئەڵێی بۆنی مەرگە.

(دایە گەورە دەگری، باوە گەورە لێی دەڕوانێت) ئەو ژنە قەڵەوە

که خۆی نوقمی مرواری کردووە، لەوێوە بۆ وا دەکات؟ هێی تۆ ناوت چییە، پێم بڵێ بۆ وا دەکەیت؟

**مارگرێت:** (بەرەو لای باوە گەورە دەڕوات) کەمێک سەری گێژ دەخوات، باوە گەورە .

**باوە گەورە:** وا باشترە ئاگات لە تەندروستی خۆت بێت.

**مارگرێت:** (بەرەو لای باوە گەورە بۆ ناوەندی شانۆ دەڕوات) ئۆی برِک، باوە گەورە دیارییەکەی تۆی لەبەر کردووە. برِک، رۆبە کشمیرییەکەی تۆی لەبەر کردووە، ناسکترین قوماشێک کە من لە دنیادا هەستم پێ کرد بێت.

**باوە گەورە:** بەڵێ ماگی، ئەمە ناسکترین جەژنی لەدایکبوونی منە... بەهیچ جۆرێک چەژنێکی لەدایکبوونی ئاڵتوونی یان زیرِینی نییە، بگرە ناسکترین چەژنی لەدایکبوونمە. دەبێت هەموو شتێک لەم چەژنی لەدایکبوونە ناسکەمدا بۆ باوە گەورە ناسک بێت.

(لە ناوەندی شانۆدا مارگرێت لە بەردەم باوە گەورەدا کرنۆش دەبات).

**مارگرێت:** من جووتێ پێلاوی سوکوسۆڵی ناو ماڵم بەخشیوە بە باوە گەورە، برِک. بەڵام باوە گەورە، من هێشتا دیاری گەورەی خۆمم پێشکێش نەکردوویت، ئێستا بە هیوام پێشکێشتی بکەم. ئێستا کاتی خۆیەتی ئەو دیارییە پێشکێش بە ئێوە بکەم! ئاگەدارییەکم هەیە کە ڕای بگەیەنم!

**مەی:** چی؟ چ جۆرە ئاگەدارییەک؟

**گۆپەر:** ئاگەدارییەکی وەرزشی، ماگی!

**مارگرێت:** ئاگەدارییەک لەبارەی خولْقانی ژیانێکی تازەوە! منداڵێک لە پشتی برِک لەناو گیانی مندا دەخولْقێت! منداڵێکی برِک وا لە گیانی مندا هەناسە دەدات و ئەوەش دیاری منە بۆ باوە گەورە لەم جێژنی لە دایکبوونەیدا!

(باوە گەورە بۆ برِک دەڕوانێت، کە لە پشتی باوەگەورەوە بۆ لای چەپی دامێنی شانۆ دەڕوات).

**باوە گەورە:** هەستە کچێ، هەستە سەرپێ کچێ.

(باوە گەورە یاریدەی مارگرێت دەدات هەستێتەوە و بەرەو لای ڕاست هەنگاو دەنێت و لە کاتێکدا کە لە مارگرێت دەکۆڵێتەوە جگەرەیەکی تازە لە ڕۆبەکەی دەردەهێنێت و دەیخاتە نێوان لێوەکانییەوە).

ئەهەهەهە، درۆ نییە، منداڵێک لەناو گیانی ئەو کچەدا گەورە دەبێت!

**دایە گەورە:** خەونەکەی باوە گەورە هاتە دی!

**برِک:** ئای خوایە!

**باوە گەورە:** (بەرەو لای ڕاست دەڕوات) گۆپەر، دەمەوێت پارێزەرەکەم بەیانی لێرە ئامادە بێت.

**برِک:** بۆ کوێ دەڕۆیت، باوە گەورە؟

**باوە گەورە:** رۆڵە، دەڕۆم بۆ سەربان، دەمەوێت لە سەربانەوە تەماشایەکی مەملەکەتەکەم بکەم، تا بەرلەوەی واز لە مەملەکەتەکەم؛ لە بیست و هەشت هەزار ئەیکەر زەوی لە دەوڵەمەندترین و بەپیترین زەوی ئەو دۆڵەدا بهێنم و بیبەخشم، بچم تەماشایەکی بکەم!

(لە دەرگــەی ڕاســتــەوە دەڕواتە دەرێ و بەرەو لای ڕاســتی دالانەکە دەڕواتە خوارێ).

**دایە گەورە:** (شوێنی دەکەوێت) ئازیزم، ئازیزم، دەکرێت منیش لەگەڵت بێم.

(بەرەو لای ڕاست دەڕوات).

(مارگرێت لە بەشی خوارەوەی لای ڕاستە لە نزیک ئاوێنەکەوە. مەی دەچێتە لای گۆپەرەوە و سیخورمەیەکی تێ دەسرەوێنێت، دەنگی چرپە دێت و تووڕە بوونێکیش دەبیسترێت).

**گــۆپەر:** (پاڵێک بە مــەیەوە دەنێت) برک، دەکــرێت پێکێکم لەو خواردنەوەیەی خۆت بدەیتێ؟

**برک:** ڕۆڵە، گۆپەر بۆچی خۆت پێکێک بۆ خۆت ساز ناکەیت.

**گۆپەر:** باشە.

**مەی:** (بە تووڕەییەوە) بێگومان ئێمە دەزانین کە ئەوە... درۆیە.

**گۆپەر:** ئارام بە، مەی.

**مەی:** نامەوێت ئارام بم! دەزانم ئەو مەسەلەیەی هەڵبەستووە!

**گۆپەر:** نەفرەتت لێ بێت، پێم گوتی دەمت داخە!

**مارگرێت:** ئای خوایە! نەم دەزانی ئەو کورتە ئاگەدارییەم ئەو هەڵلایە بەدوای خۆیدا دەهێنێت!

**مەی:** ئەو ژنە سکی پڕ نییە!

**گۆپەر:** کێ گوتویەتی پڕە؟

**مەی:** ئەوە نییە وا دەڵێ.

**گۆپەر:** دوکتۆر نەیگوتوە. دوکتۆر با، نەیگوتوە.

**مارگرێت:** من نەچوومەتە لای دوکتۆر با.

**گۆپەر:** ئەی کەواتە بۆ لای کێ چوویت، ماگی؟

**مەی:** بۆ لای یەکێک لە باشترین دوکتۆری ژنان لە باشوور.

**گۆپەر:** ئەهەههها، ئێ ئێ! وایە..

(قەڵەم و دەفتەرێکی تێبینی بەدەستەوە دەگرێت) بەیارمەتی، دەکرێ ناوەکەیمان پێ بڵێیت؟

**مارگرێت:** نەخێر، بەهیچ جۆرێک ناکرێت جەنابی حاکم!

**مەی:** هیچ ناوێکی پێ نییە، هیچ ناوێک بوونی نییە!

**مارگرێت:** بەڵێ بوونی هەیە، منداڵێک بوونی هەیە، منداڵی برِکە!

**مەی:** ناتوانیت منداڵێک بەناوی پیاوێک بخەیتەوە کە نایەوێت لەگەڵتدا بنوێت، مەگەر وا بیر بکەیتەوە کە...

(برِک لەو کاتەدا فۆنۆگرافەکە دادەگیرسێنێت و دەنگی گۆرانییەکی لەناکاو قسەکانی مەی دەبرِێت)

**گۆپەر:** بیگوژێنەوە.

**مەی:** ئێمە دەزانین ئەوە درۆیە، لەبەرئەوەی ئێمە لێرەوە گوێمان لێتانە؛ ئەو نایەوێت لەگەڵتا بنوێت. ئێمە گوێمان لێتانە! پێت وا نەبێت بتوانی کڵاو بنێیتە سەری ئێمە و ئەو پیاوەش تەفرە بدەیت کە بەهۆی نەخۆشی... لە سەرەمەرگدایە .

(هاواری گریانێکی پرِ لە ئازار و توورەیی درێژخایەن ماڵەکە دادەگرێت. مارگرێت فۆنۆگرافەکە کز دەکات. گریانەکە دووبارە دەبێتەوە)

**مەی:** گوێت لەوە بوو گۆپەر، گوێت لەوە بوو؟

**گۆپەر:** لەوە دەچوو دەنگی ئازارێک بێ و دەرپەڕێتە دەرەوە. وەرە دەرێ و لێگەڕێ با ئەو دوو باڵندە عاشقە و ماشقەیە لەناو هێلانەکەی خۆیاندا بمێننەوە!

(گۆپەر لە پێشدا دەڕواتە دەرەوە. مەی شوێنی دەکەوێت، بەڵام لە نزیک دەرگەکەوە دەوەستێ و ڕووی وەردەگێرێت و بە چرپەوە بۆ مارگرێت)

**مەی:** درۆزن!

(دەرگەکە دەدات بەیەکدا)

(مارگرێت هەناسەیەک دەداتەوە و کەمێک بە نائارامییەوە دەجووڵێت تا قۆڵی برِک بگرێت).

**مارگرێت:** سوپاس بۆ ئەوەی... کە دانت بەخۆتدا گرت...

**برِک:** باشە، ماگی.

**مارگرێت:** شتێکی ناسک بوو شەرمەزارت نەکردم!

(برِک بەخێراییەکی یەک لە دوای یەک سێ چۆڕ خواردنەوە تێ دەکات و دەوەستێت، بێدەنگی. لە پرێکدا بە خەندەیەکەوە ئاوڕی لێ دەداتەوە).

**برِک:** ئەوە هات!

**مارگرێت:** چی؟

**برِک:** جووڵەکە..

(بە شەلەشەل و بەدەم پێکەکەیەوە بەرەو دالانەکە دەڕوات و لەوە دەکات ئارامیی تێکەڵاوی رۆحی بووبێت.

کاتێک لە بەرچاومان ون دەبێت هێشتا گوێمان لە ئاوازی

گۆچانەکەیەتی کە لە دوورەوە دەبیستریێت. دواجار لە دوورەوە هەڵدەکاتە گۆرانییەک، گۆرانییەکی پڕ لە ئارامی. مارگریێت بۆ قەدەرێک بە خەمبارییەوە سەرینێک لە باوەش دەگریێت وەک ئەوەی تاکە هاوڕێی بێت و دواجار فرێی دەداتە سەر تەختی نووستنەکە. بەرەو لای بارەکە دەڕوات و هەموو شووشەکان کۆ دەکاتەوە و بە دوودڵییەوە لە ژوورەکە ڕا دەکاتە دەرەوە و بەرەو دالآنە دەڕوات کە ڕووناکییەکی زەردی کاڵ دای پۆشییەوە. بڕک بەدەم هەمان گۆرانی پڕ لە ئارامی خۆیەوە بە شەلەشەل دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکە و سەرینەکە دەبینێت و بە خەمگینیەکەوە بە کپی پێ دەکەنێت و سەرینەکە هەڵدەگریێت و دەیخاتە ژێر باڵییەوە. مارگریێت دێتەوە ژوورێ و بەناسکییەوە دەرگەکە دادەخات و پاڵی پێوە دەداتەوە، بەناسکییەوە بۆ بڕک پێ دەکەنێت)

**مارگریێت:** بڕک، پێم وابوو کە تۆ لە من بەهێزتریت و نامەوێت بکەومە ژێر کاریگەریتەوە. بەڵام ئێستا، لەو کاتەوەی سەرت کردە سەر خواردنەوە.. دەزانی چۆن؟ دەمزانی کە خراپە، بەڵام ئێستا من لە تۆ بەهێزترم و دەتوانم زۆر بەقوولی خۆشم بوێیت! ئەو سەرینە مەجووڵێنە. ئەگەر بیجوڵێنیت دەیخەمەوە شوێنی خۆی! بڕک؟

(هەموو گڵۆپەکان دەگوژێنێتەوە، تەنیا تاکە گڵۆپێکی ناو گوڵێکی ئاوریشمی نەبێت کە لای تەختی نووستنەکەوە ڕۆشنایی دەدات)

من بەڕاستی لای دوکتۆر بووم و بۆ خۆشم دەزانم چی دەکەم..

برک؟ بەپێی ڕۆژمێر ئێستا کاتی خۆمە بۆ ئەوەی منداڵ بخەمەوە.

**برک:** بەڵێ، تێ دەگەم، ماگی. بەڵام چۆن منداڵ لە پیاوێک دەخەیتەوە کوشتەی خواردنەوەیە؟

**مارگرێت:** بە فریادانە دەرەوەی مەیخانەکەت و ملدانت بۆ ئارەزووکانم.

**برک:** ناشێ ئەوەت کرد بێت، ماگی؟

**مارگرێت:** سەرت هەڵبڕە و لێی بڕوانە. مەیخانەکەت چۆڵ و هۆڵە!

**برک:** باشە، من.. من کوڕی...

(خۆی دەگەیەنێتە دارشەقەکەی بەڵام مارگرێت هەڵی دەگرێت و بەرەو دالانەکە ڕا دەکاتە دەرەوە و فڕێی دەداتە خوارەوە و بەهەناسەبڕکێوە دێتەوە ژووری)

**مارگرێت:** ئەم شەو هەوڵ دەدەین ئەو درۆیە بکەینە ڕاستی، هەر کاتێکیش ئەوە هاتە دی، من مەیخانەکەت بۆ دەهێنمەوە ژووری و هەردووکمان پێکەوە دەخۆینەوە. ئەم شەو، لێرە، لەم شوێنەی کە مەرگ خۆی تێخزاند.. پێت چۆنە؟

**برک:** هیچ ناڵێم. پێم وایە هیچ شتێکم نییە بیڵێم.

**مارگرێت:** ئۆی، تۆ ئەی پیاو ئای کە لاوازی، تۆ ئەی پیاوی لاواز چەند ناسکیت! بەو ناسکییەوە دەسبەرداری هەموو شتێک دەبیت. هەموو ئەوەی دەتەوێت کەسێکە کە...

(گوڵە ئاوریشمییەکەش دەگوژێنێتەوە)

بەناسکییەوە لە باوەشت بگرێ.. زۆر بە ناسکییەوە، بەوپەڕی ناسکی و خۆشەویستییەوە ژیانت پێ بداتەوە.. کە چۆن هەر

وەکو سامانێکی بەنرخ دەسبەرداری بووبوویت. خۆشم دەوێیت، برک، خۆشم دەوێیت!

**برک:** (بەدەم خەندەیەکی ئەفسوناوی خەمگینەوە) شۆخی نییە ئەگەر بێت و ئەوە ڕاست بێت؟

کۆتایی

## ئەو جیهانەی منی تێدا دەژیم

تێنسی ولیامز خودی خۆی دەدوێنێت.

پرسیار: دەکرێ بەڕاشکاوانە بدوێین؟

وەڵام: بێ لەوە ڕێگەیەکی تر نییە پەنای بۆ بەرین.

پرسیار: ڕەنگە خۆت ئەوە بزانیت کاتێک ئەو یەکەم شانۆییە سەرکەوتووتان، گیاندارە شووشەییەکان لە سەرەتاکانی ئەم وەرزەدا نەمایش کرایەوە، زۆرینەی ڕەخنەگران پێیان وابوو ئەوە باشترین پیەسێک بێت ئێوە تاوەکو ئێستا نووسیبێتان؛ وا دوازدەساڵی بەسەرا تێ دەپەڕێت؟

وەڵام: بەڵێ، من هەموو ئەو تێبینی و ڕەخنانە سەبارەت بە بەرهەمەکانم دەخوێنمەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە پێم دەڵێن بۆ پارە دەنووسم یاخۆ ئەوەی دەڵێ بانگەوازی سەرەکی من بۆ بەرهەمهێنانی ئارەزووە بۆگەن و دزێوەکانە.

پرسیار: لە کوێ دوکەڵی زۆر هەڵدەستێ!

وەڵام: دوکەڵی زۆر لە ئاگرێک هەڵدەستێت هەوڵ بدەیت بە ئاو بیکوژێنیتەوە.

پرسیار: بەڵام زۆر بە دڵنیاییی خۆت لاریت لەوە نییە ڕەنگدانەوەی دڵڕەقی و توندوتیژی و ترس و تووڕەیی و ئەشکەنجە بە زۆرینەی ئیشە تازەکانتەوە دیارە؟

وەڵام: پێم وایە بەبێ ئەوەی هیچ نەخشـەیەکی بۆ بکێشم، لە ڕێی ئەو گـرژی و نـائارامــیــیــەوەی هـەم وەک نووســەرێک و هەم وەک کەسێکیش لە مندا پەرە دەسـەنێت، شـوێن پێی ئەو نائارامی و تووڕەیی و توندوتیـژییـەی ئەو جیـهان و کاتەی هەڵگرتبێت کە منی تێیدا دەژیم.

پرسـیـار: کـەواتە ئەوە دەسـەلمێنیت ئەو "پەرەسـەندنی گرژی،"یـەی کـە خۆت ناوی دەبەیت، ڕەنگدانەوەی ئەو باردۆخەی خۆت بێ؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: بارودۆخێکی دەردناک؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: لەوە دەکات نزیکبوونەوە بێت لە لێوارەکانی شێتی؟

وەڵام: پێم وایە کارەکانم هەموو کات جۆرێکبن لە چارەسەری دەروونی بۆ خۆم.

پرســـیـــار: بەڵام چاوەڕێی چی لەو بینەرە دەکــەیت بەو پـیــەســە شـانۆییانەت یان بە هەر نووسینێکی تر ئێوە سەرسام بێت کە لە بەرەنجامی دەرهاویشتنی گرژی و نائارامییەکانی خودی کەسێکەوە بەرهەمهێنرا بێت کە شێت یاخۆ دوور نییە پیاوێکی شێت بێت؟

وەڵام: ئەوانیش هەمان دەرهاویشتن لەخۆ دەگرن.

پرسیار: ئەوانیش دەرهاویشتنی چی؟

وەڵام: گرژی و نائارامییەکانی خۆیان، نزیکبوونەوەیان لە شێتی.

پرسیار: پێت وایە دنیا بەرەو شێتی هەنگاو دەنێت.

وەڵام: بەرەو شێتی هەنگاو دەنێت؟ بگرە دەڵێم گەیشتووەتە لێوارەکانی! هەروەکو قەرەجەکە لە پیەسی "کامینۆ ریەڵدا" دەڵێت جیهان وەکو لاپەڕەیەکی قۆشمە وایە ئاوەژوو بخوێندرێتەوە. بەو شێوازەش بە هیچ جۆرێک قۆشمە نابێت.

پرسیار: وەک خۆت پێت وابێت تا کوێ بۆت دەکرێ درێژە بەو ڕوانینە ئەشکەنجاوییەی خۆت لەبارەی ئەو جیهانەوە بدەیت؟

وەڵام: تا ئەو جێگەیەی کە ئەو جیهانە لەسەر ئەو بارودۆخە ئەشکەنجاوییەی خۆی بەردەوام دەبێت، لەوانەیە زۆر درێژە بکێشێت بەڵام دیار نییە تا کوێ.

پرسیار: تۆ چاوەڕوانی ئەوە ناکەیت بینەران و ڕەخنەگران لەو کاروانەدا لەگەڵتدا بێن؟

وەڵام: نەخێر.

پرسیار: ئەی کەواتە بۆچی بەرەو ئەو ڕێگەیان پاڵ پێوە دەنێیت و لەگەڵ خۆتیان دەبەیت؟

وەڵام: من بۆ خۆم بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆم. زۆریشم لە کەس نەکردووە لەگەڵم بێت.

پرسیار: بەڵێ، تۆ پێت خۆشە خەڵکان گوێت لێ بگرن؛ ئایا وا نییە؟

وەڵام: بێگومان هیوا دەخوازم.

پرسیار: تەنانەت ئەگەر فرێشیان بدەیتە ناو ترس و دڵەڕاوکێی بەرهەمەکانیشتەوە؟

وەڵام: بۆ تۆ تێبینی ئەو خەڵکەی دەور و پشتی خۆتت نەکردووە، ڕۆژانە لە بەرەنجامی ئەو کارەسات و دۆزەخەوە کە ئەو کات و

جیهانەی ئێستای من و تۆی تێدا دەژین هێناویێتیە گۆڕێ؛ وەکو ماسی لە ئاو دەرهاتوو دەکەون و دەمرن.

پرسیار: بەڵام تۆ بەو بەڵگە و بیانووە هونەرییانەی خۆت، خەڵک سەرگەرمی دەکەیت و خەڵکیش چیی تر بە پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم و بووکەشووشەی منداڵ و سەرنشینانی ئەو ماشێنە شێتە؛ سەرگەرمی نابن!

وەڵام: کەواتە ڕێگەیان بدە با ڕوو بکەنە نمایشە کۆمیدی و ئاهەنگسازییەکان، من شێوازی خۆم ناگۆڕم. بۆ من گەلێک قورسە ئەوە بنووسم کە خۆم دەمەوێت بینووسم بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەم ئەوە بنووسم هەروەک ئەوەی تۆ گوتت ئەوان دەیانەوێت ئەوە بنووسم کە من نامەوێت بینووسم.

پرسیار: بە بڕوای خۆت، ئاخۆ ئێوە پەیامێکی ئەوتۆتان هەیە بتانەوێت بیگەیەنن؟

وەڵام: لە ڕاستیدا بەڵێ هەمە، پێم وایە پەیامم هەبێت.

پرسیار: چ پەیامێک؟

وەڵام: تا رادەیەک ئەو گریان و هاوارە، پێداویستی بە هەوڵ و کۆششێکی مرۆیی نێونەتەوەیی قووڵ هەیە بۆ ئەوەی لە نزیکبوونەوەیەکی لە بەرچاودا بە خۆمان و ئەوانی تریش ئاشنا بین، ئیتر دەمی ئەوە هاتووە ددان بەوەدا بنێین کە چیی تر هیچ مرۆڤێک هەقی پێشێلکردنی مافەکانی کەسانێکی تر نییە و هیچ مرۆڤێکیش لەو مرۆڤە خاوێن و داوێن پاکتر نییە کە پێکهاتەیەکە لە دووڕوویی و شەڕ و بەدخویی. ئەگەر خەڵکان، میلەتان و نەتەوەکان بۆ خۆیان دان بەو هەقیقەتەدا بنێین،

دواجـار پێم وایە جـیـهـان بۆی بکرێ خـۆی لە چڵـپـاوی ئەو گەندەڵـیـە دەربهاوێژێتـە دەرێ کە من بەشـێوەیەکی خۆڕسک وەک بابەتێکی مەجازی بۆ کۆی شانۆییەکانم دیاری کردووە.

پرسیار: تۆ قسەکانت بۆنی ئەوەی لێ دێت تەواوێک لە خۆت دڵنیا بیت کە لەو پرۆسەی گەندەڵییەی کۆمەڵگە بێبەری بیت یان باڵاتر بیت؟

وەڵام: من هـەرگـیـز لەبارەی هـیچ جـۆرە خـەوش و گـوناهێکەوە نەم نووسیوە ئەگەر بێتو لە خودی خۆمدا تێبینیم نەکردبێت.

پرسیار: بەڵام تۆ کۆمـەڵگە وەک گشتێک بەوە گوناهبار دەکەیت لەناو دەروازەکانی دووڕوویدا مەلە بکات و خۆشت وا دەردەخەیت وەک نووسەرێک خۆتی لێ جودا بکەیتەوە؟

وەڵام: وەک نووسەرێک، بەڵێ؛ بەڵام وەک کەسێک بەهیچ جۆرێک.

پرسـیـار: پێت وایە ئەوە پاکـدامـێنـیـیـەکی تایبـەتی خـۆت بێت وەک نووسەرێک؟

وەڵام: من لایەنگیری لە نووسەران ناکەم. بەڵام سەر بۆ ئەو بڕوایە کەچ دەکەم کە زۆرینەی نووسەران و هەروەها هونەرمـەندانی بوارە جیا جیاکان بەشێوەیەکی بنچینەیی مەرامێکیان لەو پیشە دژوارانەی خـۆیاندا هەبێت کـە ئارەزوویەکـە بۆ دۆزینەوە و جوێکردنەوەی ڕاستی لە پێکهاتەی درۆ و هەڵاتن لێی، پێم وایە ئەوەش پاڵنەرێک بێت بۆ ئەوەی بەرهەمـەکانیان وەک هونەرێک نەگۆڕێتە پیشە ئەوەندەی بەدواداچوونێکی ڕاستی بێت.

پرسیار: بۆچی لەبارەی خەڵکە چاکەکانەوە نانووسیت؟ ئاخۆ تا ئێستا خەڵکانێکی چاکت لە ژیانی خۆتدا نەناسیوە؟

وەڵام: ڕوانینی من لەبارەی خەڵکە چاکەکانەوە ئەوەندە سادەیە شەرم دەکەم قسەی لەبارەوە بکەم.

پرسیار: بەیارمەتی خۆت بیڵێ؟

وەڵام: باشە، من تا ئێستا کەسێکم نەناسیوە بۆم نەکرابێت خۆشم نەوێت ئەگەر بەتەواوی ناسیبێتم و تێی گەیشتبێتم. بەلایەنی کەمەوە من لە کارەکەمدا هەوڵمداوە بگەمە تێگەیشتن و زانین. من بڕوام بە " گوناهی یەکەم " نییە. من بڕوام بە " تاوان " نییە.

من بڕوام بە پاڵەوان و بەربەرەکانێ نییە... تەنیا بەو ڕێگە هەڵە یان دروستانەی خەڵکان نەک لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بگرە لە ڕێی پێداویستییەوە گرتوویانەتە بەر یاخۆ بەدڵنیاییەوە لە ڕێی ئەو کاریگەرییە درک پێ نەکراوانەی دەکەوێتە ناو دەروونیان، بارودۆخەکانیان، ڕابردوویانەوە. ئەوەش ئەوەندە سادەیە من ڕووم نایە لێی بدوێم، بەڵام دڵنیام لەوەی هەقیقەتە. لە ڕاستیدا من ئامادەم ژیانی خۆشمی لەسەر دابنێم! هەر لەبەرئەوەشە من تێ ناگەم بۆچی ئامێری پروپاگەندەکانمان هەر لە هەمان ئەو جیهانە بچکۆلەیەی ئێمەی تێدا دەژین، هەموو کات هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی فێرمان بکەن، هانمان بدەن؛ بۆ بوغزاندن و ترساندنی خەڵکانی تر. بۆچی ئێمە بەو خەڵکانە ناگەین و ئاشنایان نابین هەروەک ئەوەی من چۆن بەخەڵکانی ناو پیەسەکانم دەگەم و پێیان ئاشنا دەبم؟

لەوە دەکات ئەوە ئەوپەڕی بێهودەیی و خودپەرستی بێت. من نامەوێت شۆڕببمەوە بۆ ناو تێبینییەکی ئاوا. ئێ دە باشە

دەبێت من چی بڵێم؟ من ئەوە دەزانم هونەرمەندێکی سادەم و وا ڕوویدا یەک دوو بەرهەمی گەورە بنووسم؟ تەنانەت بۆشم ناکرێ بڵێم ئەوانە چین. ئەوە گرینگنییە. من ڕای خۆمم ڕاگەیاند. لەوانەیە جارێکی تریش ڕای بگەیەنمەوە، یاخۆ لەوانەیە ئیتر دەمی خۆم دابخەم. ئەوە وابەستە نییە بە تۆوە، بەشێوەیەکی سەراسەری وابەستەیە بە خۆمەوە؛ بەو پرۆسەی هەڵکەوتەوە یاخۆ دووربینیەی ژیانی خۆمەوە.

سەرچاوە: ئەم گوتارە لەم کتێبەوە کراوە بە کوردی

A streetcar named desire by Tennessee Williams, A New Directions paper book 998

ناوەڕۆک


پێشەکییەک بە پێنووسی ئێدوارد ئەلبی ........ 5
ڕوونکردنەوەیەکی تێنسی ولیامز ........ 11
ڕوونکردنەوەیەکی وەرگێڕ ........ 15
گەشتێک لە نوشستییەوە بەرەو دەسەڵات ........ 20
ئاگەداری بۆ دیکۆرکێش ........ 49
پشیلەیەک لە قەراخ گوێسوانەیەکی گەرم
دیمەنی یەکەم ........ 52
دیمەنی دووەم ........ 108
دیمەنی سێیەم ........ 181
ئەو جیهانەی منی تێدا دەژیم ........ 224